# بێوار

## بەرگی سێیەم (گەڕانەوە)

د. کامەران مەنتک

چاپی یەکەمی ئەلیکترۆنی

2021

جۆری کتێب: ڕۆمان

ناوی کتێب: بێوار، بەرگی سێیەم، گەڕانەوە

پیتچنین و دیزاین: نووسەر

شوێنی بڵاوکردنەوە: هەولێر

کتێبی ئەلیکترۆنی: 2021

"ئێمە گەڵێکین زۆرمان حەز لە گوڵە ، کەچی لە دەرگای هەر باخێک دەدەین دڕکمان پێ نیشاندەدەن"

پێشکەشە بە گیانی پاکی دایکی خۆشەویستم

## دوا وته...!

چاپکردنی ڕۆمانی بێوار ، وەک ژیانی پاڵەوانی ڕۆمانەکە ، وەک چارەنووسی ئەو کەسانەی، کە کرۆکی ڕۆمانەکە پێکدەهێنن و ڕەنگدانەوەیەکی واقعیانەی مێژووی کۆمەڵگای کوردیە لە باشوری کوردستان ، ناگزوورو بێبەخت بوو ! نزیکەی بیست ساڵ بە بێنازی لەناو سندووق و ڕەفە شڕەکانی کتێبخانەکەمدا مایەوە و بواری چاپکردنی بۆ نەڕەخسا ! بۆ دواجار لەساڵی 2004 بەرگی یەکەم و بەرگی دووەمیش لە ساڵی 2005 ڕووناکی بینی و کەوتە بەر دیدی خوێنەران ، ئێستاش(2021) وا خەریکە بەرگی سێیەمی لە نێو ڕکەی ڕەفەکان بەرهەڵدا دەبێت و ئازاد دەبێت، بەڵام ئەمجارەیان بەهۆی ئەو دۆخەی بواری ڕۆشنبیری و خویندنەوە لە هەرێمی کوردستان پێیدا تێدەپەڕێت، بڕیارمدا ئەو بەرگە وەک کتێبێکی ئەلیکترۆنی بڵاو بکەمەوە، هیوادارم لە داهاتوودا بواری ئەوەم هەبێت بەرگەکانی تری تەواو بکەم ، چونکە ڕووداوەکانی ئەو ڕۆمانە تا ئێستاش هەر بەردەوامە!

خۆزگە دەخوازم کە بێوار لە نێو کتێبخانەی کوردیشدا نامرادو بەخت قەترانی نەبێت، وەک تا ئێستا بووە!. هەرچەندە دڵنیام لە دوا ڕۆژێکی نزیک، یاخود دوور ، کاتێک کورد ئەو بەنجەی داگیرکەران بەری دەدات و ڕیزی کتێبەکانی خۆی دەگرێت ، بێوار دەبێتە یەکێک لەو سەرچاوانەی، کە بە تامەزرۆییەوە دەخوێنرێتەوەو سوودی

لێوەردەگیرێت، بۆتێگەیشتن لەو قۆناغە پڕ لە سوێیەی میللەتی کورد، کە بە واتای وشە، رۆژگارێکی تژی فرمێسک و خوێن بووا.
لەبەرئەوەی هەوڵمانداوە زۆر بە ئەمانەتەوە ، هێندەی وشە بڕ دەکات، فرمێسک و ئازار، بزەو پێکەنینەکان ، کە بەداخەوە زۆر دانسسقەو دەگمەنە ، بۆ نەوەکانی داهاتوو بگوێزینەوە، ئیتر ئێوەو سێیەم خوانی رۆمانی بێوار...

کامەران مەنتک

2021\6\5

(1)

کاتژمێر بەردەوام میلەکەی وەردەچەرخاو چرکەی دەهات. خۆر بەیانی گزنگی دەداو نیوەرۆ گەرمایی بەتین دەبوو، ئێوارە بە دڵ برینداری و چاوی پڕ خوێنەوە ماڵئاوایی دەکرد. کە تاریکی دادەهات ئەستێرە دەیانجریواندو پاشان کڕدەبوونەوە. ژیان هێدی هێدی هەنگاوی دەناو بەردەوام بوو. کاروانەکە وەکو قاچ شکاوێ خۆی رانەدەگرت و لە شوێنی خۆی دەلەنگی. ئەگەرچی نەدەوەستا. هەموو شێتک دەوەستا ئەو نەدەوەستا. کەچی تاقە هەنگاوێک چیە لە ترۆپکی هیوا نزیک نەدەکەوتەوە. بۆنی تیرۆژکێکی سەرکەوتنی لێ نەدەهات. هەموو نائومێدو هیۆی بڕببوون. لەش داهێزراوء لە خۆ بێزار، پشی تەنگ و هەناسە سوار بوون. لەسەرەوە زۆر کەس دەری نەدەخست. خۆیان بە زاناو ورە بەرز دادەنا. جا بەرژەوەندیەکەی وای گەرەک بوو. یاخود لە دەریایی ئەندێشەدا دەژیا. وای بۆ دەچوو کە دوای ئەو تێک هەڵەنگوتن و دەست بە خوێنی برا سوورکردنە. کەوتوونەتە سەر رێگای راستەقینەی خۆیان. کەچی لە ناخەوە لە هەموو کەس خەراوتر بوون و فرِ باوەڕیان بە هیچ نەمابوو!.

دەنگی گریانی پیرەژنێک بە نەرمی و لەسەرخۆ دەهات. زەنگوڵ لە دوای زەنگوڵ ئاونگی لە چاو دەتکا. نووزەکەی بە ئاوازێکی ئەفسووناوی دەلەریەوە. لە نێو هەموو ماڵێک ... هەموو کوچەیەک ... لە

گوێی هەموو لاوێ ... هەموو پیرێ ... هەموو ساوایێ دەزرنگایەوە. ناگزووری و هەش وەسەری خۆی دەلاواندەوە. بەسەر بێکەسی و لانەوازی خۆی هەڵدەگوت. دەیگوت:

" ئاخ خاکە شیرینەکەم ... ئاخ وارە قەشەنگەکەم ... وەیلۆ نیشتمانە پیرۆزەکەم. پارچەیەک لەو بەهەشتە ناسک و نازدارە بووی. خوا بەدەستی خۆی، بەدەستی پیرۆزی خۆی لە بەهەشتی جوێ کردیەوەو دیاری ئەو گەلەی کردی. کەچی هەزار ئاخ و داخ ئاوات بەسەرهات. سەو سوارو ناکەس بەچەی شارانت پێ خەنی بوو. کەوتیە بن دەستی چاوسۆرو خوێن رێژان. زۆڵ و داوین پیسانت پێ خەنی بوو. ئاخ وڵاتۆ... چەندین ساڵە لە نێو ئەو گێژەنەداین. بەو پەتایە دەتلێینەوە. هەرچەند دەکەم.. نەدەتوانم بێدەنگ بم، نەهیچپیشم بۆ ئەنجام دەدرێ. هیۆی و پشت ئەستووری من، ئەو رۆچنەی خۆری گەشم تیا دەبینی ئەو کاروانە بوو. ئەو هەناسەی پێی دەژیام ئەو کاروانە بوو. کەچی ئەویش وای بەسەرهات. کەوتە بەر جادووی جادووگەران و فەندو فێڵی دوژمنان. تەمێکی رەش ئابلۆوقەی داون و بەرچاوی خۆیان نابینن. برا چاو لە برای سوور دەکاتتەوە. برا بۆسە بۆ برای دادەنێ. برا دەست بە خوێنی برای سوور دەکات. ئەوانیش بەرانبەریان روونیشتونەو عریت عریت پێیان پێدەکەنن. ئاخ... وڵاتۆ.. چەندەی هاوارم کرد، لاوک و ستران و سەردولکەم بۆ چڕین. کەس گوێی بۆ رانەدێرام. هەزارەمین جارە لە خشتە دەچین. ئەزموونێکمان وەرنەگرت. دوژمن گوتی: بڕۆن سەری براکانتان بێنن، وەرن تاجی سەربەستیتان

لەسەر بکەم. ئەوانیش بەخۆشیەوە گوێیان بۆ رادێراو بەرووی گرژینەوە! هۆی گەلی مێرخاسان.. هۆی گەلی شۆڕە سواران. پێویستە تەماشای دوێنێ بکەین. رابردوو بێنینە بەرچاو. هەتاوەکونێ زوو دەستمان نەکەوێتە قۆڵتان! ئەگەر واکرابوایە هەرگیز تووشی ئەو پەتایە نەدەهاتین ! دوژمن کە تێکەوت ، کە شکستی هێنا. دەتانکاتە برای پشتێ. کە کاریشی پێتان نەما سێدارەتان بۆ هەڵدەخا. گوێ رادێرن با بۆتانی وەرگێڕمەوە. جارێکیان دوژمن تووشی سەگێکی لە خۆی هارتر هات! شپرزە بوو، خەریک بوو پەلەقاژ بێتەوە. وەکو دەرۆزەکەرێک دەپاڕایەوەو دەیگوت:

"براکانم... ئێمە هەموو موسڵمانین. هەموومان باوەڕمان بە قورئان هەیە. رابردوومان بەیەکەوەیە. وەرن با هەوڵ بدەین و نیشتمانمان بپارێزین، با هەر لە ئێستاوە پشتی یەکبگرین. ئەگەر ئەو دوژمنە لەناو بەرین هەموو شتێک ئاسان دەبێ. ئەگەر حەزتان کرد بەیەکەوە دەبین. نانێکمان دەست کەوت بەیەکەوە بەشی دەکەین. کوختێکمان هەبوو ، پێکەوە لە ژێری دەحەسێینەوە. ئەگەریش نا ئەوا بە ئارەزووی خۆتان ئاڵا هەڵدەن!"

کوڕە ئازاکان کۆبوونەوە. بەچکە شێران کۆبوونەوە. دەستیان خستە نێو دەست و هەموو شتێکیان وەلاوەنا.گوتیان: " راست دەفەرموون. ئێمە هەموو موسڵمانین. کابە قیبلەی هەمووماننە. هەمووش باوەڕمان بە قورئانێ هەیە. با پێکەوە خەبات بکەین "

چەکیان هەڵگرت و بەرەنگاری دوژمن هاتن. زۆر گوڵ ژاکا. زۆر خەزێم شۆڕ ناگزوور بوون. زۆر منداڵی نازاندە هەتیوو بێ ناز کەوتن. هەتاوەکونێ ئاڵای سەرکەوتنیان بەرز کردەوە. یەکەم پاداشت کە بەریان کەوت. یەکەم چاکەیان کە درایەوە. بەدرڕندەیان دانان. گوتیان ئەوانە گاورن ومافی ژیانیان نییە. تاوانی ئەو هەموو کوشتارەیان وەئەستۆ خرا، کە بەدەست و فیتی دوژمن خۆی کرابوو. دەست کرا بە خوێن رژاندنی شۆرە سواران. پەت و سێدارەیان بۆ خرایە کار.

"بۆیە هاوار دەکەم.. دەگازم. دەناڵێنم. گەلی برا.ئەگەر چرات لە دەست نەبێ. هەرگیز ناتوانی درڕ بە تاریکایی بدەی. ئەگەر فێری خۆشەویستی نەبن. چۆن دەتوانن شاری ئەوین بنیات بنێن. لوتکە چیایەکان گۆرانی دەڵێن. تیشە شاخەکان گۆرانی دەڵێن. دارستان و لێڕەوارەکان گۆرانی دەڵێن. هەمووی هاوار دەکەن. لە هەزار کەوتن تەنیا ئەزموونێک. پێویستە سوود لەو هەموو تێکەوتنانە وەرگرین. با لە کۆشی هەزار هەنسک لاندکی یەک بزەو گرنژین راژەنین. بزەی سەرکەوتن"

پیرەژنەکە بەردەوام وورتەی دەهات. نووزەی دەهات. هەنسکی دەدا. نەدەیتوانێ نە بوەستێ. نە لە شوێنێک ئۆقرەی بگرێ. نیگاکانی ئاڕاستەی ئاسمان کرد. لە بەرینایی حەوشەکە خۆری دەدی. یەک بەسییەکانی هەناسەی ساردی هەڵدەکێشا.

*    *    *

چاوێکی سوور.. سووری پڕ خوێن. کە شەڕو ئاوری لێدەباری. رق و کینەی لێدەباری. بە ئەسپایی سەیری ئەم لاوء ئەولای خۆی دەکرد. لە ئەسکەملیە زێڕەکەی ژێری رادەما. دیقەتی دەدایە نەخش و نیگاری سەرشانەکانی. هێدی هێدی.. وردە وردە چاوی بە بەرانبەرەکانی دادەگێڕا. کە هەموو دار لە دەست بۆی وەستابوون. سەرکزو لە کڕنووش بردندا بوون. چاوەڕێ و ئامادەی وەرگرتنی فەرمان بوون:

ئەویش بەو پەڕی لە خۆباییەوە. بەوپەڕی خۆ بەزلزانیەوە. تاو نا تاو زاری دەبزواند. بە فیزەوە چەند پەیڤێکی قەتار دەکرد. کە هەرچەند کەم و نابەجێ بوایە. هەرچەند سووک و چرووک و بێ بایەخ بوایە. بە مەزن و گەورەی تێدەگەیشت. وای بۆ دەچوو کە لە وەتەی خوا ئادەمی لە بەهەشتێ وەدەرناوە. لە وەتەی تیرەی مرۆ لەسەر ئەم گۆی زەویە جێگیر بووە. کەسێک شتی وای لە زار دەرنەچووە، کەسێک بەو زانایيە هەڵنەکەوتووە! کە دەیبینی دەوروبەرو دەس و پێوەندەکەی. بە باڵای هەڵدەڵێن و پەسنی بۆ دەدەن. هێندەی دیکە لووت بەرزو بەخ دەبوو. ئارەزووی هێنانەوەی ئاواتەکانی زێتر لە دڵ دەچەقی. لەبەر ئەوە سواری ئەسپی هەوەس دەبوو. بە کامی دڵی خۆی تەراتێنی دەکرد. بە دەنگێکی بەرز، قاقا پێدەکەنی. پێکەنینەکە لە نێو هۆڵەکەدا دەنگی دەدایەوە:

"چۆنمان گەرەک بوو وامان کرد. چۆنمان نەخشە بۆ دانا ئاوا گەیشتە ئەنجام. بە چەند پەیڤێکی لاسووتای لە خشتە چوون. بە چەند هەرێ و بڕیەکی ساویلکە کەوتنە سەما! لووتیان بۆ ئاسمان بەرز کردەوە. بە بێ

ئاوەزی، بەبێ بیرکردنەوە دەستیان لە خوێنی برای خۆیان نا. کەوتنە تێکدان و خاپوورکردنی بناغەو بنەچەی خۆیان! زۆر کەس دەیانگوت پێویستە بە چەک بەرەنگاریان بینەوە. سەریان لە ژێر چەرخەی زرێ پۆشەکان بپلیشێتەوە. منیش هەروام دەگوت. بەڵام دەبێ ئەوە بزانن ئەنجام دانی ئەو کارە بێ ئەو پێشەکییە، ستەم و نەکردەبوو. بەو لەگوینە دەروەستیان نەدەهاتین. راستە ئەوان چەکیان کەمە.. راستە ئەوان ژمارەیان کەمە. وەلێ ئەوان کوڕی چیانە، ئازاو بە جەرگ و شۆڕەسوارن. بە لە خۆ بوردووییەوە دەجەنگن. ئەوەی بە تەنیا ئەو ڕێگایەی لەگەڵ تاقی کردبنەوە. شکستی هێناوە. سەری لە بەردە رەقەکانی چیا داوە. بۆیە ئەگەر گەرەکت بێ دوژمن ببەزێنی. پێویستە شارەزای سروشتی بی. ئێمەش هەوڵمان دا شارەزای ئەوانە بین. راستە ئازاو چاونەترسن. بوێرو جەنگاوەرن. وەلێ گەمژەڵ و نەزانن! هەرهێندە شیرینیت پێ نیشان دان، ئیدی ئاگایان لە خۆیان نامێنێ. من لە زوەوە گوتوومە ئەوانە هی ئەوەی نین تەنیا بە لوولەی تفەنگێ وەرامیان بدەیتەوە! ئەگەر تۆزێ مەیلت دانێ. پێویست بەوە ناکاو هەر خۆیان بەرەو رووی یەکتر دەبنەوە. هەروەکو چۆن بەرەو روو یەکتر بوونەوە. جا بۆیە رێکەوتێکەو نابێ لە دەست بدرێ. پێویستە بە زوویی کارەکانمان ئەنجام بدەین و خاک و خۆڵیان لە توورەگە بکەین"

لە نکاوڕا بێدەنگ بوو. چاوەکانی وەکو چاوی گورگ تروسکەیاندا. ئارەزوویێک لەروخساری وەدەرکەوت. خێرا لە مەبەستی گەیشتن. جموجولێک ئەو ناوەی هەژاندەوە. هەرکەس گەرەکی بوو خۆی رەپێش

تربكا. هەنگاوێک زیاتر لێی بچێتە پێشەوە. هەتاوەکونێ لە هەمووان زیاتر خەڵاتی بەرکەوێ. یەکی رەشتاڵەی وورگ زل. سمێل فشی رەزاگران.کڕنووشی بردو بەرانبەری لەسەر ئەژنۆ هەڵکورما:

" ئەو ئەرکەی دەکەوێتە ئەستۆت. دەبێ بەتەواوی ئەنجامی بدەی. لەسەر ئەو نەخشەیە بڕۆی کە بۆت دانراوە. ئەگەر ساباتێک لە شوێنی بەرچاو بکەوێ. ئەوا هەر لەو شوێنە گۆڕت بۆ هەڵدەکەنین. نابێ سڵ لە هیچ بکەیتەوە. ئەوە بزانە کە ئەو کاروانەی بۆ گەیشتن بە خۆریان وەڕیخستبوو، شپرزەو پەشێوحال وەکو سەگ بەربوونەتە گیانی یەکتر. بازوویان پووچەڵ بۆتەوەو هێز لە جەستەیان نەماوە. ئەوانەی کە بە تەمای زار شیرین کردن دەستیان لەگەڵ ئێمە تێکەڵ کردبوو. باسکیان لە باسکی ئێمە ئالاندبوو، دەمەوێ بەر لە هەموو کەسێک ژار بە قورگی ئەوانەوە بکرێ! نامەوێ سڵ لە هیچ بکەنەوە. بەردەکاتنیش ئاور تێبەردەن. چیاکانیش ئاور تێبەردەن. چاوەڕێی ئەمەک و چاکە نەبن لەوانەی برای خۆیان لە ژێر پێی ئێمەدا سەربڕی! ئەوانە چاوەڕێی هیچیان لێ ناکرێ. هەڵیانبڕن و لە سنووریان وەدەرنێن!"

کابرا دەست لەسەر سنگ وەستابوو. ئامادەیی خۆی بۆ هەموو شتێک دەردەبڕی! کە چووە دەرەوە. دەستێکی بە سمێڵی داهێنا. گرژیەوە.. گرژیەوە. لەنکاوڕا یەک بەدەنگ هاواری کردو نەڕانی. لەگەڵ هاوارکردنەکەی هێزێکی گەورە ئامادەکرا. چەکدار یەک لەدوای یەک ، دەست لەسەر پەلاپتکەی تفەنگێ ئامادەبوون. پێشیان کەوت و

وەڕێکەوتن. چەندەی هەنگاویان دەنا. چەندەی بەردەوام دەبوون لەرۆیشتن. هێندە زیاتر لە لوتکە چیایەکان نزیک دەبوونەوە.

* * *

هورِوگێژ بە نادڵیەوە هەنگاوی دەنا. زویرو پەرێشان و پشتی تەنگ، زۆر بە ئەستەنگ هەناسەی دەهات و دەچوو. لە گیانی خۆی بێزار بوو. هێندە نەمابوو لە کەوڵی خۆی وەچتە دەرێ. هەستی دەکرد دەنگێک لە نێو گوێی دەزرنگایەوە. ماوەیەکی زۆر بوو ئەو دەنگەی لە مەژی گورابوو. لەگەڵیدا هەنسکی دەداو کزگری لە هەوکێ دەما. بێ دەستی خۆی حەزی دەچووە گریان! حەزی دەکرد دابنیشێ و هورِ هورِ بگریێ. دەنگەکە لە ئاوازی گۆرانیەکی دەکرد. گۆرانیەکی خوایی، گۆرانیەکی ئەفسووناوی، بە قورِگێکی نەرم و نیان، ناسک و فریشتەیی دەگوترا. لەسەردولکەی ئافرەتێکی دەکرد لە دیار تەرمی رۆڵە تاقانەکەی دانیشتبێ و بیلاوێنێتەوە.

 بەتایبەتی ئەو کاتانە هەستی بەو دەنگە دەکرد کە تووشی ئەو بارە دەروونییە سەختە دەبوو. ژیانی خۆی دێنایە بەرچاو، گوندەکەی دێنایە بەرچاو ، ئەو رۆژگارە رەشەی دێنایە بەرچاو. کە وە بەرەواژووی خواست و ئارەزووەکانی" وە بەرەواژووی خۆزگەو هیواکانی ئەو وەردەچەرخا. هەرچەندەی خۆی دێناو دەبرد، هەرچەندەی دەکۆشا سەرەپەتەکەی نەدەکەوتە دەست. نەیدەتوانی هیچ بکا. بە بەربەستێکی بچووکیش بێ ، بەری ئەو شەپۆڵە هارو سەرشێتە بگرێ !

دنیای لەبەر چاو وێک دەهاتەوە. ڕۆژی ڕوونی لەبەرچاو دەبووە تاریکایی شەوێکی ئەنگوستەچاو. هیچ هۆشی لە کن خۆی نەدەما. جڵەوی بیرکردنەوەی بەتەواوی لەدەست بەرهەڵدا دەبوو. شتی وای دەهاتە بەرچاو کە بە ئەندێشەی کەس دانەدەهات! لەو کاتەدا دەنگەکە لە نێو مەژی دەزرنگایەوە. وەکو زرنگەی ژێی سازیک زرنگەی دەهات. ئەگەرچی ئازاری دەدا، زامدارو خەفەتخانی دەکرد. کەچی لە ناخەوە بۆنی شادیەکی دەکرد. سۆزێکی دڵڕفێن ختووکەی دەدا. تا چاوی پڕ ئاو دەبوو. وایدەزانی دەنگەکە پێی دەڵێ:

"هۆ سوارچاکۆ.. هۆئەگیدۆ، هۆمێرخاسۆ. چەند ساڵان بارکۆڵەت تێکناو تفەنگت خستە شان. وەکو دێوانە لەو کێوانە سووڕایتەوە. چەند ساڵان بەردی ڕەقت کردە سەرین و ئاسمانی شینت وەخۆدادا. برسیەتی گازی لە هەناوت گرت و خەو دەروەستی چاوەکانت نەهات. بێ بەرگ.. بێ ئاو.. ئەژنۆت دەئاخێ چەقاندو لە شوێنی خۆت نەبزووتی، ئەگەر گیانیشت لە دەست دابوایە هەرنەدەبزووتی. هەر بەتەمای ئەوە بووی گیانی ساڵحۆک شاد بکەی. خۆر بەدیاری بۆ گوندە ئاور تێ بەردراوەکەت بەریتەوە، چەند تامەزرۆیی هەناسەیەکی سەربەستی بووی. ئاواتی ڕزگاربوون چۆن لە کەللەی دابووی و شێت و شەیدای کردبووی. ئەو تەمەنەی خۆت چۆن وەسەر برد. کەچی ئەنجام لە بەندیخانەی براکانت ئێخسیرو بن دەست بووی. وەسەر زۆر تەنگ و چەڵەمەت بازدا، کەچی داخەکەم ئاکامەکەت ئاوا ڕەش بوو!"

زۆر جاران بیری لە خۆ کوشتن کردەوە. بە گوللەیەکی سەرشێت دیماهی بەو ژیانە بێنی. کە بۆی ببووە بارێکی گران و هەرچەندەی دەکرد لە ژێری دەرنەدەچوو. پەژیوان دەبووەوە. بە کارێکی ترسنۆکانەی تێدەگەیشت. بەرگەگرتن و بەرەنگاربوونەوەی لە خۆ بەدەستەوەدان لاباشتر بوو. گەلێ جاریش دادەنیشت و لە نێو ئەو هەموو خەمە، لە ئاسۆی ئەو دڵ تەنگیە، تێر بە خۆی پێدەکەنی! نەیدەزانی چۆن بیری بۆ شتی وا چووە. کەچی کە ئەو شەڕە براکوژیە ناهەموارەشی بیر دەکەوتەوە. خێرا پێکەنینەکەی دەخنکاو بزەکەی دەکوژایەوە، سەر لە نوێ پەردەیەکی قەترانی بەرچاوی دادەپۆشی:

"تووشی چی بووین؟! دوای ئەو هەموو کارەساتە. دوای ئەو هەموو خوێن رشت و گوری دانە. بکەویە داوی ئەو براکوژیەوەو لەلای براکانت زیندانی بی"!

ئاوڕی دایەوە. بۆ ئەوەی دڵنیابێ کە شێرزاد گوێی بۆ رادێراوە. شێرزاد بەنامۆییەوە دەڕۆیشت. سەری لە بەر خۆی شۆڕکردبووەوەو بەخەمباری هەنگاوی دەنا.

–برام شێرزاد.. ببورە کە تۆش سەخڵەت دەکەم. مەژیت بەو هەموو گلی و گازاندەیە ئازاردەدەم. وەلێ چی بکەم. ئەگەر دەرینەبڕم بەرگەی ناگرم. لەوانەیە شەق بەرم. چوار هێندەش باسی بە لەنگازی و هەش وەسەری خۆمانت بۆ بکەم تەواو نابێ. ناکا دڵۆپێک لە دەریا.

–چی دەکەی.. گەلێکی ساویلکەو بەخت ڕەشین. بە گولمە ئاوێک دەکەوینە مەلە. سەرلێ شێواوین و نازانین کامە ڕێگا بۆ ترۆپک هەڵدەزنێ. ئەگەر وا نەبوایە هەرگیز وا بە ئاسانی نەدەکەوتینە داوەوە.

–ئەوەی منی سەرسام کردووە. ئەوەی چنگوڕک لە ناخم گیر دەکات، نازانم بۆ دەبێ هەمیشە کارت بین بە دەست خەڵکی تر. کەی پێویستیان پێ بوو دەرییبێنن ! ڕاستە ئێمە بە هەموو توانایەک هەوڵ دەدەین. بۆ گوری دان خێراین، بۆ سەربەستی خوێنمان لا هەرزانە. بەڵام بێ سوودە. هەتاوەکونێ ئیوها بیر بکەینەوە. لەو چوارچێوە تەسکە سەیری خۆمان بکەین. ئەنجام و ئاکاممان هەروادەبێ. چۆنیان ئارەزوو بێ، بەرژەوەندیان چۆنی گەرەک بێ، بێ دەستی خۆمان ئاوامان هەڵدەسوڕێنن ! ئاخ براگیان... خۆزگە جارێک چۆنمان بەدڵ بوو ئاوا بوایە. خۆزگە تەنیا جارێک چەرخی چەپگەرد بەمگێزی ئێمە وەرچەرخابوایە.

زۆر شڕوشەپڕێوو پیس و پۆخڵ دەهاتنە بەرچاو. ئادگاریان ماندوو بوونێکی زۆری پێوەلکابوو. ئەگەرچی بە تەک زۆر دیمەنی جوان و دڵڕفێن. بەتەک زۆر ڕەوەزی سەخت و چێنکەی سەوزو جوان دا رادەبوردن. بایەخیان پێ نەدەداو توانای تەماشاکردنیان نەبوو! وایان لێ هاتبوو قێز لە هەموو شتێک بکەنەوە. ناوە ناوە داخاوتن و داخی دڵی خۆیان هەڵدەڕشت. ئەگەرچی زیاتر حەزیان لە بێدەنگی دەکردو ئارەزووی ئاخاوتنیان نەبوو. پەیوەکانیان لەکن سوابوو. زۆرجار

دووباره کرابووەوە. شتێکی نویێ نەبوو باسی بکەن. هەر کۆنەکا وەباکردن بوو!

ڕێگاکەیان هەورازێکی سەخت بوو، زۆر تووله ڕێی تەسک و تریسکی تیابوو. ئەگەر زۆر ئاگادار نەبوان هەڵدەدێران. کەچی ئەوان هەستیان پێ نەدەکرد. قاچەکانیان لێ ڕاهاتبوو خۆی جێگەی خۆی دەدۆزیەوە.

له یادی بوو جارێکیان چۆن هەڵۆی هاوڕێی قاچی هەڵدێراو ڕۆیشت. ئەگەر دارەکەی قەراغ ڕێگاکە نەبوایە لە بنی دۆڵەکە خۆی دەگرتەوە! بەڵام هێندەی باش بوو خێرا دەستی درێژ کردو خۆی بە دارەکە گرتەوە. هەتاوەکونێ گەیشتنە تەکی و بەرزیان کردەوە.

نەیزانی چۆن بوو لەو دەمەدا هەڵۆی هاتەوە یاد! ماوەیەکی زۆر بوو نەیدیبوو. هیچیشی دەربارەی نەبیستبوو. هەڵۆ کوڕێ َکی تا بڵێی ڕەزا سووک و خوێن شیرین بوو. بێ دەستی خۆت خۆشت دەویست و حەزت دەکرد بیدوێنی.

–هەڵۆت دەناسی؟

هۆمەر لەنکاوڕا ، بێ ئەوەی ئاوی بداتەوە ئەو پرسیارەی کرد.

–کام هەڵۆ؟

–هەڵۆ... هەڵۆی حاجی حوسێن!

–ئا... بۆ ئەو پرسیارە دەکەی؟!

–هەروا.. ئەگەر لە گوندەکەی خۆیان مابن ، دەکەونە سەر ڕێمانەوە.

لەوکاتەی چووبووە دەرەوە. تووشی زۆر کەسان هاتبوو. هاوڕێیەتی زۆر کەسانی کردبوو. هی وا هەبوو بە ماوەیەکی کەم ببوونە دۆستی گیانی بە گیانی، پاشان کە لێک جوێدەبوونەوەو دادەبڕان ، بەرێکەوت نەبوایە تووشی یەکتر نەدەبوونەوە.

لەگەڵ نزیک کەوتنەیان لە ئەشکەوتێک زریزەی ئەندێشەی پچڕا. ئەو ناوە باش شارەزابوو. دەیزانی چەند پەنا بەردو چەند دارو چەند کانیاوی لێیە. رووی لە شێزراد کرد:

–لێرە کانیەکی زۆر سازگار هەیە. وا چاکە لادەین. دەم و چاو بشۆرین و پشوێ بدەین.

کە زانی شێزراد پێی خۆش بوو. لە توولە ڕێکە لایداو بۆ لای کانیەکە بایدایەوە. ئەشکەوتەکە چەند هەنگاوێک لەکانیەکە دووربوو. لەبەر ئەوەی دەرگاکەی بچووک بوو. دار بەرووێکیش بەردەرگاکەی داپۆشیبوو. ئەگەر شارەزا نەبوای، یاخود باش سەرنجت نەدابوایێ، نەتدەزانی ئەشکەوتە. شێوەکەشی زیاتر لە پەسیوێکی بەردینی دەکرد نەک لە ئەشکەوت!

هۆمەر کەوتە باسکردنی ئەشکەوتەکە بۆ هاوریێَکەی. پاش ئەوەی نیشانەی سەرسوڕمان و پرسیارکردنی لە نێوچەوانی خوێندەوە:

–که لەو دەرگا بچووکە دەچیە ژوورەوە. هۆڵێکی گەورەت بەرچاو دەکەوێ. درۆنییە ئەگەر بێژم جێگای هەزار کەسی بە حەساوەیی لێ دەبێتەوە. لەوسەری ئەشکەوتەکە چەند کونێکی تر بەهەمان لە گوینی دەرگاکە هەیە. ئەوەی راستی بێ من لە کونەکە رەت نەبوویمە ، بەڵام وەکو بۆم باسکراوە. ماوەی چەند مەترێک دەبێ لەسەر زگ بخشی. تەنیا رێگای تاکە نەفەرێکیشە. ئەم لاو ئەولای قووڵەو چاو نایبینێ. بەردیان فڕێ داوە گوێیان لە دەنگەکەی نەبۆتەوە. دوای ئەوە هۆڵێکی لەمە گەورەتری تیایە. لەوێش بەهەمان شێوە کونی تر.. جا نازانم ئەویش ئیوهایە یا نا؟!.

شێرزاد بێدەنگ بوو، هەناسەیـــــەکی هەڵکێشاو سەری بۆ لوتکەی چیایەکە بەرزکردەوە ، سووسکەیەک بەدامێنی شاخەکە هەڵدەگەڕاو. زۆر بە چوستی هەنگاوی دەنا ، بزەیەکی هاتێ و سەیری هۆمەری کرد:

–تۆ وەرە ئەو کوردستانە سەختە. ئاوا بکەوێتە دەست دوژمنان؟!.

هۆمەر وەک ئەوەی توانای ئاخاوتنی نەبێ. یاخود وەرام دانەوەی بەشتێکی دووبارەو بێ سوود تێ بگا. بەگرانایی داهاتەوەو دەستی کردەوە چەکەکەی. کە وەبەردەکەی نزیک کانیەکەی هەڵپەساردبوو. هەنگاوی ناو لەسەرخۆ ملی رێگاکەیان گرتەوە.

–دەزانی هەریەکێک لەو ئەشەکەوتانە چەندین بەسەرهات و سەرگوزەشتەی لەدڵ دایە. چەند بەچکە شێرو کوڕە ئازا شەوگاری تیا

بەسەر بردووە. پەنای چەند ئاوارەو ماڵ خاپوورکراوانی داوە. لەوانەیە گەلێ ئافرەت و زارۆیی بێ تاوان و ستەم دیدە ژیانی پڕ کوێرەوەیان تیا بەسەر بردبێ. ئەگەر ئەو بەردانە زمانیان هەبوایە لەوانە بوو شتی وایان بۆ گێڕابوویتایەوە. هەرگیز مەژی مرۆ قەبووڵی نەکردبێ.

مشەیەکی لێوەهات. ئەگەرچی حەزی نەدەکرد باخێوی، لەگەڵ ئەوەش نەشیا بێدەنگ بێ. بە هەست بە ئازار کردنێکەوە. بە دڵێکی پڕ سوێ و برینەوە، کە بۆنی خەمێکی قووڵ و جگەربڕی لێدەهات. گوتی:

–سەیرکە چیمان بەسەرهات. داخەکەم چیمان بەسەرهات. چۆن بەدەستی خۆمان، ریگەی خۆمان گۆڕی و قوڕی دنیامان وەسەرخۆ کرد. نا.. نەخێر.. هیچ چارەیەکی نییە! هەر هەوڵێکی بدەین بێ سوودە. ئەسکوێک هەردەبێ تێکی وەردا. لەلایەک دەست دەکەیتەوە سێ لای تر لێت دەبێتە ملۆزم، سێ لای تر بۆ سەت بۆ دادەنێتەوەو دەستت لە خنخنۆکەی دەنێ ! بۆیە پێویستە کارێکی وا بکرێ هەموو بەشەکان بگەڕێنێتەوە سەر بناغەی راستەقینەی خۆی. هەموو بەشەکان بکاتەوە بە یەک!

شێرزاد سەیری هۆمەری دەکردو لێ ورد دەبووەوە، لەلایەک جگەری بە پەیڤەکان دەچوزایەوە. لەلایەکی تر لەسەرەخۆ بزەی دەهاتێ و دەگرژیەوە. دەیزانی هاورێکەی لە تووڕەییان خەریکە سەر لە داروبەرد بدا! بێدەنگیش بوو متەتی نەدەکرد!!!

ڕێگاکە ڕژدو سەخت. دڵی ئەوانیش نائومێدو سەخڵەت! هەرکە لە ڕۆیشتن گەرم بوونەوە. هەریەکەیان کەوتەوە جیهانی ئەندێشەیی خۆی و ئاگای لەوەی تر نەما. هۆمەر چەند پێنگاوێک لە پێش شێرزاد دەڕۆیشت. هەرهێندەیان زانی شریخەیەک هات و چەکیان لێ ڕاکێشرا.

-کێنە زەلام.. چەکتان دانێن!.

لەگەڵ دەنگی چەکەکە هەردووکیان خۆیان بەزەوی دادا. هۆمەر بەبنی چاوی سەیری دەوروبەری کرد. چەند لوولە تفەنگێک ئاڕاستەیان کرابوو. خۆی گلۆر کردەوەو خزیە پەنا بەردێک.

-بۆ بێدەنگ بوون؟ با خوێنتان نەڕژێ، چەکتان دانێن و خۆتان ئاشکرا کەن!

-ئەگەر چەکتان گەرەکە فەرموون وەرن بیبەن!.

هۆمەر بە گاڵتە پێکردنێکەوە ئەمەی گوت و دەسڕێژێکی بەسەردا کردن. لە چەند لایەکە بەرپەرچی درایەوە. بەمە بۆی دەرکەوت کە بەرانبەری چۆن پەرۆە بووینە. تارادەیەک توانی شوێنەکانیان دیار بکا. سەیری شێرزادی کرد. دەستی لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگەکەی بوو.

-چی بکەین؟

-چۆنی وەباش دەزانی وابکەَ!

هۆمەر دەنگی بەرز کردەوەو هەمدیس هاواری کرد.

–ئێمە سەر بە هیچ لایەنێک نین، با خوێن نەڕژێ بڕۆن وازمان لێ بێنن.

–خۆتان ئاشکرا کەن ئێوە چین؟

–گوندینە.. دەچینەوە گوندی خۆمان، خۆتان ماندوو مەکەن. بە ساغی چەک لە ئێمە وەرناگیرێ!.

–هۆءو.. دەنگت بەرزکەوە دەنگت لام نامۆ نییە ! ! ...!

–بەراێی هۆمەر بە فڕوفێڵی تێگەیشت، ئەگەرچی تارادەیەک دەنگەکەی لا نامۆ نەبوو. بەڵام خۆشی نەیزانی ئەو گلیەی چۆن لەودەمەدا هاتە سەرزاری. دەنگەکە سەر لە نوێ بەرزبووەوە.

–تۆ هۆمەری وانییە؟!.

هۆمەر نەختێ سەر بزواندو تەماشای کرد. سەری باداو بزەیەکی هاتێ.

––ئەوە تۆی هێمن؟!.

قاقا پێکەنین. بە گەرمی بۆ یەک چوون و باوەشیان بەیەک کرد. بەخۆشەویستیەوە یەکتریان ماچ کرد.

–خەریک بوو یەکتر بکوژین !؟

هێمن بە پێکەنینەوە ئەمەی گوت. شێزراد کە تا ئەو دەمە سەرسام ببوو، لە شوێنی خۆی نەبزوتبوو. لەگەڵ دەنگی هۆمەر هەڵسایەوەو بۆ لایان چوو. لە ڕێگاکە لایان داو لە سێبەری زنارێکدا دانیشتن.

شوێنەکەیان بەرزاییەک بوو ، بەسەر هەموو دۆڵەکەی دەڕوانی. رووبارەکەی نێوەڕاست دۆڵەکە وەکو توولە ماریک لەگەل گەلیەکە وەردەچەرخا. لە دوورەوە هێندێک شوێن شین شین دیاربوو. کە ئەمەش نیشانە بوو بۆ قووڵی ئاوەکە.

لەگەڵ هێمن بە نیمچە شەرمێکەوە دێکدی رادەمان. شتێکیان لە روخساری یەک دەخوێندەوە. کەچی شتاقیان وەبەر ئەوەی دیکەی هەڵنەدەهێناو زۆر پرسیاریان لە ناخی خۆیان سەرنگون دەکرد.

هێمن و هاوەڵەکانی بە پێچەوانەی هۆمەر، خاوێن و پاک بوون ! بەڵام ئەوانیش ماندووءو هیلاک دیار بوون. تۆزی ڕێگەیەکی دووریان لێ نیشتبوو.

هێمن شێوازی ئاخاوتنی وەکو جاران نەمابوو. ئەو هێمنەی هەمیشە حەزی لە زمان درێژی و هەڵەپاسی دەکرد. بەو بوایە هەردەم پێبکەنێ و بەدنیایێ بگرژێتەوە. گۆڕانێکی ئاشکرای وەسەر داهاتبوو. وەکو گوڵی ئاوڵێبڕاو ڕەنگ زەردو سیس ببوو. بە دەنگێکی نەرم و لەسەرەخۆ دەدوا. جاران ڕەنگ نەبوو یەکێک پلارێکی ئاڕاستە بکا، کە خێرا وەرامێکی بەجێی بۆ دەدۆزیەوەو ماتی دەکرد. وای لێ هاتبوو گوێی نەدەدایە. بە بزەیەکەوە سەری بادەداو هەناسەیەکی ساردی هەڵدەکێشا.

هۆمەر هەرچەندەی گوێی بۆ هێمن شل دەکردو لێی وردە دەبووەوە. یادەکاتنی ئەوشەوەی لە کن نوێتر دەبووەوە. ئەو شەوەی شەڕەکەی تیا روویداو ئەو بە دیل گیرا، شەوێکی مێژوویی و پڕ ناسۆربوو. ریبازی ژیانی بە جارێک گۆڕی. بیروباوەڕی بە جارێک گۆڕی. روانگەی بەرانبەر زۆر شت لەقی، ژیان... خەبات... یەکگرتنی بەشێوەیەکی تر کەوتە بەرچاو. لە رۆچنەیەکی ترەوە دۆزەکەی بۆ دەرکەوت !

بەر لەو شەوە رۆژانێکی خۆشیان بەسەر دەبرد. ئەگەرچی ماندووبوون، برسی بوون، ژیانیان هەمیشە لە نێو ئاورو لەمەترسی دابوو، هەمیشە شادمان و بەختەوەربوون. هەستیان بە ئاسوودەیی ویژدان و خۆشیەکی راستەقینە دەکرد. کێهە دەم لە هەموو دەمان ترسناکتر بوو. لە هەموو دەمان لە مەرگ نزیکتر دەکەوتنەوە. قاچیان دەکەوتە رۆخی گۆڕو لەسەر تەڵە مووی مەرگ سەمایان دەکرد. لەوێ دەمێ بزە روخساریانی دەخەملاند. بەخۆشەویستیەوە تەماشای یەکیان دەکرد. هەرکەس هەوڵی دەدا گەرمتر هێرش بەرێ. چاپووکتر بەرەنگاری دوژمن بێتەوە. هەموو خەمیان ئەوە بوو چۆن قارەمانیەتی و دڵسۆزی خۆیان وەدەرخەن!

زۆر جاران هەستیان بەشتێکی ناخۆش دەکرد. گەلێ دیمەنی وایان بەرچاو دەکەوت لێی رازی نەبوون. زۆر پەیڤی ناپەسەنیان دەبیست. حەزیان بە بیستنی نەدەکرد. خۆیان لێدەبوارد. دەیانویست دۆزەکە دیزە بەدەرخۆنە بکرێ و بەڕێکی ئەستووری بەسەر دادرێ! ئەو کەم و

کورتی و خەوشە بکەویتە ژێرەوەو دوژمن و ناحەزانیان پێ خەنی نەبێ. سەربارى ئەوەش رۆژگار بە پێچەوانەی مگێزو ئارەزووی ئەوان وەرچەرخا. ئەوەی لێی دەترسان بەرانبەریان زەق بووەوەو بینە قاقای گرتن. ساویلکەیی و دڵسۆزی هەژاران وەبن کەوت و فەندوفێڵی دوژمنان بردیەوە! ئاوریان لە نێو داسیا. برادەستی لە خوێنی برای ناو دوژمنی راستەقینەی لەیاد چۆوە!

شەوێکی مێژوویی و پڕ لە ئازاربوو. ئاگایان لە هیچ نەبوو. بە ئەسپایی دڕیان بەڕێگاکە دەداو دەرۆیشتن. هەریەکەی هەزار خۆزگەو ئاواتی لە دڵ دابوو. ئەگەر چی بەر لەوکاتە بۆنی شتێکیان کردبوو، بەڵام هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبوون ئاوای لێ بێ و کاربگاتە ئەو ئەنجامە!

ئەو شەوە هێمن لەگەڵ کزەبایەکە دەنگی دەلەراندوەوە. لەسەرەخۆ لاوکی شێخ محمودی کاوێساغای دەگوت. ئەوکاتە جۆرە بیرکردنەوەیەکی تری هەبوو. گاڵتەی بەو شتانە دەهات. دەیگوت:

"نەخێر.. ئێمە هیچمان لە خەڵک کەمتر نییە. ئەگەر زۆر شتمان باشتر نەبێ خراوتر نییە. دەروونێکی پاک و خاوێنمان هەیە. خاکێکی پاک و خاوێنمان هەیە، هەر تۆزە رەشاتیەکیش لە ئارادابێ. هەر داوێکی رەشیش لەسەر بەفرێ هەبێ، ئەوا بێگومان ئەگەرو سۆنگەکەی دوژمنە. بەهۆی درۆو دەلەسەو دووڕوویی دوژمن پەیدابووە! ئەگەرنا ئێمە مادەمەکونێ دەروونمان پاکە. ئەمە خۆی لە خۆیدا بەسە بۆ ئەوەی شتێکی پاکی لەسەر لەدایک بێ!"

زۆر جاران بیری لەو ئەفسانەیە دەکردەوە کە دەیگوت:

"دوای ئەوەی خوای گەورە ئەو پارچە زەویەی لە بەهەشت دەرهێناو پێشکەشی ئەو میللەتەی کرد. دوای ئەوەی ئەوانیش بە خۆشحاڵیەوە وەریان گرت و سێ جاران نێو چەوانیان پێوە نا. کەوتنە ژیانێکی وا، گەورەو بچووک ئێرەیی پێ دەبردن. دۆست نازی پێوە دەکردن و دوژمنانیش لێویان لێدەکرۆشتن. بەوان بوایە قاچیان بخەنە سەر ملان و لە عەردی غارێ یان بەرنە خوارێ. هەتاوەکونێ ئەهریمەن لێیان راست هات و ئەو پلانەی بۆ دانان. وەکو دەبێن سەگ دەبێتە هاوەڵی سەگ و دزیش حەز بە کۆمەڵی دزان دەکات! لێیان کەوتنە خۆو داری خۆخۆری و دووبەرەکیان دەنێو چاندن. ئیتر لەو رۆژەوە هەر کاتێکی لە دوندی سەرفرازی نزیک کەوتبونایەتەوە. ئەو کاغەزەیان بەکارهێناوەو بەو تەڵە سوورو ژەنگاوەیە قاچەکانیان بەربەست کردوون!.

لەو بڕوایەدا بوو هەتاوەکونێ ئەو دارە بنەبڕ نەکرێ. سەری ئەو کرمە پان نەکرێتەوە. بەشی ئەوان هەر دیلی دەبێ. دەبێ هەمیشە خەون بە سەرکەوتن ببینن. هەمیشە ئاواتی هەرە بەرزیان لە تێک نان و قومێک ئاوبێ، بە حەساوەیی لە ژێر ساباتی سەربەستیدا بیخۆن!

چاوێکی بە هەموو ئەوانەی بەرانبەری گێڕا. ژمارەیان دوانزە کەس بوو. یەک دوانێکیان نەبێ ئەگینا ئەوانەی دیکەی هەموو دەناسی، شەڕی لە تەک هەمووواندا کردبوو. لە کاتی سەخڵەتی و ناخۆشیدا

هەمووی تاقی کردبووەو دەیزانی هەریەکەیان بای چەندن. لەوە سەرسام بوو چۆن ئەوانە ئیوها یەکدی گیر بووینە! ئەگەر هەڵت بژاردبوایە بۆت نەدەکرا دەستەیەکی ئاوا هەڵبژێری. هەمووی مرۆڤی پاک و دڵسۆز، شەڕکەری ئازاو نەبەرد، بوێرو چاو نەترس بوون. شتاقیان لە چاوی مار نەدەگەڕایەوە. گاڵتەیان بەهەموو هێزێک دەهات و بێ باکانە بەرەنگاری مەرگ دەبوونەوە.

ئەوەی هۆمەر نەیدەناسی ، یەکێکیان مێرمنداڵێکی لاوازی رووخۆش بوو. تەمەنی هەر لە دەوری شانزە حەڤدەساڵیدا بوو. لەو دەمەی دانیشتبوون بزەی هەر بە ئاگادارەوە بوو. هەستی دەکرد لای نامۆ نەبوو. وەک ئەوەی بیناسێ وابوو. کەچی ئاخاوتنی ئەوانەی دیکە ئەو بوارەیان نەدەدا پرسیاری لێ بکا. حوسێن شەش خەریتە بەردەوام دەیگوت و ِکڕنەدەبووەوە. زۆر بە بایەخەوە داخاوت. لەگەل پەیوەکانیش دەستی دەبزواند ! وێدەچوو زۆر رای لە قسەکانی خۆی بێ،و خۆی زۆر بە زیخ و زانا تێدەگەیشت. لەبەر ئەوەی شەش خەریتەی لە خۆی دەدا، ناویان نابوو حوسە شەش خەریتە. تاو نا تاو دەستێکی بە سمێڵە زلەکەی دادەهێنا کە تا نزیک چەناگەی شۆڕبووەوە دەیگوت:

–ئێمە خۆمان پشتی خۆمان شکاند. لە کاتێکی یەکجار ناسک کەوتینە گیانی یەکترو دێک بەربووین. برادەستی لە هەوکی برای نا. رووی گوللەکانمان ئاڕاستەی یەک کرد. دوژمنیش بەرانبەر وەستاوەو پێدەکەنێ! سەیرکەن.. چەند کوڕە هەژار بوونە گوری. چەند قارەمان و

شۆڕەسوار بەخت و خۆڕایی ڕۆیشتن. دەزانن چتۆ زیانمان لێ کەوت. هی وامان لە کیس چوو دوژمن لەبەری دەلەرزی. بەچکە شێرێک بوو بۆ خۆی.

هەرچەندە بە فیزیکە وە ئەمەی دەردەبڕی. ئازارێکی قووڵی لە نێو چەوان بەدی دەکرا. پەیوەکانی بە لەگوینێ دەدرکاند، دەتگوت هەریەکەی خەنجەرێکەو ناخی دەئەنجنێ. بەهیلاکیەوە دەستی، بۆ گیرفانی بردو پاکەتەکەی دەرهێنا. لەگەڵ دەرهێنانی پاکەتەکە گوللەیەکی لە گیرفان کەوتە خوارەوە! تەقەی کەوتنە خوارەوەی سەرنجی هەمووانی بەرزەفت کرد. غەمباری و هەناسە ساردیەک هەمووانی گرتەوە.

لەو دەمانەدا زۆر کەس گوللەیەکی زیادەی لە گیرفانی هەڵدەگرت. بەمەبەستی ئەوەی لە کاتی تەنگانەدا بۆ خۆی دەکاتری بێنێ. خۆ کوشتنی بە پیاوانەترو مێرانەتر دادەنا. لە دیلی وبن دەستی. لەوەی بکەوێتە بەر سەرەنیزەی دوژمنە دڕندەکەی.

یەکێک گوێی لە حوسە بوایە. دەیگوت ئەوە هەر هەوایەو هیچی لەباردا نییە. چونکێ وا باوە کە ئەوەی گوتنی زۆر بێ کاروکرداری کەم دەبێ ، وەلێ حوسە وانەبوو! بە پێچەوانەوە، گلیەکانی چەند گەورە بوو، کردەوەکانی گەورەتر. ئەمەش وەنەبوو هەر بە بیستن بێ. هۆمەر بەچاوی خۆی لێی بینیبوو. بەر لەوەی برا لێک گیڤ بنەوەو شەڕی براکوژی دەست پێ بکا. جارێکیان پێکەوە دابەزینە نێو شار. ئەوان بە

نیازی ئەنجام دانی کارێک دابەزین، کەچی تووشی کارێکی دیکە هاتن. کات بە پێچەوانەوە خواستی ئەوان وەرچەخا. لە نێوەندی شار گومانیان کرد کە خۆشیبەزۆکێکی هەیتەی وەدوایانەوەیە. بواری هیچیان نەما، هێندەیان زانی دیاردیان بۆکردن و ڕێگاکەیان لێگرتن. ئەوانیش ژمارەیان چوار کەس بوو. خۆش بە زۆکێکی کرێیان پێ بوو.

یەکێکی چوار شانە. کە جلێکی هێزی تایبەتی لەبەر بوو. قۆڵی تا هەنیشکان هەڵکردبوو. بەچاو سوورکردنەوەیەکەوە لێیان چووە پێش. سەری لە پەنجەرەکە نزیک کردەوەو داوای ناسنامەی لێکردن. حوسە کە لەدواوە دانیشتبوو، یەکسەر لوولەی تفەنگی ئاڕاستە کردو پاکەتێکی لێ بەتاڵ کرد. شەڕدەستی پێکرد. دوای دەست وەکەریەکی دلێرانەو زەبر وەشاندنێکی کوشندە. بۆی دەرچوون.

شەو بەتلێکی شکابوو، گلۆپەکانی سەرشەقام بە کزی دەسووتان. خەڵک خۆیان لە کونی ژوورەوە نابوو هەستیان راگرتبوو. ئەوان کوچەو کۆڵانەکانی شار، بست بە بستی شارەزابوون. دەبوایە لەو کاتە خۆیان بگەیەننەوە هاوەڵەکانیان. بەڵام حوسە لە جێی خۆی چەقی. مشەیەکی لێوەهات و رووی بۆ دواوە وەرچەرخاند. ئاور لە چاوەکانی تریسکەی دەدا. زانیان حوسە شتێکی لەمەژیدایە. هەرکە رەنگی بگۆڕابوایەو ئاوای بەسەر هاتبوایە، دەیانزانی بەکارێکی ترسناک هەڵدەستێ. یاخود نەخشەی کارێکی ترسناک و بەجەرگانەی لەدڵدایە. بۆیە هەستیان راگرت و لەدوڕ زاری رامان. ئەویش لەسەرەخۆ، بە دەنگێکی هێمن و نزم گوتی:

–پێویستە ئێمە کارەکەمان تەواو بکەین. من دڵنیام هەنوکە دوژمن خۆی کۆدەکاتتەوە. هەوڵ دەدا شوێنی لێدانکە بزربکا، ئاگایان لە خۆیان نییە. خەریکی هەڵگرتنی تەرمەکان دەبن. لەوانەیە زۆر کەسی گەورەش. یانی پلەدار لەوێ بن ! بۆیە پێویستە بگەڕێینەوەو دەستێکی تریان لێ بوەشێنین. ئەگەر وابکەین سەرکەوتنەکەمان دەبێ بە دوو سەرکەوتن.

ئەمەی گوت و وەپێش کەوت. ئەوانەی دیکە بەبێ دڵ لە دڵ دان، بەبێ ئەوەی خۆ بخورێنن و منجەیان لێوەبێ ، وەدووی کەوتن. چۆنی گوت وادەرچوو. هەوڵیان دەدا شوێنەواری شەڕەکە بشارنەوە! بە هەمان شێوەی جاری پێشوو، بگرە سووکترو خێراتریش، دەسڕێژیان لێکردن و ژمارەیەکی تریان لێ بەردانەوە. خەریک بوو بڕۆن، کە حوسە خێرا دەرگاکەی کردەوەو خۆی فڕێ دایە دەرەوە. بەلەزی خۆی گەیاندە کوژراوەکان، چەکەکانی هێناو گەڕایەوە. بە لە گوینێکی هێندە خێرا ئەو کارەکەی ئەنجام دا ،کەس باوەڕی بە چاوی خۆی نەدەکرد.

نەک هۆمەر. ئەوانەی دیکە هەموویان لە دلێری و چاونەترسی حوسە دڵنیابوون. هەریەکەیان چەند یادگاری ئیوهای لە تەک هەبوو. لە چەند تەنگ و چەڵەمەی ئاوا بەشداری لەگەڵ کردبوو.

هۆمەر لە کۆنە هەواڵەکانی رادەماو بیرەوەرییەکانی دەهاتەوە یاد. لەلایەک هەستی بە شادیەک دەکرد ، لەلایەکی دیکە چزەی لە جگەریەوە دەهات. گریان و سۆزێکی قووڵ روخساری داگیردەکرد. بەشێوەیەکی وا ، ئەوەی سەیری کردبوا بە ئاسانی هەستی پێدەکرد.

دوای ماوەیەک ئاخاوتن. هێمن رووی تێکردو بە دڵگیرییەوە گوتی:

-زۆر دڵگران بووین کە تۆ کەوتیە دەست. دڵنیابووم کە زانیت شەڕەکە شەڕی خۆترێن و براکوژییە ، دەستت چەک ناگرێ. ئەگەرنا هیچیەکمان گومانمان لەوە نەبوو کە تۆ هی ئەوە نەبووی بەدیل بگیرێی. بەرایێ وامزانی شەهید بووی، نەک من زۆربەی هاوەڵەکان هەروایان زانی. ماوەیەکی زۆری پێچوو ئەوجا هەواڵی دیل بوونتمان بۆ هات، بەختت یار بوو نەیانکوشتی ، ئەگینا زۆربەی دیلەکانیش گوللە باران کران!

هۆمەر هەناسەیەکی ئاگرینی هەڵکێشا:

-چیدەکەی برام. چارچیە. رۆژگارێکەو تێی ئالاوین. ئەگینا کەی راستە برا دەست لە خوێنی برای بنێ. چیدەکەی، بکوژرابوام باشتر بوو. ئەی ئێستا ئەوە مردن نییە. ئەوە ژیانە کە تیایدان ! لەوانەیە لات سەیر بێ ،ئەو گلیانە لە من بژنەوی ! چونکێ زۆر باش شارەزای بیروباوەڕی من بووی. بەڵام دڵنیابە زۆر جاران خۆزگەم بە مردن خواستووە. حەزم دەکرد زوو شەهید بوایەم و ئەو رۆژگارە ، ئەو کارەساتە جگەربڕانەم نەدیبوا !

کەوتنە کۆشی گفتوگۆیەکی بێ دیماهی. لە دەرگای زۆر باسی وایان دا جگەری دەئەنجنین. وەکو چەقۆیەکی تیژ پەڕەی ویژدانی دادەدڕین. دەبووە سۆنگەی ئەوەی قێز لە خۆیان بکەنەوە ! ئەوەی هۆمەر بۆی دەرکەوت. ئەوەبوو هێمن هەتاوەکونێ ئەو کاتە بەرگری لە بۆچوونەکانی خۆی دەکرد. مکوڕ بوو لەسەر ئەو شتانەی کە هۆمەر بە

قسەی رووت و نابەجێی تێدەگەیشت. بەڕێبەرێکی تێدەگەیشت ، کە بۆ ئەوە بڵاوکرابێتەوە خەڵک لە خشتە بەرێ و لەرێگای راستەقینەی خەباتیان دووربخاتەوە. وەکو یەکێک تازە چووبێتە چیاو چەکی هەڵگرتبێ، دەیگوت:

–ئەوەی تۆ دەیڵێی دروستە. من لە هەموویان لەگەڵتام، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە گۆڕەپانەکە چۆڵ بکەین. نابێ خۆ وەشێرین و لە دۆزەکە پاشەکشێ بکەین. دوژمن ئەو هەموو تاوانەی کرد. ئەو هەموو درۆو دەلەسەی کرد، شەڕی خستە نێو برایان. هەموو مەبەستی ئەوەبوو. هەر بۆ ئەوەی بوو ئەو بیروباوەڕەی تۆ سەرنگون بکات ! هەر بۆ ئەوەی بوو کەس باوەڕی بە هیچ نەمێنێ و بەم شێوەیە ئەو بحەسێتەوە. بە بێترس و بەبێباکی نەخشە گلاوەکانی خۆی ئەنجام بدا. نابێ کاک هۆمەر.. هەرگیز نابێ چۆک دابدەین. من هەرگیز لەگەڵ بەزین و چۆک دادان نیم !

ئەو پەیڤانە تاڕادەیەکی زۆر کاریان لە هۆمەر کرد. لەلایەک بەراستی دەزانی. حەزی دەکرد لەو دەمەدا بکەوێتە گەرمەی شەڕێکەوە. تۆڵەی هەموو منداڵ و گوندە سووتاوەکان لە دوژمن بکاتەوە. تۆڵەی هەموو تاوان و کارە نارەواکان لە دوژمن بکاتەوە. لەلایەکی تر هەستی دەکرد شتێک رێگەی لێدەگرێ، بەربەستێک لەبەردەمی قیت دەبێتەوە ! ئەو شتە تاڵانەی بینیبووی، یا گوێی لێ ببوو، ساردیەکی دەخستە دڵەوەو پەژیوانی دەکردەوە. وای بۆ دەچوو کە لە ناخەوە وردە وردە

دەتوێتەوە. وەک ئەوەی لە نێو ئاورێکدا بسووتێ. نەکەس بیدینێ و نەکەس لە هاوارو ناڵەی تێ بگا!

ئەوەی لە نێو تاقمەکە لە هەمووان کەمتر دەدوا، یاخود هەر نەدەدوا. ئەو مێرد منداڵە بوو کە هۆمەر نەیدەناسی. خەریک بوو لێی وردەبووەوە، کاتێک هێمن گوتی:

- سەیرە.. دەڵێی کاک دلشاد ناناسی؟!

- بەراستی لەبەر چاوم نامۆ نییە!

-دلشادی برای شێرکۆیە!

وەک ئەوەی گوللەیەکت لێدابێ لە جێگەی خۆی تاسا. تاماوەیەک هێدم گربوو نەیزانی چ بێژێ! پاشان بە چوستی هەڵسایەوەو بە گەرمی یەکتریان ماچ کرد. دلشاد کە وێدەچوو ئەویش هۆمەری نەدەناسی. تووشی سەرسامییەکی زۆر هات. بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەو فرمێسکە بە کۆڵەی دیت کە لە چاوی هۆمەر دەتکا.

ماوەیەکی زۆر دەستی لەملی نەکردەوە. پاشان بەنامرادی و دەنگێکی پڕ لەگریانەوە گوتی:

-شێرکۆ برای منیش بوو.

هێمن کە ئەو دیمەنە زۆر کاری لێکردبوو، بەسۆزەوە تەماشای دەکردن، گوتی:

–دلشاد ئەوە هۆمەرە. لەوانەیە ناویت بیستبێ. هاوڕێیەکی هەرە لە پێش و خۆشەویستی شێرکۆ بوو.

بزەیەکی هاتی و سەیری هۆمەری کرد. پاشان درێژەی پێدایەوە:

––لەو بڕوایەشدا نیم کەس نەبێ گوێی لە نێوی هۆمەر نەبووبێ!

دلشاد بەبێ ئەوەی سەیری هۆمەر بکا. بە دەنگێکی لاوازو نزم گوتی:

––بەڵێ گوێم لێ بووە ... دەیناسم!

ناوو شۆرەتی هۆمەر دەشت و دنیای گرتبووەوە. لە هەموو جێیان باسی ئازایەتی و مێرخاسی دەکرا. کە یەکێک بەرانبەری ئەو ئەمەی بدرکاندبوایە. سەری شۆی دەکردەوەو هەستی بەشەرمندەییەک دەکرد. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە هێمن باسی ئەوی بۆ دلشادی کرد. ئەوسەری دانەواندوو خۆی بە توندکردنەوەی قەیتانی پێڵاوەکانی خەریک دەکرد.

لەو دەڤەرەدا کەس نەبوو نێوی هۆمەری نەبیستبێ َ، کە ئەمە تاڕادەیەک گرانی لەسەر وەستا بوو! دوژمن ناوە ناوە بە کرێگیراوو سیخوڕی خۆی دەنارد تا دەستی لێ بوەشێنن و زەبرێکی لێ بدەن. وەلێ لەبەر وورییایی هۆمەرو دڵسۆزی ئەو هاورێیانەی لەگەڵی بوون. هەموو هەوڵێکیان پووچەڵ دەبووەوەو سەری نەدەگرت. هەر کە ئاشکرا دەبوون، هۆمەر هیچی نەدەگوت. هاورشێکانی ئەرکەکەیان دەگرتە ئەستۆو هەموو کارێکی پێویستیان ئەنجام دەدا !

جاری وا هەبوو لەلایەک دەبووە شەڕ، دوژمن زەبرێکی کوشندەی بەردەکەوت. ئەگەرچی هۆمەر لەو ناوە نەبوو، چەند قۆناغ لە شەڕەکە دوور بوو. خەڵکەکە باسی هۆمەریان دەکرد. بەشان و شکۆو ئازایەتی ئەویان هەڵدەدا!

"مرۆی ئازا ئیوها دەبێ. کوڕی بابی خۆیەتی. بەخوا دەستێکی وای لە دوژمن وەشاند خۆشی نەیزانی چی بەسەرهات. کاری ئاوا دلێرانە مەگەر هەر لە دەست و پەنجەی ئەو بوەشێتەوە. ئەی چۆن... ئەگەر ئەو نەبوایە کێ دەروەستی ئەو هەموو هێزە دەهات ! دەزانی هێزێکی چ گەورەبوو، ئەو ناوەی یەکپارچە داگیرکردبوو. بە قەدەر ئاقاری گوندێک بستە زەویەک چییە نەدەبینرا. بەڵام ئەو هۆمەرە.. ئەو بەچکە شێرە. کارێکی وای پێکردن بابە دەواری شڕی نەکردبێ. بڕۆ لاشەی کوژراوەکان وەک خۆڵ ئەو ناوەی داپۆشیوە"!

"کاکە یەکێ گوللە نەیبڕێ ئیوهایە. سەد سوێندو قورئانیان دەخوارد، بەچاوی خۆیان بینیوویان گوللەی بەرکەوتبوو نەیبڕیبوو. شەڕواڵەکەی کون کردبوو. کە بە لاقی کەوتبوو... ترق... کەوتبووە خوارەوە! وەک ئەوەی بە پارچە ئاسنێکی رەق و و تەق کەوتبێ ، ءئیوها بوو"

"دەڵێن بەیەک باز لەو بان خۆی هەڵدەداتە ئەوبان. هەروەکو باڵی هەبێ. بە بێترس خۆی هەڵدەدا. بەبێئەوەی بیر لە کەوتن، یاخود لە مردن بکاتەوە!"

"له هەمووی سەیرتر ئەوەیە دەڵێن لە کاتی شەڕدا رەنگی دەگۆڕێ. چاوەکانی سوور سوور دەبنەوەو تیژتر دەبن. دەست و پەنجەی سپی سپی وەک شاخ بێزی لێدێت. کە هەڵمەت دەبا دەڵێن وەکو دەرویش گەرم دادێ و هیچ ئاگای لە خۆی نامێنێ. هێرش دەباو نازانێ گەڕانەوە چییە. جا قوڕ بەسەری ئەو دوژمنەی دەکەوێتە بەرانبەری!!!"

ئەو قسەو باسانە لە نێو هێزەکانی دوژمنیش دا بڵاوببووەوە، بەشێوەیەکی وا کە ناوی دەهات ئەژنۆیان دەلەرزی و ترس دای دەگرتن. بە هەموو بارێک هەوڵیان دەدا خۆیان لە شەڕی ئەو بپارێزن. کە بیانزانیایە لە شوێنێکە ، تا بۆیان بلوابوایە پاشەکشێیان لێدەکردو خۆیان لە قەرەی نەدەدا !!!

هۆمەر خۆشی ئەو شتانەی گوێ لێدەبوو، سەرسام دەبوو، نەیدەزانی چ ئەگەرەکە وا لەو خەڵکە دەکات ئەو شتانەی بۆ هەڵبەستن. لەگەڵ ئەوەش بێدەنگ دەبوو. بە چاک و خەراو دەرگای ئەو باسەی نەدەکردەوە.

–دایکم زۆر باسی تۆی دەکرد. دوای شەهیدبوونی شێرکۆ زۆر حەزی دەکرد بتبینێ. هەر کە تەقەیەک بکرابوایە ئەو یەکسەر دەیگوت: بڕۆ کورم خێرا دەرگاکە بکەوە. نەوەک هۆمەری لەگەڵ بێ. تووشی ئەستەنگ و تەنگەتاوی و بن و شوێن نەبێ خۆی لێ وەشێرن. بڕۆ خێرا دەرگاکە بکەوە.

–پێم بڵێ ئەو کارەساتە خۆ زۆر کاری لە دایکت نەکردووە؟.

-باشه.. بەڵام هەرکە چاوی ئێمەی لێ بزر بێ. لە قوژبنێکا هەڵدەکورمێ و ورد ورد فرمسێک دەڕێژێ !

هێمن دوای ئەوەی بە بڕیەکەی هۆمەری زانی، کە چەک دادەنێ. گەلێ زگار بوو. زۆر هەوڵی دا. لە زۆر لاوە باسەکەی بۆ شیکردەوە. بۆ ئەوەی پێ لەکەلی شەیتانی بێنێتە خوارەوە ئەوە لەمەژی خۆی دەرکا. زۆری خۆهێناو برد بۆ ئەوەی پەژیوانی بکاتەوە، بەڵام بێسوود بوو، هۆمەر لە ناخەوە زامدار ببوو. وا ئەنری بوو نەدەهاتەوە رایێ !

-بۆ کوێ دەڕۆن؟

هۆمەر بۆ گۆڕین و خۆلادان لە باسەکە ئەو پرسیارەی کرد.

-هەواڵمان بۆ هاتووە کەوا هێزێکی گەورە بۆ ئەو ناوە بەڕێکەوتووە. دەڵێن گەرەکیەکی دەست بە خاپوورکردنی ئەو گوندانە بکا. ئێمەش بڕیەمان داوە رێگای لێبگرین، هەوڵی بدەین ، بزانین چۆن دەبێ !

هۆمەر کە گوێی لە خاپوورکردنی گوندەکاتن بوو رەنگی گۆڕاو وازی تێکچوو. ساردی و ووشک بوونەوەیەک روخساری گرتەوە. هەموو نیشانەیەکی ژیانی لەروخسار کوژایەوە. دەم و چاوی هەڵگلۆفت و بەبێزاریەوە سەری دانەواند:

-لە کام لاوە هاتووە ،گەرەکیەتی کام دەڤەر وێران بکا؟.

-ئەوەی راستی بێ، بە گوێرەی ئەو زانیارانەی بۆمان هاتووە. بە گوێرەی بیرکردنەوەی خۆشم ئەوەی گوند چییە نایهێڵێ. دوژمن نیازی

گەلیٚ خراوە. ئەو شەڕی برا کوژیەش مۆڵەتێکی چاکی بۆ ڕێکخستووە. ئەو ناوە چۆڵ بووەو چ هێزێکی وا نەماوە!

ئەو پرسیارەی هۆمەر وای لە هێمن کرد ، بکەوێتە ئەو بڕوایەی کە دەتوانیٚ دڵی نەرم بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش ماوەیەکی تر درێژەی پێدا. بە ئەنقەست لەو تەلەشی دەدا کە هۆمەر پێی بریندار دەبوو! کە دەیزانی پەیڤەکانی کاری خۆی دەکاتو خوێنی دێنیتە جۆش ، گەرمتر داخاوت:

–پێویستە بەرگری بکەین، پیاو نابیٚ بە ئاسانی چۆک دابدا. ڕێگای خەبات دوورودرێژەو مرۆڤ تووشی زۆر کەندوکۆسپان. زۆر شتی ناپەسەن و نابەجێی دەکەوێتە بەرچاو. ئەگەر ئەوەی شتێکی بینی و زویر بوو، ئەوا هەرگیز ئەو کاروانە ناگاتە ئەنجام. پاشان کاکی خۆم ئەگەر لەوکاتەدا ئێمە بەرگری لەو خەڵکە هەژارە نەکەین کیٚ بەرگری لێدەکات. خۆت لە هەموو کەس باشتر دەزانی چۆن ڕەفتار لەگەڵ ئەو گوندانە دەکات. چەند دڕندانە ئاور لە تەڕو ووشک بەردەدا. پێویست ناکات بۆت باس بکەم تۆ خۆت هەموو شتێکت بەچاوی خۆت دیوە. لەبەر چاوی خۆت ئاوریان لە گوندەکەت بەردا. لەبەر چاوی خۆت ڕەزوو باخەکانیان سووتاند. تۆ لە هەموو کەس باشتر دەزانی ! جا ئەگەر لەوکاتە پشت لەو خەڵکە هەژارە بکەین. کیٚ وەهانایان دیٚ و بەرگریان لێدەکات؟ ! تۆ خۆت هەموو شتێکت بە چاوی خۆت دیوەو لە هەموان باشتر دەزانی !

هێمن زۆر هەوڵیدا، بەڵام بێ سوود بوو، تا ئەوکاتەی مالئاواییان لێکرد. متەقی نەکردو بەبێدەنگی مایەوە. هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبوو ئەو هۆمەرە رۆژێ لە رۆژان ئیوهای لێبێ، بەو شێوەیە بگۆڕێ. چەندەی خۆی ماندوو کرد تاقە پەیڤێکیشی لێ نەبیست. تا ئەو کاتەی خەریک بوو بڕۆن، ئەوجا سەری بردە بن گوێی و چرپاندی:

–تکا دەکەم ئاگاداری دلشاد بە!.

هێمن ماوەیەک لە چاوەکانی هۆمەر راما. تریسکەی نامۆییەکی وای تیا بەدی کرد،کە بەدرێژایی ژیانی شتی وای نەبینبوو. ئەمە کارێکی یەکجار زۆری لێکرد. هەستی کرد بەرانبەر مرۆڤێکی پاک و دڵسۆزو مەزن راوەستاوە. بە دەنگێکی پڕ شەرم و رێزەوە وەرامی دایەوە:

–خەمت نەبێ.. دلشاد برای ئێمەیە.

بە گەرمی تۆقەیان کرد. ماڵئاواییان کردو جوێبوونەوە.

هۆمەر وەک ئەوەی بارێکی گرانی خرابێتە ئەستۆ، نەشیا تاقە هەنگاوێک هەڵێنێ. هەرکە باسی خاپوورکردنی گوندێکی بیستبوایە ئیوهای لێدەهات. دەپەشۆکاو بیرو هۆشی لە کن خۆی نەدەما. ئازارەکەی چەشتبوو، دەیزانی گوند تێکدان چییە! دەیزانی چ هەش وەسەری و ماڵوێرانیەکە. ئەو دەمەی بیرکەوتەوە کە گوندەکەی ئەوانیان خاپوورکرد. وەک ئەوەی ئەو چرکەیە روویدابێ، بۆنی دوکەڵ و خوێنی بۆ هات، تۆزو کادووەکەی لەبەرچاو بەرزبووەوە!

"چەند لرمەیەک هات، ئەو کاروانە گەورەگرانە چەقی، ئەو خەڵکە بەلەنگازە لە شوێنی خۆی چەقی. بەنامۆییەوە ئاوڕیان دایەوە. کە گوندەکەیان لە نێو تەمێکی رەش بەدی کرد تاسان. کزگریان لە هەوکێ ماو نەیانزانی چی بکەن. هەرچەندەی بیریان کردەوە چواردەوریان گیرابوو هیچیان بۆ نەدەکرا"!

ئەو کارەساتە بەسەر هەرکێ بهاتبوا لەمە خراوتری لێدەهات. لەمە خراوتر دەتاساو موچڕکی بەلەش دادەهات. وارو نشیمەنت لە بەرچاوان ئاورتێبەردەن. رەزو باخت لەبەرچاوان ئاور تێبەردەن. داروبەردی گوندەکەت لەبەرچاوان بتەقێننەوە!

بەر لەوەی چەکی بەرەنگاربوونەوە هەڵگرێ و بەشاخ هەڵزنێ. لە دوا ماڵئاواییدا رابۆی دایکی یەک ئامۆژگاری کرد. کە تا ئەو کاتەش لە نێو گوێی دەزرنگایەوە، رابۆ پێیگوت:

"کوڕم هۆمەر... زۆرداری لە کەس مەکە. تاوان بەرانبەر هیچ مرۆیەک مەکە. وەلێ هەرگیز.. هەرگیزاو هەرگیز بەزەییت بە دوژمن نەیەتەوە. هەرکە رووبەروویان بوویەوە یەکسەر بیر لە گوندەکەت بکەوە. بیر لە خەڵکە هەژارەکەی ئاواییەکەت بکەوە. وێنەی دارو بەردی گوندەکەت بێنەوە بەرچاو.. خۆت بێنەوە بەرچاو کە چیت بەسەرهات. من... کەژێ... تەحۆ... هەموومان بێنەوە بەرچاو کە چۆن و چیمان بەسەرهاتووە"

که ئەوەی هاتەوەیاد. وەک ئەوەی رابۆی دایکی سەری نابێتە بن گوێی سەدجاران ئەو ئامۆژگاریەی دووبارە بکاتەوە وابوو:

"کوڕم هەرگیز بەزەییت بە دوژمن نەیەتەوە. هەرگیز بەزەییت نەیەتەوە. هەرگیز... هەرگیز... هەرگیز"

هێشتا لە گوندەکەیان رانەگوێزرابوونەوە. ئەودەمە تازە هەواڵەکەیان گەیشتبوێ. لەگەڵ ساڵحۆک ماڵ بە ماڵی گوندی گەڕان. لە هەموو دەرگایەکیان دا، زۆریان هەوڵ دا قاچیان لەو قوڕە دەربێنن. کەچی ماندوو بوونەکەیان هەروە رۆیشت و بێ سوود بوو. بەری ئەو ئاواتەی ئەوان ویستیان بیڕنن گەلێ لە دەستی ئەوان بەرزتر بوو، ئای کە کاتێکی سەیر بوو. ئەو بە پەرۆش بوو، ساڵحۆک زیاتر، لەو خەمخۆرتر بوو. وێنەی ساڵحۆکی دەهاتەوە بەرچاوی و بزردەبوو:

"ئەگەر هەشتێکم لە دەست هاتبێ و درێغیم کردبێ بێژە ... ئەگەر ئامادە نەبووبم خۆم بکەمە گوری بێژە. کارێکە لە ئێمە گەورەترەو دەروەستی نایەین"

کە ئەو پەیوانەی بیرکەوتەوە، جواناوی بە لەش داهاتە خوارێ. دووچاری شەرمندەییەکی سەخت بوو. بەزەیی بە هێمن هاتەوە. دواجار کە ماڵئاوایی کرد هیوای وابوو لەگەڵیان کەوێتەوە. بۆیە هەتاوەکونێ لە چاوان بزربوو تاو ناتاو ئاوڕێکی دەدایەوە. وەک ئەوەی چاوەڕوانی ئەوەی لێ بکا. لە بڕیەکەی پەژیوان بێتەوە...

"نەدەبوو وا بە ئاسانی دەست بدەین. بەرەنگاربوونەوە پیاوانەتر بوو. دەبوایە روو لە چیا بکەین و چەکی یاخی بوون هەڵگرین. جا خوای دەکرد پەل پەلیان دەکردین. مردن سەد قەت لەو ژیانە باشتر بوو"

زۆر جاران لە ئاکنجیەکە دادەنیشت و ئەو بیرانەی دەکردەوە. زۆر پەژیوان ببووەوە لەوەی کە ئاوا بە ئاسانی سەریان دانەواندو داخوازیەکەی دوژمنیان بەجێ هێنا. هەنوکەش تووشی هەمان هەڵوێست دەبووەوە! نەیدەزانی چی بکا !

شێرزاد کە ماوەیەک بوو تاقە پەبوێکی دەرنەبڕیبوو..گوتی:

– هەتاو باش کەوتووە.. وابزانم برۆین.. باشترە !

هۆمەر هیچ وەرامێکی نەدایەوە. بەهێواشی خۆی خستە سەر ئەوتوولە رێگایەی بۆ هەورازەکە هەڵدەزنا. هەورازەکە یەکجار بە پێچ و پەناو سەخت بوو.

"ئەگەر نەڕۆم لە ئەنجامدا پەژیوان دەبمەوە! کوژران و مردن باشترە... مێرانەترە. ئەو زۆردارانە بەردەبنە وێزەی خەڵکی بێدەسەڵات. پیروکالان دەکوژن، زارۆو گەنجەکان سەردەبڕن. پڕ دەدەنە ئافرەت و کچۆڵان. ئەوانیش هیچیان لەدەست نایەت. وەکو کارمامزێک چاوەڕوانی کێردی راوکەر دەکەن. نەدەتوانن رابکەن و خۆیان لەبەردەست دەرباز بکەن. نەدەتوانن بەرەنگاربینەوە"

ئاوڕی لە شێرزاد دایەوە. ویستی هێندێک شت بدرکێنێ و رای ئەویش وەرگرێ. بۆ ئەو مەبەستەش چەند ووشەیەکی لە دڵی خۆی تەیارکرد. ماوەیەکی زۆری برد هیچی بۆ نەگوترا، بۆیە پەژیوان بووەوە! بە تووڕەییەوە هەنگاوی ناو خێراتر رۆیشت. هەموو لەشی تەڕ ببوو. هێندەی نەمابوو لە پێستی خۆی بچێتە دەرەوە

"براکوژی چی... ! ئەمە کەی براکوژییە. ئێوە برای ئێمە نین، ئێوە دڕندەن. ئێوە بەکرێگیراوی دەستی بێگانەن. بیری گەنیوی ئێوە ئەو خاکەی پیس کردووە. هەرگیز بەمە نالێن شەڕی براکوژی!"

ئەو پەیوانە وەک نینۆکێکی تیژ لە مێشکی دەچەقین. قێزی لە خۆی بووەوە. زیاتر پێی داگرت و مکوڕ بوو لەسەر بڕیەی چەک دانانەکەی:

"نەخێر.. جارێکی تر ئەو هەڵەیە ناکەمەوە. باشترین رێگا ئەوەیە گوندەکەم ئاوەدان بکەمەوە. چیتر توانای چەک هەڵگرتنم نەما... رووخام ... بەڵێ... هەرچیەکی دەیلێن با بیلێن. بەو لە گوینە چیتر توانای چەک هەڵگرتنم نەما!"

لەگەڵ ئەو ووشانە شتێکی سەیری بیرکەوتەوە. ئەو کاتەی بیرکەوتەوە کە تازە لە شەقامە قیرتاوەکە دوردەکەوتەوە. بەخۆشیەوە بەرەو چیاکان و هەمێزی گوندەکەی هەنگاوی دەنا:

"ئەگەر بگەمە گوندەکەم یەکەم شت دەچمە سەر گۆڕەکەی ساڵحۆک. ئا... پێی دەڵێم مام ساڵح ئەوا هاتمەوە. ئەمجارەیان خەون و ئەندێشە

نییە. ڕاست و ڕاستەقینەیەو گەڕاومەتەوە. دەمەوێ ڕاژەی گوندەکەم بکەمەوە، دەمەوێ دارەکان ئاو بدەمەوە... دەمەوێ ... دەمەوێ...

کە گەیشتە سەر گۆڕی سالْحۆک دەتگوت تازە لە دایک بۆتەوە. هەستی بە خۆشیەک کرد بەدرێژایی ژیانی هەست پێ نەکردبوو. بەخۆشیەکی ڕاستەقینەو خوایی تێدەگەیشت.

"دەڕۆم ... چەک هەڵدەگرم ... تۆڵەی گوندەکەم دەکەمەوە. تۆڵەی هەموو ئەوانە دەکەمەوە کە بە دەستی دوژمن لەخوێن گەوزین. تۆڵەی هەموو دارەکان دەکەمەوە. تۆڵەی هەموو کانیەکان دەکەمەوە! دەڕۆم.. چیتر بەرگەی ئەو زەلیلییە ناگرم. چیتر بەرگەی ئەو بن دەستی و سەرشۆڕییە ناگرم. مردن لەو ژیانە پیاوانەترە. مردن سەد کەڕەت پیاوانەترە. چوڕە خوێنێکە دەڕژێ و تەواو، هەموو شتێک کۆتایی پێدێت. بە یەکجاری کۆچ دەکەی و ماڵئاوایی لەو ژیانە بێ واتایە دەکەی! هەنوکە ڕۆژ نییە هەزار جاران نەمرم و نەژیمەوە! هەر چۆنێکی بێ چەک هەڵگرتن باشترە. بڕۆم باشترە! چیتر بەرگەی دیلی ناگرم. دوژمن خاکی باب و باپیری لێ زەوت کردبین ئێمەش بەرانبەری قاچ لەسەر قاچ سیر لە سمێڵێ بدەین ! ناگونجێ ... ناتوانم چاو پان بکەمەوەو مێچکە مێچکەیان دەبەر بکەم، هەر بۆ ئەوەی گلیەکی خۆشم لەگەڵ بکەن. نا ... ئەمە پیاوەتی نییە! دەڕۆم.. تاکە چارەیەک ئەوەیە بەرەنگاریان ببیەوەو بە چەک لەگەڵیان باخێوی"

"هۆی ساڵحۆک ... ئەوە هاتمەوە. خەون و ئەندێشە نییە. خۆزگەو ئاوات خواستن نییە. ڕاست و ڕاستەقینەیە ... گەڕاومەتەوە، چاو هەڵێنە ... سەیرکە. نەک بە خۆشی و بە دڵی ئەوان، نەک بە پێی داخوازی و خواستی ئەوان، بە زۆرو زۆردارەکی گەڕاومەتەوە. منەتی دوژمنم بەهیچ نەزانیوە. هەرچی دەیکەن بابیکەن. بۆ دایکم و کەژێش خوا گەورەیە. کەس لە برسان نەمردووە! درەنگ بێ یا زوو ئەوانیش دێنم. هەر ماوەیەکی تر. ناهێڵم زۆری بەسەرچێ، ئەوانیش دێنمەوە. ئەی چییە. واباشترە ئەوانیش بگەڕێنەوە. ڕاژەی ڕەزو باخەکان بکەن. خانووەکان ئاوەدان بکەینەوە. دەزانی گوندەکەمان چتۆ داری لێیە ... چتۆ ڕەزو باخی لێیە ... چاو هەڵێنە ... ساڵحۆک گەڕاومەتەوە"

خوێنی بە تەواوی تێکەڵ بە خوێنی دارەکان ببوو. ئەگەر یەکی گەڵایەکی لێکردبوایەوە ، لقێکی شکاندبوایە وایدەزانی گوللەیەکی لەو داوە. بۆیە کەس نەدەوێرا بەرانبەری دەست بۆ چلێک درێژ بکا، تەنانەت جارێکیان لەسەر بنە گوێزێک خۆی خستە کۆشی شەڕێکەوە. ئەگەر ئەو نەبوایە بە هیچ شێوەیەک دەرباز نەدەبوو!

نوێژی نیوەڕۆ بوو. لەسەر کانیەک ، لەبەر سێبەری دارێک لێی ڕازا بوون. هەر هێندەیان زانی گرمەیەک هات. سەنگەرێکی دوژمن بەرانبەریان بوو. کە سەیریان کرد هیچیان نەبینی. نە دوکەڵی لێ بەرز بووەوە نە تۆز. سەرسام بوون !؟ کە سەیری خوارێیان کرد لە دوورەوە. لە نێو دارگوێزەکان دوکەڵ بەرز بووەوە. هۆمەر کە چاوی بە دار گوێزەکان کەوت زانی چ باسە. هێزی دوژمن فێر ببوون ئەگەر

گوێزیان بۆ لێ نەکرابوایەوە. خۆیان ماندوو نەدەکرد. نارنجۆکێکیان لە ژێر دارەکە دەتەقاندەوەو دارەکەیان لەڕەگەوە هەڵدەتەکاند!

هۆمەر وەک شێتانی لێ هات. بەو نوێژی نیوەڕۆیە دەستی دایە چەکەکەی و هەڵسایەوە. هەر چەندە هاوەڵەکانی ترسناکی ئەو هەڵوێستەیان تێگەیاند، گوێی نەدایە! بۆیە ناچار ئەوانیش دوای کەوتن. ئەوانەی کە دارەکانیان دەتەقاندەوە. ژمارەیان لە دە کەس زێتر بوو نەیهێشت هیچ کامیان دەرباز بن ! سەنگەرەکانی دەروبەر لێیان واگا هات. تا تاریکایی داهات شەڕیان کرد، پاشان هەر چۆنێک بوو خۆیان دەرباز کرد!. ئەوان تەواوێک دوور کەوتبوونەوە کە دوژمن هێشتا تەقەی دەکرد.

"بزانن کوێینە دوژمن چۆن لە ترسان هێشتا تەقەی رانەگرتووە!"

کەمێکی تر رۆیشتن. هەمدیس زاری لێک ترازاندو گوتی:

"سەیرکەن ... خۆتان بینیتان ئەو دار گوێزانەی ئێمە بەرگریمان لێکرد. چۆن پشتی گرتین و وەیشاردین. ئەگەر ئەو دارگوێزانە نەبوونایە هیچ کامێکمان دەرباز نەدەبووین. ئەمە ئەوە دەردەخا کە هەموو دارێک، هەموو بەردێک لەم کوردستانە خولیای ئازادیەو دژی داگیرکەرانە ... هەمووی ... چۆن ئێمە بەرگریان لێ دەکەین. ئەوانیش ئیوها پەنامان دەدەن!"

-دەبوایە لەگەڵ هێمن بڕۆیشتبواین !

شێرزاد بەسەرسامی لە هۆمەر راما. بڕوای بە گوێچکەی خۆی نەکرد، کە ئەو شتەی لە هۆمەر بیست، هەر دوونیگا بەرانبەر یەک بوونەوە. هۆمەر وەک ئەوەی کارێکی ناپەسن، یا تاوانێکی کردبێ چاوی بەردایەوە. لەو دەمەدا خۆی بە مرۆڤێکی زۆر ترسنۆک و بێدەسەڵات هاتە بەرچاو. ئەو نیگایەی شێرزادی بە سووکایەتی پێکردنێک تێگەیشت:

–چی بکەم ... برام شێرزاد. ئاورم لە هەناوی دایساوەو وەدەست خۆم نییە. هەرگیز بۆم ناکرێ دەستەوەستان دانیشم. دەبوایە...

هەمدیس بە هەمان نیگاوە سەیری شێرزادی کرد:

–بەڕای تۆش وا باشتر نەبوو؟!

هەردووکیان بێدەنگ بوون. بەڵام ئەمجارەیان هۆمەر شتێکی تری لە روخساری هاوەڵەکەی بەدی کرد. هەستی کرد ئەویش گەڕانەوەو بەردەوام بوونی لە کن باشترە. سەرباری ئەوەش لە دەرگای باسەکەی نەدایەوە!

پڕ بە دڵ حەزی کرد بگەڕێتەوە. وە لێ گیران و زیندان کردنەکەی هەمدیس هەوساری خستە ملی ئەو بیرکردنەوەی. لەو دەمە هزری کە لوولەی تفەنگی برای خۆی بەرانبەر قیت بووەتەوە. ئەو شەوەی هاتەوە یاد کە هاوارو ناڵەی بریندارن. ئەوانەی وەدەستی برای خۆیان بریندار کرابوون. گوێی ئاسمانی کەڕ دەکرد. ئەو قۆناخە تفەنگانەی وەیاد

دەهاتەوە کە لە دواوە لێیان دەدا. رق و کینەیەکی زۆری لە لێدانەکە بەدی دەکرد! وا بەبێ ویژدانیەوە لێیان دەدا وەک ئەوەی باوەکوشتەیان بێ. ئەو ماڵ و گوندی ئاور تێ بەردابن و پەڕاگەندەو دەربەدەری شارانی کردبن !

کوژرانی شێرکۆی بیرکەوتەوە. هەرچەندە کوژرانەکەی نەبینیبوو. وەلێ بە گوێرەی ئەو پەیوانەی بۆ باس کرابوو. وێنەکەی بەو شێوەیە لەکن دروست دەبوو...

دایکی بە خۆشحاڵییەوە دەگاتە کنی. لە هەمێزی دەکاتو بە گەرمی ماچی دەکات. هەردووک پێکەوە دادەنیشن. بە خەمبارییەوە باسی شەڕی براکوژی بۆ دایکی دەکات. پێی رادەگەیەنێ کە چۆن لەبەر چاوی ئەو چەندین قارەمان بە دەستی یەک کوژران. هەر لەبەر ئەوەش. لەبەر ئەو سۆنگەو ئەگەرەش ئەو چەکی داناوەو لەو گوندە دانیشتووە. دایکی سەرسام دەبێ! بە زمانێکی شیرین، بە هێمنی و لەسەرەخۆ کە ووشەکان یەک یەک و بە جیا، بە کلۆجێک بە ئاسانی دەنگی خۆیان وەدەست دەدەن. پێی دەڵێ کورم شتی وانابێ. هەرگیز ناچێتە مەژیان ئەوێ کەراتی بکەن! دڵنیام کە تۆ هەڵەی. لەوانەیە سووچ و تاوانی تۆبێ. من زانیومە حێدزی لە نێو برایانیش روو دەدا. چۆن دەبێ وا بە ئاسانی چەک دابنێی. ئەی وادەو هەرێی چیت بە ئێمەداوە. ئێمەت چاوەوانی چی کردووە !؟ لەوانەیە سووچ و تاوانی تۆی تیابێ، پێویستە دەروونت فراوان بێ، ئەو شتە لە نێو برایان هەردەبێ... !

شێرکۆ شتەکە بە وردی بۆ دایکی شیدەکاتتەوە. تێی دەگەیەنێ کە دۆزەکە لەوە زەلامترە. کارەکە لە دەروونە ساویلکەو سادەکەی ئەو ئالۆزترە. ئەوجا دێتە سەرباسی برایەکانی. پرسیار لە چۆنیەتی ژیان و گوزەرانیان دەکات. ئەو هەرچەندە لە دەرەوە بوو، هەمیشە بە تەنگ ماڵەوە بوو. زۆر خەمی براکانی لەبەر بوو. کە پرسیاری براکانی دەکات. دایکی وەک هەموو جارێک باسی ژیان و گوزەرانی خۆیانی بۆ دەکات. بە هار دێنێتە چۆکان ژیانیان دەباتە ریزی ژیانی پاشاکان. بەو شێوەیە دایک و کوڕ دەکەونە گەرمەی گفتوگۆو دەمەتەقێ. لەو دەمەدا چەند چەکدارێکیان لێ پەیدا دەبێ. چاو لە شێرکۆ سوور دەکەنەوەو هەڕەشەی لێدەکەن. هەرچەندەی پاکانە بۆ خۆی دەکات، پێیان رادەگەیەنێ کە ئەو وازی لە هەموو شتێک هێناوە. بە هیچ جۆرێ نایەوێ دەست بە خوێنی براکانی سوور بکا، دایکی دەناورێتەوە داوایان لێدەکات کە واز لە کوڕەکەی بێنن. ئەو هاوارو تکایە هەمووی بێ سوود دەبێ و لەبەرزەقەی چاوی دایکی دەسرێژی لێدەکەن و لە خوێن دەیگەوزێنن . دایکی هێدم گر دەبێ. ماوەیەک لە تەرمی کوڕەکەی رادەمێنێ. نەدەتوانێ سەیری بکاو نە دەتوانێ رووی وەلادا. بە توندی چاوەکانی دادەخا، دڵۆپێک فرمێسک لە قولینچکی چاوی گلۆر دەبێتەوە. چارشێوەکەی بەسەر تەرمەکە دادەدا. بە بێئەوەی نووزەیەکی لێوە بێ. بەخۆی و تەرمی کوڕەکەی بەرەو شار دەگەڕێتەوە.

هۆمەر ئەو وێنەی لەبەرچاو چێ بوو. ئەو هەواڵەی لە گوێ زرنگایەوە کە گوایە لەو رۆژەوە دایکی شێرکۆ لێی گۆڕاوەو تێکچووە. بیری لەوە

کردەوە کەدەبوایە ئەو پرسیارە لە دلشاد بکا. بەڵام ئەو پرسیاری تەندروستی لێکرد. ئەویش بە باشە وەرامی دایەوە. دیارە شتەکە راست نییە. یاخود دلًشاد لە دڵی گران بووەو حەزی نەکردووە لەو باسە بدوێ. لەو کاتەی دلشادی بینی. زۆر بەزەیی پیادەهاتەوە. لەوە دەترسا ئەویش بە دەردی برایەکەی بچێ. رقێکی لە دەروون هەڵایسا:

"چیتر ناتوانم چەکداری بکەم. ئەو چەک هەڵگرتنە هەرگیز بەمن ناکرێ ... هەرگیز "

هەستی بە ئازارێک کرد. سەری بەرزکردنەوە زۆری نەمابوو بگەنە دیماهی هەورازەکە. ئەگەرچی هەورازەکە زۆر رژدبوو، زۆر کەس زەندەقی لێ دەچوو، باکی پێنەبوو. هەر بیریشی لێ نەدەکردەوە. بگرە وەسەرەکەوتنی هەورازەکانی لە واژی بوونەوە لاخۆشتر بوو. دەیگوت واژی بوونەوە ئەژنۆی مرۆ شل دەکات. هەرچی شێرزاد بوو وانەبوو. بە پێچەوانەوە، هەرکە چاوی بە هەورازێک دەکەوت ئەژنۆی دەلەرزی. بە رۆیشتنێکی کەم قاچەکانی ئازاری وێ دەکەوت. هەر کاتێ واشی لێ هاتبوایە دەیگوت:

"هەمووی کاری زیندانە. ئازارو ئەشکەنجەی زیندان وای لێکردووم. دەزانی کاک هۆمەر هەنوکە هەستی پێدەکەم و کاریگەری وەدیار دەکەوێ!"

که ئەمەی دەگوت هۆمەر زۆر بەزەیی پیادەهاتەوە. یەکسەر لەمەبەستیشی دەگەیشت ! بۆیە خێرا لە شوێنێک دادەنیشت و داوای حەسانەوەی لێ دەکرد.

–برسیمە ... ئەگەر لە شوێنێ لابدەین خەراو نییە.

هۆمەر وەک ئەوەی گوێی لێ نەبووبێ تا درەنگ وەرامی نەدایەوە. پاشان بە دەم رۆیشتنەوە گوتی :

–نانە رەق بە ووشکی چۆن دەچێتە خوارەوە؟! بابگەینە سەر ئەو کانیە لادەدەین.

لەو کاتەی دلشادی بینیبوو دڵی زۆر تەنگ ببوو. پێی نەدر بوو ئەو منداڵە هاتۆتە چیاو بەزەیی بە دایکی دەهاتەوە. یەکێکی لەبەرچاو پەلەقاژ کرایەوە، هی دووهەمیشی رێگەی ئەوی گرت ! زۆر لەوە دەترسا دلشاد تووشی شتێک بێ!

"راست نییە چەک بدرێتە دەست ئەو مندالانە. ئەوانە پێویستیان بە پەروەردە کردن هەیە، پێویستیان بەوە هەیە فێری رێبازەکانی شۆڕش بکرێن"

دەیزانی هی وەکو ئەو لەو تەمەنەدا زۆر پەلن و خۆیان بەشت دادەن.

"دەبوایە ئاگادارم کردبوا. پێمگوتبا ئاگای لە خۆی بێ. لێرە لە نێو چیا پێویستە سل لە هەموو شتێک بکاتەوە. ئەو منداڵە و سەری لە زۆر شتان دەرناچێ. وادەزانی شۆڕش کردن هەر یاری کردن وتەقە کردنە"

ئەو ماوەیەی لە چیا بوو زۆر ئەزموونی وەرگرتبوو، فێری زۆر شت ببوو. بەتایبەتی بەم دواییە، خۆی لە زۆر شەڕان دەبوارد. کە دەیزانی گومانی تێکەوتن و زیانی تیادایە ... بە پێچەوانەی پێشان کە خوا خوای بوو گوێی لە دەنگی تەقەیەک بێ ... دەیگوت شۆڕش زۆری بەبەرەوەیە. پیاو پێویستە خۆی لە شەڕی خۆتڕێن بپارێزێ !

لەنکاوڕا بیرێکی بۆ هات. هەڵوەستەیەکی کردو سڵەمیەوە. نەختێ داما. شێرزاد کە سەیری کردو بەو شێوەیەی بینی گوتی:

-ها ... بۆ وەستای؟

-هەروا...

وەرامی دایەوەو بە هێواشی قاچەکانی ئاژوا. ئەو بیرەی بۆی هات حەپەساندی. لەوە ترسا دلشاد بۆ تۆڵە کردنەوە هاتبێ ! ئەو بۆچوونەی تاڕادەیەکی زۆر لە جێی خۆی بوو. چونکێ دوای ئاگر بەستەکە خەڵکەکە لە زۆر شت شۆرا بوون . کلکایەتی و جاشاتی بووە شتێکی ئاسایی. تەنانەت ئەوانەی خۆیان بە خوێندەوارو رۆشنبیریش دەزانی بەرگریان لێدەکردو پاکانەیان بۆ دەکرد!

"دلشاد منداڵەو هیچ نازانێ، لەوانەیە لە خشتەیان بردبێ و پەیمانی شتێکیان پێدابێ ! بەڵام چۆن ... ئەو برای شێرکۆیە ... هەرگیز شتی وای لێ ناوەشێتەوە.. بەڵام بۆ... خۆ لەم رۆژگارەدا زۆر کاری نەبووە و نەگونجاو ئاسایی بووەو کراوە"

زۆر کەس تووشی نەخۆشی گومان کردن ببوو باوەڕی بە هیچ نەدەکرد. ئەمەش سۆنگەو هۆی خۆی هەبوو. شتی وا رووی دەدا نەدەچووە مێشکی مرۆڤان ! پارەو پوول ببووە ئامانج. برا لە پێناویدا برای دەخستە رکەی دوژمنەوە. ئەویندار لە پێناویدا تیغی بە دڵی گراوەکەی دادەهێنا. ئەمەش دوای ئەوە بوو کە هیچ هیوایەکیان نەما. ئەو رووناکیەی ئەوان بە خۆری تێدەگەیشتن تراویلکە بوو. دوژمنیش بە هەموو لە گوینێک ئاورەکەی خۆش دەکرد. هێندەی تر خەڵکەکەی بێ باوەڕ دەکرد ! لە ژێرەوە دۆڵی بۆ لێدەداو زیاتری دەخستە سەر. سیخوڕو چلکاو خۆرەکانیش بە چالاکی کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدا ! بە زوویی ئەو شتانەیان دەگەیاندە گوێی خەڵکەکە! ناوە ناوەش دەچوونە چیاو بەناوی شۆڕشێگێڕان دەستیان بەراو رووت و قوڵبڕین دەکرد! جووتیارەکان، خەڵکی گوندەکاتنیان ئازاردەداو دەیانچەوساندنەوە ، ئەو هەموو تاوانەشیان دەخستە ئەستۆی شۆڕشگێڕان و لەبەر چاوی خەڵکیان رەش دەکردن ، زەمینەکەشیان بۆ لەبار بوو، شەڕی براکوژی هەموو هێویەکی کوشتبوو. ئەو شتانە بەتەواوی کاری خۆیان دەکرد:

"منداڵەو زوو فریو دەخوا ... لەو تەمەنەدا هێند ورد بین نین و بیر لە هەموو شتێک ناکەنەوە. باری ژیانی پڕ چەرمەسەری و کولەمەرگیش زیاتر هانی دەدا"

ئەمجارەیان کەسەری بەرزکردەوە، چاوەڕوانی ئەوە بوو خۆی لە ترۆپکی هەورازەکە بدۆزێتەوە. کەچی هێشتا ماوەیەکی زۆریان مابوو.

سەیری شێرزادی کرد. وێدەچوو ئەویش خەریکی بیرکردنەوەی خۆی بێ و ئاگای لەو نەبێ. وردە وردە ڕێگای دەبڕی و دەڕۆیشت. ناوە ناوە کۆکەیەکی دەکردو تفێکی یەک بەزاری فڕێ دەدا!

بیرێکی لەو بڕیارە کردەوە کە دابووی. دوای ئەو هەموو خەبات و کۆششە ئاوا بە ئاسانی واز لە هەموو شتێک بێنی! پشت لەو هەموو ساڵانە بکا کە بە خوێن و جواناو لە دوای خۆی ڕاکێشابوو. کارێکی ئەستەنگ بوو، نەیدەزانی بە چ چاوەو ڕوویێکەوە بەرانبەر خێزانەکەی بێتەوە، چییان پێ بێژی؟! باشە چی بێژێ! دوای ئەوەی هاوەڵە دڵسۆزەکانی بوونە گوری. ئەو هەموو ئازارەیان چێشت. تازە ئەو چەک دابنێ و دەستەو ئەژنۆ دابنیشێ! کارێکی کەم و شوورەیی بوو. شوورەییەکی زلیش. وای لێدەکرد کە تا دنیا ماوە چاوی دەبەرکەس هەڵنەیێ!

حەپەسابوو ... نەیدەزانی چی بکاو چۆن بیربکاتەوە !مەژی داخرابوو. ئەوەی زانیاری بوو کە لەو کاتەدا دەیتوانی سوودیان لێوەرگرێ ، لێی جوێ ببوونەوەو ماڵ ئاواییان لێکردبوو. خۆی بە مرۆڤێکی گەمژەڵ و نەزان دەهاتە بەرچاو. هەستی بە کاس بوونێک کرد. دەنگی گۆرانیەکە هەمدیس لە نێو گویچکەی بەرز زرنگایەوە. لەترسی ئەوەی نەبادا بەربێتەوە. لەسەر ڕێگاکە دانیشت!

–ماندووبووی ... ؟

هۆمەر هیچ وەرامێکی نەدایەوە. شێرزاد کە لێی نزیک کەوتەوە و سەیری رەنگ و رووی کرد بە تەواوی گۆڕابوو.

–چیتە؟!

دوای ئەوەی بە سەرسامی ئەو پرسیارەی ئاڕاستە کرد، دەستێکی لەسەر تەوێڵی دانا. تایەکی گەرمی لێ بوو. هەرگیز هۆمەری بەو لەگوینە نەدیبوو. بۆیە ترسێکی گەورەی لە دڵ پەیدابوو! لەوە ترسا شتێکی بەسەر بێ. ئەگەرچی بەرایی گاڵتەی بەم بیرکردنەوەی خۆی هات. وەلێ پاشان بە دروست و ئاسایی تێگەیشت !

–زۆر ئاساییە. مردن براگەورەی هەمووانە! مرۆی بەستەزمان بەرانبەری چی پێدەکرێت!

دووبارە سەیری هۆمەر کرد.

–چیتە هۆمەر ... بێژە ... بۆ ناخێوی؟!

هۆمەر چاوەکانی بەرزکردەوە و بەبنی چاوی تەماشای کرد:

––بەڕای تۆ ئەو چەک دانانە چارەی ئەو دەردە دەکات ؟!

شێرزاد زانی چی دەبێژێ. بەتەواوی لە واتاو مەبەستی پرسیارەکە گەیشت. ئەویش تاوێ بوو خەریک بوو بیری لێدەکردەوە.

–من توانای شەڕی براکوژیم نییە!

-تۆ بڵێی ئەو شەڕە هەر بەردەوام بێ!؟

-نازانم ... بەڵام بێگومان ڕۆژێک دەبێ بیربکەینەوە. ئەگینا سەری خۆمان دەخۆین و میللەتەکەمان لە نێو دەچێ!

-سەرم لێشێواوە، نازانم چ ڕێگایەک بگرمە بەر، ئەو چۆک دادانە ئازارم دەدا!

-تکا دەکەم بەتاک ماخێوە. منیش لەگەڵ تۆم.

شێرزاد ئەمەی گوت و نەختێ گرژیەوە.

-دەزانی بۆ بە تاک داخێۆم؟ دەزانم تۆ بڕیەت داوە بچییە دەرەوەی وڵات. لەبەر ئەوە ناشێم لەو بارەیەوە هیچ یەژم!

وەک ئەوەی دەرزیەکت لە زامی شێرزاد راکردبێ، سوور هەڵگەڕا. بە شەرمێکەوە گوتی:

-شەرت نییە وابکەم، ئەوەی راستی بێ منیش دوودڵم، سەرم لێ شێواوە و نازانم چی بکەم!

قاچیان هەڵێناوکەوتنەوە ڕێ . هۆمەر بەمکوڕ بوونێک و باوەڕبە بەخۆ بوونێکەوە گوتی:

-من تازە ناتوانم پەژیوان ببمەوە. یەکەم کار کە پێی هەڵسم ئەوەیە خێزانەکەم بەرمەوە گوندی. پێویستە هەوڵ بدەم گوندەکەم ئاوا بکەمەوە. پێویستە بیانگەڕێنمەوە گوندی. خانوێکی تر سەر لە نوێ

بنیات بنێمەوە. خۆشم لەوێ دادەنیشم ... ئەی بەڕای تۆش وا باشتر نییە؟!

ئەم گلیانە لە ناخەوە هەستی بە ئازاریان دەدا ! بۆیە بۆ ئەوەی شوێنەرای ئازارەکە نەهێڵێ و نەیەڵی بەردەوام بێت . درێژەی پێدا:

-ئەی بەڕای تۆش وانییە؟ ئەمەش سوودێکی گەورەی تیایە، سوودێکی یەکجار گەورە. هەر نەبێ کە کاروانێک بەوێدا رەتدەبێ لە چۆلایی نامێنێتەوە. گوندێک دەبێت گلیان بداتەوەو لێی بحەوێنەوە. ئەی چۆن ... پێت وایە دوژمن ئەو گوندانەی بۆ وێران کرد گوایا هەر بۆ ئەوە نییە تا شوێنی حەوانەوە نەهێڵێ! گوایا هەر بۆ ئەوە نییە؟! جا لەبەر ئەوە ئاوەدان کردنەوەی گوندەکەمان کارێکی پڕ سوودو بەجێیە. ئەی بەڕای تۆش وانییە؟! ئێمە چەندە دەبێت دەڕۆین تووشی ئاوەدانییەک هاتووین؟ لە گوندی وێران و خاپوورکراوە چیترمان هاتۆتە رێ !؟ باشتر وایە خێزانەکەم بگەڕێنمەوە. گوندەکەم پێویستی بە ئاوەدان کردنەوە هەیە.

ئەو دەمەی هێنایەوە یاد کە دەگاتە ماڵەوە. رابۆی دایکی بە قیژێکەوە تەماشای دەکاتو دەڵێ:

"تڕحێو ... کوڕم بەخێو کرد.. تڕِحێو رابەکە ... دەتگوت دایکی شۆڕەسوارانم ... دەتگوت دایکی قارەمانانم، تڕحێو ... تەڕ کوڕت بەخێو نەکرد ! هەر بۆ ئەوەت بەخێو نەکرد هەتاوەکونێ ئێوها شەرمەزاری دنیاو قیامەتت بکا ! ئەی بۆ ئەوەت بەخێو نەکرد ئێوها بەرانبەرت دابنیشێ و وەکو ژنان بناورێتەوە ... ئاخ خوایەکەم ... ئاخ"

هەمدیس هەستی بەدڵ تەنگیەک کرد.

"بەڵام بۆ... ئەویش گوێی هەیەو هەنوکە هەموو شتێکی بیستووە، ئەی چی بکەم … کەراتیە گەر بەم حاڵە رازی بم ! دڵنیام ئەویش ئەمەی پێ کەراتیە. قاتی بای هەندێ کوڕەکەی دەناسێ. دەزانێ ئەگەر ئەو شتە نەبوایە … تەنیا ئەو شتە نەبوایە ، هێز نەبوو بتوانێ چەک لە شانی بکاتەوە. باش دەزانی … بەو کارە نەبوایە دوژمن بە هیچی تر دەروەستێ ئێمە نەدەهات"

وای بۆچوو کە دایکی بەراییێ بەِکڕی بەرانبەری دادەنیشێ. تاوێ بێدەنگ دەبێ و تاقە پەیوێک چییە دەرنابڕێ. یەک دوو جاران وەبنی چاوی سەیری دەکات. پاشان دەستی دەکوشی و بە نەرمی پێی دەڵێ:

"چاکت کرد کوڕی خۆم … چاک چاکت کرد. دەستەکانت خۆش بێ. دەبوایە زوو وابکەی. بەر لەوەی دەردی ئێخسیری وبن دەستی برای خۆت بچێژی ... دەستت خۆش بێ کوڕی خۆم … چاک چاکت کردا"

گریمان دایکی وای گوت. ئەو چی وەرام دەداتەوە. چیدەڵێ … ئەوا هەمدیس دەکەوێتە ژێر بارێکی تری شەرمەزاری. چونکێ ئەگەر رابۆ ئەوە بە پلاریش نەڵێ. ووتەکان خۆیان واتای پلار دەگەیەنن! ئەویش بێدەستی خۆی هەروای تێ دەگا.

دەم و چاوی هەڵگڵۆفت. هەستی بە ماندوو بوونێکی زۆر کرد. وای بە باشزانی چیتر بیر لەو دۆزە نەکاتەوەو هەموو شتێک بۆ کاتی خۆی

لێگەڕێ. بەڵام نەیتوانی! ئەمجارەیان بیری لە کەژێ کردەوە. خۆی بەتاوانبارزانی بەرانبەری. ماوەیەکی زۆر بوو بە تەنیای جێهێشتبوو. تەمەنی گەنجی و جوانی وەک بێوەژن بەسەر دەبرد. زۆر بەزەیی پیاهاتەوە. نەیزانی ئەو هەڵوێستی بەرانبەری چۆن دەبێ. بێگومان ئەویش لەسەرەوە ناڕەزایی و خەفتخانی خۆی دەردەبڕێ. کەچی لە ژێرەوە ختووکەی دێ و پێی خۆش دەبێ ! بە خێرایی بێواری بۆ دێنێ و پێی یەژێ :

"هۆمەر.. گراوێ خۆم، سەیری کە، بزانە چەند گەورە بووە، چەند جوان بووە. بەدەستی خۆم بەخێوم کردووە! سەیری چەند گەورەو جوان بووە!"

لەوەترسا لەو دەمەدا بەرگەی نیگاکانی کەژێ نەگرێ. کە لەوانەیە زۆر واتای تیا حەشاردرابێ. زۆر توانج و پلارو بەردی تیابێ. مافی خۆشیەتی! هەرچیەکی یەژێ پێویستە بەو پەڕی دڵ فراوانییەوە گوێی بۆ رادێرێ.

دەنگێکی بەر گوێ کەوت و زریزەی ئەندێشەی پچڕا. زانی شێرزاد بوو ئاخاوت، بەڵام هیچی لێ تێنەگەیشت. بۆیە شێرزاد ناچار بوو دەنگی بەرزتر بکاتەوە.

-بووەستە. گەرەکمە تۆزێ لەگەڵت باخێوم.

ناچاربوو قاچی راگرێ و لە شوێنی خۆی بوەستێ:

–کەرەم کە با خێوە ... گوێم لێتە.

–من گەرەکمە بگەڕێمەوە!.

هۆمەر گرژیەوەو بە نیگایەکی تژی لە حەپەسان گوتی:

–بگەڕێیتەوە.. بۆ کوێ؟!

–زویر مەبە ... نامەوێ ماڵەوە ببینم. وا چاکە جارێکی تر چاوم بەو دەڤەرە نەکەوێتەوە!

–سەیرە ...! بۆ وابیر دەکەیتەوە؟

–راستیت گەرەکە ... چاو رووم نییە ماڵەوە ببینم. باشە چی بەدایکم یەژم. رێگایەکم بۆ بدۆزەرەوەو لەو تەنگە تاویەم دەربازکە. ئەوی وانییە.. چی پێیەژم.

هۆمەر پێکەنی ، بۆی دەرکەوت کە ئەوەی ئەو بیری لێدەکردەوەو لێی دەترسا، هاوەڵەکەشی چاشمیش کردووە. ئەویش کەوتۆتە داوی تۆڕێَکەو نازانێ خۆی چۆن دەرباز بکا.

–بە چی پێدەکەنی. من خەریکە دڵم شەق دەبا، ئەی بەڕای تۆش وانییە؟ ئەوان لە پای من تووشی ئەو هەموو گرتن و ئازارەبوون. منیش ئاوا بچمەوەو بەرانبەریان دانیشم ... چییان پێ یەژم؟!

– گوێ مەدەرێ برام. ئەوەی تۆی پەشۆکاندووە زەندەقی منیشی بردووە ! منیش وەک تۆ بیر دەکەمەوەو هەرچەندەی دەکەم نازانم چ

ڕێگەیەک بدۆزمەوە. بەڵام گوێ مەدەرێ. هەرچییەک بکەین، ئەوە ڕاستەقینەیەکەو دەبێ ڕووبەڕووی بینەوە. ئەگەرچی لێی دەترسین. بەڵام دەبێ ئازایانە ڕووبەڕووی بینەوە!

سەوزایی ئەسپیندارەکان لە دوورەوە بریسکایەوە. زانی لە کانیەکە نزیک بوونەتەوە! بۆیە دەستی بە ڕۆیشتن کردەوە. بێ ئەوەی گوێ بداتە هاوەڵەکەی. کە چڕوچاوی نیشانەی زۆر پرسیاری تیا زابوو. زۆر شت لە دەروونی پەنگی خواردبووەوە.

(2)

بیورەکەی یەک دوو جار ئەم دەست و ئەودەست پێکرد. پاشان بەرزی کردەوەو لە دەمی بیورەکە راما، رای لێ نەبوو! فنەیەکی لێوەهات. سمێڵی لەگەڵ جولایەوە. بە بێزارییەوە لەسەر ئەو دارە دانیشت کە بەتەمابوو پەل پەلی بکا.

–بەو دەمە سەگباب خێوەی چۆن کاردەکرێت!.

حاجی خۆی نێوی حوسێن بوو. بەڵام لەو کاتەی لەماڵی خوا گەڕابووەوە، ناوی خۆی سڕابووەو هەموو کەس هەر بە حاجی گازیان دەکرد. ئەگەر تێ نەگەیشتبووایە یاخود گوێی لێ نەبوایە. بیانگوتبوا حاجی حوسێن. ئەمەش هاو تەمەن و ئاوقەرانەکانی خۆی. ئەگەرنا ئەوەی تر لە حاجی ... یا مام حاجی ... زیاتر هیچی دیکەیان پێ نەدەگوت.

حاجی تەمەنی لە دەوری شەستساڵان دەبوو. کە دادەنیشت پتەوو لەسەرەخۆ دیاربوو. کەم کەس باوەڕی دەکرد لەو تەمەنەدابێ. بەڵام کە هەڵدەستایەوە پەردە لەسەر هەموو شتێک وەلادەکەوت، سکی قوپابووەوەو پشی کووڕ ببووەوە. سەرباری ئەوەش هەرچوست و گورج بوو! دەستێکی بە تیغی بیوەرەکە داهێنایەوە. لەوەدانەبوو کەئەوەی ئەو لێی گەرەک بوو بە چاکی بۆی ئەنجام بدا. زۆر پەست

بوو، تفێکی خەستی لە بیورەکە کردو تا هێزی هەبوو فڕێی دا. بیورەکە لە تەلانەکە شۆڕبووەوە. تا ئەو کاتەی وەستا ، حاجی چاوی هەر لێبوو نیگاکانی لەسەر وەلانەدا. بە تووڕەیی دەستی بە تەوێڵی داهێناو سڕیەوە. مووی برۆکانی هێندەی پەنجەیەک درێژ ببوون و گیڤ ببوونەوە. تەماشایەکی تری بیورەکەی کرد. دانەکانی چیڕکردەوەو ئاخێکی وەبادا. ئەگەر جاران بوایە، بیورەکەی دەبردە شارو تیژی دەکردەوە. وەک دەمی خەنجەری لێ دەکرد ... نا ... وەک مووسی لێدەکرد. یەک دوو رۆژی نەدەبرو دەگەڕایەوە. نان و کەبابێکی چەوریشی لە شار دەخوارد. هەرچەند جارەی چووبووایە شار کەبابەکەی لە دەست خۆی نەدەدا. بەڵام هەنوکە نەیدەوێرا بچێتە شار. کەسی واشی گومان نەدەبرد لە جیاتی خۆی بینێرێ. جاران هەڵۆی بەدەستەوە بوو. هەرکەوازی لێ بوایە دەیناردە شارو رەوانەکەی کن وەستا رەسولی دەکرد! کە تا بڵێی ئاسنگەرێکی چالاک و باش بوو. تەنیا هێندە بەس بوو سڵاوێکی ئەوی پێڕاگەیاندبوایە ، بیورەکەی وا بۆ تیژ دەکردەوە بەشی چەندساڵانی دەکرد. حاجی حوسێن ئەو هاوڕێیەی لەشار چۆن پەیدا کرد!؟ ئەو زۆر کەم دەچووە شار. ئەگەر کارێکی زۆر گرنگ و پێداویستی نەبوایە هەرگیز نەدەچووە شار. ئەوە بەسەرهاتەکەی سەیر بوو!

رۆژێکیان لە چایخانەیەکی بچووکی نێو قەیسەری دانیشتبوو. لەودەمەدا هاوڕێیەکی بەوێدا رەت بوو نێوی رەسول بوو. لە شوێنی خۆی هەڵسایەوەو گازی کرد :

کاک رەسول.. کاک رەسول، کاک رەسول گوێی لێ نەبوو. ڕێکەوت ئەو رەسولە ئاوڕی دایەوەو لەگەڵ دیاردەکە هاتە لای. ئەویش بەبێ ئەوەی بەسەرخۆی بێنێت داوای دانیشتی لێکردو یەکسەر چایەکی بۆ گاز کرد.

وەستا رەسول هۆپەکی لە خۆزانی. چەندەی تەماشای دەکردو لێی ورد دەبووەوە نەیدەناسی! کەچی ئەویش بێدەنگ بوو هیچ پرسیاری نەکرد. پاش ئەوەی چایەکەی خواردەوە هەڵسایەوەو ماڵئاوایی لێکرد. ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو ڕووداوە رایبورد. حاجی حوسێن دیسان ڕێی کەوتەوە شار. هەمدیس لە نێو قەیسەری دەڕۆیشت ، کە لە دوکانێکەوە یەکێک گازی کرد. کە ئاوڕی دایەوە زانی لەگەڵ ئەوی دایە. بۆ لای چوو. کابرا داوای دانیشتنی لێکرد. بە بێ ئەوەی بواری ئاخاوتنی بدا یەکسەر شاگردەکەی نارد چایەکی بۆ بێنێ.

–دەمناسی؟!

کابرا دوای ئەوەی ماوەیەک لە تێی راما گوتی:

––نەخێر... !

––ئەی بۆ جارەکەی تر داوای دانیشتنت لێکردم و چات بۆ گاز کردم؟!

حاجی حوسێن پێکەنی. سەر لەبەری باسەکەی بۆ گێڕایەوە. وەستا رەسولیش بێدەستی خۆی ، دەستی بە پێکەنین کرد. لەو رۆژەوە بوونە هاوڕێیەکی زۆر خۆشەویستی یەکتر. حاجی هەرچەندە بچووبوایە شار

بێ سەردانی ئەو نەدەگەڕایەوە. هەموو جارێکیش ئەو بیورەکەی بۆ تیژ دەکردەوە. خۆی لەگەل ماندوو دەکردو بە دڵی ئەوی تیژ دەکردەوە.

تەماشای دارەکانی کرد. هەنیەی گرژ بوو، هەستی بە لەش گرانیەک کرد، ویستی هەڵسێتەوە. قینگی نەختی لەزەوی بەرزیش کردەوە. کەچی خێرا وەک پەژیوان بووبێتەوە. بە تووڕەیی دانیشتەوە.

"ئەوە ژیانە، سەد خۆزگە بە پێشان. لەوەتەی ئەوانە پەیدابوون ژیان کەڵکی نەماوە. خوێن بەری چاوی گرتوون. ژیانیان لەو خەڵکە تاڵ کردووە. ڕۆژ بە ڕۆژ ناخۆشتر دەبێ، ساڵ بەساڵ خۆزگەم بە پار"

ماوەیەک داما. پاشان گرژیەوەو گاڵتەی بەو گلیەی خۆی هات:

" خۆشی چی بوو ...! ئەو سەردەمەش باو باوی ئاغایەتی بوو! هەژار هەر قوڕ وەسەرو بەش خوراو بوو. بە ئارەزووی گونی خۆیان ڕەفتاریان دەکرد. چۆنیان لا باش بوایە وایان دەکرد. جووتیارو پاڵەیان بە چاندن دەچاند! ئەو کاتەش زەبرو زەنگی ئاغایان دنیای پیس کردبوو"

بە نادڵی لە جێگاکەی هەڵسایەوە. سەیرێکی تەلانەکەی کرد. بیورەکە تەواوێک دووربوو. سەرێکی باداو هەڵوەستەیەکی کرد. پاشان لەسەرەخۆ شۆڕبووەوەو بیورەکەی هێنایەوە.

دارێکی هەڵگرت و بەقیتی داینا. بیورەکەی بەرز کردەوە تا هێزی تیابوو لە نێوەڕاستی دارەکەیدا. دارەکە بووە دوو لەت. پارچەکانی بەهەمان

شێوه دانا. چوار پەلی ڕێکی دەست کەوت، کە بە ئاسانی ئاگریان دەگرت. بەخۆشیەوە دارەکانی لە ژێر هەیوانەکە بەڕێکی لەسەر یەک دانا.

بیری لەوە کردەوە کە ماوەیەکی زۆر بوو نەچووبووە شار. لەوەتەی کارەساتەکە روویدا بوو شاری لێ حەرام ببوو! زۆر جاران پڕ بەدڵ نامۆیی شاری دەکرد. ئاگری لە هەناوی بەردەبوو بۆ پارووە کەبابێک! کەچی زاتی نەدەکردو نەیدەوێرا تەنانەت هەنگاوێکیش رووەو شار هەڵێنی. شتەکە چەند بوو خەڵکەکە هێندەی دیکە گەورەیان دەکردو زێتر زەندەقی حاجی یان دەبرد. تەنانەت ئەگەر بەقسەی ئەوانی کردبوایە نەدەبوایە سەیری ئەو شوێنەش بکا کە دەکەوێتە لای شارەوە. نەدەبوایە بستێک لە ئاوایی دوورکەوێتەوە.

دەڵێن شەڕ وتڕ بە دەست مرۆڤ نییە. کە هات ناگەڕێتەوە. ئەوەش ئیوهابوو. نیوەڕۆیەک بوو وەک هەموو نیوەڕۆیان … فراوینی کردو لەماڵ وەدەرکەوت. هەموو رۆژی ئاسایی ئەو کاتە لە ماڵ دەردەچوو. بێ هیچ پەناو پێچێکیش راست و دروست دەچووە سەر بێستانەکەی. هەرگیز نەیدەزانی ئەو رووداوە خۆی بۆ حەشارداوە، ئەگەرنا چوار رۆژ پێشترو چوار رۆژیش دواتر، بگرە زیاتریش. خۆی لە کونی ژوورەوە دەناو نەدەچووە دەرەوە. بەڵام وەکو دەڵێ ئەگەر بمزانیایە کەی دەمردم ، زوو کفنم بۆ خۆم ئامادە دەکرد.

له نێو بێستانەکەی وەستابوو لەبڕکەکان رادەما. هێندەی زانی چەکدارێکی بەخۆوە توند پیلی گرت! خۆی لێ تووڕەکردو هاواری کرد:

--کوا پێشمەرگەکان ... پێم بڵێ ... کوا لە کوێن؟!

وەک ئەوەی ترارە ئاوێکی ساردت پێدا کردبێ لە جێی خۆی سارد بوو. کاتی نان خواردن بوو، دەیزانی هەنوکە پێشمەرگەکان لە گوندی پارڤە بووینە. دڵنیابوو ئاگادار بوون لەوەی دوژمن نیازی وایە هێرش بێنێ. بەڵام لەو بڕوایەدا نەبوون بەو ژمارەیەو بەو خێراییە بێ. پیلی هەر بەدەست کابراوە بوو کە تەماشای خوارەوەی کرد زیاتر لە هەزار چەکداری لێ بوو. کابرا خۆی گێڤ کردووەوە جنێوی دا:

– سەگباب ... بڵێ بزانم ئەو ترسنۆکانە خۆیان لە کوێ شاردۆتەوە. دەی.. بڵێ.. ئەگینا هەنوکە بە گوری یەک گوللەت دەکەم. بڵێ دەی!

لەنکاوڕا دەنگی تەقەیەک هات. حاجی هەر هێندەی زانی هاوارێک لە کابرای بەرانبەری هەڵسا..

–ئاخ ... دایەگیان کوشتمیان!

کابرا لە بەردەست حاجی پەلەواژ بۆوە. ئەویش بە بێترس، بێ دوودڵی، تاهێزی تیابوو پاڵێکی پێوە ناو لە گردۆلکەکەی هەڵدێراند! تەرمەکە بۆ خوارەوە شۆر بووەوە. نەیدەزانی چی بکا. گوێی لە دەنگێک بوو گازی دەکات. حاجی بۆ لای دەنگەکە رایکرد. لە هەموو لاوە تەقەیەکی واکرا

نەیانهێشت کەس سەردەربێنێ. کە حاجی دەرباز بوو گەیشتە کن خاوەنی دەنگەکە. تەماشای کرد هەڵۆی برازایەتی. ئەو کاتە هەڵۆ تەمەنی هەر لە دەوری شانزدە حەڤدە ساڵان دەبوو. حاجی بەخۆشەویستیەوە گوتی:

–کورە هەتیو ئەوە چیت کرد؟!

–کاتی ئەوە نییە. خۆت دەرباز کەو بڕۆ !

–ئەی تۆ ... چۆن دەکرێت بە تەنیات جێ بهێڵم!؟

هەڵۆ سەیری مامی کرد، لەسەرخۆ گرژیەوە.

–-بڕۆ ... من شەڕدەکەم. خەمی منت نەبێ!

حاجی هەرچەندەی کۆشای دڵی بەرایی نەدا ئەو کوڕیژگەیە جێبهێڵی. بۆیە لە وەکو ئەو لەسەر سک راکشا. بەترسەوە گوتی:

–-تازە تووش بووم. کوڕم چیت کرد. هەنوکە ناوم دەگاتە دوژمن!

حاجی بە کزیەوە ئەمەی گوت. کەچی بە پێچەوانەوە. هەڵۆ بە جۆرە گاڵتە کردنێکەوە وەرامی دایەوە:

–-گوێ مەدەرێ مامە ... نیوەی هەزاری پێنج سەدە!

ئەوەی لەو کاتەدا سەرنجی حاجی حوسێنی راکێشا جۆری شەڕکردنی هەڵۆ بوو. زۆر بەخێرایی لە شوێنی خۆی دەجولایەوەو جێ گۆڕکێی

دەکرد. ناوە ناوە بە گورجی هەڵدەستایەوەو چەند هەنگاوێک دەچووە پێش. بەرایێ وایزانی هەر ئەو بە تەنیایە. بۆیە زۆر دەترساو لە دڵی خۆی دەیگوت:

"ئەو کوڕێژگە بێ ئاوەزە ئەو کەراتیە چییە دەکات. بەتاقی تەنیا چۆن دەروەستی ئەو هێزە دێ"

بەڵام کەبینی هاوڕێَکانی لە هەموو لایەکەوە هەڵمەت دەبەن، فێنکاییەک دڵی گرتەوە. بە ماوەیەکی کەم ئەو هێزە گەورەیان گەمارۆدا. ئەگەر لەو کاتەدا کۆپتەر نەهاتبوایە خڕیان بەدەستی دەگرتن! لەو رۆژەوە حاجی شاری لێ قەدەغەبوو. زۆر جارانیش خەڵک بەبن گوێیان دەخست کە لەشار ناوی هاتووە! ئەوە هێندەی دیکە هەترەشی دەبرد.

هەر ئەو شەڕە بوو. وایکرد بە یەکجاری ئێخەی لە ئێخەی هەڵۆ بکاتەوەو وازی لێبێنێ چەکداری بکا. تا ئەو دەمە هەرگیز ئەوەی لە برازاکەی رەچاو نەدەکرد!

هەڵۆ هەر لە منداڵیەوە پێوەی دیاربوو، زیت و چاپووک بوو. زۆریش حەزی لە چەکداری و پێشمەرگایەتی دەکرد. تەمەنی پانزە ساڵان بوو جارێکیان کە بەنهێنی ماڵەوەی بەجێهێشت و لەگەڵ پێشمەرگان کەوت! گوندەکەی ئەوان قۆناغ و سەرەڕێ بوو. بۆیە کەم ژەمیان بەتەنیا دەخوارد. تاقم تاقم ... دەستە ... دەستە بەوێدا رەت دەبوون. کە ئەو هەموو گەنجەی بەیەکەوە دەبینی وەکو برایان دەژیان. چەکیان لە شان بوو دژی داگیرکەران دەجەنگین. خۆزگەی پێدەخواستن . حەزی دەکرد

هەردەم لەگەڵیان بێ ، لەگەڵیان باخێوی. دانیشێ ... هەڵسێ ... زۆرجاران کە میوانیان دەبوو ڕێگەی لێدەگرتن و تادرەنگ نەیدەهێشت بڕۆن. ئەوانیش هەموو هەڵۆیان خۆش دەویست. دیاری سەیریان بۆ دەهێنا. هەموو جۆرە گوللەیەکیان دابووێ !

ڕۆژێکیان دوای ئەوەی تاقمێک لە ماڵەوەیان هەڵسان و ڕۆیشتن. هەڵۆ بزر بوو! دنیای لەدوا گەڕان. بێ سوود بوو نەیاندۆزیەوە. گوتیان منداڵەو لەوانەیە لەو چیایانە دڕندە خواردبیان. کەچی چەند ڕۆژێکی بەسەرچوو هێندێک پێشمەرگە هاتنەوە گوندی و هەڵۆیان هێنایەوە! وەدەرکەوت ئەو ڕۆژە بەنهێنی خۆی حەشارداوەو لە دوایان ڕۆیشتووە. تاماوەیەکی زۆر خۆی ئاشکرا نەکردووە.

هەڵۆ لە حاجی حوسێن زیاتر کەسی گومان نەدەبرد. دایکی کاتی خۆی لەسەر ئەو چو بوو ، بۆیە بە دمۆرو سەرەخۆرەی تێدەگەیشت، هەرچی باوکی بوو هەر دوای دایکی بە سێ ساڵان، بەبێئەوەی نەپیکێ بێ نەبەڵا. ڕۆژێکیان ئێوارە خەوت و بەیانی هەڵنەستایەوە، ئیدی ئەوە دواماڵئاوایی بوو. حاجی لەبەر ئەوەی بەخۆی کوڕی بۆ نەمابوو، لەبەر خاتری براکەشی، زۆری د ڵرادەگرت. نەیدەهێشت لە هیچی کەم بێ و هێندەی نووکە دەرزیەک دڵی گەردی لێ بنیشێ...

ناوی خوای لێهێناو دووبارە بیورەکەی بەرزکردەوە. خێرا ئاو بە تەوێڵ و لاملانی هاتە خوارەوە. هێنکە بڕ بوو. جاران دەهێندەی کار کردبوایە گاڵتەی پێدەهات. کەچی هەنوکە ...! کە ئاوڕی دایەوە هەڵۆ بۆ لای

دەهات. کاتێ مامی بەو لەگوینە بینی دڵگیر بوو. تفەنگەکەی لەشانی کردەوەو بەدیوارەکەی هەڵپەسارد. بیورەکەی لێ وەرگرت. بە ماوەیەکی کەم ئەو ناوەی پڕ دارکرد. حاجیش لەبەڕا پەلەکانی خڕدەکردەوەو لەبن هەیوانەکە لەسەر یەکی دادەنا.

–باش بوو هاتی. بەخوا پەکم کەوتبوو.

پەخشان کە کچە گچکەی حاجی حوسێن بوو ، بەتەنیا لە ماڵ مابووەوە، ئەوانەی لەو هەراشتر هەموو چووبوونە رێی خۆیان. لە ژوورەکە هاتە دەرەوە. پەخشان بەتەمەن نەختێ لە هەڵۆ گچکەتر بوو. وەلی بە باڵا باش هەڵیدابوو تا دەست هەڵێنی گەلەکەت، چاو سەوزو لوت خڕو دەم بچووک بوو. ئەگەرچی نەختێ لاواز بوو. جوانیەکەی ئەو لاوازیەی دەشاردەوە. کە هەڵۆی بینی گرژیەوە:

–هەڵۆ ... ئەوە تۆی، کەی هاتیەوە؟!

–کەی هاتمەوە چییە ... بەیانی نەتبینیم!

–جا بۆ وا زویر دەبی ؟!

حاجی بە بنی چاوی نیگایەکی توورەی ئاڕاستە کرد، هەڵۆش هیچ وەرامی نەدایەوە. کەچی ئەو وەک ئەوەی نەتوانێ بێدەنگ بێ. درێژەی پێدا:

–بۆ گازتان نەکردم یارمەتیتان بدەم؟.

–جا تۆ چیت پێدەکرێت. یارمەتی چیمان دەدەی!؟

–لە یادم نەبوو ، ئا … ببوورە … نەمزانی مامەڕیشە لێرەیە. ئەگینا هەرگیز وام نەدەگوت. کەچە تفەنگێکی خستۆتە شان وخۆی لێمان کردووە بە مامە ریشە!

–کچم وازی لێ بێنە. با ئەو خەمەمان دەهەوکێ بێتەوە.

هەڵۆ بە پێکەنینەوە سەیری کردو بێدەنگ بوو. وادیاربوو ئەو گلیەی لە گیانی خۆش نەهات.

–یەکێ نەزانێ دەڵێ دەکوژێ و ناشارێتەوە. سەیری کە. تفەنگەکەی لە خۆی زلترە… هی … هی!

–کچێ بەسیەتی، توانای تۆم نییە. هەمیشە حەز بە گاڵتەوگەپ دەکەی. سەد جارم پێ گوتی ئەو باسە مەکەوە.

–! …

– وازی لێ بێنە کچم با کارەکەی تەواو بکا !

–بڕۆ نانێک ئامادە بکە خەریکە لە برسا دەمرم!

–خەمت نەبێ پلاوساواریێکم بۆ لێناوی پەنجەی خۆت لەسەر دەکرۆژی!

–جا خۆ لەبەر چێشتەکانی تۆ من پەنجەم نەماوە. هەموویم خواردووە!

ئەگەرچی ڕۆژەکە گەرماییەکی پێوە دیار بوو، کزەبایەکی فێنک و تارادەیەکیش ساردی دەهات. هەموو ساڵ ئەو کاتە دەبوایە داری زستانەی خۆیان دابنێن. زەخیرەی نزیکەی شەش مانگیان لە ماڵ دا هەبێ. چونکی کە بەفر کەوت ئیدی ڕێگاوبان دەگیراو لە هەموو شتێک دادەبڕان. من لەوکاتە پێ سۆت و خواردن بڕان لە هەموو شتێک ناخۆشترە، پیرەمێردەکاتن لە هەموو کەس زیاتر لێی دەترسان ! لەبەر ئەوەی ئەوان ئەزموونیان لەوبارەیەوە زۆر بوو. وەک دەیانگوت ، بەفرو ساردی دەستەبرای مردنە. دەبێ بەتەواوی خۆیانی بۆ ئامادە بکەن. هەرکە بەفریش کەوت سەرباری ڕێگاگیران. دڕندە خۆراکیان دەست ناکەوێ و برسی دەبن. ئەو چیاو چۆلە ترسناک دەبێ. گورگ پەیدا دەبن. لەبرسان هەڵمەت دەبەن و لە هیچ ناگەڕێنەوە. لەبەر ئەوە باشترین ڕێگا ئەوەیە هەموو شتێکت دانابێ و پێویستیت بە هیچ نەبێ. بۆیە حاجی حوسێن تا ئەو شتانەی هەموو تەواو نەکردایە تەنکێشی نەدەکەوتە عەردی و هەمیشە بۆڵەی دەهات.

–شۆڕش ئەمجارە شێوازێکی نوێی وەرگرتووە. سوود لەو هەڵانە دەبینرێ کە کراوە. هەوڵ دەدرێ هەرگیز دووبارە نەکرێنەوە!!!

–بەسیەتی کوڕم.. واز لەم گلیانە بێنە. تۆ منداڵی و هێشتا لە دنیا ناگەی. ئەوە چەندەمین جارە بەو گوێ یانەی خۆم گوێم لەو شتانە دەبێت. وەکو قەوان سەد کەرەتم بۆ لێدراوەتەوە، ئەنجامیش هەریەک بووە! ئێمە خۆخۆرین.. هەرگیز ناگەینە ئاوات!.

-ئەو گلیانەی ئێوە دایکی دنیای گاوە! نازانم چۆن بیردەکەنەوە. تا ئەو بیرە رەش و دزێوانە لەمەژی ئێوە بێ کارمان هەر ئاوا دەبێ !

-ئەوەچی دەڵێی کوڕی خۆم ، زویر مەبە... تۆ هێشتا تام شیری خاوت لە زاری دێ. چوار بەقەدەر تۆ دنیام دیوە. هێشتا نەزانی. زویر مەبە !

-راستە چار بەقەدەر من دنیات دیوە. بەڵام دەزانی ئەو گلیانەی تۆ راژەیەکی گەورەی دوژمن دەکات. تۆ دەزانی دوژمن ئەوهۆیە بەکاردێنی بۆ زیاتر چاندنی تۆوی دووبەرەکی، وادەکات کەس باوەڕی بە کەس نەمێنێ! بە ئەنقەست ئەو پڕوپاگەندەیە بڵاودەکاتتەوە، تۆ ئاگاداری ئەو لایەنەهەی. هەزار شۆرەسوار خۆی دەکاتتە گوری. هەزار داستانی قارەمانانە تۆمار دەکرێتت . دەهۆڵی بۆ لێدەدرێ و دەشت و دنیای لێ پڕ دەکرێت !

هەڵۆ هەرکە بۆ پشوودان لە بن هەیوانەکە دانیشت ،ئەو گفتوگۆیە دەستی پێکرد. حاجی کە بینی برازاکەی بەو شێوەیە داخێوی و گلیەکانی راست و بەجێن، نەیزانی چی وەرام بداتەوە، بۆیە کزە نییگایەکی ئاڕاستە کرد، بزەیەکی هاتێ و بێدەنگ بوو. هەڵۆش وەک ئەوەی خۆی بەسەرکەوتووء زانیبێ ، زیاتر لەسەری رۆیشت، گەرمتر ئاخاوت. لەنکاوڕا زیرەی فڕۆکەیەک هات. هەموو پەشۆکان ، بەلەزی بۆ ئەو کونە رایان کرد کە بەتایبەتی بۆ بۆردومانی تۆپ و فڕۆکە لە پشت خانووەکەیان دروست کردبوو. هەڵۆ کەوا دیاربوو لای شوورەیی بێ

وەکو ئەوان رابکا! لەسەر پشت درێژ بوو لوولەی تفەنگەکەی لە ئاسمان کرد. هەموو چاوەڕوانی لرمەو تەقینەوەیان کرد. کەچی هیچ تەقینەوەیەک روینەدا! دوای ماوەیەک. کە دڵنیابوون فڕۆکەکە رۆیشت. هاتنە دەرەوە، ترس بە ئادگاری هەموانەوە بوو، حاجی حوسێن لە هەمووان خەراوتر رەنگی تێکچووبوو. پێکەنی و گوتی:

–سەگباب خێوەی هەناوی بەردامەوە!

حاجی حوسێن تابڵێی لە باڵەفڕێ دەترسا! هەمووش دەرکیان پێدەکرد. بۆیە دوای ئەوە چاوەڕوانی زۆر گۆڕانیان لێدەکرد. هەریەکێکی دیکە لە جێگەی ئەو بوایە زیاتر دەترسا! ئەو کارەی باڵەفڕ وەسەر ئەوی هێنا بوو یاخوا بەسەر گاوری لە هەرسێ دینان نەیێ! بۆ ئەوەی پاکانەی خۆی بکا. زۆرجاران دەیگوت:

" ئەوە ترس نییە. ئەوە شتێکم بیردەکاتتەوە ئاورێکم لە هەناوی دەکاتتەوە هەموو گیانم دەسووتێنێ!"

حاجی چەند ساڵ بوو ژنی هێنابوو خواکوڕی وەبەش نەکردبو، چ چاک و مەزار نەمابوو سەری پیانەکا. دنکە گەنمیان لە کابەی پیرۆز بۆ هێنا! خۆی و خێزانەکەی خواردیان، بێ سوود بوو. شەش کچی هەبوو. کەچی تاقە کوڕێکێ نەبوو ، خۆی بە وەجاغ کوێر دەزانی. زۆر زگاربوو خەمی دەخوارد. ئەگەرچی شتەکە شاراوە نەبوو خەڵکی گوندی هەموو چاکیان دەزانی ... هەمیشە لە ئەندێشان رادەچوو لە دڵی خۆی دەیگوت:

"خوا تاقە کوڕێکی پێ نەبەخشیم. بە وجاغ کوێری دەمرم. کوڕێکم نەبوو تا ناوم هەڵگرێ. تا پارچە زەویەکەمی دەقەبەڵ بکەم و فێری بکەم چۆن ئەو خاکە بپارێزێ"

هێندەی ئارەزوو لێ بوو هەمیشە بەسەر زاریەوە بوو. زۆر جاران بێئەوەی ئەو باسە بکرێتەوە. یاخود کەس بەلایا رەتی کردبێ. ئەو یەکسەر دەستی بە ئاخاوتن دەکردو دەیگوت:

"ئەی چۆن ... پیاو ئەگەر کوڕێکی هەبێ پشتی پێدەبەستێ. لەبەر هەموو ناکەس بەچەو ناپیاوێک داناهێنێ. وجاغی کوێر نابێتەوە. دەزانی کوڕ چ سەربەرزیەکە بۆ پیاو. دیاریەکەو خوای گەورە وەبەندەی خۆی دەبەخشێ"

کە دەیبینی یەکێک کوڕی هەیەو لێی دەدا. ئەو لە جێگەی خۆی دەغەیدی. خێرا لەبەر دەستی دەردێنا. چاوی لێ سوور دەکردەوەو دەیگوت:

"بۆ لێی دەدەی، چی کردووە؟ پیاو خۆزگە دەخوازێ کوڕێکی هەبێ، تۆش ئاوا لێی دەدەی! کوڕ نابێ لە منداڵی لێی بدرێ. دەنا چاوشکاو دەبێ. پیاوێکی نەوێرو ترسنۆکی لێدەردەچێ! ناتوانێ لەبەر بستە منداڵێک دەست بەرز بکاتەوە. ئەگەر خوا کوڕێکی دەدایە من ، دەمزانی چۆنم گەورە دەکرد. بێ سوود نییە کە گوتراوە نرخی زێڕ لە کن زێڕینگرە"

پیروکال لە ئاوایی کە دادەنیشتن و جڤانیان دەبەست. هەر کە ناوی حوسێنی بهاتبوایە ... ئەوکاتە نەچووبووە ماڵی خواو ناوی حاجی بۆ زیاد نەکرابوو. بەزەییان پیادەهاتەوە.

–خۆزگە خوا ئاوڕێکی لێدەدایەوەو کوڕێکی پێدەبەخشی. بەستەزمانەی زۆری مەرەق کوڕە! ناحەقیشی نییە. نێرینە بۆ پیاو رووەتی دنیاییە.

–زۆری بیر لێدەکاتتەوە ، بۆیە خوا پێی نابەخشێ. دەڵێن مرۆ ئەگەر شتێک بکاتە مەرەق و زۆر بیری لێبکاتەوە هەرگیز نایگاتێ!

وەک ئەوەی ئەو بۆچوونە راست بێ! شەش کچی یەک لە دوای یەک بوو! کەچی تاقە کوڕێک.. کوڕێکی چلمنی نەبوو. وای لێهات هێوی بڕیبوو. هەرگیز باسی کوڕی نەدەکرد! لە ترسی ئەوەش نەبادا ئەو باسە بکرێتەوە زۆر تێکەڵی خەڵکی نەدەبوو، تا لە پڕ پەرجوویێک روویدا. ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا هاتە ئارا. دوای چەند ساڵ زاوزێ وەستان. خێزانەکەی زگی بەرز بووەوە! گەنجەکان گاڵتەیان پێدەکرد. دەیانگوت:

–بەخوا وادیارە هێشتا زۆری وەبەرەوە ماوە. وای مەبینە ... لەوانەیە هەمووشمان ببەزێنێ!

حاجی حوسێن گوێشی لێ بوایە هیچی نەدەگوت. بەروویان دەگرژیەوەو رێ و رێی خۆی دەڕۆیشت ، زۆر جاران لە دڵی خۆی دەیگوت:

"ناکا خوا بەزەیی پێم هاتبێتەوەو دەروویەکم لێ بکاتەوە!"

رۆژێکیان مستۆ. کە یەکی لە هاوتەمەنەکانی خۆی بوو. مرۆڤێکی رووخۆش و قسە تەرز بوو. سەری بردە بن گوێی و گوتی:

–ئای حوسێن چەندم حەز دەکرد بە مرازی خۆت گەیشتبوای!

حاجی تەماشایەکی کردو گرژیەوە. لەرستەیەک گەڕا وەرامی پێ بداتەوە. هەتا ئەو رستەکەی دۆزیەوە مستۆ چەند پەیوێکی تری بەرهەڵدا کرد.

–راستە ئەوەی خوابدا ئەو باشە، بەڵانەکونێ گەلێکم حەز دەکرد کوڕێکتان ببێ.

مستۆ لەگەڵ ئەوە چاوی تژی ئاوبوو! حاجی سۆنگەکەی زانی، بێئەوەی سەری بەرزبکاتەوەو تەماشای بکا. بەدەنگێکی نزم گوتی:

––ئەی تۆ کوڕت نەبوو مستەفا. پێم نالێی سوودی چیان هەبوو بۆ تۆ!؟

مستەفا لچکی پشت بەندەکەی دەرهێناو چاوی سڕیەوە، نقەیەکی لێوەهات. ئەو ووشانە کۆنە زامیان هێنایەوە ژان.

––سوودی زۆرم لێ بینین حاجی... هێندە بەسە لە هەموو جێگایەک باسیان دەکرد. سەرم پێیان بەرزە. لە هەر شوێنێک بزانن من باوکی

ئەوانم ڕێزم دەگرن! نابێژی لەوە زیاتر چاوەڕێَی چیدەکەی لە منداڵ. کوڕ بۆ ئەوە نەبێ بۆ چییە!

مستەفا زۆر شانازی بە کوڕەکانی خۆی دەکرد. دوو کوڕەکەی هەریەکە بەچکە شێرێک بوو بۆخۆی، کە باسیان دەکرا مستەفا هیچی وای نەدەگوت کە بێهێزو بێ وورە بێتە بەرچاو. بە پێچەوانەوە. گەرەکی بوو هەمیشە وا نیشان بدا کە پیاوێکی زۆر بەهێزو خۆ ڕاگرەو هیچ نسکۆو تەگەرەیەک ناتوانێ چۆکی پێ دابدا. کە دەگەڕایەوەماڵەوەش سێ شەو سێ ڕۆژان لەسەر چاو دەکەوت و هەڵنەدەستایەوە! دەگریاو بیری لە کوڕەکانی دەکردەوە. ئەوکاتەی بیردەکەوتەوە کە بەجووتە. یەک لەم تەنیشت و یەک لەو تەنیشتی دادەنیشتن و باسی ڕووداوەکانیان بۆ دەکرد. گفتوگۆیان لەسەر ئەو شتانە دەکرد کە لەو ڕۆژانەدا ڕوویان دەدا. ئای چەندەی خۆش دەویستن. چەندەی پێوە دەنازین و شانازی پێوەدەکردن. هەرکە دەیبینین ڕەخت و چەکیان لەخۆ دەدا. شاگەشکە دەبوو هێندەی نەدەما ڕاست قوتیان بدا!

ئەگەرچی هەردووک هەر کوڕی خۆی بوون، وەلێ زیاتر وێنەی کاوەی دەهاتەوە بەرچاو. کاوە هی گچکەی بوو، زیخ ء پیتۆڵ بوو. بەشێوەکی وا کوژرا. ئەوەی دەیناسی داخی بۆ خوارد. لە ماڵی خۆی، لەسەر جێ و بالینگانی خۆی. هاوڕێی خۆی دەستی لێ وەشاندو کوشتی!

ئێوارە کە لەگەڵ هاوڕێیەکەی گەڕانەوە ماڵ، لەبەر خاتری کوڕەکەیان زۆریان پەرای هاوڕێکەی کرد. ئەویش نمەک حەرام دەرچوو. کە

بەیانی هەڵسان بینیان کوڕەکەیان کوژراوە. خەنجەرێکی لەسەر دڵی درابوو. هاورێ َکەشی لەوێ نەمابوو!

زوو زانیان ئەمەکاری هاوڕێکەیەتی ! مستەفا هەر لە چۆکی خۆی دەدا کە چۆن لە سەربان و دوور لە چاوی خۆیان جێگەیان بۆ راخرا. دەبوایە لەبەر چاوی خۆیان بیانخەوێنێ ! بەڵام ئەو لە کوێ بزانێ هاوڕێکەی سفلەیەو ئەو دەغەزەی لە دڵ دایە! لە نێو گوندی دەربارەی ئەو رووداوە هەریەکەی بەشێوەیەک داخاوت. وەلێ لە هەمووان راستر ئەوەبوو. بەر لەوکاتە بە ماوەیەک کاوە بەکار دابەزیە شارو خۆ فرۆشێکی گەورەی لەناوبرد. ئامۆزای کابرا لە دەرەوە دەبێت. کە بەمە دەزانێ خۆی لەکاوە نزیک دەکاتتەوە. تا بەو شێوەیە دەستی لێ دەوەشێنێ و دوای ئەوە دەچێتەوە رێزی دوژمن و دەبێتە جاش !

هەرچی سۆران بوو. ئەو نەختێ لە کاوە باو خۆشتر بوو.کەوتبووە بۆسەیەکی ئاسایی دوژمن و کوژرابوو. لەبەر ئەوەی ئەو رووداوە لە شوێنێکی دوور روویدابوو، تەرمەکەشی وەدەست نەکەوتەوە!

حاجی حوسێن کە زانی مستەفا بریندار بوو پەژیوان بووەوە. کەچی بە وشە پەژیوانەکەی دەرنەبڕی. سەری دانەواندو بە بێدەنگی مایەوە.

ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا روویدا. رۆژێکیان لە بن دیواری مزگەوتێ دانیشتبوو. کە منداڵێک هات و هەواڵەکەی پێڕاگەیاند. لەخۆشیان دەستی بە گریانێ کرد. وا بەکوڵ گریا ئەگەر یەکێ سۆنگەکەی نەزانیبوایە برِوای دەهێنا کە کۆستێکی گەورەی لێکەتوە !لەو کاتەداو لەو

تەمەنەدا کوڕ بوون بۆ ئەو شتێکی کەم نەبوو! هەمیشە لە دیاری دادەنیشت. وەکو ئافرەتان شەونخوونی لە دیاردەکێشا. کە وەسەرپێش کەوت. نەیدەهێشت لێی دوورکەوێتەوە. دەبوایە لەبەرچاوی ئەو یاری بکا. کە دەچووە شوێنێک لەگەڵ خۆی دەبرد.

ئێوارە بوو کە ئەو کارەساتە روویدا. وەکو ئێستا لە هەیوانەکە دانیشتبوو. ئازاد نێوی لە کوڕەکەی نابوو ئازاد. لەو ناوە دەخولایەوە. ئەویش بە خۆشەویستییەوە تەماشای دەکرد. لەنکاوڕا زیڕەی باڵەفڕێک هات. لە دوای ئەو دەنگی چەند تەقینەوەیەک بەرزبووەوە. حاجی رای کرد. بە پەلە ئازادی لە هەمێزی کردو خۆی لە پەنای دیوارەکە حەشاردا. باڵەفرەکە دوای ئەوەی بارەکەی خۆی بەتاڵ کردو زۆر ماڵی وێران کرد، رۆیشت! خەڵکەکە هاتنە دەرەوە. دەستیان کرد بە دەرهێنانی تەرمەکان لە ژێر خانووەکان و ئەو کارانەی پێویست بوون لەو کاتەدا کردیان. حاجی هەستی کرد رەنگی کوڕەکەی ئاسایی نەبوو. تا دەهاتیش دەگۆڕا. وای لێهات بە ماوەیەکی کەم نەدەناسرایەوە. تا لە نیوە شەوێکدا چاوی لێکناو کۆچی دوایی کرد!

پیرو پیرەژن گوتیان لەگەڵ دەنگی باڵەفڕەکە زراوی رژاو و مرد!

دنیای لەبەرچاوان تاریک بوو. بەنهێنی و دوور لە ئاوایی، بەدزیِ.. نەرم نەرم دەگریاو خۆی دەخواردەوە. دەِکڕوزایەوەو نووزەی دەهات:

"خوایە زۆر شوکور. هەر خۆت پێت بەخشیم و هەر خۆشت بردتەوە. ئەگەرچی زۆرم خۆش دەویست، بینایی چاوانم بوو دنیام پێدەبینی!

وەلێ چی بکەم، خۆت پێت بەخشیم و خۆشت بردتەوە. مرۆی بەستەزمان لەگەڵ کاری تۆ چی لەدەست دێ! خوایە شوکور"

ئیدی لەو رۆژەوە حاجی لە باڵەفڕ دەترسا. هەرکە گوێی لەدەنگی بوایە لەرزێکی سەختی دەگرت. لەرزێکی وا دەتگوت بەرووتی لەنێو بەفر درێژکراوە!

دوایی رۆیشتنی باڵەفڕەکە پەخشان کە باوکی بینی رەنگی تێکچووە. داوای چوونە ژوورەوەی لێکرد. خێرا جاجمێکی لەسەر ئەستێرکان هێنایە خوارەوەو پێی دادا. تاوێ لە ژوور سەری دانیشت، کە دڵنیا بوو خەوتووە، بەکرِی هەڵسایەوەو چووە دەرەوە. دوای ئەوەی لە جێگاکەی خۆی دانیشتەوە. لەبەر خۆی گوتی:

-دەبێ چارەی چیبێ؟ مرۆڤ بترسێ ئیوهای بەسەردێ !

ماوەیەک بێدەنگ بوون ، هەڵۆ پەشۆکاوو رەنگی گۆڕابوو. ترسێکی گەورە لە روخساریدا زابوو! پەخشان کە سەیری کرد. بە ئاسانی ترسەکەی بەدی کرد! بەرایی ویستی ناخێوی و هیچ نەبێژی. وەلێ پاشان بێ دەستی خۆی گرژیەوەو گوتی:

-مەترسە... هیچ لە ئارادا نییە. هەموو جارێ ئەگەر دەنگی باڵەفڕی گوێ لێبێ، ئیوهای بەسەردێ. دوای کەمێکی تر خۆی هەڵدەستێتەوە!

سۆنگەی ترسەکەی هەڵۆ ئەو شتە نەبوو. ئەویش کوڕی ئەو ماڵە بووءو شارەزای هەموو شتێک بوو.

-نەک ئەو بە تەنیا ، خەڵک هەموو دەترسن! هەر باڵەفڕێک بەسەر ئێرەدا ڕەت بێ خەڵک دەترسێ. چونکە سەر بە هەر وڵاتێک بێت ، تورکیا ... ئێران ... ئێراق ... باری خۆی لە کوردستان بەتاڵ دەکات، ئەگەرچی ئیراق و ئێران دوژمنی یەکترن و چەند ساڵە لە جەنگدان. وەلێ وەک ئەوەی لە ژێرەوە بەنهێنی. یاخود بێ ئەوەی هەست بکەن ڕێککەوتوون کە لە کوردستان بدەن .... زۆر سەیرە!

-بەهەموو لایەک هەوڵ دەدەن لە ناومان بەرن!

پەخشان ئەوەی بەشێوازێکی وادەربڕی کە زۆر کاری لە هەڵۆ کرد، ناوجەرگی چوزانەوە! گەلێک بەزەیی پیاهاتەوە، بەزەیی بەخۆشی هاتەوە. گریەی لە قوڕگێ ما. دەستێکی بەدەم و چاوی داهێناو تاوێ چاوەکانی نوقاند. پاشان هەناسەیەکی پڕ سوێی هەڵکێشا:

-نازانم بۆ دەیانەوێ ئێمە لە ناو بەرن ! ئەی بۆ ئێمە ڕقمان لە کەس نابێتەوە. حەز بە نسکۆء تێکەوتنی کەس ناکەین. هەموو خەڵکمان خۆش دەوێ!

پەخشان هەرچەندەی لە ئامۆزاکەی رادەما. پەیوەکانی زۆر لە خۆی گەورەتر بوون! سەیری پێدەهات. نەیدەزانی بەو تەمەنە ئەو هەموو شتە لە کوێ فێر بووە. هەستی بە خۆشەویستییەک کرد بەرانبەری. خۆشەویستییەکی خوشک و برایانە. چونکێ بەیەکەوە گەورە ببوون و هەر بەچاوی خوشک و برا تەماشای یەکتریان دەکرد!

–دەزانی دوژمن هەمدیس دەستی کردووە بەخاپوور کردنی گوندەکاتن. ئەوەی من بیزانم گەرەکیەتی تاقە گوندێک چییە لەو کوردستانە نەیهێڵی! ئەو ئاگر بەستەی 1983 زیانێکی زۆری بۆ کورد هەبوو. زۆر شتی بۆ دوژمن ئاشکرا کرد!

هەڵۆ بەخەمبارییەوە داخاوت. سەری شۆی کردبووەو چیلکە دارێکی لەبەردەم خۆی وەردەدا. بە بنی چاوی تەماشای پەخشانی کرد. کە بینی وە بە بایەخەوە گوێی بۆ رادێراوە. بەردەوام بوو:

–دەڵێن هێزێکی گەورە بۆ ئەو ناوە وەڕێکەوتووە!

پەخشان بەسەرسامییەکەوە تەماشای کرد!

–بەراستە؟! ئەی کەوابێ تۆ لێرە چی دەکەی. بڕۆ بەرەو ژوور هەڵکشێ و بگەرە هاوڕێکانت. لێرە چی دەکەی!؟

–دەترسێی؟!

–ئەی چۆن... نازانی ئەوانە چەند دڕندەنە!.

–مەترسە. ئەگەر هەر شتێک رووبدا من لە ئێوە زیاتر نیم. ئەی گوایا ئەو چەکەم بۆ هەڵگرتووە؟!

ئەوان خەریکی ئاخاوتن بوون. کە مامۆستا مەلا عەلی، مەلای گوندەکە بەوێدا رەت بوو. دەستی بەرزکردەوەو سڵاوێکی کرد. هەڵۆ بە چوستی لەبەری هەڵسایەوەو بەگەرمی سڵاوەکەی سەندنەوە. مامۆستا هەر

خەریکی رۆیشتن بوو. سەری شۆڕکردبووەوە دەستی لە پشتی گرتبوو. بە دەم رۆیشتنەوە گوتی:

–حاجی تەندروستی چۆنە... خۆ باڵەفڕەکە وەزی تێک نەداوە!

–نا... زۆرباشە!

–ئەو گاورانە وازمان لێ ناهێنن. نایەڵن بە ئارامی بۆ خۆمان دابنیشین.

مەلا عەلی تەمەنی لە دەوری پەنجا ساڵیدا بوو. مرۆڤێکی بەڕێزو گران بوو. زیرەکیش بووءو سەری لە زۆرشتان دەردەچوو. کەواو سەڵتەیەکی خاوێنی لەبەر بوو ، هەمیشە کتێبێکی دەبن هەنگڵی بوو. زۆر قیت و راست دەڕۆیشت. خەڵکی گوندەکە گەلێک رێزیان دەگرت و زۆریان خۆش دەویست. هەرگیز لە قسەی دەرنەدەچوون و ئامۆژگارییەکانیان لە گوێ دەگرت.

–مرۆڤێکی زیرەکە. کوردێکی پیاوانەشە! خاوەنی هەڵوێستی خۆیەتی. ئەگەرچی دوژمن توانی بەشێکی پیاوە ئاینییەکان بکڕێ! بەڵام ئەمە ئەو پارووە نەبووە بۆیان قوت بدرێ. ویژدانی خۆی بە هەموو دنیا ناگۆڕێتەوە

پەخشان هیچ بایەخێکی بەو گلیانە نەدا ! ئەو وەکو هەموو خەڵکی گوندەکەی شارەزای مەلا عەلی بوو پێویستی بەوە نەدەکرد کەس پەسنی بۆبدا!

–تۆ بەو باسە من فریو مەدە. مادامەکونێ دەزانی لەوانەیە دوژمن هێرش بۆ ئەو ناوچەیە بێنی. چۆن لێرە دەمێنێتەوە ... ؟!بەخۆت مەنازەو بەخ مەبە. بەخوا بەدەستی دەتگرن. وەک چۆلەکە باڵ بەستت دەکەن. باشتر وایە لێرە نەمێنیتەوە !!!

–بووەستە... بۆ وا پەشۆکای ؟! من کەی گوتوومە دێنە ئێرە. خوا هەر بۆ خۆی دەزانێ چ نیازێکیان هەیەو بۆ کوێ دەچن! من گوتوومە هێزێکی گەورە هاتووە... جا نازانم بۆ کوێ دەچن!

پەخشان لەباتی ئەوەی دڵی درابێتەوە، هێندەی دیکە ترس بەسەری زاڵ بوو. تاوێ بوو بەپێوە وەستابوو. خۆی خزاندە لای دیوارەکەو قینگی گەیاندە زەوی. بەشێوەیەکی زۆر ساویلکەو منداڵانە پرسی:

–باشە نایەژی ئەوانە چییان لە ئێمە گەرەکە، بۆ وازمان لێ ناهێنن ؟! خۆ ئێمە ئێلاقەی کەس ناکەین. دەهێلینێ خۆ دانیشتووین و دەمانەوەێ بژین... چییان لە ئێمە گەرەکە؟!

–خۆت بێ ئاوەز مەکە. دەیانەوێ لەناومان بەرن ! بە کورت و کرمانجی گەرەکیانە لە ناومان بەرن و لەسەر نەخشەمان بسڕنەوە ! ئەی ئەگەر وانەبێ بۆ ئێمە دەردەکەن؟ تۆ سەیرت کردووە، ئەوەی لە ئێمە شاری کەرکوک جێ بهێڵی پارەیەکی باشی دەدەنێ. بارتەقای هەندێیش ئەو عەرەبەی بێتە کەرکوک پارەیەکی باشی دەدەنێ. زەوی دەدەنێ ... خانووی دەدەنێ ... خۆ هی ئێمەش ئەگەر بە پارە چاویان نەگیرا. ئەوە بە کوتەک دەکەونە وێزەیان. سەرەنیزەیان لێ بەرز

دەکەنەوە. هەنوکە کێ دەزانێ مووسل شاری کوردانە، ئەویش هەمان شتی لەگەڵ کراوە. بە کورت و کرمانجی گەرەکیانە لەناومان بەرن و لەسەر نەخشەمان بسڕنەوە !!1

ئەو گفتوگۆیەی ئەوان دەیانکرد لە تەمەنی ئەواندا نەبوو. گەر لە دوورەوە سەیرت کردبووان واتدەزانی ئەوانە دوو هەرزەکارن و دمگۆیانە!

کە ئاوڕیان دایەوە. حاجی بەشەرمەوە لە نێوەڕاستی دەرگاکە وەستابوو. هەرچەندە جارەی ئاوای وەسەر بهاتایە دووچاری شەرمندەیی و زگاری دەبوو. هەستی بەکەم و کورتیەک دەکرد. تا ماوەیەک وەک ئەوەی کەتنێکی کردبێ و کارێکی نابەجێی لێ وەشا بێتەوە، بەچاو بەرەو ژێریەوە تێیان رادەماو لەگەڵیان داخاوت! ئەگەرچی هەوڵیدەدا بەسەر خۆی نەهێنێ و شتەکە وەشێرێ. وەلێ هەر بەڕوویەوە دیاربوو وەدیار دەکەوت!

–ئەوە چییە... چ ورتە ورتتانە !؟

چاوێکی بەو ناوەگێڕا. بەبێئەوەی چاوەڕوانی وەرام بکا ، درێژەی پێدا:

–چییە... ئەو بیورە بۆ هەر لە جێگەی خۆیەتی؟ نایەژن بۆ لەشتان هێندە گرانە، هەڵسن ئەو پەلانە کۆبکەنەوە.

بەِکڕی هەڵسانەوە. بەبێئەوەی هیچ یەژن ، دەستیان کرد بە ئەنجامدانی ئەو کارانەی ئەو دەیویست.

–ئەو پیرەژنە سندان کوشتیە هەر نەهاتەوە. چۆتە ڕێی هات و نەهاتیَ ، تفوو... عەمرت نەمێنیَ ژن !

زانیان دڵتەنگ و بێزارە. بۆیە شتاقیان متەقیان نەکردو بێدەنگ بوون.

–ئەو باڵەفڕە مل شکاوە دەبیَ هەنوکە کوێی وێران کردبیَ؟! ماڵی چ هەژارێکی خاپوور کردبیَ. تفوو لە شیرتان... بەچکە سەگینە... ئەو خوایە گەواهی دەدا کە ئێوە شیری مرۆڤانتان نەخواردووە... تفوو لە شیرتان...!!!

ئەمەی گوت و لە هەمان کاتدا بیری کردەوە کە هەڵۆ میوانە لایان. چەند ڕۆژێک دەمێنێتەوەو دەزووریتەوە. نابیَ بەم لەگوینە سەرکۆنەی بکا! میوانە و میوان هەرگیز کاری پێناکریَ. پەژیوان بووەوە. لە دڵی خۆی گوتی:

"تۆ بەدرێژایی تەمەنت بە ئاوات و خولیای کویێک بووی. ئازادت لە دەست چوو خوا تۆڵەی بۆ کردیەوەو بە سووک و ئاسانی ئەوەت چنگ کەوت. هەنوکە گەرەکتە لەدەست خۆتی بدەی! با هەر خۆت گەورەت کردبیَ، با هەر پەروەردەی دەستی خۆت بیَ. دڵ کەشکا چاک نابێتەوە. خوا ئازادی بردەوەو ئەوەی پێبەخشی ، کوڕی برای خۆتە. هەنوکە هەر تۆ باوکی ئەوی و ئەویش هەرتۆ بەباوکی خۆی حسێو دەکات"

لەگەڵ ئەوە موچڕکێکی بەلەش داهات. دڵی تێکچوو، هەستی بەسەر سوڕانێک بەهێواشی لە جێگاکەی لەسەر چیچکان دانیشت.

"وەلێ بۆ... ئەوانە ئیوهانەو هەردەم ژیانیان لە نێو لەپی دەستی دایە. هەرگاوێ بکەوێ دەکەوێ"!

مشەیەکی لێوەهات.

" چەندم پێگوت کورم تۆ هێشتا منداڵی و چیت بەسەر ئەو جۆرە کارانەوەیە. لە کاولگۆکەی خۆت دانیشەو دەست لەکونان وەرمەدە، بێسوود بوو. بەو بستە بەژنەی خۆی، خۆی دەشاردەوەو دەڕۆیشت! هەموو تاوانی ئەوانەش بوو... هێندەیان لەبن گوێی خوێند ئەقڵ و هۆشیان دەمەژیێ نەهێشت! دەهاتنە کنی و دوگ دوگ ... دوگ دوگ بۆیان دەخوێند. ئەویش منداڵ بووءفریوی خوارد!"

هەڵسایەوەو تەماشای کردن، خەریکی ئەو کارانە بوون کە پێی سپاردبوون.

"سووچی منیشی تیا بوو. نەدەبوایە ئاوا بە ئاسانی ڕێی بدەم! وەلێ کەی ئەوە دەکرا، هەڵۆ پشیلە بوو بەهەموو کونێکەوە دەچووو!"

لەپڕ ئەوەی هاتەوە یاد کەچۆن کاتێک ڕۆیشت ، زۆر بە گەرمی بەرێی کرد. ! ڕانک و چۆغەیەکی خاکی نوێی بۆ ِکڕی. پارەیەکی چاکیشی لە دەست کرد! ئەو دنیای زۆر دیبوو، دەیزانی بۆ کاتی تەنگانە پارە زۆر بە سوودە ! ئەگەرچی ئەو کاتە دەستی لە پشتێ داو سەرفراز بوونی خۆی بۆ دەربڕی، چونکێ نەیدەویست بەترسنۆکی تێ بگات ! زۆر پەیڤی گەورەو قەڵەوی دەربڕی ، هاو کات تووشی دوودڵیەکیش ببوو!

ئەوەی لە هەموو شت زیاتر لێی دەترسا قسەوقسەلۆکی خەڵکی بوو! لەوە دەترسا بڵێن: تاقە برازایەکی هەبوو پێی بەخێو نەکرا. ئەو کوڕیژگەی بەچیا خست و بەرهەڵدای دەشت و دەرانی کرد. پیاو چۆن وادەبێ. سەگی بەرماڵیش ژەمێک نانی هەر بەر دەکەوێ. باوکی هەتاوەکونێ چاوەکانی لێکنا. هەتاوەکونێ ئاوزینگی داو دواهەناسەی هەڵمژی، هەردەیگوت دەیگوتەوە. حاجی ئاگات لە کوڕەکەم بێ. حاجی یەکەم خوا دووەم تۆ، دەبێ ئاگات لێی بێ ،کەچی ئەو وەک ئەوەی هەر گوێی لێ نەبووبێ. نەبایەخی پێداو نە هیچ ! ئاوا کوڕیژگەی تەرفاندو بەچیایانی خست ! دڵنیا بوو لەوەی کە کێهەی خۆی لە هەموو کەس بە نزیکتر وەدەردەخست. لە هەموو کەس خەراوتر لە قاپی دەدایەوە. تەمەنێکی باش ژیابوو، زۆر ئەزموونی لەو بارەیەوە هەبوو. بۆیە هیچ گومانی نەبوو. کە هەرچیەک بکا. ئەو گلیانە هەر دەکرێت. لە هەمان کاتیشدا گومانی لەوەدانەبوو. کە کەسانێکی تر. بە جۆرێکی تر داخێون. لەڕوانگەیەکی ترەوە دەڕواننە بابەتەکە. شانازی پێوە دەکەن و بەشان و باڵی هەڵدەدەن. لە دەرودیوەخانان باسی دەکەن و پەسنی بۆ دەدەن. دەڵێن:

"خوا هەڵناگرێ حاجی حوسێن پیاوە. لە خانەوادەیەکی بەرزەو رەگ و بنەچەیەکی رەسەنی هەیە. ئەی ئەگەر وانەبێ ئەو تاقە برازایەی. کە لە جێی کوڕیەتی. کەسیش نییە نەزانێ حاجی چەند بە خۆزگەی کوڕێک بوو. ئەگەر ئازادی بووە فریشتەی بەهەشت، خوا بە هەڵۆ تۆڵەی بۆ کردووە. ئەو هەڵۆیە بووە کوڕی. ئەی ئەگەر پیاوێکی مەرد نەبێ. چۆن

خۆی دەستی هەڵۆ دەگرێ... پێی دەڵێ : کوڕم... کوڕە خۆشەویستەکەم. باوەڕناکەم کەس بەقەدەر من تۆی خۆش بوێ. باوەڕناکەم لەو سەرزەمینە تاقە کەسێک هەبێ بەقەدەر من تۆی پێویست بێ. کەچی هەست دەکەم وا دوژمن. دوژمنی دڕندە بە ئارەزووی گونی خۆی رەفتار دەکات. سڵ لە هیچ شتێک ناکاتەوە. ئەگەر کار وا بڕوا لەوانەیە لەناومان بەرن. بۆیە پێویستە بەرگری لە خۆمان بکەین !کە سەیری تۆش دەکەم... کوڕە ئازاکەم. کوڕە بوێرو بەجەرگەکەم ، لێت رادەبینم... دەزانم بەوەج و ئازای و شتت لەدەست دێ. بۆیە داوات لێدەکەم دەست دەیتە چەک. بەرگری لەو خاکە بکەی، بەرگری لەو گەلە هەژارە بکەی. هەرچەندە پێویستم بەتۆ هەیە. بەڵام دەبینم گەلەکەم زیاتر پێویستی بەتۆ هەیە. بڕۆ... کوڕەکە شیرینەکەم. بڕۆ، ئێوەو ئەو خوایەی دەیپەرستن. راست بێژن. ئەوە لوتکەی پیاوەتی نییە؟! تۆ وەرە تاقە نێرینەکەت دەماڵی هەبێ بیکەیتە دیاری خاکەکەت!"

دەیزانی خەڵکەکە هەر یەکە بە فیتێک لێدەدا! بۆیە بڕیەی دا چۆنی لا دروستە وابکا. ئەوەی هیچ گومانی تیانەبوو. ئەوەبوو کەهەڵۆ هەردەڕۆیشت. ئەگەر سندمی لە پێ بکردبایەو لە کونی ژوورێی بەند بکردبا. ئەو هەر دەڕۆیشت. پەروەردەی دەستی خۆی بوو دەیزانی چۆنە!

کە ئەمجارەیان تەماشای کردن. بەبێدەنگی لەو رادەمان. وەک ئەوەی بزانن چی روودەدا ! هەمدیس توورەییەک تەوێلی گرژ کردەوە:

–ئەو پیرەژنە سندان کوشتیە هەر نەهاتەوە. بابە ئەو ئاردەمان نەویست. سندان لە خۆت و ئەو ئاردەی بدا کە تۆ دەیهێنی!

لەناوەخۆی وەکو پشکۆ ئاورینگی دەکرد.

"گوی سەگ... مەحزوور ئیداری! گوی سەگ. گاوربابینە. بە هەموو شێوازێک کەوتوونەتە گیانمان. ئەوە موسلمانەتییە؟ تفوو... تەرەسینە. بۆ فەردەیەک ئارد دەبێ پەنجا کونان بکەی! تۆ سەیرکە... وەرە نانت لێ قەدەغە بکەن. تفوو... سەگبابینە... ئەوە کەی موسلمانەتییە. ئەگەر موسلمانەتی وابێ حاشا لێی بێ بەریمە! حاشا، سەد جاران حاشا. تۆ وەرە بە هەموو لە گوینێک بکەونە گیانت!"

خۆی بۆ نەگیراو وەک بورکانێک تەقیەوە. رووی لە هەڵۆ کرد:

–کورە هەتیو گوێ بگرە، نەکەی بەزەییت بە دوژمن بێتەوە، ها... چیت لە دەست هات بیکە. ئەگینا بەو خوایەی لە ژوور سەرمانەوەیە لە کونی ژووریێت دەبەستمەوە! ناهێڵم تاقە هەنگاوێک چییە لێرە دوورکەویتەوە. تێگەیشتی! نەکەی هەرگیز بەزەییت بەو گاورانە بێتەوە. رێگەم نەدای چەک هەڵگری بۆ ئەوەی بە ئارەزووی گونی خۆت لەو چیایە بێی و بچی، تێگەیشتی... پێویستە بەزەییت بە دوژمن نەیەتەوە.. ئەوەی لە دەستت هات بیکە. ئەوانە مرۆڤ نین.. ئەوانە دڕندەن.. دەزانی دڕندە یانی چی؟!

هەڵۆ لە جێگەی خۆی مات بوو. حەپەساو نەشیا هیچ یەژێ.

–خەمی ئەو پیرەژنە سندان کوشتیەش لەولاوە بوەستێ. پێمگوت کچێ ئەگەر دەستت کەوت، دەستت کەوت ! ئەگینا ملت بشکێنەو رێ و رێ بزوورەوە. تفوو لەو ژیانەی بەو جۆرە بێ. واز بێنە با لە برسان بمرین!

–دڵی خۆت سەخڵەت مەکە باوەگیان ، هەر دێتەوە!

پەخشان وەبنی زمانی و بەنەرمی ئەمەی گوت. شتەکە تارادەیەک لای ئەوان ئاسایی بوو دەیانزانی لە کاتی ئاوادا ، بەرچاوی خۆی نابینی !

هەڵۆ هەرچەندەی سەیری حاجی دەکردو لە کردەوەکانی ورد دەبووەوە، گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتبوو. چەندەی بەناوساڵیش دەکەوت زیاتر لێی وەدەردەدا. جاران پیاوێکی هێمن و لەسەرەخۆ، گران و سەنگین بوو. هەموو بزووتنەوەیەکی ، زیخی و پیاوەتیان زیاتر نیشان دەدا. لەبیری بوو کە دەچووە شارو لەگەڵ خۆی دەبرد. ئەگەرچی خزم و خۆیشیان زۆر بوو. وەلێ نیوەرۆ نەدەچوونە کن کەس و دەیبردە کەبابخانەو نان و کەبابێکی چەوریان دەخوارد، ئای بۆنی گۆشتی برژای چەند لا خۆش بوو. بە ئەنقەست خۆی لەبەر دەرگاکە گیرۆ دەکرد. چەند جارێک یەک بە لووتی ئەو بۆن و دووکەڵەی هەڵدەمژی! پاشان لەگەڵ دەنگی مامی دەچووە ژوورەوە.

هەموو جارێک کە نانیان دەخوارد رێ و رێ دەچوونە کن وەستا رەسول. کەمێ َکیش لای ئەو دادەنیشتن. حاجی لەگەڵ وەستا رەسول خەریکی گلیان دەبوو. ئەویش تەماشای ئاپۆڕەی خەڵکەکەی دەکردو

لێیان رادەما. کە وەک مێروولە لە نێو قەیسیەریەکە دەهاتن و دەچوون. هەر چەند جارەی بیری لەوە کردبایەوە ئەوەی دەهاتەوە یاد کە چۆن رۆژێکیان سێ گەنج تەشقەڵەیان بە کچە دۆمێک دەکرد. توانجیان لێدەداو شەڕیان پێدەفرۆشت. گلی سەیریان پێدەگوت! ئەویش، کە کچێکی درێژی رەشتاڵە بوو. تا ئەو دەمەش وێنەکەی وەکو خۆی لەبەرچاو دا بوو. بەروویان دەگرژیەوەو پێیان پێدەکەنی. ناوە ناوەش کە دڵی پەیوێکی نەگرتبوا بە ئارەزووی خۆی جنێوی پێدەدان !

--هەستە کچم تۆزێک ئاوم بۆ بێنە... دڵم زۆر تەنگ بووە.

حاجی حوسێن هەرکە دیماهی بەو رستەیەی هێنا. هەناسەیەکی بەگرانی هەڵکێشا.

-کوڕم هەڵۆ... پێت نەگوتم چەند رۆژ دەمێنیتەوە. مادۆنیت چەند وەرگرتووە؟

--بە ئارەزووی خۆمە ... سێ رۆژ... چوار رۆژی تر دەمێنمەوە.

--لێم ببوورە کوڕی خۆم. تۆزێ سەخڵەتم کردی. وەلێ باوەڕبکە وەدەست خۆم نەبوو!.

هەڵۆ پێکەنی، هەروەک چۆن لەزۆرکاتی ئاوادا پێدەکەنی!

--چۆن لەتۆ زویر دەبم !

ماوەیەک لەمەوبەر حاجی ناردبووی لەشار تۆمارکەرێکی بچووکی بۆ هاتبوو. رادیۆشی لەگەڵ بوو. حاجی کەیفی پێدەهات. هەمیشە بە دەستییەوە بوو. کە کاتی ئێزگەی خۆشیان دەهات. ئالیارەکەی بەرز دەکردەوەو دەچوو لەگەڵ مستەفای هاوڕێی ، لەسەر گردێکی بڵند دادەنیشتن و گوێیان لێدەگرت. وای بەرگوێ کەوتبوو کە ئێزگە لە شوێنی وا باشتر وەردەگرێ و ووشەوشی کەمتر دەگرێتەوە!

حاجی لەو دەمەدا زانی پێویستی بە کەمێ پشوودان هەیە، بۆیە گەڕایەوە ژوورەوە. تۆمارکەرەکەی دەبن هەنگڵی ناو لێیدا رۆیشت. بیری لە شوێنێک کردەوە کە بچێ بەتاقی تەنیا لێی دابنیشێ. بە ئارەزووی خۆی، بە کامی دڵی خۆی بگریێ. هێند بگریێ تا کوڵی دڵی دادەمرکێ. وەلی لە پڕ یادی کەوتەوە کە هەڵۆ بەکرەیەکی نوێی بۆ هێنا بوو. بیری گۆڕا. هەربەکرەیەکی نوێی لێدابوایە دەبوایە مستەفای لەگەڵ بێ. ئەویش وەکو ئەو بوو ، لە زۆر شت وێکدەچوون. هەردووکیان هەستیان ناسک بوو. ئەوان بە جوانی و جحێڵی هەستیان ناسک بوو. کە پیر بوون هەستیان هێندەی دیکە ناسکتر بوو. کە وشەیەکی بەسۆز، لاوکێکی نامۆیان گوێ لێ بوایە هەریەکە لەلایەک ئاخ و ئۆفی لێ بەرز دەبووەوە. ئەو هەڵیدەدایێ ئەوەی تر بەرانبەری وەرامی دەدایەوە. بۆیە... یەکسەر رووی خۆی وەرچەرخاندو ئەو رێگایەی گرتەبەر کە بۆ ماڵی مستەفای دەبرد. ئاوڕێکی دایەوە. پەخشان دیار نەبوو. وەلێ هەڵۆ هەر لە جێگاکەی خۆی دانیشتبوو. لەبەر خۆی گوتی:

"کت و مت باوکی خوالێخۆش بوویەتی. ئەویش ئاوا چوست و چاپووک بوو. تامابوو لەبەر کەسی دانەهێناو سەری بۆ کەس شۆڕنەکرد. ئەوەش توورزی بە توورزی ئەو دەچێ. رەنگ و رووی وەکو باوکی ، گەنم رەنگێکی ئاچوغە. لە ئاخاوتنی ... لە دانیشتنی ... لە هەڵسان و رەفتارکردنی... کت و مت باوکی خوالێخۆش بوویەتی"!

ئاگای لە خۆی نەبوو. لەپڕ ساتمەیەکی کردو هێندەی نەمابوو لموزی لەزەوی بچەقێ. خۆشی نەیزانی چۆن خۆی گرتەوە. چەند هەنگاوێکیش دوورکەوتبووەوە هەر تەماشای ئەو پەردەی دەکرد ، کەساتمەی لێکردبوو. چ بەردێکی وازل نەبوو. بە ئاستەم و دووبەرە سەری لەزەوی قیت کردبووەوە! گرژیەوەو تاوێ بەخۆی پێکەنی. لەلای خۆی وابێ پێکەنینەکەی هەر لە دڵی خۆیەتی و کەس هەستی پێ ناکا. وەلێ بە ئاشکرا بە ئادگارییەوە دیار بوو، ئەوەی سەیری کردبوایە دەیبینی !

"هەرباش بوو ئەو سندان کوشتیەم لە دەست نەکەوتە خوارەوە. ئەگینا ئاوا دەمامەوە چۆن گوێم لە دەنگ و باس و سترانان دەگرت؟!"

چەند جارێک منجەی هات و سەری بادا. پاشان گرژیەوە. خۆشی نەیزانی هۆی چی بوو ، لەو دەمەدا هەستی بەشایی بەخۆ بوونێک کرد! خۆی بە مرۆڤێکی مەزن، گەورە هاتە بەرچاو. بۆیە هەنگاوەکانی رێکخست. هەرچەندە بەژیانی سەربازی نەکردبوو وەلێ هەنگاوەکانی وەکو رێکردنی سەربازی ، بەرێکی دەهاویشت. تۆمارکەرەکەی بە دەستی راستی گرتبوو ، دەستی چەپیشی بە گورجی دێناو دەبرد، لەو

بیرکردنەوەیەدابوو گەیشتە ماڵی مستەفا. خێزانەکەی مستەفا لەو ناوە دەخولایەوەو خەریک بوو زەویەکەی گەسک دەدا. دوای ئەوەی بە دەنگێکی بەرز چاک و چۆنی لەگەل کرد. گوتی:

–دەڵێی مستەفا لە ماڵ نییە!؟

–نا بەخوا... دەمێکە چۆتە دەرەوە. نازانم بۆ کوێ چووە!

بێئەوەی بایەخی پێ بدا. یاخود زیاتر لەسەری بڕوا، دەستی بەرۆیشتن کرد. هێشتا دوور نەکەوتبووەوە. دەنگی خێزانەکەی مستەفا، کە ئافرەتێکی رەقەڵەی درێژ بوو بەرز بووەوە. لە جێی خۆی چەقی و رووی خۆی وەرچەرخاند.

–نەتزانی ئەو باڵەفڕە لە کوێی دا؟

–نا بەخوا...!

––دەڵێن لەو بەری رەزان. شەستیری رووکردوەو دوو شوانی کوشتووە!

––راست بێژە کچێ...! نەتزانی شوانەکان کێن؟

––نا بەخوا... هەرگوتیان دوو شوانی کوشتووە. مەڕوماڵاتێکی زۆریش زیانی هێناوە!

حاجی حوسێن دیسان سەری باداو ملی رێگاکەی گرتەوە، خەمێکی وا ئەستوور بەرببینی گرت ، ئەژنۆی لەگەڵ کەوتە لەرزین. وای هەست

کرد ڕەهێیەکانی لەشی یەک یەک دەپسێن و هەناوی خەریکە بەردەبێتەوە. ویستی تۆمارکەرەکەی دەستی بەرزبکاتەوە تا هێزی تیایە وەبەردێکی دابدا، کەچی زوو پەژیوان بووەوە! تفێکی خەست و یەک بەزاری بەزەوی دادا:

--تفوو...و... دڕندەینە !!!

چیڕەی درانەکانی ڕۆژە ڕێیەک دەبیسترا. چاوەکانی کرابوونەوە، سەری بۆ ئاسمان بەرزکردەوە:

" ئەریّ خوایە نایەژی تۆ خوایەتی بۆ دەکەی؟! یانی لەتای ئاسمان وەستاوی و ئەو هەموو زۆرداریە نابینی!؟ توو خواکەی ئەمە قەت ڕێی تێدەچیّ! ئێمە جگە لە تۆ کەس بەپشت و پەنا نازانین. تۆش ئیوها... وەک ئەوەی چاوت ئێمە نەبینیّ"!

تا ماوەیەک تەوێلی هەر بەگرژی مایەوە. وەک ئەوەی پەژیوان نەبێتەوە لەو پەیوانەی درکاندی! پاشان ترسێک وردە وردە دەڵی گرتەوە:

"ئەی چییە... بە هەموو لە گوێنێکمان لەگەڵ دەکەن، تۆش هەر لە شوێنی خۆتی، نەمبینی جارێک شتێکمان بۆ بکەی!"

ویستی بیانگەیەک بۆ گلیەکانی بدۆزێتەوە. کەچی دڵی بەوە دانەمرکا. ترسەکەی هەر کەفی دەکردو لە زێدە بووندا بوو. ئەو خۆی کابرایەکی بەدین بوو. سەری بچوایە نوێژی نەدەچوو، ئەو ڕێگە دوورەی کابەی بۆ ئەوە بڕیبوو تا خوا لە گوناکانی خۆش بیّ. نوێژەکی بیّ کۆمەڵ

نەدەکرد! ئەگەر نەختێک لە خەت لایدابوایە. خۆی سەرکۆنە دەکرد. کەچی هەنوکە لەزگ بوو بەدەستی خۆی ئاوری لە ماڵی خۆی بەردەدا!

لە ماڵەوەیان کەس نەدەوێرا تاقە پەیوێک دەربارەی دین بەخراوی دەربڕێ. تەنیا هەڵۆ نەبێ کە هەندێ جاران پێی لەبەڕەکەی زیاتر رادەکێشا! بەڵام هەرکە دەنگی بەرز دەکردەوە، حاجی گەر بیزانیایە لەو بارەیەوە داخێوی. دەستی بڵند دەکرد.

"بێدەنگ بە... واچاکە ناخێوی کوڕم ، قەرسەقولان بەرنەدەیتەوە... دەزانم گەرەکتە چی یەژی. پێش ئەوەی دەنگت لە قوڕگی بێتە دەرەوە. دەزانم چیت لە مەژیدایە!"

پاشان دەستی بۆ خوا بەرز دەکردەوەو دەناورایەوە:

"خوایە بمانبوورە... تووشی رۆژگارێکی رەش هاتووین، دنیا گۆڕاوەو کەس باوەڕی بە هیچ نەماوە!"

زۆرجاران ئەوانەی دەهاتنە ماڵی و میوانی دەبوون. بەتایبەتی لە گەنجەکان و هاوڕێکانی هەڵۆ. گاڵتەیان لەگەڵ دەکردو پێیان دەگوت:

"حاجی ئەو نوێژانە بۆ دەکەی. ئەو پارەجوانەی لەرێی حەج خەرجت کرد بتدابوایە دوو ماڵە هەژاران باشتر نەبوو!"

دەیانویست زۆر شتی وا بە حاجی بسەلمێنن لە نێوان شتەکان و مێشکی ئەودا دیوارێکی گەورە هەبوو. زویر دەبوو ، گەلێ جاران گلی نابەجێشی پێ دەگوتن! کەچی خوا هەڵناگرێ ئەوان هەرگیز لێی زویر

نەدەبوون. چونکێ هەموو حاجیان دەناسی. دەیانزانی چەند بەتەنگ بەرژەوەندی نەتەوەکەیەتی. چەند خاکەکەی خۆش دەوێ ، تەنیا هێندە هەبوو زەندەقی لەو گلیانە دەچوو!

لەگەڵ ترسەکە پەژیوانیەکی کەوتە دڵ! سەری سوڕما، نەیزانی ئەو گلیانە چۆن لە زاری ئەو دەرچوون! بەرایێ باوەڕی بەگوێچکەی خۆی نەکرد:

"دەبێ من بم ئەو شتانەم گوتبێ؟! نا... نەخێر... من چۆن شتی وا یەژم ، قاتی زارۆک نیم. یاخود هەرزەکارێکی دەمڕووت و خوێن گەرم نیم، نا... نەخێر... هەرگیز من شتی وام نەگوتووە. نا... نەخێر" !...

دەستی لە گیرفانی بەرشتێک کەوت. زریزەی ئەندێشەی پچڕاندو. حەپەسا. شتێکی رەق بوو، نەیزانی چییە. بەلەزی دەستی لە گیرفانی راکرد. ئەو بەکرەیە بوو کە هەڵۆ بۆی هێنابوو. هەناسەیەکی وەبەرهاتەوە:

"ئەو رۆژگارە مرۆ لە دین وەردەگێڕێ. بێئەوەی تۆزقالێک ئاگات لە خۆت بێ. لەڕێ لادەدەی و گلی هەلەق و بەلەق دەکەی. رۆژگارێکی سەیرە... ئەگینا توو ئەو خوایە ئەو پەیوانە کەی لە سەرو ریشی هی وەکو من دەوەشێتەوە! لەسەر رۆخی گۆڕ وەستاوم، قاچێکم شۆڕبووەتەوەو قاچەکەی ترم ماوە. گاڵتە بە هەرزەکاران دەکەم. کەکێهەی گەورەکەیانە ، هێشتا تام شیری خاوی لەزاری دێ... رۆژگارێکی سەیرە!"

وا بیری دەکردەوە ، ئەگەرچی خاترجەم بوو لەوەی کە زۆر گەنجی واهەن گەلێک دەزانن ! ، وەک ئەو میوانەی ئەو رۆژە لە ماڵی ئەوان دابەش بوون ! لە راستید ئەوان سەرەرێ بوون و زۆر کەس میوانیان دەبوو ، وەلێ هەتاوەکونێ ئێستا قەت وەک ئەو گەنجەی نەدیوە کە ئەو رۆژە میوانیان بوو! یەکێکی زیخ و چاوکراوە. ئەگەرچی بە روخسارو شێوە جحێڵ بوو. وەلێ کە داخاوت لە پیرێکی دنیا دیدەی سەدساڵەی دەکرد... هێمن ... هێمن ... لەسەرەخۆ دەدوا. شێوازی ئاخاوتنەکەی سەرنجی مرۆی رادەکێشاو وای دەکرد بێدەستی خۆی گوێی بۆ رادێری. بە پێچەوانەی زۆربەی ئەوانەی کە رێیان بە ماڵەکەیا کەوتبوو میوانی ببوون. دەیگوت:

" ئێمە بە هیچ شێوەیەک نابێ دەم لەم بابەتانە وەردەین. هەرکەسێکیش لەم قۆناغە باسی ئەو مەسەلەیە بە خەراوی بکا. ئەوا سوودێکی زۆر بە دوژمن دەگەینێ ! کارێکی وای بۆ ئەنجام دەدا کە هەمیشە خەونی پێوە دەبینێ و هەوڵی بۆ دەدا. دڵنیا بن ئەوەی ئێستا تانەو تەشەر لەو باسە دەدەن. ئەوا یا دەستی دوژمنن یا بە درۆو پڕوپاگەندەی دوژمن فریویان خواردووە. چونکێ ئێمە لە کاتێکی وادانین دەست بۆ ئایین درێژ بکەین. ئێمە پەروەردەی ئەو خاکەین... ئەو ئاوهەوایە. چەندین ساڵە ئەو شتانە لە نێو خوێنمان دەگەڕێ. چۆن وا بە ئاسانی رەت دەکرێتەوە! هەر کردەوەیەک لەو بابەتە یانی بریندار کردنی هەستی خەڵکەکە. ئەگەر ئەو باسە لای پیرەمێرد بکەیتەوە یا نەیکەیتەوە، لە کاتێکدا دڵنیای کە ناگۆڕێ، دەیکەیتە دوژمنی خۆت و گاڵتەشت پێدەکات.

چ پەرژەوەندییەکی دۆزەکەی تیایە؟! هەر لەبەر ئەوەیە یەژم دوژمن ئەو شتانە بڵاو دەکاتتەوە تا دووبەرەکی بخاتە نێوان ئێمەو گەلەکەمان!
"

زۆر شتی دیکەشی دەگوت. کە هەر هەمووی رۆشنبیری و زیرەکیان دەگەیاند. زۆر گلی وای دەکرد کە ئەو دەمە هەریەکەی لە کن بە گەوهەرێک هەبوو. کەچی هەر چەندەی هەوڵی دەدا بیری نەدەکەوتەوە! زۆر جاران لە کاتی ئاخاوتندا بێئەوەی هەست بکا. زۆرشتی بیر دەکەوتەوەو دەیدرکاند. کەچی کاتێ دادەنیشت و بیری لێدەکردەوە. پەیڤ چییە... نەدەهاتەوە یادی! وەک ئەوەی ئەو شتانەی هەر نەزانیبێ، یاخود هەر گوێی لێ نەبووبێ.

"ماڵی چ هەژارێک دیسان وێران بوو. دەبێ چ کوڕە هەژارێکی تر قوڕ وەسەر بوو بێ!"

وێنەی شوانەکانی هێنایە بەرچاو. دووگەنجی رێک --ءیاخود دوو منداڵی خوێن شیرین ، یاخود پیرێک و گەنجێکی ساویلکەو دەروون پاک. لە خوێنی خۆیان گەوزیون. جلەکانیان سوور سوور بووە . گۆچانێک لەو ناوەکەوتوە. پریاسگەیەک لە تەک ئەوان لە پەنای بەردێک دانراوە. ئاگرێک بە کزی لەولاوە دەسووتێ. پشکۆکان دووکەڵێکی خەستیان لێ بەرزدەبێتەوە.

حاجی حوسێن ئەگەرچی تا ئەوکاتە نەیدەزانی شوانەکان کێن و کوڕی کێن. وێنەکەی بەو لەگوینە دەهاتە بەرچاو. لە هەمان کاتدا زریکەی

باڵەفڕەکە تێکەڵ بە قیژەی ئازادی کوڕی دەبوو. جواناوی کرد. دڵی کوت کوت کەوتە لێدان و دەتگوت هەنوکە رکەی سینگی دەپچڕێنێ !

ئەو لەو بیرکردنەوەیە دابوو. لەپڕ یەکێک توند پیلی گرت. بە پەشۆکاوەیەوە تەماشای کرد، بەرچاوی تاریک بوو. بەرایێ نەیناسیەوە. چاوەکانی وێنەکەیان بەدروستی نیشان نەدا. پاشان بزەیەکی تەنکی کەوتە سەر لێوان.

مستەفا بە پێکەنینەوە گوتی :

- بۆ کوێ دەچی ... بۆ وا پەشۆکاوی؟!

-نازانم... خۆشم نازانم... جاری وازبێنە باتاوێ دانیشم!

ئەمەی گوت و پشتی دایە ئەو دارەی کە لە نزیکیانەوە بوو. چاوەکانی بەرانبەر مستەفا لە مۆلەق راگرت. تۆمارکەرەکەی بەهێواشی لەتەک خۆی دا. سەیری بەرانبەری کرد. دنیایەکی فراوان. ئاسمان تا چاوی بڕ دەکرد ، لووس و بێگەرد بوو.

-چییە حاجی... ئەوە چییە... چی روویداوە؟!

حاجی بەدەست دیاردی بۆ کردو داوای دانیشتنی لێکرد. دوای ئەوەی مستەفاش دانیشت تاوێ بێدەنگ بوو، هیچی بۆ نەگوترا. وەلێ کە سەیری هاوڕێکەی کرد، کەمێک هێور بووەوە.

-چییە حاجی حوسێن... ئەوە چیتە؟!

–زەندەقت بردم ماڵت بەقوڕ نەگیرێ. من بیرم لەلایەکی تر بوو ، تۆش بەو لەگوینە پیلت گرتم!

مستەفا لەتریقەی پێکەنینێی دا.

–من زەندەقی تۆم برد، یا تۆ... خەریکە هەناسەم دەوەستێ. گوتم داخوا چی روویداوە!

هەناسەیەکی قووڵی پڕ ئارامی هەڵکێشا. وەک ئەوەی بارێکی گرانی لە کۆڵ کرابێتەوە، هەستی بە حەسانەوەیەک کرد.

–تازە هاتمە ماڵەوەتان. دایکی منداڵانم بین. زانیت ئەو باڵەفڕانە چیان کردووە؟!

–من هەواڵەکەم هێنا... هەر بۆیە نەمتوانی لەماڵەوە دانیشم، خەریک بوو دڵم شەق بەرێ!

هەردوو پیرەمێرد بێئەوەی یەکیان ورتەیان لێوە بێت ، هەڵسانەوەو دەستیان بەرۆیشتن کرد. زۆر لەگەڵ یەک ژیابوون و شارەزای یەکتر بوون. بۆیە بێئەوەی هیچ یەژن ، هەردووکیان دەیانزانی بۆ کوێ دەچن !

زۆربەی رۆژەکان ئەو دەمانە، بەیەکەوە دەچوون و لەسەر کانیەکەی ئەو بەر گوندی دادەنیشتن. شوێنەکە بەرز بوو بەسەر ئەو ناوەی دادەڕوانی. دنیای فراوانیان لێ دیار دەبوو، هەرگیز هەستیان بە دڵتەنگی نەدەکرد. ساڵ دوانزەی مانگیش. تەنیا ئەو کاتانە نەبوایە کە

بەفر زەوی دادەپۆشی، ئەگینا دەوروبەری کانیەکە هەر سەوز بوو. تا بەرە بەری نوێژێ ئێوارە لەوێ دەمانەوە. پاشان وردە وردە بەرەو مزگەوت واژی دەبوونەوە. ماوەیەکیش لە بن دیواری مزگەوت گوێیان لە قسەو باسان دەگرت. کە نوێژەکەشیان دەکرد، جار هەبوو جڤاتیان دەبەست و تادرەنگ لە مزگەوت دەمانەوە. جاری واش هەبوو هەردوای نوێژکردن بەرەو ماڵ دەگەڕانەوە.

لەرێگا لە دەرگای زۆر باسیان دا. سەری خۆیان بە زۆر شتی بێ ماناو بێ مانا یەشاند ! خۆشیان نەیانزانی چۆن گەیشتنە ئەو شوێنەی کە بۆی دەچوون. ئەگەرچی ئاویان بەلەش دادەهاتە خوارەوەو هانە هانیان رۆژە رێیەک دەرۆیشت. هەستیان بە ماندووبوونێکی ئەوتۆ نەدەکرد. قینگیان گەیاندبووە زەوی و نەیان گەیاندبووێ ، کە حاجی حوسێن بەناڕەزاییەکەوە دەنگی هەڵبڕی و گوتی:

–سەرەنجام ... گەرەکیانە لە ناومان بەرن. گەسکمان لێدەن و لەسەر خاکمان نەهێڵن. ئەدی برام... گەرەکیانە وردو درشتمان...خش. گەسک لێدەن!

حاجی لەسەرەوە ئەمەی دەگوت و لە ناخەوەش گریانی دەهات. خۆیانی زۆر بێ ئەنوا دەهاتە بەرچاو. وەکو منداڵێک کەوتبێتە بەردەستی چوار جەلادان و بۆ هەر لایەک بڕوا چەقۆی بەرانبەر تیژبکەنەوە!

بەم دواییە ئەو رستەی زۆر دووبارە دەکردەوە. تەنگاو بوایە شەقی لە ئەژنۆی دەداو بە ئاخ وەبادانەوە دەیگوت:

–ئەو سەگبابانە گەرەکیانە لەناومان بەرن. لەسەر ئەو زەویەمان بسڕنەوە!

مستەفا چەند هەنگاوێک لە دووری ئەو دانیشت و بە ئارەزووی خۆی قاچەکانی درێژ کرد. بە باوەڕ بەخۆبوونێکەوە گوتی:

– نا... هەرگیز ناتوانن گەلێک لە سەر زەوی بسڕنەوە. پاشان هەتاوەکونێ ئەو تەقە تەقە هەبێ... مەترسە!

پەنجەیەکی بۆ کونە لووتی بردو بەردەوام بووەوە:

––شێخ مەحمود هیچی پێنەکرا کە تۆپی بە دەستی دەگرتەوە! ئەوانە چیان پێدەکرێت. بەمن نایەژی چیمان پێدەکرێت!

حاجی سەردەمی شێخ مەحمودی نەبینیبوو، وەلێ هێندەی بۆ باس کرابوو، رووداوو کارەساتەکانی ئەو رۆژگارەیان هێندە بۆ گێڕابووەوە. وایدەزانی خۆی بەشداری لە شتەکان کردووە لەگەڵیاندا ژیاوە! بۆیە هەر کەس بهاتبوایە سەر ئەو باسە. ئەو درێژەی پێدەداو زۆری لەسەر دەڕۆیشت. بەتایبەتی ئەگەر بیزانیایە ئەوانەی بەرانبەری هیچ زانیارییەکیان لەو بارەیەوە نییە. یاخود بەرانبەر ئەو پێشمەرگانەی کە میوانیان دەبوون. زۆر لەسەرخۆو بە زانایی داخاوت، دەیویست وانیشان بدا کە هەر ئەوان شت نازانن. بەڵکو ئەویش ئەو سەرەی لەبەر هەتاوێ سپی نەکردووەو دەستی لە زۆر کونان وەرداوە! بەشایی بە خۆبوونێکەوە دەیگوت:

"ئەو شێخ مەحمودە... دەزانی چتۆ پیاو بوو. ئەوە قەفی سمێڵی بوو. هەمیشە تفەنگی لە دەست و خەنجەری دەبەرپشتێ بووەو ئامادەی شەڕ بووە. مرۆڤ نەبوو... وەلی بوو. دەیانگوت خواناردوویەتی هەتاوەکونێ دژی گاوران بجەنگێ! ئەدی ئەو دەمە کەس نەیدەزانی کوردایەتی چییە! هەموو بۆ خوایان دەکرد ، دەیانگوت گوللە نەیدەبڕی! جارێکیان لە باڵەفڕیان فڕێ دابووە خوارەوە هیچی لێ نەهاتبوو! جارێکیان سێدارەیان بۆ دانابوو پەتەکە لە ملی پچڕابوو. خستبوویانە نێو قازانێک ئاوی کوڵای بەساغ و سەلامەتی هاتبووە دەرەوە! سەرەنجام هیچ کاری لێنەدەکرد. ئەگەر خوا خۆی یەکێک بنێری چۆن شتی وا کاری لێدەکات"!

زۆر بەشادمانییەوە ئەوانەی دەدرکاند. بەبنی چاویش سەیری دەوروبەری دەکرد. هەتاوەکونێ بزانێ تا چ رادەیەک کاری لێیان کردووە! لەپڕ وەریسەکەی بۆ باڵێکی تر رادەکێشاو لەم سەر دەیهێنایەوە ئەو سەر.

" مەلا مستەفا هیچی پێنەکرا ئەو منداڵ و تاڵانە چیان پێدەکرێت؟! من گاڵتەم پێدێ. بەڵانەکونێ هێندە هەیە وەکو دەڵێن تەق و تۆقێک لە چیا هەر هەبێ باشە. چیا بە چۆلی نەمێنتەوە باشە. چونکێ هەر کاتێک چیا بە چۆڵی مایەوە دەکەوێتە ئاویلکەو دەمرێ!"

که دەیبینی هەموو سەرسام دەبوون و خەریک دەبوو گاڵتەی پێبکەن. زۆر بە هێمنی... بەبێئەوەی خۆی بشڵەژێنی ، بە شێوازێکی وا بەردەوام دەبوو کە ئەوانی هەموو شەرمەزار دەکردەوە:

"کە یەژم چیا دەمرێ لەوانەیە گاڵتەتان پێ بێت... هە...ها..های.. ناحەقتان ناگرم. ئێوە خۆتان بەزۆرزان و دنیا دیتە دەزانن. کەچی داخەکەم نازانن چیا وەکو ئێمە گیانی هەیە. باشە کەس هەیە دایکی گیانی نەبێ؟ ئێ چیاش دایکی ئێمەیە!... ئەی ئێمە لە باوەشی ئەو گەورە نەبووینە، کەواتە دایکی هەموومانە. دایکیش ئەگەر ئیوها بەتەنیا بمێنێتەوە. یا دەمرێ یاخود بە کزی سەربە ئەژنۆی دەکاتو دەخەمان رادەچێ. ئەوکاتە پیاو لە پیاوەتی دەکەوێ... ئەوانە هیچیان پێنەکرا... ئێوە بەتەمان شتێ بکەن!"

" دەیانگوت لە وڵاتی عرووسێ سوپایەک یاخی ببوو. بە کەس دەست بەردار نەدەکرا. گەڕان...ئەوان گەڕان، گوتیان بەکێ دەست بەردار دەکرێت. لە نێو ئەو هەموو میللەتە لەو زیاتر کەسیان گومان نەبرد. ئەوکاتە هانای وەبەرئەوان بردبوو پەناهەندە بووا! هەمووتان ئاگاتان لەو باسە هەیەو دەزانن! بە شەوێک... بەتاقە شەوێک. خڕی وەدەستی گرتن! ئازا... ئازابوو. جەنگاوەر... جەنگاوەر بوو. موسڵمان...موسڵمان بوو. لە هەر شوێنێک شەڕێک بوایە ئەو خۆی دەچوو، هێندەی چاو لێک نێی دوژمن دیماهی دەهات. وەک گەڵای دار هەڵدەوەری"

پاشان دەکەوتە گێڕانەوەی ئەوەی کە چۆن بەخزمەتی گەیشتبوو! لە ژیانیا لە هەموو شتێک زیاتر شانازی بەوە دەکرد. بۆیە ئەگەر یەکێک بیگوتبوایە هەمیشە جلی خاکی لەبەر دەکرد. ئەو خێرا وەرامی دەدایەوە دەیگوت:

"بەخوا ئەوکاتەی من بە خزمەتی گەیشتم جلی خاکی لەبەر نەبوو!"

هەرچیەکیان بگوترابوا ئەو بەشێوەیەک وەرامی دەدایەوە کە بزانرێ چوویتە کنی و بە خزمەتی گەیشتووە:

"من خۆم چوومە خزمەتی، چەندەی یەژی مرۆڤێکی سادەو ساکاربوو. ویستم دەستی زیارەت بکەم،کەچی ئەو خێرا دەستی کێشایەوەو نەیهێشت. وەک ئەوەی بەمە دڵگیریش بووبێ! لەسەر لبادێک دانیشتبوو. کیسە توتنێکی کوردەواری لە تەک خۆی دانابوو. دارجگەرەیەکی لە دەست بوو. مەلاو پیاوی ئاینیش لە دەوروبەری دانیشتبوون. روخسارێکی نوورانی و بەسامی هەبوو. شەرمت دەکرد تەماشای بکەی!"

هێندەی پیا هەڵدەگوت تا کوڵی دڵی دادەمرکا. کە ماندوو دەبوو بە ناگزووریەوە دەیگوت:

" ئەو هیچی پێ نەکرا... ئەو منداڵ و تواڵانە چیان پێدەکرێت!"

–نا... نا حاجی، هەرگیز وا مەڵێ. منداڵ تواڵ نین! ئەوانەش بای خۆیان هەنە!

حاجی لە یادی نەبوو مستەفا دوو کوڕی لەو ڕێگەیەدا کوژراوەو ئەو شتانەی پێ ناخۆشە، بۆیە خێرا بایدایەوە رای خۆی بە لایەکی تردا گۆڕی!

–ڕاست دەکەی مستەفا، گلیەکانت دروستن. بەڵانەکونێ چیدەکەی ئەوا پیاو بەزاری گرتووە!

ویستی زیاتر درێژەی پێبدا. وەلێ مستەفا ئەو فرڕفینگەی نەبوو. چیتر بواری نەدا. دەستی بۆ تۆمارکەرەکە درێژ کرد.

–واز لەو باسانە بێنە. رادیۆکە بکەرەوە بزانین دەنگ و باس چییە!.

حاجی رادیۆکەی کردەوە. بەدەم گەڕان لە شەپۆلەکانەوە گوتی:

–ئەو شەڕی براکوژییە گووی تێکرد. ئەگینا لەوانەیە بەسەد ساڵی تریش ڕێکەوتێکی وا نەیەتە ئاراوە. دەمانتوانی زۆر سوود لە خەریکبوونی دوژمن بەو شەڕە گەورەیە ببینین!

دەنگی رادیۆکەی نەختێ بەرزکردەوە.

–ئا... لەیادم نەبوو، هەڵۆ بەکرەیەکی بۆ هێناوم، بابزانین چییە!

بەکرەکەی لە گیرفانی دەرهێناو خستیە سەر تۆمارەکە. دوای خشەخش و رۆینی شوێنە بەتاڵەکەی بەرایی بەکرەکە. لاوکێکی خۆش هەستی بەرزەفت کردن. لاوکەکە هانای وەبەر فەلەکی ناپاک دەبردو پرسیاری لێدەکرد کەوا بۆچی ماڵی ئەوانی خەراوکردووە، بۆچی وای لەوان

کردووه. زارۆکانیانی بێ خاوەن هێشتۆتەوە. دڵی دوژمنانی پێ خەنی کردوونەو دڵی دۆستانی شکاندووە!

لەگەڵ لەرینەوەی دەنگەکە ، ژێی سۆزی ئەوانیش دەلەریەوە. ئاوازەکە تێکەڵ بە خوێنیان دەبوو. زۆر دیمەنی کاریگەریانی دێنایە بەرچاو. چارەرەشی و ماڵوێرانی خۆیان دەبینی. ئەو چرکە ناخۆشانەیان دەبینی کە وەسەریان هاتبوو. مستەفا کاوەی کوڕی وەکو خۆی هاتە بەرچاو. جاجمێکی قاوایی پێدا درابوو. خوێن لەبن جاجمەکە جۆگەی بەستبوو، لەخوار لبادەکە گۆمی کردبوو. کە سەری هەڵدایەوە. چاوەکانی نوقابوون. وەک ئەوەی لە گەرمەی شیرین خەوێکدا بێ ، وابوو! بێدەستی خۆی فرمێسکی لە چاو تکا. بەخێرایی سڕیەوە. هێشتا ئەوی بەتەواوی نەسڕیبۆوە کە دڵۆپێکی تر ڕێچکەی بەست و بۆ ناو ریشی گلۆر بووەوە! گریانی دەهات و شەرمی دەکرد بگریێ! قوڕگی گیرابوو هەستی بەخنکاندن دەکرد:

–توو ئەو خوایە ئەگەر داینەخەی... چیتر توانام نەما!

حاجی وانەبوو کاری لەو باشتربێ. ئەویش لە ناخی خۆی ئاورینگی دەکردو هەرمابوو بتەقێتەوە. بۆیە پەنجەی درێژکردو تۆمارکەرەکەی کوژاندەوە.

–بەخوا دەنگی هەیە... بەخوا دەزانێ لاوکان بێژی !!!

–هەناوی بەردامەوە!

–ئەهاهەه... بەخوا برا راست دەفەرمی. تەمالامە خراکرد... تەزارۆکی مە بێ خودان کرد.

حاجی تەماشای ئاسمانی کردو ئەو پەیڤانەی دەربڕی. وەک ئەوەی ئەویش گەرەکی بێ لەگەڵ فەلەک باخێوێ و گل و گازاندەی خۆی لێ بکا.

--دەزانی حاجی ئەو ئاوازەم لە کن نامۆ نییە! هەر کاتێ دڵم تەنگ دەبێ، خۆم بە ناگزوورو بێ ئەنوا دێتە بەرچاو. ئەو ئاوازەم لە بن گوێی دەزرنگێتەوە. تازە کە گوێم لێ بوو ئەوجا زانیم ئەو ئاوازەیە! دەمگوت خوایە دەبێ ئەوە چی بێ؟ باوەڕ بکە حاجی گەلێک جاران وا هەست دەکەم ئەو ئاوازە لە چیای بەرز دەبێتەوە! کە سەیری داروبارەکان دەکەم وا دەزانم ئاوازەکە لەوان بەرز دەبێتەوە. گوێ بەزەوی وەدەنێم ئەو ئاوازە زۆر بە نەرمی... لەسەرەخۆ، خۆی داخنێتە گوێچکەکانم.

–نەک تۆ بە تەنیا. ئەو ئاوازە لە نێو دڵی هەمووماندایە، ئەو ئاوازە لە نێو گوێچکەی هەمووماندایە! هەر کاتێ هەست بەنامۆیی دەکەین، وەک کزەبایەکی فێنک خۆی لە گیانمان دەخشێنێ. مستەفا هەرچییەکت گوت.. منیش ئیوها، کت و مت وەکو تۆ هەستی پێدەکەم!

ئەو بەکرەیان چەند جاران لێدایەوە ، لەگەڵ هەموو جارێکیش بە جۆرێک باسی ئەو لاوک و ئەو ئاوازەیان دەکرد. تا ئێوارە داهات و گەڕانەوە ماڵەوە.. باس هەر باسی ئەو لاوکە بوو.

(3)

–زگارمەبە. زۆر شت هەیە بەرایێ وای بۆ دەچی کە قوڕاویێکەو هەرگیز لێی دەرباز نابی. وەلێ کە دەیگەیتی خۆشت نازانی چۆن وا بە ئاسانی دەیبڕی! کورد دەڵێ ئیش شێرە کە بۆی دەچی ڕێوییە! با هەر لە ئێستاوە خۆمان سەخڵەت نەکەین. شتی وا بە کۆسپ دانەنێین کە لەوانەیە تەنیا ئەندێشە بێ و لەڕاستەقینەدا جێگەی نەبێتەوە. ئێمە هەر لە ئێستا ترس لەڕووبەڕووبوونەوە بکەین! ناگونجێ... پێویستە بەرانبەریان دانیشین و هەموو شتێکیان بۆ ڕوون بکەینەوە!

–ڕاستە یەژی. وەلێ هەر بیانگەیەک بدۆزیەوە هەڵوێستەکە نالەبارە! وەکو دەڵێن یەکی ڕوو قایمی گەرەکە. باشە ئێمە بیرمان لەوە نەکردۆتەوە کە چۆن ماڵەوە دەبینین! لەلایەکی ترەوە کارەکە بۆ من گەلێ دژوارترە. من دوا هەواڵ کە بۆم هاتووە زانیومە ماڵەوەمان لەبەر من گیراون و زیندانین. نازانم لە کوێنەو چارەنووس بۆ کوێی ڕاپێچ کردوون. سەیرە... ئێمە زۆر شتی گەورە دەردەبڕین ، لەکاتێکدا بیرمان لە شتی بچووک نەکردۆتەوە!

شێرزاد تاڕادەیەک بە بێزاری و دڵشکاویەکەوە ئەمەی دەگوت. هۆمەر تاوێ بەرانبەری داما. پاشان لە سەرەخۆ گرژیەوە.

–شێرزاد گیان بەو رادەیەش نا! راستە ئێمە رەنجاوو دڵشکاوین. وەلێ ئەوە واتای ئەوە ناگەیەنێ بەو رادەیە بێ ! گوایا ئەو هەموو ڕێگایەمان بڕیوە... نازانین چیدەکەین و بۆ کوێ دەچین! وەکو من بزانم تۆ شارەزایی و ئەو ناوەت باش دیوە. گوێ رادێرە با پلانی خۆمت بۆ ئاشکراکەم. دەچینە گوندی (...) کە لە شار زۆر دوورنیە. ئەو هەڵۆیەی بۆم باس کردی، لە ماڵی ئەوان میوان دەبین. ئەگەر ئەویش لە ماڵ نەبێ گرنگ نییە، دڵنیام حاجی خەمێکمان هەر بۆ بخوا.

–تۆ بڵێی کەسێکی وا رێککەوێ بینێرین؟

–پێویست بەو رارایيە ناکا. شتاقمان یەکەمین جارمان نییە! ئەمە کارێکەو هەر نابێ بیری پێوە مژوول بکەین. هەر کاتێک بە گوێرەی کات و شوێنی خۆی. هەر لە ئێستاوە خەمی لێ مەخۆ. کە گەیشتینە ئەوێ یەکێک هەر دەبێ.

هۆمەر هەوڵی دەدا دڵی شێرزاد بداتەوە ، لە کاتێکدا خۆشی تووشی رارایی و دوو دڵیەک ببوو!

–هەتاوەکونێ ئەوان نەبینین ناتوانین هیچ بڕیەیەک بدەین. من هەنوکە زۆر کۆشکم لە ئەندێشان چێ کردووە. بە ئارەزووی خۆم رێ و شوونم داناوە. لەوانەیە کاتێ ئەوان دەبینم هەمووی هەڵوەشێتەوەو ئاداری لەسەر پاداری نەمێنێ. کاتێ ئەوان ببینین لەوانەیە زۆر شت بگۆڕێ!

–مەبەستت چییە... تێناگەم، وەکو چی بگۆڕێ؟!

–باراستیەکت بۆ بدرکێنم. من کە یەژم چەک دادەنێم واتای ئەوە نییە واز لە خەبات دێنم! هەتاوەکونێ ئێستا دوودڵم. جا لەوانەیە شتێکی وامان بێتە رێ بێدەستی خۆمان رامان بگۆڕین!.

شێرزاد ئەگەرچی بەروونی لە مەبەستی نەگەیشت، وەلێ پەچەیەکی بۆ هەڵدرایەوە. لە رۆچنەیەکی گەورەترەوە سەیری بیری هاوڕێکەی کرد. هەستی بە شادمانییەکی کت و پڕ کرد. ئەویش لە دڵی خۆی بەتەواوی بڕیەی نەدابوو. نەیدەزانی دوای ئەو هەموو خەباتە ، دوای ئەو هەموو گوریدان و خۆبەخت کردنە. دوای ئەوەی دوژمن ئەو هەموو تاوانەی بەرانبەریان کرد. سەرهەنگی برای بەو لەگوینە لەبەر چاوی ئاویلکەی دا. دەتوانێ چەک دانێ یا نا؟!

وێنەی سەرهەنگ وردە وردە ئاوێنی چاوی داگیر کردەوە. لە نێو بەتانیەک پێچرابوو. دەم و چاوی شەلالی خوێن ، پەنجەکانی خڕ قوتکرابوون. بەرایێ نایناسێتەوە! سەرهەنگ بە پێچەوانەوەی ئەو ، بە گرژینەوەو روخسارێکی نامۆوە. بە دەنگێکی پڕ سۆزو ناسک دەڵێ:

"ببورە... برام تۆش بە ئاوری من سووتای!"

"ئەو گلیە مەکە... ئەو دڕندەیە بەتەنیا دوژمنی تۆ نییە. دوژمنی هەموومانە... دوژمنی داروبەردی ئەم خاکەیە!"

لەگەڵ بیرهاتنەوەی ئەو رستەیە هێدی هێدی ئاوازێکی لە بن گوێ زرنگایەوە. ئاوازێکی ئەفسووناوی، ئاوازێکی خوایی. سەیری هۆمەری کرد:

–برام هۆمەر، گوێ رادێرە، گوێم لە ئاوازێکی سەیرە، گۆرانیەکی سەیرم دێتە بەر گوێ. وا هەست دەکەم گۆرانیەکە نرکەو ناڵەی سەرهەنگی تیایە، خوێنی سەرهەنگی پیادا دەچۆڕێ ! ئاوازێکی دڵتەزێنەو هەناوم ختووکە دەدا. گوێ رادێرە" !!!...

هۆمەر گوێی هەڵخست. نیگاکانی بە چیاکانی دەوروبەری گێڕاو سەیری ئاسمانی کرد. بە سەرسامیەوە. تەماشای شێرزادی کرد، :

–راست یەژی شێرزاد منیش ئاوازێکم دێتە گوێ. لرمەی ئەو تەقاندنەوەی تیایە کە لە گوندەکەمان بەرز دەبووەوە. بۆن کڕوز قرچە قرچی دارەکانی پێوەیە! راست یەژی شێرزاد منیش ئەو گۆرانیەو ئەو ئاوازەم دێتە گوێ. سەیری ئەو چیاو لوتکە شاخانە بکە، سەیری ئەو ئاسمانە پان و بەرینەکە، دەنگی گۆرانیەکە لە هەموو شوێنێک بەرز دەبێتەوە، سەیرکە... سەیرکە...!!!

"دەنگی گۆرانیەکە لەسەرەخۆ دەهات. لە نێو ئەشکەوتەکان، لە نێو چیایەکان، لە هەموو شوێنێک دەنگی دەدایەوە. ئەوەی گوێی بۆ رادێرابوایە نسکۆو ناهەمواریيەکانی خۆی تیا بەدی دەکرد، برین و دەردو کولەکانی خۆی تیا بەدی دەکرد. پیرەژنەکە بەسۆزتر دەنگی دەلەراندەوە ، بە رقتر دەنگی بەرزدەکردەوە. ئەگەرچی هەرنووزە بوو

پەیڤەکانی بەجوانی جویَ نەدەکرایەوە. وەلیَ هەر کەس بە گویَرەی برینی و زامی خۆی پەیڤی بۆ دادەڕشت! هەرکەس بە گویَرەی رادەی خەفەتخانی خۆی پەیڤی بۆ دادەڕشت. ئەوەی زیندانی بوایە، واتیَدەگەیشت کە سترانەکە باسی زیندانی بۆ دەکات، وا تیَدەگیشت سترانەکە یەژیَ:

گەلی برا... گەلی شۆڕەسوارو میَرخاسان. ئەگەر گەرەکتانە چڕوچاوی خۆتان ئیوها لە ئاویَنە وەدی بکەن، کە دوای ئەو شەڕی براکوژییە چی وەسەر هاتووە. بڕۆن سەر بە ژووری زیندانەکان دابگرن. هەر کاتیَکی لوولەی تفەنگانتان لە برای خۆ کرد، دیمەنی ئەو قارەمانانە بیَننە بەرچاو کە لە دیواری زیندانەکان بزمار ریَژکراون! کە لە ساپیتەی زیندانەکان هەڵواسراون! ئەو شۆڕەسوارانەی کە جگە لە سەرفرازی و سەرکەوتن هیچ مەبەست و ئاواتیَکی دیکەیان نەبووە!!! بڕۆن لەو زنجیرانە وردبنەوە کە بەخویَنی ئیَوە سوور هەڵگەڕاوە. بڕۆن لە تیغی شمشیَری جەللادەکاتن وردبنەوە. کە رەنگی خویَنی ئیَوەی گرتووە. کۆشک و سەرا بەرزەکانیان لە کەللەسەری ئیَوە بنیات نراوە! ئەگەر ویستتان بزانن شەڕی براکوژی چییە ، پیَکەنین و خەندەی دزیَوی دوژمنانتان بیَننە بەرچاو. کە وەدیار ئیَوە وەستاون و عریت عریت پیَتان پیَدەکەنن. تۆزیَ بیرکردنەوە... تۆزیَ ئاوەزو هۆش ... تۆزیَ دەم و چاو هەڵگلۆفتن و بەرچاو روونکردنەوە" !...

ئەوەی کوڕی... یاخود باوکی لە شەڕی براکوژی کوژرابوو. بە شیَوەیەکی تر پەیڤەکانی ریَکدەخست. وایدەزانی ئەو گۆرانیە

بەسەرهاتێکیان بۆ دەگێڕێتەوە، ڕووداوێکی دڵتەزێن و تژی وەیشوومەیان بۆ دەگێڕێتەوە، کارەساتێکی جگەر بڕیان بۆ دەگێڕێتەوەو یەژێ:

"گەلی برا ... گوندینۆ ... شارینۆ ... ئەگەر ویستتان شەڕی براکوژی بکەن. ئەگەر ویستتان دەست بە خوێنی برای خۆتان سوور کەن. گوێ بۆ ئەو ڕووداوە رادێرن. دەگێڕنەوەو دەڵێن: دوو برا هەبوون لەو کوردستانە. هەردووک گەنجی کۆک و بەزاکون بوون. هەردووک ئاواتی هەرەگەورەو مەزنیان، خۆزگەو هێوی ژیانیان، سەرفرازی و سەربەرزی گەلەکەیان بوو. خەونیان بەوە دەبینی کە رۆڵەکانی گەلەکەیان ببینن، وەکو هەموو مرۆڤێکی سەر گۆی ئەو زەوییە، مینای مرۆڤان رەفتاریان لەگەڵ بکرێ و بەچاوی مرۆڤانیان تەماشا بکەن. بۆ ئەو ئاوات و خۆزگەیەشیان ئامادەبوون هەموو گوریەک بدەن. بەجۆرێک رێگایان گرتە بەر تروسکەی کوڵدان و پەژیوانیان تیا بەدینەدەکرا. بە گەرمی و گورج و گۆڵی هەنگاویان دەنا. ئەوەی سەیری کردبوان دڵسۆزی خولیای سەرکەوتنی لەرووداا بەدیدەکردن. لە چەقی رێگاکە یەکێکیان تووش هات. بەندەیەکی دەروون رەشی ئەهریمەنیان لێ وەدیار کەوت. بۆیان دواو هەردووکی لە خشتە بردن. وای لێکردن چاولێک وێزکەنەوە. هەتاوەکونێ گەیشتنە ئەوەی بڕوایان بەوە هێنا کە چارەسەرە کێشەکەی ئەوان ، هاتنە دی ئاواتەکانی ئەوان ، بە دەست لە خوێنی یەک هەڵسوون دەبوو !!! دنیایان لەبەرچاو تاریک بوو ، بەرچاوی خۆیان نەبینی. رق و کینەیان لەدڵ بزوا، ئەوین و

خۆشەویستی لە دەروونی ئەوان کۆچی کرد، تا کار بەلایەک داکەوت و یەکێکیان ئەوەی دیکەی پەلەقاژ کردەوەو لە خوێنی خۆی گەوزان. ساتێ واگا هاتەوە تەماشای تەرمی براکەی کرد، کەوتە گریان و باوکەڕۆ...!!! فرمێسکی وەکو باران لە چاو تکا. وەلێ تازە کار لە کار ترازابوو. خوێنەکە رژابوو کۆ نەدەکرایەوە...

هۆگەلی شۆڕەسواران... با کەس بە درۆو دەلەسەی دوژمنان هەڵنەخەڵەتێ. لە ژێر هیچ پەردەو بیانگەیەک سەر بۆ براکوژی دانەنەوێنێ. کات بەلەزی دەڕوا. باچیتر بەجێ نەمێنین!!!"

گۆرانیەکە وەک خۆی دەلەریەوە، ئاوازەکە لە نێو چیایەکان... لە نێو ئەشکەوتەکان. لە هەموو شوێنێک دەنگی دەدایەوە. هەرکەسەی بەگوێرەی خۆی. بە گوێرەی داخ و کول و کەسەری خۆی، پەیڤی بۆ رێکدەخست و لێکی دەدایەوە.

❊ ❊ ❊

"کاروانەکە باوێشکی دەهاتێ. خەڵکەکە چاشمیش و سەر لێ شێواو ، نەیاندەزانی روو لە چ لایەک بکەن. چ توولە رێیەک بەرەو راستەقینە بزربووەکەیان دەبا. نەیاندەزانی ئەو گێژەنە ترسناکەی تێی ئاڵاون بە چ ئەنجامێکیان دەگەیەنێ. دەیانخاتە چ دۆژێک و لە چ لووتەکەیەکیان هەڵدەدێرێنێ! دەترسان... نەیاندەتوانی چارەی ترسەکەیان بکەن! ئەو سۆنگەو ئەگەرانە لە نێو بەرن کە دەبووە هۆی چێکردنی ترسەکە. ئەژنۆ شل و شکاو، چاوەڕوانی هێزێکی ئەفسووناویان دەکرد، لەو

دیوی سروشتەوە بێت و رزگاریان بکا. چاوەڕوانی شتێکیان دەکرد کە نەیاندەزانی چییە!"

*         *         *

هێزەکە وەستا. کابرا سەیری بەرانبەری کرد، چیا سەخت و گەردن کەشەکان بەرووی پێدەکەنین! گوندێکی خنجیلانە، کە خانووەکانی دەتگوت لە ترسی خزین و بەربوونەوە خۆیان بەدامێنی چیاکەوە گرتبوو! بە ئاسانی دەبینرا. کەسانێک لە دوورەوە، کە هەر هنێدەی مێروولەیەک دیاربوون. بە ئەسپایی دەهاتن و دەچوون... چاوەکان سوور هەڵگەڕان. دەستێکی بە سمێڵە فشەکەی داهێنا. لەگەڵ جووڵانەوەی سەری ئەو مەدالیایە جولایەوە کە بە سینگی هەڵواسرابوو. مەدالیای پاڵەوانی شەڕ بوو. بە سەیریەوە لە گوندەکە راما. وەک گورگێک دوای برسیەتیەکی زۆر نێچیرێکی بەرچاوکەوتبێ ، دەستی بەرز کردەوەو هاواری کرد:

–ئەوە یەکەم ژەمە خۆراکمان... دەی بەچکە شێرینە بزانم چۆن ئازایەتیتان دەنوێنن!

–گەورەم مزگەوتیش... وانییە؟!

–گەمژەڵ مەبە... نابێ هیچ بەرزاییەک لەسەر زەوی بمێنێ!

بەخۆشیەکەوە بزەی هاتێ. ناوە ناوە دەستێکی تری بەلالێو سمێڵی داهێنا. هێزەکە لە دوای ئەو هەنگاویان دەنا. گوندەکەش کورژ

ببووەوەو خۆی بە دامێنی چیاکە هەڵواسیبوو ، چەندەی ئەوان بە گوڕتر ڕێگاکەیان دەبڕی ، خەڵک تا دەهات نزیکترو گەورەتر وەدیار دەکەوت و دەهاتە بەرچاو...

❊ ❊ ❊

" باشتر بوو. هەرگیز نابێ ئەو ئامۆژگاریانە لە یاد بکەم. هۆمەر دنیای دیوەو دەزانێ چی یەژێ. بێ ئەگەر نییە کە دەیگوت ساویلکەو خۆش باوەڕ نەبی. تاکە دەردی میللەتی ئێمە ئەو ساویلکەییەیە. هیچ پەژیوان نیم... ئیوها بە تەنیا بم باشترە لەوەی یەکێکی نەناسم لەگەڵ بێ. خۆ من کابرام نەدەناسی. کێ دەڵێ چاوساغ و دەستی دوژمن نەبوو. دوژمن ناردبێتی بۆ ئەوەی دەست لە هۆمەرە بوەشێنێ!"

تەحۆ دەڕۆیشت و لەبەر خۆی دەدوا. دەیزانی هۆمەر ناوبانگی زۆری پەیداکردوە ، لەلایەک بەمە شادمان بوو، لەلایەکی دیکە سڵی دەکردەوەو دەترسا براکەی تووشی شتێک بێ! بە گوێرەی ئەو ناونیشانەی بۆیان هەڵدرابوو هەنگاوی دەنا. توولە ڕێیەکەی گرتبووە بەرو بەری نەدەدا. ماوەیەکی زۆر بوو لە نێو چیا نەڕۆیشتبوو. بۆیە هەستی بە نامۆییەک دەکرد. سۆزێک لە ناخیەوە کلپەی دەسەند.

" ها... ها... ی، دەچمەوە چیدەکەم ! خۆ شێت نەبوویمە! هۆمەر پێویستی بە یەکێکە پشتی بگرێ. لە منیش زێتر کەسی دیکە ئەو کارەی پێناکرێ! من برای ئەوم هەرگیز پشتی بەزەوی دانادەم. دڵنیام ئەویش حەز دەکات. وەک هەموو جارێک بەرایێ خۆی تۆزێک شێلوو دەکات،

ناڕەزایی دەردەبڕیّ، وانیشان دەدا کە رازی نابیّ. کەچی لە ناخەوە بزەی دیّتی و حەز دەکات! ئەی چۆن ... کوا برای خۆی لە پشتی بیّ کوا خەڵکی ترا؟ کە لەوانەیە زۆر بە ئاسانی لە داویّی خەن ! دایکم دەیگوت: کوڕم هەر هیّندە یەکیّک لەو چیایە نیّو بانگ دەرکا، ئیدی دوژمن وازی لیّناهیّنیّ. بە هەر ریّگەیەک بیّ لە ناوی دەبا. هۆمەریش نیّوبانگی هەیە. کەس نییە نەیناسیّ"

وەستاو بەشایی بەخۆ بوونیّکەوە دەستی خستە بەر پشت بەندەکەی . سینگی قیت کردەوەو سەیری دەروبەرەکەی کرد. لوتکە چیایەکان قیت وەستابوون. هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و دایکی بیرکەوتەوە. دوو رۆژ نەبوو لیّیان دوورکەوتبووەوە ، بیری دەکردن ، بەزەیی پیّیان دەهاتەوە:

"ئا... دەبیّ بگەڕیّمەوە! پەرای دایکم و کەژیّ بکەم باشترە، ئەوان بیّکەس و بیّئەنوان ، زوو لە داویّ دەکەون. پیّویستە کارەکەم ئەنجام بدەم و بگەڕیّمەوە --دەبیّ بگەڕیّمەوە ئەو دۆژە! بگەڕیّمەوە ناو دوژمنان. وەکو جاران بەنهیّنی بچمە دەرەوە. بە نهیّنی باخیّوم. سڵ لە هەموو شتیّک بکەمەوە، لە سیّبەری خۆم راپەڕم! ئەی چیبکەم لەبەر خاتری چاوی دایکم پیّویستە بگەڕیّمەوە. دەبیّ وەکو پیاوان رەفتار بکەم. دایکم بیّ سووچ و تاوانە. بەدریّژایی ژیانی خۆشی نەدیوە. نابیّ بەتەنیای جیّ بیّڵم. کەژیّش هەروا. ئەی بیّوار؟!"

لەگەڵ بیرکردنەوەی لە بێوار بزەیەکی پڕ خۆشەویستی روخساری گرتەوە. پاشان خێرا گۆڕاو ترسێک جێگەی گرتەوە:

"چۆن بێوار بەتەنیا جێبێڵم. نابێ... پێویستە بگەڕێمەوە!"

ئەوەی هاتە بەرچاو کە چەند چەکدارێک خۆیان دەپەنای دیوارێ دا مەڵاس داوە. کە بێوار بەدەم وازی کردنەوە دەچێتە دەرەوە. توند زاری دەگرن و دەیرفێنن! دوای چەند رۆژێک داوا لە دایکی دەکەن ئەگەر هۆمەر نەگەڕێتەوە. باشتر وایە دەست لە بێوار بشۆن. بە هۆمەر یەژن کوڕەکەی گیراوە. با واز لەو کەراتییە بێنێ و بزووریتەوە. هەرچی گەرەکە بۆی دەکەین. بابخوازێ ماڵی دنیایێ. بەهیچ لەگوینێک دەستی ناگێڕدرێتەوە! بەتەنیا بزووریتەوەو واز لەو کەراتییە بێنێ. ئەگەر واش نەکاو بەردەوام ملمان دەبەر ملی بنێ، ئەوا جارێکی تر چاوی بەکوڕەکەی ناکەوێتەوە!

دڵنیا بوو... شارەزای برای خۆی بوو ، دەیزانی ئەگەر سەری هەمووان ببڕن. ئەگەر هەمووان هەنجن هەنجن کەن و بیانخەنە بەر سەگان ، هۆمەر نازووریتەوە! خەم دەخوا... دڵگیریش دەبێ، لەوانەیە زۆر بە کوڵێش بگری . بەڵام ناگەڕێتەوە، هەوڵ دەدا تۆڵەی بکاتەوە. سەروزیادیش... یەک و دە، یەک و سەد...

بێواری بینی دووچەکدار، هەریەکە پیلێکی رادەکێشن و گەرەکیانە لە باڵ یەکی دەرێنن. دەزریکێنێ... کەس بە دەنگیەوە نایێ! خەڵک سەیری

دەکەن، ئاخی بۆ هەڵدەکێشن... زەنگوڵە فرمێسکی بۆ دەڕژن، کەچی کەس بە دەنگیەوە نایێ"

"نەخێر... پێویستە بگەڕێمەوە. کارەکەم ئەنجام بدەم و بگەڕێمەوە. خۆ هەر نەبێ ئەگەر نیازیان بێ کارێکی وا ئەنجام بدەن بەرەنگاریان دەبمەوە! ئەی چۆن... بەرەنگاریان دەبمەوە" !!!

گاڵتەی بەمەژی خۆی و جۆری بیرکردنەوەی هات! چۆن دەیتوانی بەرەنگاریان بێتەوە، ئەو بەچاوی خۆی بینی چۆن پیاوەکان هەمووی پەل بەست کران و بردران. هەر ئەو بردنە بوو هەنوکەو هەنوکە کەس چاوی پێیان نەکەوتەوە!

بەچاوانی خۆی بینی چۆن و بە چ هێزێک دەوری ماڵێکیان دەگرت. بەرایی چواردەوری گەڕەکەیان دەگرت. پاشان چواردەوری ماڵەکە! هەر چەند جارێ ئەو رووداوەی یاد دەکەوتەوە ، دڵی کوت کوت بۆ ئەو کوڕە گەنجە لێی دەدا. کە کەلەپچەیان خستە دەست و لەبەرچاوی دایک و خوشکی بەشەق بردیان.

ترسی گەڕانەوەی کەوتە دڵ! نەیزانی چی بکا. ئەگەر یەکێک لێرە بیبینێ، کاتێک دەگەڕێتەوە ، بێ سێ و دوو دەیگرن و وەکو ئەو کوڕەی لێدەکەن ! هەستی بەدڵ تەنگیەک کرد، حەزی دەکرد سەد دانە گوللەی بەرکەوێ، کەچی لەبەر چاوی دایکی و کەژی ئیوهای لێ نەکرێ! مردنی سەد کەڕەت لا پیاوانەترو مێرانەتر بوو:

" نا... هەرگیز نابێ بگەڕێمەوە!"

هەناسەیەکی هەڵمژی و بەتوندی وەدەریناوە. لە نێوان گەڕانەوەو نەگەڕانەوەدا چاشمیش ببوو! دارەکە هەردووسەری بە گوو بوو، دەستی بۆ هەر کام لای دەبرد دەستی پیس دەبوو! لەپڕ بیری لەوە کردەوە کە باشترین رێگا ئەوەیە خێزانەکەشیان بباتەوە گوندی. لە نێو ئەو تاریکستانە تروووسکاییەک لە دایک بوو!

"ئا... واچاکە ئەوانیش لەگەڵ خۆم بەرمەوە!"

رابۆی دایکی هەموو جارێک دەیگوت:

" خۆزگە کوڕم نەدەمردم جارێکی تر چاوم بە گوندەکەی خۆمان دەکەوتەوە. ئاخ خۆزگە جارێک... تەنیا جارێک، لە دوورەوەش بوایە. چاوم بە گوندە شیرینەکەمان دەکەوتەوە. ئەوسا مردنم حەق دەبوو ناحەق نەدەبوو!"

زۆر جاری تر دایکی دەبینی لە خەوێدا داخاوت، باسی گوندەکەی خۆیانی دەکرد. ناوی وای دەهێنا کە ئەو دەیزانی ئەوانە هەموو خەڵکی گوندەکەی ئەوان بوونە. وەلێ خەریک بوو لەیادی دەکردن و شێوەکانیانی بەدروستی نەدەهاتەوە بەرچاو!

"باشترین رێگا ئەوەیە ماڵەکەش بەیەکجاری بەرمەوە. ئەوان چاویان لە دەستی هۆمەر بوو، ئەویش هەرکە هاتە دەرەوە ئەوانی لە یاد کرد. باشترین رێگە ئەوەیە" !...

خەریک بوو رووی خۆی وەچەرخێنێ و راست و راست بگەڕێتەوە! کەچی زوو بیری کەوتەوەو وەک دەرزییەکت لێدابێ لە جێی خۆی راجفلی:

"خۆم دەسخەڕۆ دەکەم و لە هەردوو دینان دەبم ! باجارێ سۆراخی هۆمەر بکم، ئەوجا پاشان ڕێگایەک هەر دەدۆزینەوە!"

ماوەیەکی زۆر بوو بەڕێَگاوە بوو. ماندوو ببوو هەستی بەبرسیەتی دەکرد. چاوی بۆ کانیەک دەگێرا . کە سەری بەزرکردەوە، لە دوورەوە... لە نێوەڕاستی دۆڵەکە چەند دار ئەسپینداریێک سەرنجیان راکێشا. شادیەک دلّی گرتەوە. گەرمتر و گورجتر، هەنگاوی نا...

*　　　*　　　*

حاجی حوسێن کە لە مستەفا دابڕاو گەڕایەوە ماڵ، هەڵۆو پەخشان هەر لە جێگەی خۆیان دانیشتبوون. هێشتا نەگەیشتبووە لایان. کە هەڵۆ دەنگی بەرزکردەوە:

–ماوەیەکە چاوەڕێت دەکەین، گیرۆ بووی... باش بوو هاتیەوە!

–خێرە... خۆ هیچ رووینەداوە؟!

–نا ... گوتمان بچین کەمێ داربێنین. مۆڵەتێکی چاکە.

–دانیشە کوڕم. درەنگەو رۆژ هیچی وەبەرەوە نەماوە، پاشان تۆ مادۆنیت وەرگرتووە پشووێ بدەی، پێویست ناکا خۆت ماندوو بکەی!

هەڵۆ بیورەکەی هەڵگرت و پاشان رووی لە مامی کرد:

–برۆ بۆ خۆت لەژوورەوە دانیشە، من کەی ئەو کارە تەواو بکەم ، ئەوجا هەست بە حەسانەوە دەکەم !

–دەبڕۆ کوڕم، بەڵام ئاگاداربەو زوو وەرەوە.

حاجی بێئەوەی بیر بکاتەوە ئەو رستەیەی لەزار دەرچوو. پاشان پەژیوان بووەوەو سەری زمانی خۆی گەستەوە. پەیڤەکانی مستەفای لەگوێ زرنگایەوە.

"موسڵمانەتی نەماوە... ویژدان نەماوە، خوورەوشت نەماوە. وەکو ئافرەتێکی سۆزانی لینگیان لە دەلینگان دەرهێناوە. شەرم و ئابڕوویان شۆراوە، پیاوەتی وادەبێ؟ کوا پیاوەتی... کوا دین!"

تا دەنگی تیا بوو گازی هەڵۆی کرد. کە تازە خەریک بوو بەسەر هەورازەکە دەکەوت. هەڵۆ لەگەڵ دەنگەکە هەڵوەستەیەکی کردو ئاوڕی دایەوە. کە بینی مامی بینی ، بە حەپەساویەوە سەیری پەخشانی کرد. لە شێوازی گازکردنەکە ترسێکی بەدی کرد، بۆیە بەبێ ئەوەی نقەی لێوە بێت رێ و راست گەڕایەوە. بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە حاجی. کاتێک سۆنگەی گازکردنەکەی لێپرسی. بەدەنگێکی نزم هەموو شتێکی بۆ روونکردەوە ، پێیگوت:

–کوڕم دانیشە، پیاوی چابەو پەخشان لەگەڵ خۆت مەبە. مستەفا ئاوای دەگوت. دەیگوت کۆپتەر فێر بووە کچی جحێڵ دەڕفێنێ! بەو دوایی

تەمەنە با ئابڕووم نەچێ. وەرن لە ماڵێ دانیشن. سندان لەو دارەی دا کە ئێوە دەیهێنن. لە پێودانگی خۆتان دانیشن و ئەو دارەم نەویست! قیروسیا... با ئەو زستانەی لەسەرمان بمرین. نامەوێ شەرمەزاری دنیاو قیامەت بم. وەرنەوە لەکاولگۆکەی خۆ دانیشن. بەرگەی ئەو هەموو کارەساتە ناگرم. بەم دواییە با ئابڕوومان نەچێ!

هەڵۆ لەمێژبوو ئەو باسانەی گوێ لێ ببوو، لەبەر ئەوە گلیەکان ئەو کارەیان لێ نەکرد کە پێویست بوو بیکەن ! ئەگەرچی لە ناخەوە دڵگیر بوو، وەلێ نەترسا. بزەیەکی هاتێ و بە دەنگێکی تێر گوتی:

–خەمت نەبێ... ئەی ئەو چەکەم بۆ لەشانە! کۆپتەر تەنیا بە مرۆڤی بێ چەک و بێدەسەڵات دەوێرێ. خەمت نەبێ !

کە دیماهی بە پەیڤەکان هێنا دەستی بەرۆیشتن کردەوە، دەنگی حاجی هەمدیس رایگرتەوە:

–گوێ رادێرە. من لەتۆ گەورەترم و دنیام زۆر دیوە. دەزانم خۆر لە کوێ هەڵدێ و لە کوێ ئاوا دەبێ. بەم دوا دواییە با تووشی جگەر سووتان و شەرمندەیی نەبم. بگەڕێوە کوڕم من ئەو دارەم گەرەک نییە. پیاوی چابە ئەو دارەی ئێوە دەیهێنن من گەرەکم نییە !!!

–مەترسە مامە... بەخوا زۆر دوور ناکەوینەوە... مەترسە. ئەی ئەو چەکە چییە پێم!

حاجی دڵنیا بوو لەوەی هەر چیتر یەژێ بێسوودە، شارەزای برازاکەی بوو دەیزانی چماڵەکە! ئەگەر وازی لە شتێک بێ، سەر لەدارو بەر بدەی ئەو هەر بە ئارەزووی خۆی دەکات. بۆیە لە سەربادانێک و مشەلێوەهاتنێک زیاتر هیچی دیکەی نەکرد! هەڵۆ کە خەریک بوو وردە وردە دوور دەکەوتەوە. رووی خۆی وەرچەرخاندو ئاوڕی دایەوە. کە حاجی بەو لەگوینە بینی زۆر بەزەیی پیاهاتەوە. ویستی بزووریتەوەو پێی یەژێ:

" دڵگیر مەبە مامە. بەخت و خۆڕایی دڵی خۆت سەخڵەت مەکە. پەخشان لەگەڵ منەو هێز نییە ئازاری پێ بگەیەنێ. کەس ناتوانێ پێی یەژێ لە پشت چاوانت دوو برۆ هەیە... خەمت نەبێ!"

ویستی بزووریتەوەو زۆر شتی تر یەژێ، کەچی پەژیوان بووەوە. لەوە ترسا حاجی ئەمجارەیان قاچ لەزەوی داگرێ و رێگەیان نەدا"

–ئەو هەتیوە هەر بە ئارەزووی خۆی دەکات. وەکو باوکی کە دایە کەراتی تەواو. باوکیشی ئاوا لەسەر ئەو کەراتیەی هێندەی نەمابوو تووشی دوژمنداریمان بکا. لەگەڵ کەسیش نا، لەگەڵ هەمزەی تاکە دۆستی گیانی بەگیانی!

هیچ لە ئارادا نەبوو. هەتاوەکونێ ئەو ئێوارەیەش هەر بەیەکەوە بوون. نانی ئێوارەشیان لەماڵی خۆیان بەیەکەوە خوارد. کەچی لەنکاوڕا لەسەر کەرەمستانێ لێیان بووە قڕەقڕ... پەیڤێک لەم و یەکێک لەوەی تر دێک هەڵسانەوە. برایم بە گورجی هاماڵی بۆ چەکەکەی برد! ئەگەر موسڵمان

نەیانگرتایە. کورپێژگەی لە جێوە سار دەکردەوە! ئەگەرچی پاشان زۆر پەژیوان بووەوە، زۆر وەبەر هاوڕێکەی داکەوت داوای لێبوردنی لێکرد. زویرو زگاری خۆی دەربڕی. وەلێ چ فایدە، ئەگەر لەو دەمی نەیانگرتایە... کەتنەکەی لە دەست دەقەوما. زێتر لە جارێکیش بەحاجی دەگوت:

"چی بکەم برام... وەدەست خۆم نەبوو! مەژیم تێکچوو... دەتگوت ئەجندە تفەنگیان لەدورِستی نام، ئاگام لە خۆم نەما. خوا بەزەیی پێم هاتەوەو رزگاری کردم. بەو خوایە لەبان سەرانەوەیە من تۆزقاڵێک لە دوژمنداری و تۆڵەکردنەوە ناترسم! بەڵام هەمزە برای منە. چۆن دەبێ هەمزە بەدەستی من بکوژرابوایە! برا چۆن دەست لەهەوکێ برای دەنێ. بەڵام حاجی باوەڕ بکە. دەتگوت یەکێک تفەنگی لەدورِ دەستی نام و گوتی لێیدە! بەرچاوم تاریک ببوو هیچم نەدەبینی... بەڵام باش بوو... باش. خوا بەزەیی پێم هاتەوە"!

حاجی گاڵتەی بەو پاکانە کردنە دەهات. بەناڕەزاییەکەوە وەرامی دەدایەوە:

"ئەو گلیانە چ سوودێکیان نییە. ئەگەر ئەمجارە خوا بەهانات هات و دەربازی کردی ، جارێکی تر دەربازت ناکا. هەتاوەکونێ لەسەر ئەو کەراتییەی بی حاڵت ئاوا دەبێ. هێندەی نەمابوو کورپێژگەی وەستەزوان ساردکەیتەوە. ئەوسا هەر لە بن باری پەیوینی خەڵکی دەرنەدەچووین. هەزارو یەک گلی دەکرا. کەس نەیدەگوت کەراتییەک بوو کرا. نەزانی

بوو له دەست دەرچوو. هەزار کۆنه کایان وەبا دەکردەوەو قەتماغەی زۆر برینانیان هەڵدەدرایەوە. ئەگەرچی هیچ له ئارادا نەبوو شتی وایان هەڵدەبەستا لەوانەبوو خۆمان یەکەم کەس بووین باوەڕمان بکردبوا! دەیانگوت له کوڕێژگەی بەفیڵ بوون. بردیانه ژوورەوە بەئاسانی کوشتیان. له زووەوە دەمانزانی دەست لەو بێکەسه دەوەشێنن! ئەدی برام، زۆر شتیان دەگوت!"

هەتاوەکونێ برایم فرمایشتی خوای بەجێ هێناو کۆچی دوایی کرد. حاجی هەر لێی دڵنیا نەبوو. لەوە دەترسا دەستێکی لێبووەشێنن. لەبەر ئەوەی بۆ کەسی دانەدێناو ملکەچی نەدەکرد، داروبەردی دوژمن بوو! ئەگەر واش نەبووبێ ، حاجی هەروای تێدەگەیشت !بۆیه هەرچەند لەو پێداگرتنەی هەڵۆ ورد دەبووەوە ، کت و مت برایمی باوکی بوو. تۆزقاڵێک لەسەر ڕێ و شوونی ئەوی لانەدابوو. ئەگەرچی بەقسان زۆرجاران خۆی دەبواردو ئەو شتانەی بەهەڵە دەخستەوە. وەلێ بەکردەوە، هەرکه دەماری بگرتبوایه برایمی باوکی بوو. که باسیش دەهاته سەر ئەو باسه ئەوا بێ دوودڵی دەیگوت:

" نابێ مرۆڤ وا بیربکاتەوە. کەس نییه هەڵه نەکا. پێویسته بواری کەسانی دیکەش بدەی ئەوەی گەرەکیانه دەریبڕن. زۆر شت هەیه پێداگرتن و مکوڕ بوون و لەسەری کەراتییه. بەرەو هەڵدێرت راپێچ دەکات. هەر کارێک بکەی پێویسته بەراییێ به وردی بیری لێبکەیتەوە، زوو هەڵنەچی. کەس نییه لەو دنیایەی هەڵه نەکا!"

هەڵۆ لە زۆر کاتدا بە پێچەوانەی ئەو گلیە رەفتاری دەکرد. کە مامی ئاگاداری دەکردەوە بە پەژیوانییەکەوە دەیگوت:

"چیبکەم مامە، بەدەست خۆم نەبوو. هۆش و زەینم لە کن خۆم نەبوو"!...

حاجیش پێدەکەنی و وەرامی دەدایەوە:

"گوایا کەس لە کاتێ هێمنی و ئاساییدا شتی کەس نەکردەی لێوەشاوەتەوە ؟! کەس ئاگای لە خۆی بووەو تووشی هەڵە بووبێ! نەزانیەکە لێرەیە کوڕم. ئەگەر خۆت بە ژیرو دانا دەزانی پێویستە وریای خۆت بی. هەولبدەی جڵەوی بیرو هۆشت لە دەست نەدەی! زانا ئەو کەسەیە لە کاتی ناخۆشی و تەنگاوی دا نەشێوێ و ئاسایی بیر بکاتەوە. ئەگەرنا لە کاتی ئاساییدا منداڵیش زۆر جاران شتی بەڕێ و جێ یەژێ. ئەدی کوڕم... دەردەکە لێرەدایە!"

حاجی ئەمجارەیان کە نیگای هەڵبڕی هەڵۆی لەبەر چاوان بزر ببوو. رووی بۆ لای تەویلەکە وەرچەرخاندو بارگیرەکەی نەبینی ، دڵی هێندەی دیکە تەنگ بوو. زۆر جاران لە پیرو دنیا دیتەکانی ژنەوتبوو ئەگەر یەکێ دڵی تەنگ بوو، ئەگەر دانیشتبوو باشتر وایە هەڵسێتەوە. بۆیە بە گورجی هەڵسایەوە، لەسەربانەکەیان کەپشی بە دامێنی چیایەکە کردبوو. دەستی بەهاتوچۆ کرد:

"ئەو هەتیوە هەر بە ئارەزووی خۆی کرد. گوێی بەگلیەکانم نەدا. چی لێبکەم؟! ناشێ پیلی بگرم و وەبەر زللانی بدەم. ئیوهایە... هەزار کەڕەت یەژە وامەکە، ئەو هەر بە ئارەزووی خۆی دەکات. ئەگەر شتێکیش وازی لێ نەبی ،ً وەکو نێرەکەر دەغەزری و قاچی لەزەوی دەچەقێنێ دەبەری ببیە جوو دیانیش تەقەی سەری دێ. هەزار پەیڤی بۆ قەتار بکە وادەزانێ بایەو وەبن گونی دادەچێ!"

بێئەوەی ئاگای لە خۆی بێ ، بە گوێرەی پەیڤەکان هەنگاوی دەنا. کە لە ناخەوە تووڕە دەبوو هەنگاوەکانی خێراتر دەکرد. کە هێمنیش دەبووەوە هەنگاوەکانی لەسەرەخۆ دەهاویشت بیری لە زۆر شتان دەکردەوە. سەری بەژووری زۆر بیرۆچکەی نوتەک و تاریکدا دەکرد. هێندێک جار وای لێدەهات بێدەستی خۆی دڵی وەخورپە کەوێ و ترس باڵی بەسەر بکێشێ:

" سەیرە... هەتاوەکونێ خوا رۆڵەیەکت پێدەبەخشێ. رۆژێ دەجاران نزا دەکەی و لەبەری دەناورێیەوە. هەرکە دێتە دنیاش بەدەستیان دەکەویە قەزاوە. نایەڵن دەروونت ساتێ ئاسوودە بێ و ئۆقرەت لێ دەبڕن. رۆژگارێکی سەیرە" !...

تاوێ لەسر بانەکە بە بێدەنگی هات و چوو، پاشان وەستا، دەستی هەر لەبەر پشت بەندەکەی بوو. پاشان چەند هەنگاوێکی بۆ نزیک سواندەکە نا. هەموو شتێک لەوێ بەجوانی دەبینرا.

خانووەکانی گوندی بەڕێکی پارڤە ببوون. هەمووشیان بەداروبار دەورەدرابوون، نیگاکانی کەوتە سەر خانووەکەی حەمە. هەڵوەستەیەکی کرد. قێزی بووەوەو تووڕەییەک لە ناخی دایسا. تا هێزی لە زاری دا هەبوو تفێکی خەستی لەزەوی کرد:

"تفوو منۆخی ناکەس بەچە. سەگی سەگباب. تفوو... تۆ وەرە پیاو ئەو جۆرە غیرەتەت هەبێ! تفوو"...

نەک بەتەنیا حاجی ، هەموو ئاوایی رقیان لە حەمە دەبووەوە، کەس حەزی پێنەدەهات و هاموشۆی نەدەکرد. تا بڵێی کابرایەکی نمەک حەرام و بێ رووەت بوو. کە دەستی خۆی دیبوا باوکی خۆی نەدەناسی. دین و ئیمانی پارەبوو! هەموو شتێکی دەکرد!کە لەسەرەوە دەتبینی، دەتگوت:

"شتی وا چۆن دەبێ، مرۆیەکی رێک و پێک دیارەو شتی کەس نەکردەی لێناوەشێتەوە!"

کەچی ئەگەر ماوەیەکی کورت لەگەڵی بوای ، شارەزای دەبووی. تفت لە گۆڕی باوکی دەکردو درۆشیان بەزاری هەڵبەستایە باوەڕت دەکرد!

حەمە مرۆیەکی لاوازی رەشتاڵە بوو. باڵای مام ناوەندی و دەم و چاوێکی بچووک و درێژۆکانی هەبوو. تەمەنی لە دەوری چل و پێنج ساڵاندا دەبوو. بەڵام لەبەر ئەوەی هاتوچۆی شاری دەکردو ناوە ناوە بەدزی پرچی رەنگ دەکرد. تاڵەمووێکی سپی چییە بەسەریەوە دیار

نەبوو! لەو بارەیەوە پلاریان زۆر لێدەدا. پیروکالی گوندی دەیانگوت ئەوە کارێکی حەرام و ناپەسندو نەخشەی خوا گۆڕینە. ئەو هیچ بایەخی پێنەداو بگرە پاشملە گاڵتەشی پێدەکردن. هەوڵیدەدا خۆی بە مرۆیەکی هێمن و لەسەرەخۆ نیشان بدا. هەر لەو سۆنگەیەش بوو ، بەراییێ توانی بەشێکی زۆری خەڵکی ئاوایی لە خشتە بەرێ، کە تیێِکرا مرۆی ساویلکەو پاک بوون. حەمە سرووشتێکی تا بلێی سەیری هەبوو. لە رووی ئاینەوە... فەرمەسۆنێک بوو بۆ خۆی ، باوەڕی بە هیچ ئاینێک نەبوو! ئەوەی خوا پێی خۆش بوایە ئەو نەیدەکرد. کەچی بەر لە هەموو کەسێک لە مزگەوت ئامادە دەبوو! زۆر بە گرانیەوە دەست نوێژی هەڵدەگرت. بە قان و قون دەهات و دەچوو! هەمیشە لەتەک مەلاش دادەنیشت. جار ناجاریش بەخۆی رادەپەرموو وەعزیشی بۆ خەڵک دەدا! کە گوێی لێ دەبوو پیرەکان باسیان دەکردو پەسنیان بۆ دەدا:

"بەخوا پیاوێکی لە خواترس و دین پەروەرە!"

بزەیەکی دەهاتێ و بەشایی بەخۆبوونێکەوە هەنگاوی دەنا. چەندەی یەژی بەجاقی و زۆرزان لە خۆی دەگەیشت. وای بۆ دەچوو کەس لەو توانایە نیە پەردەی لەسەر هەڵداتەوە. کەچی زۆر بە ئاسانی هی بن بەڕێی لێکەوتە سەر بەڕو هەمووشتێکی ئاشکرابوو!

حەمە چ کارێکی وای نەدەکرد. هەمیشە خاوێن و رێک و پێک بوو. گرانترین جلی لەبەر دەکرد. بەم دواییە دەرکەوت خانوێکی گەورەشی لەشار کڕیبوو! ئەو شتانە وای لە خەڵکەکە کرد بسەنگرنەوەو چەند

پرسیاریکیان لە مەژی سەر هەڵبدا ! کە بە دوای وەرام گەڕان و لێیان کۆڵیەوە ، هەموو شتێکیان بۆ ئاشکرا بوو!

ئەو حەمەی کە بە مرۆیەکی هێمن و چاوتێرو پیاوانەی تێگەیشتبوون، دەرکەوت مرۆیەکی تا بڵێی گەندەو سپڵەیە. وەکو قرژانگ بە هەردوو سەرانی لێدەدا. تەنانەت لەگەڵ خودی خۆشی راست نەبوو.

هەتاوەکونێ درۆ هەبوایە راستی نەدەگوت ! سەرباری هەموو ئەمانەش گومانی ئەوەی لێدەکرا کە چاوساغی دوژمنیشە! بۆیە متمانەیان پێنەماو نەیاندەهێشت تێکەڵاویان بێت!

لە هەموو شتێک سەیرتر، رۆژێکیان حەمە بزر بوو. ماوەیەکی زۆری بەسەرچوو نەگەڕایەوە. وا بڵاوبووەوە کە چەکی هەڵگرتووەو بۆتە پێشمەرگە! ئەگەرچی بەرایی ئەمە تاڕادەیەک لای خەڵکەکە ئاسایی بوو. چونکێ حەمە هەمیشە کوردایەتی خۆی نیشان دەداو زۆری لەو گلیە گەورانە دەکرد. ئەگەر یەکێ نەیناسیبوا وایدەزانی مرۆیەکی لێهاتووەو دەستێکی باڵای لە کوردایەتیدا هەیە!

ئەوەی بووە سۆنگەی دروست بوونی گومان لای خەڵکەکە، ئەوە بوو حەمە چۆن و بەچی بەو ماوەیە کەمە ئەو هەموو سامانەی بەیەکەوە نا ! پاشانیش وا بەئاسانی هەمووی بەجێهێشت و بووە پێشمەرگە! لە کاتێکدا هەموو شارەزای بوون. دەیانزانی مرۆیەکی پوولەکیەو گوللەی بە فلسیەوە دەنا!

زۆر باسی لەسەر کرا. بووە هەوێنی زۆر دەمەتەقێ و گفتوگۆ. بەشێک زۆر بە ساویلکەییەوە دەیگوت:

" مرۆڤ توانای گۆڕانی هەیە... بۆنا... حەمە لە کۆتاییدا راستی بۆ دەرکەوت و گۆڕا!"

هەندێک کەسی تری لە خواترس و دیندار بەشێوەیەکی تر باسیان دەکرد:

" خوا... هەرخوا خۆی دەزانێ چۆن رێگە بەبەندەی خۆی نیشان دەدا! ئەدی... خوا بەزەیی پیاهاتەوەو خستیە سەر رێگەی راست" !

بەشێکی تر هەروا چاشمیش ببوون. دۆزەکەیان لەوە بە گەورەتر دەزانی، چەندین نیشانەی پرسیارو سەرسوڕمانیان بەقیتی لە تەک دانابوو !!!

لەنکاوڕا هەواڵ کەوتەوە کە حەمە رایکردووە! ئامێری بێ تەلی لە کن گومان براوە، ئاشکرا بووە کە سیخور بووەو دوژمن بە دەست ناردوویەتی. هەر ئەو ئاشکرابوونە بوو، ئیدی کەس حەمە نەبینییەوە.

ئاشکرابوو کە حەمە دەستی لە زۆر نسکۆو تێکەوتنان هەبووە. ببووە ئەگەری کوژران و بەدیل گیرانی زۆر لە قارەمانان. بەم دواییە لە شار شانەیەکیشی ئاشکرا کردبوو. زۆربەی ئەندامەکانی گیرابوون و لە سێدارە درابوون...

" تفوو... رووڕەشی خۆ فرۆش... تفوو... سەگی سەگباب" !!!

هەر بە خێرایی نیگاکانی لەسەر کەلاوەکە لادا. نەیویست چیتر بیر لەو کارەساتە پڕ شەرمەزاریە بکاتەوە. هەر ئەو خۆی بوو نەیهێشت ماڵ و منداڵەکەی حەمە ئازاریان پێبگات. خەڵکی زۆر هەوڵیاندا کە دەست لەوانیش بوەشێنن ! بەڵام ئەو خۆی خستە نێوان:

" خوا هەڵناگرێ. ئەو هیچ و پووچ و خۆفرۆش بوو. ئەو بەستەزمانانە چیبکەن. ئەوانە چ تاوانێکیان هەیە؟! کەس هەیە حەز بکا ئاوا ڕووڕەش بێ ! ڕازی نابم دەستیان بۆ درێژ بکرێ. خواهەڵناگرێ. ئەو منداڵە بەستەزمانانە چ تاوانیان نییە!"

" تفوو... ڕووڕەشینە... ئەوەی لە مشک بێ جەواڵ دەدرێ، هەرگیز نەدەبوایە یارمەتیان بدەم... تفوو... ڕووڕەشینە. ئەگەر دەمزانی ئەوەتان لێدەردەچوو، هەرگیز تێکەڵ نەدەبووم. با پارچە پارچەیان کردبوان. لە ژوورێکیان کردبوان و ئاوریان لە ماڵی بەردابووان... تفوو... توولە سەگینە"!!!

حاجی زۆر پەژیوان بووەوە کە یارمەتی ئەوانەی داو بە سەلامەتی لە ئاوایی بەڕێی کردن. بەم دواییە بۆی گەڕابووەوە کە کوڕەکانی حەمە توولە سەگی وایان لێدەرچوو بوو ، سەد بەردیان بەدوای باوکیان هاویشتبوو! ببوونە کلکی تەورو ئەوەی میللەتەکەیان پێی خۆش بوایە لەوان نەدەوشایەوە. یەکێک بۆ حاجی گێرابووەوە. کە خۆی لەزاری کوڕەکەی حەمەی بیستبوو. کاتێ لێی پرسیبوو ئەو هەموو سامانەت لە کوێ بوو. ئەویش وەرامی دابووەوە:

"ئاسانه... پشیلەیەک بخە داوەوە ، کۆمەڵێ پارەت دەدەنێ. سەگێ بتۆپێنە پارچە زەویەکت دەدەنێ" !...

"تفوو... رووڕەشی لەباوک رووڕەشتر. کاشکێ ئەو شەوە خۆم تێکەڵ نەدەکرد ئەوسا دەمزانی چۆن لە دەمی باوکتیان دەڕی!"

کە لە ئاواییەکە رادەماو بیری دەکردەوە. زۆر جۆرە خەڵکی تیا ژیابوو. باش و خەراو. چاوتێرو پیاوانە، چاوچنۆک و ناکەس بەچە، هی ئازاو بەئەمەک ... ترسنۆک و سپڵە، بەڵام هەرگیز وەکو حەمەی تیا هەڵنەکەوتبوو! قەتیش لەو بڕوایە دانەبوون هی ئاوا لە گوندەکەیان هەڵکەوێ ! کە دەشیانزانی کارێکی ئاوا لە گوندێک روویداوە، یەکێک تفی لە شیری خۆی کردووەو ناموسی خۆی داوەتە دەست دوژمن. ئەو لە جێوە ئارەقەی شەرمەزاری لێدەتکا. حەمەش بەڕەسەن هی گوندەکەی ئەوان نەبوو. کەسیش نەیدەزانی لە کوێوە هاتووە. حاجی بەم دواییە کە هەواڵی کوڕەکانی حەمەی بەو شێوەیە دەژنەوت. خاترجەم بوو کە باوکی حەمەش دێڵە سەگێک بووە! ئەگینا قەت ئەوانەی لێنەدەکەوتەوە !

تەماشای ئاسمانی کرد. چەند جارێک سەری باداو چاوەکانی نوقاند:

"خوایە تۆبە... خەریکە بەهۆی ئەو سەگەوە خۆم گوناهبار دەکەم. خوایە بمبەخشە!"

بەبێزارییەکەوە دەستی بەهاتوچۆ کردەوە...

"سندان لەو دارەدا ئێوە دەیهێنن. بڵێ بەو ئاور بارانەی کاتی دارهێنانە. هەر لە یادم نەبوو پێی یەژم. بڵێم کوڕم ئەمڕۆ باڵەفڕ دوو شوانی بێدەسەڵاتی لە خوێن گەوزاندووە. بە چ ئەقڵێک دەچیە ئەو چیاو چۆڵە، بەڵام خۆ ئەویش دەیزانی! ئەی لێرە نەبوو!"

خۆی زۆر بێدەسەڵات هاتە بەرچاو ، وێنەی باڵەفڕەکەی چەند جارێک بە مەژیدا تێپەڕی، خەریک بوو بەرانبەر خودی خۆی رقێکی لە دڵ دەگورا! چەندەی بیری لێدەکردەوە هێندەی دیکە زگارو پەرێشان دەبوو...

"هەنوکە یەژن چەند ترسنۆکە، مرۆی ئاوا ترسنۆکمان نەدیوە! هەر بۆ دڵۆپە خوێنی ئاوا دەترسێ. لەو مردنە دەترسێ کە دوا رێگەی هەموونانە!"

"نا... نا... ئەوانە شارەزایی منن و هەرگیز شتی وایان بە ئەندێشە دانایێ. هەرگیز بەم لەگوینە بیرناکەنەوە. نا... هەرگیز" !...

تا هێزی هەبوو شەقێکی لەڕانیدا! ئەگەرچی ئازارێکی زۆری پێگەیاند، هەستی بەخۆشییەک کرد! بۆیە چەند جارێک ئەو کارەی دووبارە کردەوە!

ویستی مەژی بەشتێک خەریک بکات. بیری بۆ دواوە گێڕایەوە. رۆژە تاڵ و شیرینەکانی تەمەنی هێنایە بەرچاو. بێسوود بوو. دڵ تەنگیەکەی دەستی لە هەوکێ نەدەکردەوە.ئەو ماوەیەکی زۆر بوو لەو گوندە دەژیا.

نەک هەر ماوەیەکی زۆر بوو بگرە باب و باپیریشی هەر لەو گوندە ژیا بوون. لای وابوو هیچ کەس وەکو ئەو شارەزای گوندەکە نەبوو. ماڵ بە ماڵی دەناسی. دەیزانی کێ و کوڕی کێنە، یاخود کەی و چۆن هاتوونەتە ئەو گوندە.

"تفوو... نارەسەن، خۆفرۆش ... پیاو سەری ژنی خۆی بۆ خەڵک بگری باشترە نەوەک ببێتە چاوساغی دوژمنان. تفوو... رووڕەشی خوێڕی!"

ئەو تاوێ لەمەوبەر تۆبەی کردبوو پەژیوان ببووەوە لەو پەیڤانەی دەریبڕین. کەچی بێئەوەی بەخۆی بزانێ خەریک بووکوانووی رقی هەمدیس ئاورینگی دەکردو لە هەنیەی برووسکەی دەدا! گەڕایەوە سەر دۆخی جاران و دەستی بە جنێودان کردەوە:

"دڵنیام خواش دژی ئەو جۆرە مرۆڤانەیە. ئەویش بە بەندەی خۆیان نازانێ و لێیان بێبەریە! ئەی چۆن... ئەوەی ناکۆکی و دووبەرەکی بخاتە نێو خەڵکی خوا لێی بێبەریە. خوا دوژمنی ئەو کەسانەیە کە داو بۆ بەندەی ئەو دەنێنەوە. دوژمنی ئەوانەیە کە لەسەرەوە بەشێوەیەک خۆیان دەردەخەن و لەناوەوەیش جۆرێکی ترن! بەرانبەر سپی سپی وەکو شاخ بێزینە، لە ناوەوەش رەش رەش لە قەتران رەشترن!"

ئەو پەیڤانەی بە تووڕەییەکی زۆرەوە لەدڵ دەردەچوون. کەچی لە ناخیدا پەنگیان دەخواردەوەو نەدەگەیشتنە دەرەوە ، رەنگ رووی پڕ هەڵمابوو.

شوێنی خانووەکەی ئەوان بەرزایی بوو، بۆیە بەسەر هەموو ماڵەکانی دادەڕوانی. لەوێوە دەتتوانی خانووەکانی گوندی یەکە یەکە بژمێری. لەو سەری گوندی، یەکێک بە دیارکەوت ، کە نزیک بووەوە ، ئەوڵا بوو. لە هەورازۆکەکە واژی دەبووەوە. یاغر یاغر بۆ لای مزگەوت هەنگاوی دەنا. حاجی کە ئەوی بینی سمێڵە خرچەی هاتێ و بزەیەک روخساری گرتەوە. هەستی بە شادمانیەک کرد. دۆستایەتییەکی بەتینی لەگەڵدا هەبوو. ئەوڵا مرۆیەکی ساویلکەو دڵپاک بوو. ئەگەرچی لە بنەڕەتدا هی گوندەکە نەبوو، وەلێ کێهەی خۆی بە کوڕی گوندی دەزانی و بابەلباب لە گوندەکە ژیابوون، بەقەد ئەو گوندەکەی خۆش نەدەویست. بە قەد ئەو شانازی بە گوندەکەوە نەدەکرد!

حاجی حوسێن دەیزانی ئەوڵا کەی و چۆن هاتبووە گوندەکەیان. وای لەبەرچاو روون بوو وەک ئەوەی هەر ئەو چرکەیە روویدابێ وابوو! کە هاتە گوندەکەیان ئەو یەکەم کەس بوو تووشی هات. ئەو کاتە لە هەڕەتی لاویدا بوو ، تازە خەتی سمێڵی دادەنا. کات دەمەو ئێوارە بووەو خەریک بوو لەپەز چێراندن دەگەڕایەوەو وردە وردە بەرەو ئاوایی دەبووەوە، کە تووشی ئەوڵا بوو زۆر بە ناگزووری بینی. چەند کەچە بزگوڕێکی شڕو شیتاڵی لەسەرپشتی بارگیرێک قایم کردبوو. کوڕێکی شەش حەوت ساڵانەش. کە چڵک و تۆزی ئادگاری ، ئەوی دەگەیاند کە ماوەیەکی زۆر بوو ئاویان نەدیبوو. بە هیلاکییەوە لە دوای بارگیرەکە هەنگاوی دەنا. ئافرەتێکی سپیلکەی کورتە باڵاش مەلۆتکەیەکی لە نێو بەرامپیلی لە پشتێ کردبوو. زۆر وەڕەزو بێزار

دەهاتە بەرچاو. ئەویش وەکو ئەوان ماندووبوونی پێوە دیاربوو ، بەنادڵیەوە هەنگاوی دەنا. دوای ئەوەی گەیشتە لای حاجی و ماوەیەک لەگەڵ یەک ئاخاوتن. حاجی زانی ئاوارەن و رەوەکەیان بێ کۆتاییە. ئەو چیاو چۆڵەیان گرتۆتە بەرو نازانن دوا قۆناغیان لە کوێدایە...

"برای خۆم. ئێمە لێ قەوماوین. ئەو ماڵ و سامانەی بەدرێژایی ژیان بەیەکەوەمان نا. دەستێکیان تێ گێڕاو هەموویان تاڵان کرد!"

لەبەر ئەوەی گوندەکەی ئەوان لەو رووداوە دووربوو. حاجی ئەو دەمە نەیزانیبوو چی روویداوە! بۆیە زۆر خەمبار و نیگەران بوو.

"دەزانی چیان لێکردین. ئەوەی ئەو عەرەبانە لەگەڵ ئێمەیان کرد گاور بە گاورانی خۆی لەگەڵ موسڵمانانی نەکردووە"

" باشە بۆ بەرەنگاریان نەبوونەوە. مرۆ چۆن وا بە ئاسانی دەست دەدا!"

"چی یەژم... ئەگەر تەبایی و یەکگرتن نەبێ. چارەنووس هەر ئاوا دەبێ. گوندێکی وەکو گوندەکەی ئێمە ، کە هەر چەند ماڵێک دەبوو، لەگەڵ یەک ناکۆک بوون و هەرکەسە بەئارەزووی خۆی دەکرد. کەس لەگەڵ کەس راست نەبوو. ئەگینا هەرگیز نەیاندەتوانی وا بە ئاسانی تاڵانمان بکەن و هەموو شتێکمان بەرن"!

"یانی هەر مێرێک نەبوو بۆ ترس تەقەیەکیان پێوەبنێ؟!"

"وەک بۆم باس کردی. کارەکەی ئێمە ئیوها بوو. بەڵام وەکو من زانیم لە زۆر گوندان دەست کراوە. ئێمە کرممان لە نێو خۆبوو. ئەگینا لە گوندەکەی ئەولای ئێمە. یەک تەقە...تەنیا یەک تەقە لە دووری گوندی کرا. کاتێ ئەوان لچکی دشدشایەیان لەبەر پشتێ ناو تێیان تەقان! ئەو هاواری ئەوەی تری دەکرد. راکەن پێشمەرگە هاتن، یا وێلی یابە... ئەدی برام. ئەو ناتەباییە پشتی ئێمەی شکاند" !

ئەوان بەو لەگوینە داخاوتن. ئایشێی خێزانی ئەولاش. کە ئەو دەمە نەیدەزانی ناوی چییە. گوێی بۆ رادێرابوون و بە چاوێکی پڕ فرمێسکەوەش سەیری دەکردن.

بەم جۆرە حاجی حوسێن یەکەم کەس بوو تووشیان بوو، هاوڕێیەتی لەگەڵ پەیدا کردن. هاوڕێیەتیەکەش رۆژ بەرۆژ پتەوترو بەهێزتر دەبوو. تا دەهات زێتر شارەزایی رەوشتی یەک دەبوون و یەکیان لە کن خۆشەویستتر دەبوو. کە چوونە گوندەکەیان بەرایێ حاجی حوسێن هۆدەیەکی لە ماڵی خۆیان دایێ. تا ئەو کاتەی بە هەرەوەزی خانوێکی سەرەبەخۆیان بۆ دروست کردن هەر لەوێ مانەوە، خوا هەڵناگرێ ئەولاش زۆری منەت پێبوو. لە زۆر جێیان پەسنی حاجی حوسێنی دەداو بەشان و باڵی هەڵدەگوت، دەیگوت :

"لەشم هی خۆمەو سەرم هی حاجی... هەرگیز لە چاکەی دەرناچم. ئەگەر ئەو نەبوایە خۆم و منداڵەکانم لەو چیاو چۆڵە گورگ دەیخواردین. ئەگەر ئەو نەبوایە... خۆم و منداڵەکانم لەو چیاوچۆڵە لە

برسان دەمردین. هەرگیز لە چاکەی دەرناچم. منداڵەکانی خۆمی لەبەر پێ سەربڕم هێشتا چاکەیم پێ نادرێتەوە!"

زۆربەی شەوان دادەنیشتن و باس دەهاتە سەر باسی تاڵانی عارەبان. هەموو بە تامەزرۆییەوە گوێیان بۆ رادەدێرا. جاریێ خەجەی ژنی حاجی لە هەمووان تامەزرۆتر بوو! هەر وشەیەکی باشی نەژنەوتایە، یاخود تێی نەگەیشتبوایە ، ئەوا لە جارێک زیاتر پرسیاری دەکرد. زۆر جاران بێدەستی خۆیان، وا لە خەمان پڕ دەبوون، لە تریقەی پێکەنینێیان دەدا! هەرگیز باوەڕیان نەدەکرد لەم دنیایەدا شتی ئاوا رووبدا! هەرگیز باوەڕیان نەدەکرد لەم دنیایەدا مرۆی ئاوا بێ چاو روو هەبن. هەنندێک جاری تر، کزگریان لەهەوکێ بمێنێ و ئەگەر لە شەرمان نەبوایە. دادەنیشتن و تا کوڵی دڵیان دادەمرکا دەگریان !

ئایشە زۆر لە ئەوڵای مێردی کۆڵدارتر بوو بۆ گێڕانەوەی باسەکان، ئەوەی کە خۆی تیایدا ژیابوو ،لە گوندەکەی ئەوان روویدابوو. وەک ئەوەی بەو گێڕانەوەیە تۆڵەی خۆی بکاتەوە. هەستی بە ئاسوودەییەک دەکردا! کە دیماهی پێدەهێنا تژی سیەکانی هەناسەیەکی شادمانی هەڵدەمژت!.

"ئێوە نازانن، کەس وەکو من شارەزایی ئەو دڕندانە نییە. ئەوانە مرۆڤ نین! ئەوەی من لەوانەم دیوە لە کەسم نەدیوە. نەخێر ئەوانە مرۆڤ نین و دڕندەن! کێهەی خۆی بە دۆست و نزیکت دەزانی، کێهەی بە پیاوو بەڕەوشتی تێدەگەیشتی، ئەو بەر لە هەموو کەسێک لە قاپی دەدای! بەر

لە هەموو کەسێک خۆی دەگەیاندە ماڵەکەی تۆ! ئەمە گوایا چاکەو پیاوەتیت لەگەڵ دەکات. کە ئەمە یەژم وانەبێ رقم لێیان بێتەوە ! بۆیە بەو لەگوینە باسیان دەکەم. نا... نەخێر... بەڵانەکونێ حەز دەکەم زاخی ئەوانەتان بۆ دەرکەوێ. بزانن چ توخمە سەگێکن. بزانن چ ژەهرە مارێکن!".

هەموو جارێ کە درێژ دادڕی دەکردو زۆری لەسەر دەڕۆیشت. ئەوەی شارەزای بوو، چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرد ،کە باسی دەستەخوشکە ئازیزەکەی بۆ بکا. چونکێ ئەو مکوڕ بوو ئەو باسە دووبارەو دەبارەو سەد بارە بکاتەوە. ئەو کە دەستە خوشکەکەی بینی، وایزانی بەتەنگیەوە هاتووەو گەرەکیەتی یارمەتی بدا. کەچی هێدم گربوو... هۆپەکی لە خۆزانی کە بینی دەستە خوشکەکەی بۆ تالانی ماڵەکەی هاتووە! کە دەگەیشتە ئەوەی گلیەکانی دەستە خوشکەکەی بگێڕێتەوە. هەموو جارێک پێکەنینی دەهات و دەیگوت:

"ئەو داوێن پیسە... ئەو سۆزانییە. بەرایێ کە هاتە ماڵەکەمان پشیەکم هاتەوە بەر. لەدڵی خۆم گوتم فریشتەیەو خوا لەم تەنگاویە بۆی ناردووم، هەر نەبێ کارێکی وا دەکات کەس دەست بۆ ماڵەکەی ئێمە درێژ نەکا. چەند ساڵ بوو یەکترمان دەناسی و نان و نمەکی ئێمەی کردبوو. کەچی زۆر سەیرم پێهات کە گوتی: - ئایشێ... خوشکێ خۆم. پێم بڵێ مافورەکانت داناوە ! ئەمن بیبەم باشتر لە یەکی تر! ئەوانە ماڵەکەت هەر تالان دەکەن. پێم بڵێ... مافورەکانت لە کوێ داناوە. لە

کوێت شاردۆتەوە. ئایشێ خوشکێ خۆم... مافورێکی گەلێک باش بوو. بۆ من بێت باشترە. چەند ساڵە یەکتر دەناسین بۆ کەسێکی نەناس بێبا!"

ئایشێ لێرەدا پێکەنینەکەی تێکەڵ بە نزگرەیەک دەبوو، دەنگی بەرزتر دەبووەوە. کەچی فنەیەکی لێوە دەهات و بەسەرخۆی نەدیەهێَنا!

"ئەو سۆزانییە ئەمەی دەگوت ، لە کاتێکدا بەدرێژایی حەوشەکە رایدەکردو مریشکەکاانی دەگرت. رکە یەک لەو ناوە بوو پڕی کردبوو. کێهەشی قەڵەوو باش بوو دەیبرد! بەڵام وادیاربوو داخی گەورەی بۆ مافورەکە بوو"

ئایشێ کە هەستی دەکر هەموو لە دورڕ زاری رامانیەو بە بایەخەوە گوێیان بۆ رادێراوە. سەری بادەداو درێژەی پێدەدا.

"لەوانەیە هەنوکە ئێوە لاتان شتێکی ئاسایی بێ. وەلێ ئەگەر توزێ لێی ورد ببینەوەو بیهێننە بەرچاو. لەبەر زەقەی چاوانت ماڵ و سامانت بەرن. ئەوەی بە درێژی تەمەن بەیەکت ناوە بە چاوتروکانێک نەیهێڵن ! مردنتان نەدیوە... یەژن ناخۆشە. بەڵام دڵنیا بن ئەوە زۆر لە مردنەکە ناخۆشترە. دەزانی ئەو ماڵەم بە چ دەردەسەریەک بەیەکەوە نابوو... ئەوە ئەولا بەرانبەرتانە لێی بپرسن... بزانن چۆن ئەو ماڵەم بەیەکەوە نابوو!"

ئەولاش هەموو جارێ لێرەدا پڕ هەڵدەماو دەتەقیەوە:

"کچێ سووچی خۆمان بوو... سووچی خۆمان. پیاو بۆ خوا یەژێ باشە، نەوێرو ترسنۆک بووین و زوو دەستمان دا. ئەگینا قەت ئاوامان بەسەر نەدەهات. کێخوا خۆ گوندەکەیان هەر یەک دوو گوند لە ئێمە دوور بوو، بۆ کەس نەیتوانی پووشکەیەک تالآنیان بکا. وەکو پیاوان لە هەر چوار دەوری گوندی سەنگەریان بەست. شەو رۆژ ئێشکیان دەگرت و پاسەوانی گوندەکەیان دەکرد. کەس نەوێرا تخوونیان بکەوێ. ئێمە ترسنۆک بووین. سووچەکە سووچی خۆمان بوو"

حاجی حوسێن لە سەربانەکە بەردەوام هاتوچۆی دەکردو تادەهات دڵی توندتر دەبوو، مشەی لێوە دەهات و لەبەرخۆی دەیوورتاند:

"ئێمەش سووچ وگونەی خۆمانە... تاوانی خۆمانە، ئەگینا ئەو دوژمنە گەمژەڵە هەرگیز نەدەشیا بەو لەوگوینە بەربێتە گیانی ئەو خەڵکە. ئەگەر دوو نەفەر لەو چیایە بەدڵسۆزی شەڕی کردبێ لەشکری دنیایێ دەروەستی نەهاتووە! هەموو لەگەڵ یەک ناتەباو ناکۆکین. دوو گوجیلە سەگ لەو لاوە تۆڕی دەکرێت. دێن بەلاشەو کەلاکی ئێمە خەنی دەبن... سووچ و تاوانی خۆمانە"!...

هەتاوەکونێ لەگەڵ زەڕینی گوێدرێژەکە زریزەی خەیاڵی پچڕا ، بەردەوام بیری دەکردەوەو منجەی لێوە دەهات. کە ئاوڕی دایەوە، خەجەی خێزانی بوو. ڕێشمەی گوێ درێژەکەی لەدەست بوو هێدی هێدی بەرەو لای دەبووەوە. هێشتا نزیک نەکەوتبووەوە کە حاجی نەڕاندی:

–هاتیەوە...؟ سندان لە خۆت و ئەو ئاردەی بدا کە تۆ دەیهێنی. ئەوە کارە تۆ دەیکەی!

–ئەوە لەباتی ماندوو نەبوون کردنە وانییە؟! لەباتی چاکەی حەفتێ گوندم بڕیوە هەتاوەکونێ ئاردو شەکرم بۆ هێناوی. توو ئەوخوایە ئەوە کاری ژنانە؟ بەڵانەکونێ کە تۆ نەوێری بچییە شار من چی بکەم! ئەوە لە باتی ماندوو نەبوون کردنە. مرۆڤ لە دین وەردەگێڕی!.

خەجێ کەوێدەچوو زۆر ماندوو ببوو ،لە گیانی خۆی بێزار بوو، وەکو فیشەکە شێتە تەقییەوەو ئەو چەند پەیڤەی بە توورەیی درکاند. حاجی لەباتی ئەوەی وەرامی بداتەوە. بە گورجی لەسەربانەکە دابەزی. رێشمەی گوێ درێژەکەی گرت و لە ئەستوندەی هەیوانەکەی بەستەوە:

–ماڵت بە قوی نەگیرێ... خۆ رێی هات و نەهاتێ نەبوو... چیت کرد؟! لەوکاتەی تۆ ئۆغرت کردووە من کەلەم نەکەوتۆتە زەوی. نەدەبوایە تۆزێ بلەزینی. قەت بیرت لەوە نەکردەوە ماڵت بەچۆڵی جێ هێشتووە!

–هەر واز بێنە حاجی... واز بێنە. بەدەردی خۆم کەوتوومەو خەریکم لە پیستەی خۆم دەردەچم... هەر واز بێنە!

–دڵم سەد خەتەرەی کردووە. گوتم دەبێ چی بەسەر هاتبێ، بۆ نەهاتەوە … دەبێ گیرابێ... دەبێ کوژرابێ... لەوەتای رۆیشتوویتە هەزارویەک بیری دزێوم بەمەژی داهاتووە. هەرگیز بەو لەگوینە گیرۆ نەبووی و هێندەت وێ نەچووە!

به هێواشی ئەو پەتەی کردەوە کە شەکرەی پێ بەسترابووەوە. تەماشایەکی خەجەی کرد. بەرانبەری لەسەر چیچکان دانیشتبوو.

–بۆ ڕۆیشتی. هەڵسە لەگەڵم بێنە خوارەوە. سەیری چۆن تەماشام دەکات!

خەجە بە بێزارییەکەوە هەڵسایەوە. وا بەگرانی قیت بووەوە دەتگوت ئەو گۆی زەویەی لێ بارکراوە:

–مردم... پسام... توانای هیچم نەماوە. بەس با هەنجەتت ببڕم. وێدەچێ ئەمڕۆ شتێک ڕوویدابێ. گەرەکتە داخی دڵی خۆت بە من هەڵڕێژی! ناوی خوا بێنە حاجی، سوپاسی خوای بکە. لە بنی دنیایێ شەکرم بۆ هێناوی. سوپاسی خوا بکە.

هەریەکە سوچێکی فەردەکەی گرت و لەسەر گوێ درێژەکەیان هێنایە خوارەوە. بەلاکەلاک بردیانە ژوورەوەو لەسەر هەرزاڵەیان دانا. کە گەڕانەوە دەرەوە، حاجی لەبەر هەیوانەکە دانیشت و مشەیەکی لێوەهات!

–چییە حاجی بۆ مشەت دێ. دڵت تەنگ دیارە، دەڵێی شتێک ڕوویداوە؟!

–هیچ نییە، لە خەم و مەراقی ئەو دنیایە زیاتر هیچی دیکە نییە!

–ماڵت بەقوڕ نەگیرێ تۆش دەڵێی سەری دنیات بە دەرزی دووریوەتەوە. خەم لە هەموو شتێک دەخۆی!

–واز بێنە خەجە... واز بێنە. برینم مەکولێنەوە. تۆ هەر لەسەر فاک و فیکی خۆتی، وەکو ئاژەڵ دەژی! نە لە دنیایێ تێدەگەی نەهیچ... ئالیکت هەبێ بەستە، بیر لە هیچی تر ناکەیتەوە!

خەجە ماوەیەک تێی راما، هیچی نەگوت. بە پێچەوانەی هەموو جارێک کە لە کاتی ئاوادا نەیدەبڕیەوەو درێژەی پێدەدا. ئەمجارەیان بێدەنگ بوو. زانی مێردەکەی زگارە، گرێیەکی لە دڵ دایەو هەناسەی لێبڕیوە! بۆیە هیچی نەگوت.

–پیاو نازانێ لەو دنیایە چیبکا! پێمگوت کورم مەڕۆ... کاکی خۆم مەڕۆ... تۆ منداڵی و چ لە دنیایێ ناگەی. هەر بە قسەی خۆی کرد. ئەو کچەتیوەش لەو خەراوتر. هەر بە گوێی خۆی دەکات تۆ بۆی بڕێسەو ئامۆژگاری بکە ئەو هەرکلکی بادەدا!

خەجێ نەشیا زیاتر بەبێدەنگی بمێنتەوە، گوتی:

–چییە حاجی... ئەوە باسی چیدەکەی... ئەی کوا پەخشان؟!

–لەگەڵ ئەو ئامۆزایە کەرەی چۆتە ملشکانێ!، چۆتە داران. گوتم کورم مەڕۆن. من رۆژی هەزارویەک قسە دەژنەوم. هەزارویەک کارەسات و رووداوم گوێ لێدەبێ. ئەو کەراتیە مەکەن. لە کاولگۆکەی خۆتان دانیشن. بە قسەیان نەکردم.

خەجێ بەسەرسامیەوە دەنگی هەڵبڕی:

–چیە هەڵۆ هاتۆتەوە؟! ئەی بۆ وات نەگوت ،لەگەڵ هەڵۆی چوویتە داران!؟ جا چی تیایە حاجی ئەی برای خۆی نییە. جا چی تیایە... خوشک و برا لەگەڵ یەک چووینە داران.

–من چی یەژم تۆ چی یەژی... من بۆ کوێی دەبەم، تۆ لە کوێی وەردەگریەوە!

ئەوان خەریکی ئاخاوتن بوون. کە لەلای راستیانەوە خشپەیەک هات، کە سەریان بەرزکردەوە. هۆگریان بینی دارێکی لە دەست بوو بەهێواشی بەرەو ماڵ دەبووەوە. هۆگر تەمەنی لە دەوری دوانزە ساڵێدا دەبوو. رووت و بنێس و دەستی چەپەی گۆج بوو. لەبەر ئەوە زۆر جاران هەر بە گۆجە گازیان دەکرد. لە هاوتەمەن و ئاوقەرانی خۆی کەس نەدەوێرا وای پێیەژێ. بەڵام گەورەکان جار ناجار وایان بانگ دەکرد. ئەویش بەشەرمەوە سەری دادەنەواندو هیچی نەدەگوت. بەڵام بزووتنەوەیەکی وایدەکرد کە خۆی لە خۆیدا نارەزاییەکی گەورە بوو! زۆربەی خەڵکی ئاوایی خۆشیان دەویست. هەر کارێکی پێیان گوتبا نەیدەگوت نا. هەمیشە دەستە گۆجەکەی دەبەرپشت بەندەکەی بوو. ئەگەر کارێکی بەدەستەکەی تر بۆ ئەنجام نەدرایە، ئەگینا ئەو دەستەی قەت دەرنەدێنا. بەردەوام هەوڵی دەدا خۆی لە پرسیاران بپارێزێ. گەلێکی لەلەش گران دەبوو کە یەکێک ئەو باسەی لەگەڵ کردبوایە. بە پێچەوانەی ئارەزووی خۆشی. ئەوەی بۆ یەکەم جار دیبوای یەکسەر دەکەوتە پرسیاران:

––دەستت بۆ وایە؟

--نازانم.!..

--هەر خۆی وابوو یاخود وای لێهات!

--هەر خۆی وابوو.

--یانی زگماکە؟

--ئا...

هەموو پرسیارەکانی بە کورتی وەرام دەدایەوە. بە شێوازێکی واش ئەوەی تۆزی مەژی هەبوایە هەستی بە پەستی و بێزاری دەکرد ! جا هی وا هەبوو لە کورتی دەیبڕیەوە، هی واش هەبوو درێژەی پێدەداو بە ئامان و زەمان نەیدەبڕیەوە! هەتا ئەو دەمەی هۆگر بە وەڕەزییەوە، بە بێئەوەی بایەخی پێبدا، ملی ڕێی دەگرت و بە هێواشی لێی دوور دەکەوتەوە.

-کا وەرە... بزانم بۆ کوێ دەچی؟

حاجی حوسێن لەپڕ رووی لە هۆگر کردو ئەو پرسیارەی کرد.هۆگر ماوەیەک سەیری کرد، نیگایەکی ئاڕاستەی قاچەکانی کرد. زەنگاڵەکەی قاچی چەپی کرابووەوە، داهاتەوەو کەوتە بەستنەوەی . لە هەمان کاتیشدا لەبەر خۆی و بە دەنگێکی نزم وەرامی حاجی دایەوە:

-دەچمەوە ماڵ!

-باشە ئەگەر باوکت لە ماڵ بوو، ئاگادارم بکەوە.

هۆگر لەسەر لەقاندێک زیاتر هیچی نەکرد. بەهێواشی دەستی بەرۆیشتن کردەوە.

خەجێ کەوا دیاربوو نەیدەویست جڵەوی باسەکە وا بە ئاسانی لە دەست بدا. دوای تاوێ بێدەنگی هەڵیدایە.

– باشە حاجی، نەتگوت مەبەستت چی بوو! دەڵێی شتێک لە ئارادا هەیەو من نایزانم. وێدەچێ شتێکم لێ وەشێری! بڵێ بزانم !

حاجی نیگایەکی ئاماژە کردو تاوێ لێی ورد بووەوە.

–چی یەژم... دەڵێن دیسان کۆپتەر فێر بووەو کچی جحێل دەفڕێنێ. زۆر دەترسم بەم دواییە ئابڕوومان بچێ! تۆ سەیری کە چیمان بەسەر هاتووە. تووشی چ رۆژە رەشێک هاتووین!

–ئەی باشە هەڵۆی لەگەڵ نییە؟

–جا هەڵۆ چی پێدەکرێت... ئەو بستە منداڵە بەرانبەر کۆپتەرێکی گەورەو گران چی پێدەکرێت!

–وا مەڵێ حاجی... قەت وا مەڵێ، خۆت نەتبینی چۆن شەڕێکی کرد. لەبەر زەقەی چاوانی تۆ گەلە گورگێکی دوژمنی راونەنا؟! خۆت نەتبینی چۆن شەڕی کرد. وا مەڵێ،هەر خۆت پێوەی دەنازیی و شانازیت پێوە دەکرد. دەتگوت قەت نەمدەزانی ئەو هەتیوە هێندە ئازاو بەجەرگە، هێندە کۆک و لە خۆبوردووە، خۆت نەتدەگوت قەت نەمدەزانی هەڵۆ، ئەو هەڵۆیەی لێدەردەچێ! کاتی خۆی بەشداری زۆر شەڕانم. زۆر کەس لە

تەکم شەڕی کردووە. زۆر کەس لە تەکم هێرشی بردووە. مرۆڤی ئازاو چاو نەترسم زۆر دیوە، بەڵام پەسن و بەخۆ هەڵدان نەبێ قەت وەکو ئەو برازایەی خۆم نەدیوە. هەتاوەکونێ ئێستێ شەڕکەرێکی وام نەدیوە. ئەی بەزاری خۆت واتنەدەگوت. ئەگەری چییە هەنوکە وا دەڵێی! من سەد کەڕەت بەو گوێیانە ئەوەم لێ ژنەوتووی!

–راستە خەجێ وامگوت... هەنوکەش وادەڵێم. نەک من زۆربەی هاوەڵەکانی خۆیشی وا دەڵێن. ئەوانەی کە هاو سەنگەرین وا دەڵێن ، زۆربەی خەڵکی وادەڵێ. بەڵام ئەو کۆپتەرە سەگباب خێوە هی ئەوە نییە بە لوولەی تفەنگێ شەڕی بکرێ. ئەوانە بێ دینن، بێویژدانن، ئەگەر دە کۆپتەر بۆ ئەو منداڵە بنێرن لایان ئاساییە!

–ئەوە چی یەژی حاجی... چۆن تفەنگ دەرەقەتی کۆپتەر نایێ، ئەگەر تفەنگ بکەوێتە دەست خاوەنی خۆی دەرەقەتی دێ و زیاتریش. تا ئێستا چەندیان لێ بەرداونەتەوە. هەر گوێشی مەدەرەێ هیچ دڵ لە دڵ مەدە. مادامەکونێ هەڵۆی لەگەڵ دایە تەقەی سەرت بێ!

–بەدەست خۆم نییە... نازانم بۆ وا رەشبین بوویمە. ترسێک دڵمی گرتۆتەوە ، دەرناچێ و دەرناچێ. زۆر دەترسم تووشی نسکۆیەک بین. دەترسم خەجێ... بێدەستی خۆم... دەترسم. هەرچەندەی بیریش لێدەکەمەوە ، نازانم سۆنگەی ترسەکە چییە ! وەک بڵێی هەنوکە نا هەنوکە شتێک روو دەدا، ئازیزێکت لەبەرچاوی سەردەبڕن. دەترسم خەجێ... دەترسم. نازانم سۆنگەکەشی چییە!

خەجێ لەگەل ئەو پەیڤانە رەنگی گۆڕا. ترسێک خۆی بە روخساری ئەویشەوە لکاند:

–مادامەکونێ ئاوابوو بۆ ریگەت دان؟! من لە جێگەی تۆ بام رێگەم نەدەدان. کارێکی خەراوت کردووە. من دڵنیام هەڵۆ دەتوانێ بەرگری لە خۆیان بکا. وەلێ مادام دڵت دەترسێ. نەدەبوایە رێگەیان بدەی! پشت بەخوا هیچ شتێک نابێ، وەلێ نەدەبوایە رێگەیان بدەی!

–نەمتوانی دڵی بشکێنم. خۆت دەزانی هەڵۆم چەند خۆش گەرەکە، نەمتوانی دڵی بشکێنم. هەمانەو نیمانە هەڵۆ... نا... نەخێر... هەرچەندەی بیرم کردەوە، نەمتوانی دڵی بشکێنم.

–باشە حاجی... ئەوەی خوا نەکا نابێ، ئەرێ لەرێگادا بیرم لە شتێک کردەوە. لەوانەیە گاڵتەت پێ بێت، یاخود زویر بی، بەڵام من هەر دەیڵێم ! یەژم چۆنە ئەگەر پەخشان لە هەڵۆ مارە بکەین. بەڕای تۆش وا باش نییە؟! ئامۆزای خۆیەتی و لەو باشترمان چنگ ناکەوێ. لەوماڵەشدا گەورە بووەو وەکو کوڕی خۆمانە. ئەگەر ئەو کارە بکەین هەرگیز لە دەستمان بەرهەڵدا نابێ، رۆژێک لەرۆژان بیر لەوە ناکاتەوە جێمان بهێڵی! ئەو چەک هەڵگرتنەشی تاسەر نابێ! رۆژێک هەر دەگەینە ئاوات و دێتەوە. جا ئەگەر پەخشانمان دایێ. دێتەوە ئێرە. ئێمەش پێیان دەحەسێینەوە. ئەی چۆن ... تۆ بیرت لەمە نەکردۆتەوە!؟ دوا رۆژ چیدەکەی. کێ راژەت دەکات! ئەگەر وابکەین ، هەرگیز ماڵمان کوێرنابێتەوە. بگەڕێتەوەش دێتەوە کن خۆمان!

حاجی لەگەڵ ئەو گلیانەی خێزانەکەی واقی وڕما. زۆر بەزیخ و زیرەک لە ژنەکەی گەیشت ! ئەو تەمەنەی لەگەڵ بەسەر بردبوو قەت وەکو ئەو ساتە بەو زیرەکییەی نەهاتبووە بەرچاو! ئەویش زۆرجاران بیری لەو مەسەلە کردبۆوە،کەچی تا ئەو دەمە بە هەندی هەڵنەگرتبوو نەیدرکاندبوو!

–راست دەکەی خەجە... منیش ئەوەم لا راستە. بەڵام وەکو دەبینم ئەوانە وەکو خوشک و بران!

–ئەوان منداڵن نازانن چۆن بیر دەکەنەوە، نازانن بەرژەوەندی ئەوان لە کوێدایە! پێویستە ئێمە ئەو شتەیان بۆ روون بکەینەوە. کارەکە بێ رێ و جێی تیا نییەو لەسەر فەرمایشتی خواو پێغەمبەرە، نەشوورەییەو نەهیچ!

–وایە... خەجێ وایە. منیش یەژم شووەریی تیا نییە. بەڵام ئەوان وا ناڵێن ! پاشان بۆنی شتێکی ترم لەو هەتیوە کردووە. زۆر لە دەوری کێخوا ووسو دەخولێتەوە. دەترسم ئەو ماستە موویێکی تیابێ. بزووتنەوەو هەڵسوکەوتەکەی جێی گومانە!

–بۆ... هەر نینۆکێکی پەخشان سەدی وەکو بەفرین دێنێ، پەخشان لە کوێ و بەفرین لە کوێ!

–وەکو یەژن دڵ مێشەو لەسەر هەموو شتێک دەنیشێتەوە! ئەویش وێدەچێ وای پێخۆش بێت ! هەرچۆنێکی بێ ئێمە بێسوود خۆمان

ماندوو دەکەین. لەوانەیە بە سەهوو چووبین! جارێ چ لە ئارادا نییە. با هەڵۆ ببینم خۆم باسەکەی لەگەڵ دەکەمەوە. با تامی زاری ئەویش وەرگرم، بزانم چی یەژێ، هەرچەندە دڵنیام بێسوودە. دڵنیام ئەو بە پێکەنینەوە وەرامم دەداتەوەو زۆر لە سەرخۆ یەژێ:

"ئەوە تۆ چی دەڵێی مامە، کەی ئێستا کاتی ئەو شتانەیە، خۆت دەزانی من پێشمەرگەم ! دەزانی پێشمەرگە یانی چی!؟ یانی چەک لە دەستم و بەرگری لە کوردستان دەکەم. هەر رۆژە لە شوێنێکم. هەر کاتێک بکوژرێم دەکوژرێم! جارێ بیر لەو شتانە ناکەمەوە. پاشان کەسیش نا پەخشان. خوشکی خۆم ... خوشکە خۆشەویست و ئازیزەکەی خۆم ! چۆن ئاوا بیر دەکەیتەوە! مامەگیان ... تکا دەکەم جارێکی تر وا بیرمەکەوە. من هێشتا بیرم لە ژن هێنان نەکردۆتەوە. با سەرکەوین... ئەو کاتە بیرێکی لێ دەکەینەوە!"

دەزانم من هەرکە لێوم بزووت ئەو ئیوها دەڵێ . رێ وراست ئیوهام وەرام دەداتەوە. خۆم بەخێوم کردوە دەیناسم. کەس وەکو من شارەزای نییە. پێویست ناکا سەری خۆمان بیەشێنین. پێویست ناکا هەر بیری خۆشمانی پێوە خەریک بکەین"!

–ئەگەر بەتەمای ئەوە بێ شۆڕش تەواو بێ ئەوجا ژن بهێنێ. با بۆ خۆی گۆڕێک هەڵکەنێ و بچێتە ناوی! تا ماوە دەبێ بەرەبەنی بمێنێتەوە! کێ دەزانێ شۆڕش کەی سەردەکەوێ! بەڵکو دە ساڵی تر داژوا ! پاشان شۆڕشکردن چ رێیەکی لە ژن هێنان گرتووە!؟ ئەو بەلایەک

ئەوەی دیکە بەلایەکی تر. وەکو دەڵێ َن مەڕ بەپێی خۆی و بزن بەپێی خۆی. بەخوا ئەگەر ئەو تەمایەی هەبێ ، هەرگیز ناتوانێ ژن بێنێ. تۆ لە جێگەی باوکی ئەوی، ئامۆژگاری بکە. ڕێی ڕاستی پێ نیشاندە. ئەو بستە منداڵێکەو هێشتا لەو شتانە ناگا. پێویست ناکا ئامۆژگاریت بکەم، خۆت دەبێ چاک بزانی لەو کاتەدا چ ئەرکێک لە ئەستۆی باوکدایە. بابە ئەوا گوتمان لە دەوری ماڵی کێخوا ووسووی دەخولێتەوە، پەخشانیش وەکو خوشکیەتی، ئێ خۆ بەفرین وەکو خوشکی نییە. ئەوی بۆ دێنین! لەو بڕوایەدام کێخوا دەستی هەموو کەسێک ڕەت بکاتەوە، دەرگا لەڕووی تۆ داناخا! ئەوی بۆ دێنین. گرنگ ئەوەیە ژنی بۆ بێنین! حەز دەکەم نەمرم و منداڵی ببینم! تۆ بیر لەوە بکەوە ئەگەر پەخشان بەیانی چووە ڕێگەی خۆی کێ ڕاژەی ئێمە دەکات. خۆ ئەو برە هێزو شنگەی هەمانە تا سەر نابێ. پێویستمان بە یەکێک دەبێ ئەو ماڵە بەڕێوە ببا. ئەی چۆن... دنیا هەروا ڕۆیوەو هەروا دەڕوا. ئێمەش لە جێی گشت کەس هەڵۆمان هەیە ! ئەگەر هاتەوە دەبێ ئەو باسەی لەگەڵ بکەیتەوە. بەڵکو ڕازی بوو! ئەوە دنیایە... مرۆڤ زۆر جار بەلەگوێنێ لە شتێک دەگاو بە لەگوێنێکی تر دەردەچێ. لە خوا زیاتر کەس نازانێ چ لە نێو دڵان دا هەیە. کەس لە دڵی کەس نییە...تۆ باسەکەی بۆ بکەوە.

–باشە... کە هاتەوە لەبەر دڵی تۆ باسەکەی لەگەڵ دەکەمەوە. وەکو خۆشت گوتەنی ئەوە دنیایە بەڵکو ڕازی بێ !

خەریک بوو درێژەی پێدەدا، کاتێ لە دوورەوە دەنگێک هات و بەرایی بەنزمی پاشان بە هێزتر چەند جارێک دووبارە کرایەوە:

-مام حاجی... مام حاجی.

حاجی بەر هەیوانەکەی بەجێهێشت و چەند هەنگاوێک دوورکەوتەوە. هۆگری بینی بە دەست دیاردی دەکردو یەک بە دەنگیشی هاواری دەکرد. دەنگەکە بە ئاسانی دەبیسترا:

-باوکم لە ماڵە... گوتی چاوەڕێیمە.

-کا وەرە پێش... بزانم چی یەژی.

هۆگر بەڕاکردن بۆ لای ڕۆیشت. کە گەیشتە بەرانبەری ، وەستاو هەناسەیەکی قووڵی وەدەرناوە. کە خۆی لە خۆیدا نیشانەی ماندووبوونێک بوو! بزەیەکی کەوتە سەر لێوان.

-یەژم باوکم لە ماڵە... چاوەڕێتە.

-ئەی بۆ وا لە دوورەوە هاوار دەکەی! کەرە... کەس ئاوا ڕەفتاری کردووە. جارێکی تر شتی وانەکەی... باشە؟! دەنا گوێچکەت لەبنەوە دەردێنم... کەرە... تۆ پیاوی... کە یەکێک کارێکت پێدەسپێری، وەکو پیاوان ئەنجامی بدە. چۆن دەبێ ئاوا لە دوورەوە گازبکەی. جارێکی تر کاری وانەکەی... باشە؟!

-باشە...!

هۆگر گرژیەوەو بە شەرمندەییەکەوە ئەمەی گوت:

–ئافەرین کوڕی خۆم... چۆنم پێگوتی وا بکە، سەیری سمێلت بکە... گووگرە بووە! دەبڕۆ دەی... بەڵام وەکو پێمگوتی... باشە؟.

--باشە...!

هۆگر هەنگاوی ناو وردە وردە لێی دوورکەوتەوە. تاوێ بە هێواشی رۆیشت. پاشان ئاورێکی لە حاجی دایەوەو تێی تەقان، بەراکردن لە نێو ماڵەکان شۆڕبووەوە.

هەر تاوێ دوای هۆگر... حاجیش لە جێگاکەی هەڵسایەوەو بۆ نێو گوندی هەنگاوی نا. دوای ئەوەی حاجی رۆیشت. خەجێ زێتر هەستی بە ترسەکە کرد!

" کارێکی ناپەسندیان کردووە چوونە... نەدەبوایە وابکەن"

دڵی تک تک لێی دەدا. دەچووە ژوورەوە و دەهاتە دەرەوە، دەهاتە دەرەوەو دەچووە ژوورەوە:

" ئەو گاورانە لە خوا ناترسن. ئەگەر کۆپتەر بێ ، بێگومان پەخشان دەڕفێنێ، هەڵۆش دەکوژن...! ئۆی کوڕیژگەی خۆم... ئۆی کیژۆڵەی خۆم. بە خوا ئەگەر پەنجەیەکتان زامدار بێ من شێت دەبم"

پاشان گەڕایەوە ژوورەوە . لەسەر جێگاکەی لەسەر گازەرەی پشت راکشا. چاوەکانی بەرانبەر ساپیتەکە لە مۆلەق راگرت. دەستی کرد بە ژماردنی کاریتەکان. چەند جارێک هەمووی ژمارد. پاشان قیت بۆوە،

بیری کەوتەوە کە پێویستە بۆ ئێوارە نانێک ئامادە بکا. بە گرانابییەکەوە هەڵسایەوەو هەمدیس چووە دەرەوە...

## (4)

هەوایەکە تا دەهات زیاتر فێنک دەبوو. وردە وردە مەیلی ساردیشی زیاتر پەیدا دەکرد. تەق... تەق... تەق...تەقەی بیورەکە لەو ناوە دەنگی دەدایەوەو لە دوورەوە دەبیسترا. هەڵۆ چۆغەکەی لەبەر کردبووەوەو بەتاقی کراسی بوو.. تفەنگەکەی لەسەر چۆغەکە . لە نزیک خۆی دانابوو. زۆر بە زاناییەوە بیوری رادەوەشاندو داری دەبڕیەوە. ناوەناوە بەبنی چاوی تەماشای پەخشانی دەکردو لەبەر خۆی دەگرژیەوە! هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبوو هێندە زۆرزان و ئۆینباز بێ! بەرایێ کە لە ماڵ وەدەرکەوتن ئەو گومانی کرد کە شتێکی لە دڵ دایە. بەڵام نەیدەزانی چییە! بزووتنەوەو هەڵسوکەوتەکەی وایان دەردەخست. ئەم دەیویست بۆ لایەک هەنگاو بنێن ئەو بە ئەنقەست بۆ لایەکی تری دەبردەوە. چەندەی هەنگاویشیان دەنا، هێندە زیاتر رەنگی هەڵدەبزڕکا! چەند جارێک بەناڕەزاییەوە گوتی:

-بۆ رێگاکە دوور دەکەیتەوە. ئێمە دەچین دار بێنین یا لە نێو ئاوایی بسوڕێینەوە؟! گاڵتەت بە هەموو شتێک دێت. بۆ بە ئەنقەست رێگاکە دوور دەکەیتەوە!

-هیچ جیاوازییەکی نییە. نەرێگا دوورکردنەوەیەو نەهیچ، وەکو یەژن هەموو رێگایەک دەچێتەوە بانە!

پەخشان سەیری کردو بە توانجێکەوە ئەمەی دەگوت! بە رەفتار وای تێدەگەیاند کە ئەو ئاگای لە هەموو سەین و بەینێکە! هەڵۆ لە خۆی بەگومان کەوتبوو. چەندەی بیری دەکردەوە. لەو باوەڕەدانە بوو پەیڤێکی زەلاند بێ. نەوەک لە کن پەخشان بەڵکو لە کن هیچ کەسێک. پێی جوان و دروست نەبوو شتی وا لە کن خەڵک باس بکرێ. بە تاوانی دەزانی لە خت و خۆڕایی کچە ناوبەد بکا! هەر لەبەر ئەو ئەگەرەش بوو ، هەوڵی دەدا زۆر بەلایماڵیان دا رەتنەبێ. گەلێ جاران دەگەیشتە ئەو بڕیەیەی ببڕهای ببڕ بەوێدا تێنەپەڕێ. کەچی نەیدەتوانی ئەو وادەی جێبەجێ بکات. ماوەیەک رابردبوا دڵی تک تک لێیدەداو لەشی وەخورشت دەکەوت!

بەفرین چەندەی بڵێی کەمۆو جاقی بوو. پێش ئەوەی هەنگاوێک هەڵێنی ، ئەو دەیزانێ بۆ کوێ دەچێ! بەباشی شارەزای دەروونی گراوەکەی ببوو. گەلێ جاران بە ئەنقەست خۆی نیشان نەدەدا ، ئەمە هەڵۆی تووشی زگاری دەکردو جڵەوی لە دەست دەدا!

خۆشی سەرسام بوو. نەیدەزانی بەفرینی چۆن هێندە خۆش گەرەک بوو! ئەوان بەیەکەوە گەورە ببوون. ئەو دووسێ ساڵانیش لەو گەورەتر بوو. بە منداڵی رقی ئەو دنیایەی لێی بوو. بەو بوایە دوژمنی خۆی دیبوا ئەوی نەدیبوا! هەرگیز لەگەڵی نەداخاوت، یاری لەگەڵ نەدەکرد. گەلێ جارانیش دەبووە دەمەقاڵیان و بە پرچی لەدوای خۆی رادەکێشا. بەم دواییەش زۆر کەڕەت بەفرین ئەوەی بەچاوی دەدایەوە. بە گاڵتەوە دەیگوت:

"وای بابە سەرم... هەنوکەش سەرم ژان دەکات. بێژە هەڵۆ چۆن دڵت دەهات وا بە پرچی رامکێشی. خۆ من هیچم نەکردبوو، باوەڕ بکە ئێستاش نازانم لەسەر چی بوو!"

هەڵۆ تووڕە دەبوو. دووچاری شەرمندەیی دەبوو لەسەرخۆ دەیگوت:

"تکا دەکەم کۆنە کایان بەبامەکەوە. نازانم سۆنگەی چییە هەموو جارێک ئەمە دووبارە دەکەیتەوە، وەک ئەوەی گەرەکت بی تۆڵەم لێ بکەیتەوە!"

زۆر پەژیوان دەبووەوە. نەیدەزانی چۆن بەو لەگوینە رەفتاری لەگەڵ ئەو فریشتەیە کردووە! بەفرین بەگوێرەی ئەو... یاخود لەبەرچاوانی ئەو ببووە فریشتەیەک. حەزی دەکرد هەمیشە بیلاوێنیتەوە... گلی و قسەی خۆشی بۆ بکا. رووداو بەسەرهاتەکانی خۆی بۆ بگێڕێتەوە... ئەویش زۆر بەتامەزرۆییەوە گوێی بۆ رادەدێرا.

بە منداڵی هەرکە چاوی بە بەفرین کەوتبا ، بێدەستی خۆی دەهری دەبوو. بەو بوایە وەکو چۆلەکە سەری هەڵبکێشێ. منداڵێکی چڵمن و پیس بوو، کراسێکی کورت و دڕاوی لەبەر دەکرد. هەمیشە پێخاوس بوو. هەرچەندەی دیقەتی دەدایە زێتر رقی لێدەبووەوە!

هەڵۆیان بۆ خوێندن ناردە شار. تەنیا پشووی نیوەی ساڵان و سەرە ساڵان دەگەڕایەوە گوندی، ئەگینا لە شار لە ماڵی کاڵێی ئامۆزای بوو. ئەگەر چی بەخۆی زۆری هەوەس بە خوێندن نەدەهات. وەلێ حاجی

حوسێن مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێ خوێندن تەواو بکا. هەرکە ئەو باسی خوێندنی دەکردو ناڕەزایی بەرانبەر قوتابخانە دەردەبڕی:

"قوتابخانە چییە... من لێرە یارمەتی تۆ بدەم باشترە! ئەوە سوودی زیاترە. پاشان تۆ نازانی مامۆستاکان چەندە خەراون. ئەگەر شتێک نەزانی دارکاریت دەکەن! بە راستە لە پشتی دەستت دەدەن ! من ناچمە قوتابخانە. تۆ بەتەنیا ئەو هەموو کارانەت پێناکرێ. پێویستت بەیەکێک هەیە یارمەتیت بدا. من یارمەتیت دەدەم! هەرچی یەژی بۆتی دەکەم، ئامادەم هەموو جۆرە کارێک بکەم. ئەگەر حەزدەکەی دەبمە شوان... مەڕت بۆ دەچەلینم. باشترین شوانم! باوەڕ بکە کەس ناتوانێ وەکو من مەڕەکان تێر بکا. ئەگەر هێشتم گورگ یەک دانە بخوا، ئەوا هەرچی دەڵێی بیڵێ. سەرم ببڕە... هیچ باکم نییە. ئەو کاتە شایەنی سەربڕین دەبم! ئەگەر یەژی لەگەڵ تۆ دەبم . ئاودانێ دەکەم... زەوی دەکێڵم... هەرچی یەژی دەیکەم. زۆرم هەوەس بەو کارانە دێ. بەڵام تۆ نازانی قوتابخانە چەند ناخۆشە! وای ئەگەر دەتزانی مامۆستاکان چەندە خەراون. دڵنیام خۆت نەتدەهێشت بچم. ئەوکاتە خۆت دەتگوت: کوڕم هەڵۆ وەرەوە ماڵ. سندان لەو نانەی بدا کە لە خوێندن دەستت دەکەوێ. چ لە برسانیش نەمردووی... هەتاوەکونێ من مابم نایەڵم چاوت لە دەست کەس بێت. وەرە دانیشە... لەگەڵ من بە. خۆ تۆم بۆ ئەوان بەخێو نەکردووە..! دەزانم ئەگەر بتزانیایە خۆت نەتدەهێشت" !!!

حاجی خۆی تیژ دەکردەوەو لەسەرێکی ترەوە بۆی دەچوو. ئامۆژگاری دەکردو رێنمایی دەکرد. ئەگەرچی دڵنیا بوو کە هەڵۆ وازی لە خوێندن نییە. لەگەڵ ئەوەش کۆڵی نەدەدا. بەو گلیانە هەڵنەدەخەڵەتاو دەیگوت:

"نا... کورم... نا... پێویستە بخوێنی. مەلا مەحمود یەژێ خوێندن چاوی مرۆڤانەو دنیای پێدەبینن. یەژێ خوێندن وەکو خۆری گەش وایە بۆ مرۆڤان دنیای تاریان بۆ رووناک دەکاتتەوە. یەژێ... دەزانی خوێندن چەندە پێویستە بۆ ئێمەمانان. لە هەموو خەڵکی زیاتر پێویستمان پێیەتی... کورم بخوێنە... مەلا مەحمود یەژێ خەڵکی بە خوێندن فێری زۆر شت دەبن، دەگەنە زۆر شت! یەژێ هەتاوەکونێ ئێستا دوژمنی هەرەگەورەی ئێمە نەخوێندەوارییە. ئەگەر مرۆڤ بخوێنی فێری قورئان خوێندن دەبێ. هەموو هێویەکم ئەوەیە رۆژێ سوورەتێ لەزاری تۆ ببیەم. ئەدی کورم... تۆ نازانی... درۆشم لەگەڵ مەکە، مامۆستاکانتان هەموو کوڕی باشن. هەمووی بەرژەوەندی تۆیان گەرەکە. ئەگەر دارکاریشت بکەن هەر بۆ بەرژەوەندی تۆیانە. دەمەوێ خەڵکی یەژن کوڕی حاجی حوسێنی لەشار دەخوێنێ" !

هەڵۆ بە هەزار نزاو تکا توانی قۆناغی سەرەتایی ببڕێ. ئیتر دوای ئەوە نەچوو وازی لە خوێندن هێنا. هەرچەندەی لەگەڵیان گوت ، سوودی نەبوو. هەر ئەو وازهێنانە بوو ئیدی نەگەڕایەوە. هێشتا قوتابی پۆلی شەش بوو. کە جارێکیان گەڕایەوە ماڵ. خۆشی نەیزانی چۆن بوو لە ماڵی کێخوا ووسوی پرسی. گوتیان باری کردووەو لێرە نەماوە، بۆ باری کردووە... ئەو ژیانی خۆی لەو گوندە بەسەر بردووە، چۆن وا

بە ئاسانی دەست بەرداری دەبێ!؟ ئەمەو زۆر پرسیاری تر کەوتە سەرزاران. تا ماوەیەکی زۆریش کەس وەرامی راستەقینەی بۆ نەدرایەوە. هەرکەس بە ربەی خۆی دەپێواو شتێکی دەگوت. بەشێک دەیانگوت:

" تێر بوو... کابرا دەوڵەمەند بوو پشتی لە گوندەکەی خۆی کرد! پارە وای لێکرد چیتر بە ژیانی ئێرە رازی نەبێ. گوایا چۆتە شار... گەرەکیە لەوێ بژی!"

بەشێکی تر بەرقەوە بەرپەچیان دەدانەوە:

" دەوڵەمەندی چی... بەخوا کێخوا ووسوو لە خۆی نەبووەو دەست کورتتر نەبوو. کەسیش وەکو ئەو گوندەکەی خۆی خۆش گەرەک نەبوو. زۆریش شوکور بوو بەو ژیانە. رۆژ پێنج کەرەت دەستی بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە تا ئەو ژیانەی لێ تێکنەچێ"

" مرۆڤ دەگۆڕێ... کە گۆڕاش وەکو جاران نامێنێ. زۆر کەسمان دیوە ئەمڕۆ بەشێوەیەک دانیشتووەو بەشێوەیەک ئاخاوتووە، بەیانی بەشێوەیەکی تر. بەڵام کێخوا ووسوو هەرگیز لەو بابەتانە نەبوو. هێندەی ئێمە شارەزای بین... شتی وای لێ ناوەشێتەوە!"

ماوەیەکی زۆر کۆچ و رەوکردنەکەی کێخوا ووسوو ببووە زارجووە خۆشەی سەرزاران. زۆر کۆڕو دانیشتنی پێگەرم دەکرا. بەزۆر کلۆجان باس دەکرا، هەتاوەکونێ رۆژێکیان هاوڕێیەکی نزیکی خۆی لەبنی

کودی داو راستەقینەی دەنێو قوڕێ دەرهێنا. بەگوێرەی گلیەکانی ئەو سەرگوزەشتەی کێخوا ووسوو ئیوها بوو! ئەو کێخوا ووسووە خوشکێکی زۆر جوان و ناسکی دەبێ. لە ژێرەوە دەست لەگەڵ کوڕە گەنجێک تێکەڵ دەکاتو ئەشقی یەک دەبن. وادەو بەڵێن بەیەک دەدەن و پەیمانی ئەویندارى دەبەستن. وەکو باس دەکەن و دەگێڕنەوە، زۆر زۆر یەکتریان خۆش ویستووە. جا لەبەر ئەوەی کوڕە هەژارو دەست کورت دەبێ لە خۆی رانابینێ خوازبێنی بکا. راست و دروست پێی یەژێ:

"گراوێ خۆم... جوانکیلەی بەردڵێ من. خوا خۆی لەسەر سەران و لەنێو دڵان دایە ، هەر ئەو لەرازو کڕوزانەوەی ئەویندارا‌ن تێدەگاو دەزانێ تۆم چەند خۆش گەرەکە. بوویتە بەشێک لە بوونم. بێ تۆ هەست بە کەمایەتییەک دەکەم. وادەزانم شتێکم گوم کردووەو پارچەیەکم لە لەش جویێۆتەوە! وەلێ چی بکەم، خوا ئەو ئەوینە پاکەی پێبەخشیوم.کەچی هیچی وای لە ماڵی دنیایێ پێ نەبەخشیوم بەری ئەوینەکەی پێ بڕنم. خۆت چاک دەزانی... دەنا بەو خوایەی لەسەر سەرانەوەیە. من هیچم لە تۆ چاو نییە. ئەگەر هەمبوا گۆی زەویم دەکردە نیشانت. ئەستێرەکانم دەکردە مارەییت. بەڵام چی بکەم... خۆت دەزانی!"

ماوەیەکی زۆری بەسەر رادەبورێ. کچە چەند جار داوای چوونە خوازبێنی لێ دووبارە دەکاتتەوە کەچی کوڕە بەهەمان شێوە وەرامی دەداتەوە. بە شەرمەزارییەوە وەرامی دەدایەوە. شەوءورۆژ لەئەندێشان رادەچێ و بەدەم خەمان دەتلێتەوە. هەتاوەکونێ رۆژێکیان بەرگوێی

دەکەوێ کە ئەگەر بچێ لەشار کاربکا ، لەوانەیە بەماوەیەکی کەم پارەیەکی باش پەیدا بکاو ئاواتەکەی پێ بهێنێتە دی! بۆیە خۆی تەیارو ئامادەی رۆیشتن دەکات. کە ئەمجارە کچە لەگەڵی داخێوی. بەبزەیەکی تژی ئازار وەرامی دەداتەوەو پێی یەژێ:

" ئەویندارى من... خەون و خۆزگەو ئاواتێ من، ئەوە ئەو بڕیەم داوەو گەرەکمە ئەوێ هەنگاوێ هەڵێنم. بەڵکو خوا دەروویەکمان لێدەکاتتەوە. وەکو یەژن ئەگەر لە شوێنێ دەرووت لێ داخرا لەو شوێنە بگوازەرەوە!"

"یانی چی...؟! رادەکەی و جێمدەهێڵی !؟ بەو لەگوینە پاداشتی ئەوینی ئەوەندە ساڵەم دەدەیتەوە. کە کار گەیشتە سەر قزگە ئیوهام لەگەڵ دەکەی؟ بریا مردنم بەوان هەرتک چاوا دیتبوا، ئەوەم لە تۆ نەژنەوتایە. بریا مردنم بەوان هەرتک چاوا دیتبوا وەلێ قەت ئەو رۆژە رەشەم نەدیتبوا. بریا... هەزار جاران بریا"

" ئەوە چی یەژی... گیانەکەی من. فریشتەکەی لە حەوت تەبەقی ئاسمانان هەنێررای... ئەوە چی یەژی. گوایا من رادەکەم! لە چی رادەکەم؟! کەس هەیە لە دڵی خۆی رابکا. کەس هەیە لە خوێنی خۆی رابکا؟ تۆ دڵی منی. تۆ خوێنی رەهێیەکانی منی. قەت وا تێمەگە بێ تۆ چرکەیەک بتوانم بژیم. گراوە بە ئەمەک و شەنگەکەی من. لە خت و خۆڕایی بەڕان هەڵمەدە مزگەوتێ! هەتاوەکونێ بەتەواوی لە شتێک نەگەی زاری خۆت ماندوو مەکە، فریشتە جوانکیلەکەی بەردڵێ من. تۆ

جاری لێم گەڕێ با من باخێوم، ئەوەی لەمەژی و دڵی مندایە بۆتی دەربڕم، ئەوسا هەرچی یەژی... هەرچی ووشەی دمۆرو نادروست هەیە. بیکە گوللەیەکی ژاراوی بەسەری دڵی منی وەنێ! تکا دەکەم بوارم بدەو گوێم بۆ رادێرە... بزانە گەرەکمە چی یەژم. من هەرگیز نەرادەکەم و نەبیریش لەراکردن دەکەمەوە. وادیارە تاوەکو ئێستا شارەزای من نەبووی. منت نەناسیوە! سەد ئاخ و داخ بۆ تۆ گراوەکەی من ... سەد ئاخ و داخ ... نەیهێشت ئەوەی گەرەکمە بیڵێم، سەربەخۆ دەستت بە پەیوین کرد. گازاندەت لێ 002ناکەم! تۆش مافی خۆتەو حەزدەکەی بە ئاوات بگەی. حەزدەکەی بە مەرامی خۆت بگەی. هەرگیز گازاندەت لێ ناکەم. ئەگەر حەزنەکەی بەدڵداری خۆت شاد بی ئەی گوایا حەز بەچیدەکەی؟ شالوول نیوەی تەمەنی دەچریکێنێ و ئەویندارەکەی دەلاوێنێتەوە ، هەر بۆ ئەوەی بەیەکەوە هێلانەیەک چێ بکەن و بەسەربەستی، بە کامی دڵی خۆیان بەچەو نەوان بنێنەوە، تۆش مافی خۆتە، هەرگیز گازاندەت لێ ناکەم. وەلێ ئەوە بزانە ئاواتی منیش هەر ئەوەیە. هێوی و خۆزگەی منیش هەر ئەوەیە. ئەگەر لە تۆ زیاتر حەزنەکەم دڵنیابە لە تۆ کەمترم پێخۆش نییە. بەڵام چیدەکەی... چاوی نەبوونیم کوێر بێ. دەستی نەبوونیم شکێ. وابووە بەربەستێک و بەری حەزو ئاواتەکانی لێگرتووین، دەنا بەوخوایەی لەسەر سەرانەوەیە لە شەکریم پێخۆشترە. ئەی چۆن... گوایا تۆ گومانت لەوە هەیە. گومانت لەوە هەیە کە شەو بەیادو ئەندێشەی تۆ چاوی رۆژ دەکەمەوە؟! گوێ رادێرە ئەویندارە ناسکۆڵەکەم. نابێ ئێمە هەروا بمێنینەوە. زۆرم بیر کردۆتەوە، ئەگەر هەروا بمێنینەوە ئەوا چارەنووسمان رەش دەبێ و

بەشمان هەر ئاخ و داخ دەبێ. بۆیە بیرم لێکردۆتەوەو پێویستە کارێکی باش بکەم. کارێکی وا بکەم بتوانم شتێکی لێ پاشەکەوت بکەم. هەر بخۆو برۆیەکە نەبێ، یەژن هەنوکە کار لە شاری لە مشەیە. هاوڕێکەم دەیگوت تۆ هەر وەرە شار حەقت نەبێ. بە ماوەیەکی زۆر کەم پارەیەکی چاکت دێتە دەست! منیش شەوو رۆژ کاردەکەم. هەر کاردەکەم و کاردەکەم. تا بتوانین بە مرازی خۆمان بگەین"

"کەوابێ بڕیەت داوە بچییە شار. لێم دوردەکەویەوە! بۆ گوایا لێرە کار نییە !؟"

" گراوێ خۆم... تۆ دەزانی من پارچە زەویەک گومان نابەم. لە دارەتی دنیا هیچ گومان نابەم. چەندین ساڵە کار بۆ خەڵکی دەکەم. هەتاوەکونێ ئێستا نەبوویمە خاوەنی پوولێک. ئەگەر لێرەش بمێنمەوە هەروا دەبم. بۆیە بڕیەم داوە بڕۆم ! ماوەیەک لێک دوردەکەوینەوە. پاشان بەکامی دڵ خۆمان دەگەین. ئیوها باشترە! لەمێژە چاوەڕێ دەکەین. با ماوەیەکی تریش چاوەڕێ بکەین. وەکو هاوڕێکەم دەیگوت ، بە ماوەیەکی کەم دەتوانم پارەیەکی باش کۆبکەمەوە. دڵنیابە شەوو رۆژ کاردەکەم. بەردەوام کاردەکەم...راناوەستم!"

کوڕە دەچێتە شار. ساڵێکی رەبەقی بەسەر دەچێ هیچ هەواڵێکی نابێ. لەو ماوەیەدا کێخوا ووسوو براکانی کچەی بەشوو دەدەن و بە نووکی خەنجەرێ مارەی دەکەن. بە یەکێک کە بیست ساڵ لە خۆی گەورەتر دەبێ. لەبەر ئەوەی کابرا شارستانی دەبێ، کچەی لەگەڵ خۆی دەباتە

شار. کە کوڕە دەگەڕێتەوە ئاوایی و ئەو هەواڵە دەزانێ. سەری خۆی هەڵدەگرێ و بڕیەدەدا تا لەو دنیایەی مابێ جارێکی تر چاوی بەو گوندە نەکەوێتەوە. دوای دە ساڵان... دوای ئەوەی کچە چوار منداڵی دەبێ. رۆژێکیان بەرێکەوت رووبەرووی یەکتر دەبنەوە. سەر لە نوێ ئەوینەکەیان بڵێسەی بەرز دەبێتەوە. بەتایبەتش دوای ئەوەی کە دەزانێ دڵدارەکەی تا ئەو دەمە بەرەبەنی ماوەتەوە، هێندەی دیکە خۆشی دەوێ. لەگەڵ ئەوەش نازانێ چی بکا! کار لە کارترازابوو دایکی چوار منداڵان بوو. بەخەمبارییەوە پێی یەژێ:

"دڵنیا هەتا ئێستاش هەر خۆشم دەوێی ... بەڵام چی بکەین. تازە هەموو شتێک تەواو بووەو کات بەجێی هێشتووین. من دایکی چوار منالانم. خوا وای لە چارەنووسیبووین. دەنا من لە شەکریم پێ خۆشتر بوو بۆیەک ببین. بەڵام چیدەکەی. رۆژگارەو ئاوا دەچەرخێ"

کە بینی کوڕە جوامێرەکەی بەردڵێ وی، بە بێدەنگی، بە کڕوکپی دەمێنتەوەو وورتەی لێوە نایەت، درێژەی پێدەداو دەست بەپرسیاران دەکات:

" دەبڵێ... خۆت بڵێ... تازە هیچمان پێدەکرێت. تەمەن کە بەسەرچوو دەگەڕێتەوە؟ بەفر چۆن دەتوێتەوە ئێمەش ئیوها تواینەوە. تازە سەری خۆمان لەدارو بەرد بدەین بێسوودە. هیچ چارەیەک نییە. وەلێ یەژە... پێم بڵێ... بۆ تا ئێستا ژنت نەهێناوە؟!"

" لەیادت کرد؟ لەیادت کرد کە لەو دنیایەدا بەڵێنم بەتۆدا کە ئەگەر بۆمن ببی ئەوا باشە ئەگینا لە تۆ بەولاوە ئافرەتی دنیا لەمن حەرام بێ... ئەی لە یادت کرد کە سوێندم بۆ خواردی ئەگەر بۆمن نەبی دەبێ بەرەبەنی بچمە بن گڵ...! ئەگەر لەیادیشت کردبێ گلی و گازاندەت لێناکرێ. هەنوکە دایکی چوار مندالانی! کە دەچییەوە ماڵ ، چوار منداڵ بەرەو پیلت دێن. دەچییە نێو ماڵێکی گەرم و گوڕ، ئەگەر لەیادیشت کردبێ هیچ گلەییەکت لێناکرێ. بەڵام من، منی کلۆڵ و هەژار. کە تا ئێستا ژوورێکی گەرم و ئاوەدانم گومان نەبردووە. هەر ئەو بەڵێنە هەبووە کە بۆی ژیابم، هەر بە یادی تۆوە ژیاوم. لە جیاتی خارن... ڤەخارن... هەر یادی تۆم کردووە. تۆ نازانی ئەو رۆژە چ رۆژە رەشێک بوو بۆ من. خۆزگە... سەد خۆزگە هەر لەرێگادا تووشی کارەساتێک دەبووم و نەدەگەرامەوە گوندی. کە گوتیان تۆ مێردت کردووە... وامزانی کابرا رووی تفەنگێی لەمن کردو گوللەکێی لەسەرێ دڵی دام. ئاگام لە خۆم نەما. نەمزانی نەشەوە... نەرۆژە! ئەی چۆن... من بۆ تۆ دەژیام... بۆ تۆ بیرم دەکردەوە. بۆیە چاوم بەرایی نەدا چیتر بمێنمەوە. رێ و راست گوندەکەم بەجێهێشت... گوندە خۆشەویستەکەم بەجێهێشت. ئیتر لەو رۆژەوە هەتاوەکونێ ئێستاش هەر ئەو جێهێشتنە بوو چاوم پێی نەکەوتۆتەوە. خوا برایەکانت بگرێ کە بوونە سۆنگەی ئەو جوداییەمان"

کچە کە ئەو گلیانەی کۆنە گراوەکەی ژنەوت. دنیای لەبەر چاوان گۆڕا. جۆری بیرکردنەوەشی گۆڕا. بەلەگوینێکی تر سەیری دنیاییێ کرد! پێیگوت:

"دەگوێ رادێرە با شتێکت پێ یەژم. نە دڵ لە دڵ بدەو نەگاڵتەشت پێ بێت! رێگایەکت بۆ دادەنێم. وەرە پیاو بە بمبەو لەگەڵت دێم! بۆ کوێ دەڵێی ئامادەم. دەچینە ئەودیو. مەڵێ دایکی چوار منداڵانە من هەموو شتێک بۆ تۆ دەکەم. لەوانەیە گاڵتەت پێبێت. بەڵام بڕوا بکە ئەوە راستترین رێگەیە! تۆ نازانی ئەو ماوەیە چۆن ژیاوم. تۆ نازانی ئەو ژیانە چییە لەگەڵ یەکێکی بەسەربەری کە خۆشت نەوێ. ئەو ماوەیە هەموو رۆژێ مردنم بەچاوی خۆم دیوە. بەڵام هەردڵی خۆم بەوە دەداوە کە تۆ سپڵەو ناپاک دەرچووی و من چ تاوانێکم نەبووە. تۆ بێ ئەمەک دەرچووی و بەجێتهێشتووم. دڵم بەو جۆرە رقانە ئاو دەداو بەرگەم دەگرت! یەژە... پێم بڵێ هەنوکە دڵی خۆم بەچی بدەمەوە؟! چۆن بەرگە بگرم. دوای ئەوەی بۆم دەرکەوت کە تۆ گەنجایەتی خۆت کردە گوری من... دەزانم چی دەڵێی... دەزانم چیت لە دڵی خۆت ئامادەکردووەو گەرەکتە بیڵێی. دەزانم گەرەکتە بڵێی ئەوە کارێکی شوورەییە. سەری براو باوکتی پێ شۆڕ دەبێ. منداڵەکان چاویان بەرانبەر خەڵکی هەڵنایە. دەزانم گەرەکتە وا یەژی. بەڵام تۆ نازانی چی لە دڵی مندا هەیە. ئەگەر ئەو ژیانەم تاسەر ئیوها بێ ئەوا مردن سەد قات باشترە. پیاوی چاک بە... ئەگەر بەخۆشی خۆمان نەگەیشتینە مەرام، با بەزۆرو زۆردارەکی بگەینێ. خەڵکی هەرچی دەڵێن با بیڵێن.

بمبه... هەڵمگره... بڕۆینه ئەودیو سنووورو له وڵاتێکی تر بژین. له شوێنێک بژین که کەس نەمانبینی. ئەمجارەیان پارەو پوولمان ناوێ... هیچمان ناوێ... نه ماڵمان دەوێ نەهیچ... بمبه... پیاوی چاک به... بمبه"!

هەر ماوەیەک دوای ئەوه هەواڵ کەوتەوه که ئامەی خوشکی کێخوا ووسوی رەدووکەوتووه! بەرایی هەر له نێو خۆیان بوو. پاشان له هەموو گوندی بڵاوبووەوه. کێخوا ووسوو شێلگیر بوو، نەیزانی چیبکاو چۆن چاو بەرانبەر خەڵک هەڵبینێ، ناچار بوو باروبارگەی پێچایەوەو گوندی بەجێهێشت!

کاتێکی زۆری بەسەر چوو. تا برا ناوەنجیەکەی کێخوا ووسوو شوونی هەڵگرتن و توانی ئەو پەڵەی رووی خۆیان بسڕێتەوه. هەروەک چۆن هەواڵی رەدوو کەوتنەکه خێرا له نێو گوندی بڵاوبووەوه. هەواڵی کوژرانەکەش ئیوها.. خەڵکەکه هەموو بەشان و باڵی برا ناوەنجیەکەیان هەڵدەداو دەیانگوت:

"بەراستی پیاو ئیوها دەبێ! نه خۆی گیڤ کردەوەو نەهیچ. به ِکرِی خۆی لێ دانووساند، هەتاوەکونێ بواری بۆ هەڵکەوت و کوشتی. دەک دەستەکانی خۆش بێ. ئازایانه پەردەی ئابڕووی خۆی ِکرِیەوه! بەڵام دەبوا کابراش بکوژێ! دەبوا بەرایێ ئەو گاورە؟! بیرت نەکردەوه کەوا ئەوه خێزانی هەیه چوار منداڵی سەرکەوبنکەی لەدوایه! گوتمان ئەو رووڕەش بوو. گەمژەڵ و داوێن پیس بوو ، ئافرەت بوو کەم ئاوەز

بوو، خۆ تۆ پیاوێکی ژیرو دنیا دیتە بووی، دەککە دەستەکانت خۆش بێ. دەبوایە هەر لەوکاتەدا دەستەکانت سەوزبوایە! سەوز سەوز بوایە... کەسێک خیزێکی وا گەورە بکا پێویستە دەستی سەوز سەوز بێ. بەخوا لەو برایانە هەر ئەوەیان هەیە، هەر ئەوەیان پیاوە، کێخوا ووسوو بەناشکوری نەبێ چ بەپیاو ناژمێردرێ. کڵاوی خۆی گرتووە بانەبا! کەچی ئەو پیاوانە تۆڵەی خۆی کردەوەو ئابڕووی خۆی ِکڕیەوە. ئەو بناسین پیاوەش دەکوژێ! دەیکوژێ و زێتریش. مادامەکونێ ئەوی دۆزیەوەو کوشتی بەخوا دەستی دەگاتە ئەوەی تریش"!

" کوا بۆ ئەو رۆژە. خۆزگە ئەویشی دەتۆپاند. ئەو ئافرەتە بەستەزمانەی لە خشتە بردو لەسەر چوار منداڵانی هەڵفڕاند. بیری نەکردەوە کە خوا هەیە، پێغەمبەر هەیە، ویژدان هەیە. خۆزگە هەزار خۆزگە ئەویشی دەتۆپاند ئەویشی بە دەردی ئەو ئافرەتە بەستەزمان و هەش وەسەرە دەبرد، خوا تۆڵەی ئەویشی لەو دەکردەوە. بەخت و خۆڕایی لەسەر هێلانەی خۆی هەڵفڕاندو هەڵیگرت! خۆزگە ئەویشی دەتۆپاندو گووی لە گۆڕی باوکی دەکرد"

"هێندێک شت هەیە پیاو بۆ خوای بڵێ باشە. نابێ هەر لایەک ببینی و چاو لەلایەکی تر بپۆشین. ئەویش مرۆیەکی هێندە خەراو نەبوو. بەو لەگوینەش نەبوو وەکو باسی دەکەن. دەزانی چتۆ کوڕبوو! وەلێ چیدەکەی... رۆژگارەکە ئیوهایە! دەڵێن کە گڵۆڵەت کەوتە لێژی کەس چاکت پێ نایەژی. هەموو زاری لێ دادەڕن و تووکی لێدەکەن، ئەگەر چی تاوانێکی گەورەش بوو کردی. بەڵام پیاو نابێ ئاوا پشت لە خوا

بکا!. هێندە خەراو نەبوو... نە.... زۆریشمان دەمانزانی ئەو کچە تیوەی خۆشدەویست. هەموو دەمانزانی نەبووەو دەست کورت بوو، بۆکەس دەستی یارمەتی بۆ درێژنەکرد!؟ با نەختێ سەرزەنشتی خۆشمان بکەین! دەبوایە بێشەمان بکردایەو پارەمان بۆ کۆکردبوایەوە. ئەگەر وامان کردبوا هەرگیز تووشی ئەو رۆژە نەدەبوو. کێخوا ووسوو خۆ کابرایەکی لە خوا ترسە. کە بۆنی شتێکی وای دەکرد دەبوایە چەک و جلکی کردبواو پێشکەشی کردبوا. بەمە هەم ئابڕووی خۆیانی دەپاراست و هەمو ئەو دەردو بەڵایەشی دەگێڕایەوە. پیاو پێویستە بزانێ لە کاتی ئاوا چۆن بیردەکاتتەوە. ئەوکاتە نەئەو قوڕەی وەسەری خوشکی خۆ دەکرد نە کوڕێژگەشی دەربەدەرو پەڕاگەندە دەکرد"

دوای ئەوەی هەواڵی کوژرانەکە بڵاوبووەوە زۆری پێنەچوو کێخوا گەڕایەوە گوندی. ئەگەرچی دەیویست وا نیشانبدا کە ئەو رووداوە هیچ کارێکی لێنەکردووە. وەلێ ئەوەی سەیری کردبوا بە ئاشکرا هەموو شتێکی لەروخساری دەخوێندەوە. ئەو ژان و ئازارەی بۆن دەکرد کە لە قووڵایی دەروونی تاولێی هەڵدابوو. کاری لەرەفتاو هەڵس و کەوتی کردبوو!

کە گەڕایەوە گوندی، بەرایێ تاماوەیەکی زۆر خۆی بەکەس نیشان نەدەدا. لەگەڵ کەس دادەنیشت و نەداخاوت. مال و منداڵەکەشی هەر بەو جۆرە.

ئەو دەمەی ئەوان گەڕانەوە هەڵۆ دوو ساڵ دەبوو گوندی بەجێهێشتبوو ببووە پێشمەرگە. لە نێو دوو سێ مانگان جارێک سەردانی گوندی دەکرد. جاری واش هەبوو زۆر زیاتری پێدەچوو ! جارێکیان دەمەو ئێوارە بوو... یاغر یاغر دەرۆیشت و واژی دەبووەوە نێو گوندی. واش فێر ببوو هەرکە دەگەڕایەوە دەچووە کن هەموو هاوڕێیەکانی و هەواڵی دەپرسین. ئەگەر تەنگ و چەڵەمەو ئەژواریەکیان هەبوایە بەگوێرەی توانا یارمەتیدەدان. ئەگەرچی بەم دواییە هاوتەمەن و ئاوقەرانی خۆی لە نێو گوندی کەم مابوون و زۆربەیان وەکو ئەو ببوونە پێشمەرگە!

کە بەبەردەم ماڵی کێخوا رایبورد. بۆنی ئاوەدانییەکی لێکرد ،کە چەند ساڵ بوو لێی بێبەش ببوو! سەنگریەوەو هەنگاوەکانی نەختێ هێدی تر کرد. تاوێ لە ماڵەکە ورد بووەوە ، لەو دەمەدا کچێکی جوان لەماڵەکە دەرهات و بەرەو باخچەکە چوو. کە بینی یەکێک بەرانبەری وەستاوە. واقی وڕماو بەسەرسامییەوە تەماشای کرد. هەردوو نیگا بەرانبەر یەک بوونەوە. هەڵۆ لەژیانیدا یەکەم جاری بوو دڵی بەو شێوەیە بکەوێتە خورپە. جوانییەکی تایبەتی لە روخساری بەدی کرد. هەناسەیەکی هەڵکێشاو بەشەرمێکەوە بزەیەکی بۆ کرد. لەو دەمەدا کێخوا ووسوو چووە دەرەوە، ئەگەرچی ماوەیەکی زۆر بوو نەیدیبوو، بەڵام گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەر نەهاتبوو ، بە ئاسانی ناسیەوە ! سڵاوی لێکردو بە گەرمییەوە بۆ لای چوو. کێخوا بەرایێ نەیناسیەوە. دوای ئەوەی هەڵۆ خۆی ناساند. کێخوا بەخۆشیەکەوە گوتی:

–کوڕم ماشاللە گەورەبووی... نەتمناسیەوە!

دوای دانیشتن و چا خواردنەوە، کێخوا گازی کچەکەی کرد :

–بەفرین کچی خۆم وەرە ئەو پیاڵانە بەرە دەرەوە.

هەڵۆ بۆی دەرکەوت ئەو کیژە جوانە ئەو بەفرینە چڵمنەیە کە بە منداڵی هەرگیز دانویان پێکەوە نەدەکوڵا! لەو رۆژەوە هەستێکی نوێی بەرانبەر بەفرین لە دڵ گورا. کە دەیبینی شادیەک ختووکەی دەدا. لە نیگاکانی بەفرینیش شتێکی دەخوێندەوە! وای بۆ دەچوو ئەویش هەمان سۆزو هەستی بەرانبەر ئەو هەیە. زۆری حەزدەکرد لێی بپرسێ و ئەو شتە لە زاری خۆی بژنەوێ. کەچی هەرچەندەی هەوڵیدەداو نەخشەی بۆ دادەنا. نەیدەتوانی ئەو کارە ئەنجامبدا ! هەر کاتێ چاوی پێی دەکەوت ئەژنۆی دەلەرزی و ریسی لێدەبووەوە خوری. وای لێهاتبوو شەوو رۆژ بیری لێبکاتەوەو لە ئەندێشەی بخولێتەوە. هەموو جارێکیش بڕیەی دەدا ئەگەر ئەو جارە بیبینێ. بەبێ ترس... رێ و راست هەموو شتێکی بۆ یەکالا بکاتەوە. بەبێ شەرم پێی بڵێ:

" بەفرین... گەرەکمە شتێکت پێ یەژم. شتێکی وا کە هەرچەندەی بیری لێدەکەمەوە گشت گیانم دەکەوێتە لەرزین. خۆشم نازانم بۆ دەترسم بیدرکێنم ، وەلێ هەر دەیلێم! دەزانی یەکەم جار کە تۆم بینی نەمناسیەوە؟ سەیرە...تۆم نەناسیەوە ! ... دەزانی بۆ؟... چونکێ جوان بووی ، یەکجار یەکجار جوان بووی. هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم بەفرین ئەو شۆخەی لێدەربچێ! ئاووهەواری شارت لێکەوتووە. هەموو خەڵکی دەڵێن ئاوهەوای شار ناسازەو مرۆڤ تووشی نەخۆشیان

دەکات. بەلاَنەکونێ تۆ لێت خۆش هاتووە. وەک کچە شارستانیەکی ناسک هەلٌکەوتووی... لەبەرچاوی من جوان بووی... زۆر زۆریش جوان بووی. لەو رۆژەی تۆم دیوە هەمیشە لە ئەندێشان رادەچم، بەردەوام بیرت دەکەم. وێنەت دێنمە بەرچاو. لە ئادگارو شێوەت وردەبمەوە. حەز دەکەم لەگەڵت دانیشم و بەکامی دڵی خۆم بتدوێنم. بەبێ هیچ پەردەو شەرمێک رازی دڵی خۆمت بۆ هەڵڕێژم... بەبێترس پێت یەژم من تۆم خۆش گەرەکە... بەڵێ من تۆم خۆش گەرەکە!"

تاوێ ئەو پەیڤانەی لە دڵی خۆی دێناو دەبردو لێکیدەدایەوە. بەرایێ زۆر بەناسک و جوانی دادەنا. پاشان لێیان پەژیوان دەبووەوە. هەمدیس دەبیران رادەچوو کۆمەڵە پەیڤێکی تری بۆ رێکدەخست! وای بە باشدەزانی دادەنا کە ئەگەر ئەو جارە بیبینێ، پێی یەژێ:

"خوا کاتی خۆی مرۆی گوراند شتێکی لەدڵ دانا. بزانم دەزانی ئەو شتە چییە! ئەگەر زانیت ، چیت گەرەکە بۆتی دەکەم. خۆ ئاسانیشە... لەوانەیە بیزانی...! تۆ ماوەیەک لەشار ژیاوی و زۆر شتان فێر بووی ... ئەی چۆن... نالێن شارستان زۆڵ و زۆرزانن! وەرامم مەدەوە، قەینا... حەزناکەم ماندووت بکەم. ئەو شتە خوا خستیە دڵی بەندەی خۆی خۆشەویستیە... ئەوینە... دەزانی خۆشەویستی چییە؟... ئا... لەوانەیە بیزانی... بەلاَنەکونێ گوێ رادێرە با بە وردی بۆتی باس بکەم. کە یەکەم جار تۆم بینی چاشمیش بووم و نەمزانی چیبکەم... هەستت نەکرد چۆن لە جێگەی خۆم چەقیم و نەشیام تاقە هەنگاوێ هەڵێنم!؟ لەبەر ئەوەی زۆر جوان هاتیە بەرچاوم. هەروەکو ئێستاش لەبەر چاوم

جوانی... جوانی وەکو... وەکو.... بڵێم وەکو چی! نازانم بڵێم وەکو چی... بەڵام هێندە هەیە زۆر زۆر جوانی. هەر لەبەر ئەوە بوو ماوەیەک لێترامام نەشیام هیچ یەژم... شەرمم کردوو خەریک بوو جێتبێڵم... خواکاری باوکت راست بێنێ لەو گاڤەدا فریام کەوت. لەو رۆژەوە هەست بەشێتک دەکەم بەرانبەر تۆ! حەزدەکەم هەمیشە لەگەڵمدا بی، لەو دەمەی تۆم دیوە ژەمێکم تێر بەزگ نەخواردووە. شەوێک تێر بە چاوەکانم خەوم نەکردووە!، هەر بیری تۆ دەکەمەوە. بەمە یەژن ئەوین... خۆشەویستی... لەبەر ئەمە گەرەکە پێت یەژم تۆم خۆش دەویَ... باوەڕ بکە بەفرین تۆم خۆش دەویَ!"

هەموو شەوێ ئەو جۆرە پەیڤانەی قەتار دەکردو چەندین شێوازی هەڵدەبژارد. چەندین رێگەو بیانگەی دەدۆزیەوە. کەچی هێشتا نەدەگەیشتە ماڵەکەیان دڵی دەستی بە خورپە دەکرد. ئەژنۆی دەلەرزی و ئەو شتانەی ئامادەی دەکرد هیچی لەیاد نەدەما. وەک ئەوەی زاریان بەستبێ قۆرگی وشک دەبوو. بەخێرایی پێچیدەکردەوەو بۆ لایەکی تر وەردەچەرخایەوە! هەزار بیرۆچکەی سەیر سەیر لەمەژی دەبزوا.

"ئەگەر بێتو رازی نەبێ چی بکەم !؟ ئەوکاتە دەبێ جارێکی تر چاوم بە گوندی نەکەوێتەوە!دەترسم هەر گاڵتەشم پێبکا. لەسەر کانی ژنان بەکەم ناوم بهێنێ و ئابڕووم بەرێ. وەکو دەڵێن ئافرەت ئەقڵیان لە کۆشی دایە کە هەڵسانەوە لێیان بەردەبێتەوە! دەشێ ئەوەم لەگەڵ بکا... نا... هەرگیز کاری واناکەم. هێندە کەر نیم بەدەستی خۆم ئاور لە ماڵی خۆم بەردەم... شتی وا چۆن دەکەم"

نەیدەزانی چ ڕێگایەک بگرێتە بەر... چ سەوڵێک بەکار بێنی بۆ دەرباز بوون لەو گێژەنە. وای لێهاتبوو کە دەگەڕایەوە کن هاوەڵەکانیشی بیری هەر لای بەفرین بوو. لەگەرمەی شەڕدا. لەو کاتەی تووشی هەڵوێستی ئەستەنگ و سەخت دەبوون، دەکەوتنە بۆسەو دوژمن گەمارۆی دەدان، ئەو بیری لە بەفرین دەکردەوە! وێنەی دەهێنایە بەرچاو، وێنەکەی لەبەرچاوی دەلەریەوەو وەکو فریشتەیەک سەمای دەکرد. بە دەنگێکی ناسک و جگەر تەزێن. بە دەنگێکی خوایی. وردە وردە ئاوازێکی دەچڕی و ئەوینەکەیانی دەلاواندەوە. ئەویش لەلایەک پڕ هەڵدەماو شاگەشکە دەبوو، لەلایەکی تر بزەی دەهاتە سەر لێوان و دەگرژیەوە. دەگرژیەوەو گەرمتر هەنگاوی دەنا. ئازایانەتر دەجەنگا. دوژمنی زێتر شپرزە دەکرد! هاوڕێکانی سەیریان پێدەهات... نەیاندەزانی چۆن دەتوانێ لەو کاتانەدا وا لە دڵەوە پێبکەنێ. ئەو بزە ناسکە ئادگاری بخەملێنێ! زۆر جاری واهەبوو ئەوانیش بەرووی دەگرژینەوە. نەعرەتەیان لێدەدا و هاواریان دەکرد. کە ئەمە زەندەقی دوژمنی دەبرد. قەیسەری لێ دەکردنە کونە مشک و نەیاندەزانی چۆن و لە کوێ خۆیان وەشێرن. دوای ئەوەی زەبری خۆیان دەوەشاندە بەسەرکەوتوویی دەگەڕانەوە، هەموو بە خۆشەویستیە وە لە هەڵۆ رادەمان. لەلایەک گلەییان لێدەکردو دەیانگوت:

" توو ئەو خوایە کاتی ئاوا تەنگانە کەی کاتی پێکەنین و گۆرانی گوتنە. دوژمن ترسنۆک و گەمژەڵ بوو نەیتوانی شوێنمان ئاشکرا بکا ئەگینا زیانێکی زۆری لێدەداین. پێویستە لەکاتی ئاوادا تۆزێ ژیرانە بیر

بکەیتەوە. نابیَ ئاوا مل بنێی. ئەگەر بەتەمەن نییە و تۆدنیات زۆر دیوە. شەڕت زۆر دیوەو، ئەزموونی زۆرت هەیە. پێویست ناکا ئێمە ئامۆژگاری تۆ بکەین .شوکور بۆ خوا تۆ هەموو شتێک لە ئێمە زێتر نەزانی،کەمتر نازانی!"

لەلایەکی تر پەسنیان دەداو بەشان و باڵیان هەڵدەگوت. شانازیان پێوە دەکردو دەیانگوت:

" ئەگەر ئەو گۆرانی گوتنەی هەڵۆ نەبوایە هەرگیز وا گەرم دانەدەهاتین! وورەمان بەو شێوەیە بەرز نەدەبووەوە. نەماندەتوانی ئەو زەبرە کاریگەرە لە دوژمن بدەین. زار خۆش هەڵۆ... کاکە گۆرانی گوتن لە کاتی وادا کاری خۆی دەکات. پیاو ئەوەیە بتوانیَ لە کاتیَ وادا دەنگ هەڵبڕیَ و گۆرانی یەژیَ"!

هەڵۆ بەرپەچ و وەرامی هیچ کامێکیانی نەدەدایەوە. خۆی چۆنی لا دروست بوو، وایدەکرد! بێدەستی خۆی. گەر بیویستبواو نەیویستبوا، گۆرانی هەر دەگوت! گەلیَ جاران بڕیاری دەدا کە چیتر لە کاتی وادا گۆرانی نەڵیَ. لەوە دەترسا هاوڕێکانی وای بۆ بچن کە لە ترسان گۆرانی دەڵیَ! چی لەوە پێناخۆشتر نەبوو کە بەترسنۆکی تێبگەن، یاخود بە ترسنۆکی ناوبهێنن. ئامادەش بوو هەموو کارێک بکا بۆ ئەوەی ئەو روانگەی بەرانبەر پەیدا نەبێت ! شتی کەس نەکردەی وایدەکرد هەموو کەسی دەخستە داوی سەرسامیەوە. باوەڕیان نەدەکرد ئەو کارە هی

تاقە کەسێک بێ. یاخود کەسێک هەبێ بەو شێوەیە گیان لەسەر دەست بێ و ئاوا رەفتار بکا...

هۆمەر هەموو جارێک بەخۆشیەوە ئەو باسەی دەگێڕایەوە کە لەگەڵ هەڵۆ بەسەریان هاتبوو. هەردوو بە جووتە دابەزینە شار. هەواڵیان پێگەیشت گوایا چەند سیخوڕێک. کە کاری زۆر دڕندانەو نامەردانەیان کردووە، بە ئارەزووی گونی خۆیان دەگەڕێن و چاو لە خەڵک سوور دەکەنەوە. وەک ئەوەی کەس بە پیاو نەزانن. ئەو شتە لە نێو پێشمەرگان بڵاو دەبێتەوە. کێ پیاوە بەو کارە هەڵسێ. ئەوەی ئەو تاوانبارانە لە ناو بەرێ دەستی سەوز دەبێ و بەهەشتی بە نسیب دەبێت ! ئەوەی ئەو دڕندانە لە نێو بەرێ تاجی سەربەرزی میللەتەکەی لەسەر دەنێ. سیخوڕو دوژمنی پیس، زۆر ماڵیان وێران کردووە. هۆی ئاشکرابوون و وەگیر کەوتنی زۆر گەنج و قارەمانی ئازا بووینە.

دەبێتە مشت و مڕ. ژمارەیەکی زیاتر لە پێویست خۆی هەڵدەبژێرێ. لە ئەنجامدا ئەو کارە بەر هەڵۆو هۆمەر دەکەوێ. هەڵۆ ئەوکاتە ناوی هۆمەری بەرگوێ کەوتبوو، بەڵام باش نەیدەناسی. حەزی دەکرد لە تەکیدا شەڕێک بکا. تا بزانێ ئەو گلیانەی گوێی لێ دەبوو راست بوون یا نا...!

هێشتا شەڕی براکوژی دەستی پێنەکردبوو پێشمەرگە هەموو وەکو برایان لە پاڵ یەکدا دەجەنگان. هەڵۆ لەگەڵ هۆمەر بەڕێکەوت و بیریشی لە بەفرین دەکردەوە. دەگرژیەوە، لەبەر خۆی منجەی لێوە دەهات و

گۆرانی دەگوت. کە ئەمە تارادەیەک هۆمەری زگارو سەخڵەت کردبوو. ئەو شەوە دڵتەنگی و بێوازی بە ئاشکرا لەروو دەخوێنرایەوە. کەچی هەڵۆ نە ئاگای لێبوو، نەهەستیشی پێدەکرد. ئەوان بە وریاییەوە هەنگاویان دەناو بۆ شوێنی مەبەست دەچوون. نەیانزانی بوو کە بەکرۆکەو شۆفار لە بنەوە هەواڵیان بۆ دوژمن بردبوو! بۆسە دانرابووەوەو ئەو ناوە تەنرابوو. لەنکاوڕا ئاشکرا بوون ، تەقە دەستی پێکرد. هۆپەکیان لە خۆزانی و بەهشتاوی خۆیان بەزەوی دادا. هۆمەر داوای لێکرد چیتر تەقە نەکا! بەرایێ ویستی بەگوێی نەکا. بەڵام کە بیری کردەوە زانی هۆمەر لەو دنیا دیدەترەو باشتر سەری لە کاری وا دەردەچێ، بۆیە تەقەی راگرت ! تاوێ ئاوا مانەوە. دوژمن وایزانی رایانکردو دەرباز بوون. بۆیە بەبێترس کۆمەڵیان بەست و لە کن یەک خڕبوونەوە. بە ئاشکرا دەنگیان دەبیسترا. نەخشەیان بۆ رێگە گرتن و بۆسەیەکی تر دادەنا. لەو کاتەدا هۆمەر بەپا نەدزێ لێیان نزیک کەوتەوە. هەڵۆش وەکو ئەو. لەنکاوڕا بەیەک هەناسە دەسرێژیان کردو هەڵمەتیان برد. هەر لاشە بوو تەپەی دەهات و بەردەبووەوە. هەڵۆ ملی نابوو نەدەگەڕایەوە. هەتاوەکونێ هۆمەر ئاگاداری کردەوە. ئەو کاتە زیرەکانە کشانە دواوەو ئەو ناوەیان بەجێهێشت. هۆمەر کە ئەمەی لە هەڵۆ بینی. لە نێو هاوەڵەکانی هەردەم پەسنی دەداو بەشان و باڵی هەڵدەگوت. ناوە ناوەش بە پێکەنینەوە دەیگوت:

"ئەگەر بەسەهوو نەچووبم هەڵۆ دڵدارە! جۆری شەڕکردنەکەی بە شەڕکردنی دڵداران دەچوو! کوڕینە دەزانم یەکێک هەیەو دڵی هەڵۆی

ئێخسیر کردووه. ئەقڵ و هۆشی لێ بردووه. پێویسته چارەیەکی لێ بکەین!"

هەڵۆش بێئەوەی له دڵی گران بێ، یاخود گەردی زویر بوونی لێبنیێشی. بەهەمان شێواز وەرامی دەدایەوە:

" باشه تۆ چۆنت زانی؟! وادیاره زۆرت تاقیکردۆتەوە! باشه ئەگەر شتێک هەیه باس بکه. ئەگەر شتێک دەزانی فێرمان بکه. ئێمه هاوڕێ و هاوەڵی یەکین. پێویست ناکا شتمان لێ وەشێری!"

لەسەرەوە ئیوها وەرامی دەدایەوە. له ژێرەوەش دەکەوته بیرکردنەوه له گراوەکەی. هەستی به نامۆییەک دەکرد. هەناسەیەکی هەڵدەکێشاو ورده ورده هەوڵیدەدا خۆی له گلیان بدزێتەوە.

رۆژێکیان خۆشی نەیزانی چۆن هەموو شتێکی له کن هۆمەر درکاند. پرسیاری ئەوەی لێکرد یەکێکی وەکو ئەو لەوکاتەدا چیبکا باشه!؟ ئەویش لەسەرخۆ وەرامی دایەوەو چەند پرسیارێکی ئاڕاستەکرد:

" خۆشتدەوێ؟"

" ئا" !...

" ئەی ئەو؟"

" نازانم" !...

" هەست دەکەی ئەو تۆی خۆشدەوێ، یانی هەڵس و کەوتی وانیشاندەدا؟!"

" ئا" !...

" کەواتە تەواو!"

هۆمەر دڵنیای کرد کە ئەویش ئەوی خۆشدەوێ. باشترین شت ئەوەیە لەسەر ڕێکەوت باز نەدا. داوای لێکرد چی پێدەڵێ ئیوها بکا. هەڵۆ مۆڵەتی وەرگرت و بەخۆشیەوە بەرەو گوندی گەڕایەوە. وەکو راوکەرێک شوونی نێچیرەکەی بزر کردبێ ئاوا دەگەڕا. لە هەلێک دەگەڕا ئاواتەکەی بێنێتە دی! وای بیرکردەوە کە ئەمجارەیان ئەگەر هەلێکی بچووکیش بێ نابێ لە دەستی بدا! کەچی زۆر هەلی گەورەشی بۆ رەخساو نەشیا هیچیش بکا. بۆیە کە گەڕایەوە هیچی لە کن هۆمەر نەدرکاند! ئەویش زانی هیچی پێنەکراوە بۆیە هیچ پرسیارێکی لێ نەکرد!

چەند جارێک وای بیردەکردەوە کە واز بهێنێ و ئەو شتە لە مەژی وەدەرنێ. خۆی بە منۆخ و دەمچەفت دەهاتە بەرچاو! وای لێهاتبوو پێی شوورەیی بوو ، تەنانەت لە ناخی خۆشی بیر لەو شتە بکاتەوە. هەتاوەکونێ رۆژێکیان بەبێئەوەی بیری لێکردبێتەوە، یاخود هیچ نەخشەیەکی بۆ دانابێ بەفرینی بینی و ئەوەی گەرەکی بوو بۆی هەڵڕشت...!!!

نیوەڕۆیەکی تابلێی گەرم بوو. بێهێزو لە گیانی خۆی بێزاربوو. خۆشی ئەگەری دڵتەنگیەکەی نەدەزانی! لەگەڵ هاوەڵەکانی لە جەولەدا بوو، گەیشتنە گوندێکی نزیک گوندەکەی خۆیان. لە ناخەوە حەزی لەسەردانێکی گوندەکەی کرد. کەچی نەک هەر شەرمی دەکرد ئەو شتە بدرکێنی، بگرە زۆریشی پێناخۆش دەبوو ئەگەر یەکێکیش وای گوتبا! کەچی لەو دەمەدا ئەوە روویدا کە هەر گیز چاوەڕێی نەدەکرد. پێی راگەیەندرا کە حاجی حوسێنی مامی زۆر ناساغەو داوای دەکات! یارمەتی لە هاوەڵەکانی وەرگرت و خێرا بەرەو گوندەکەی گەڕایەوە .

ئەگەرچی زۆر ماندوو هیلاک بوو، بەخێرایی هەنگاوی دەناو دەیویست بەزووترین کات بگاتەوە گوندەکەی. هەر بیری لە مامی دەکردەوە. دەیزانی ئەگەر شتێکی لێبێت ئەو تووشی زۆر کۆسپان دەبێ. زۆر ئەستەنگ و ناخۆشی وای بۆ چێ دەبێ کە لە خەونی شەوانیش بیری لێنەکردۆتەوە!

حاجی حوسێن بە گوێرەی ئەو شتێکی گەورەبوو. هەرچەند جارێکی بچووبایەوە گوندی. بەبێئەوەی داوا بکا. یاخود شتێ بزەلینی. هەستی دەکرد گیرفانی پڕ پارە دەبوو. هەرگیز نەیدەپرسی کە پێویستی پێیە یا نا؟!

کە گەیشتەوە گوندی حاجی حوسێنی مامی بینی، فێنکاییەک دەروونی گرتەوە. ترسەکەی ورد وردە رەویەوەو خۆشیەک جێگەی گرتەوە.

–هەواڵم بۆ هات گوایا تۆ ناساغی!

حاجی حوسێن به دەنگێکی بەرز پێکەنی:

– وەرە دانیشە.. نامۆیم دەکردی و حەزم دەکرد بتبینم، وەرە لە تەکم دانیشە !

هەڵۆ ئەگەرچی دڵگیر بوو کە لە هاوەڵەکانی دابڕابوو. هاوکات خۆشحاڵ بوو بەوەی کە مامی ساغ و بێ بەڵایە.

ماوەیەکی باش بەیەکەوە دانیشتن. دوای ئەوەی ، ئەوەی گەرەکیان بوو گوتیان و لە دەرگای زۆر باس و خواسانیان دا. دنیا تاریک داهات و هەڵۆ ناچار بوو ئەو شەوە لەوێ بمێنێتەوە. بەیانی زوو، هەر لەگەڵ ئەوەی یەکەم گزنگ گەیشتە سەر زەوی. ماڵئاوایی کردو بەجێیهێشتن.

هێشتا نەگەیشتبووە نێو گوندی کە بەفرینی بینی! وەکو هەموو جارێک شلەژا. بەڵام ئەمجارەیان دانی بەخۆیدا گرت. بەبزەیەکەوە گوتی:

–بەفرین.. چۆنی؟!

– خۆشبی...! تۆ چۆنی.

خەریک بوو هەمدیس زاری بگیرێ و وشەی لێ لەڕک راچێ. کاتێ بەفرین لەو زۆر زانانەتر هاتە گۆ:

–چییە بابە... چما ئەوەی ببێتە پێشمەرگە خەڵک ئیوها لەیاد دەکات! ئاوا دەبێتە دوژمنی گوندەکەی خۆی !؟ ئەمن زانیومە پێشمەرگە گوندو

واری خۆیان خۆشدەویٚ! خۆیانی لەسەر بە کوشت دەدەن. بەڵام وادیارە تۆ پێچەوانەوەی. هەر ئاوی لە گوندەکەی خۆت نادەیتەوە!

ئەم پەیڤانەی بەفرین لەلایەک هانیاندا بۆ ئەوەی زیاتر باخێوی. لەلایەکی تر وایان کرد هێندەی تر قوڕگی بگیریٚ و دووچاری شەرمندەیی بێت ! وەک سەرخۆشێکی لێهات و خۆشی نەیزانی چۆن گوتی:

–گوندمان لەیاد نەکردووە. ئێمە هەمیشە بیرمان لە کن گوندەکەمانە. بەڵام خەڵکی تر هەیە ئێمەی لە یاد کردووە. نازان دەکەن و گران دەفرۆشن!

––مەبەستت چییە هەڵۆ. دەبینم پەلاران داوێی. قەت نەمزانیوە کە لاڵ بکەونە گۆ، هێندە زۆرزان دەردەچن!

هەڵۆ کە لە دەوروبەر راما پێی جوان نەبوو لەنێوەندی ئاوایی درێژەی پێبدا. بۆیە گوتی:

–دەتوانم وەرامت بدەمەوە بەفرین. بەڵام حەز ناکەم خەڵک لێرە بەیەکەوەمان ببینیٚ، دوای نیوەڕۆ وەرە ئەو شوێنەی کە هەموو جار بەتەنیا لێی دادەنیشم. دەزانی کوێیە وانییە؟. بەفرین بە شەرمێکەوە سەری بەڵێی بۆ لەقاند!

–لەویٚ چاوەڕێت دەکەم. گیرۆ نەبی !

ئەمەی گوت و بەبێئەوەی چاوەڕێی وەرام بکات ، لێیدا و ڕۆیشت. چەند هەنگاوێک دوورکەوتەوە کە بە پەشۆکاویەوە ئاوڕی دایەوە.

– دێی... وانییە؟!.

بەفرین گرژیەوەو لێی دوور کەوتەوە. هەڵۆ چیتر ئاوڕی نەدایەوە. هەستی کرد گۆڕ ِانێکی سەیری بەسەر داهات. ئەژنۆی دەلەرزی و قاچەکانی زەویان نەدەگرت. وەک ئەوەی لە خەوێکی خۆش دابێ وابوو! دنیا ڕەنگێکی جوانتری وەرگرتبوو. وەک ئەو دنیایە نەبوو کە چەند چرکەیەک لەمەوبەر دەیبینی. هەموو ئەندامێکی لەشی کەوتبووە ختووکە!

کە گەڕایەوە ماڵ سەیریان پێهات. حاجی حوسێن بەسەرسامییەکەوە گوتی:

–ها کوڕم... وادیارە نەڕۆیشتیەوە. خێرە... خۆ هیچ ڕووینەداوە؟!

–نا... مەترسە، تەنیا هێندێک بێ وازم. وام بە چاکزانی مادامەکونێ هەر گەڕاومەتەوە ، پشوێ بدەم و کەمێ بحەسێمەوە. ئەی بەڕای ئێوەش واباشتر نییە!؟

–چۆن. ئەدی بەرایێ من خۆشم وامنەگوت! بەڵانەکونێ حەزم نەکرد زۆرت لێبکەم. بەتایبەتیش بتبینم. دەمزانی ئەگەر کارێکی وا نەکەم ئەستەنگە هاوەڵەکانت بەجێبهێڵی. دەترسم وەکو مەسەلەی مەلەوانەکەی لێ بێت. چەند جاران بە گاڵتە گوتی خنکام. خەڵک وەتەنگیەوە هاتن و

فریای کەوتن، ئەویش گاڵتەی پێکردن و عریت عریت پێیان پێکەنی. کەچی دواجار بەراست خنکا. هێندەی هاواری کردو داوای یارمەتی کرد. ئەمجارەیان خەڵک پێی پێکەنین و گاڵتەیان پێکرد!

–چۆن ئەوە دەڵێی مامە گیان. تۆ لە جێگەی گشت کەسێکمی. هێندە بەسە پەیڤێکت لەزار دەرچێ، ئیتر لە هەر کوێیەک بم، وەکو لە چیرۆکان دەڵێن لە پشت قولەی قافێشن بم هەر دەگەمە لات !

مامی لەگەڵ ئەوە کزگری لە هەوکێ ما. هەڵۆ کە مامی بەو لەگوینە بینی لەناخەوە بۆی زگار بوو، گەلێکی بەزەیی پیا هاتەوە. هاوکات شادییەک ختووکەی دا. شانازی کرد کە مامێکی ئیوهای هەیە. یا راستر باوکێکی ئیوها ساویلکەو دەروون پاکی هەیە. بە دوو گلی بەسۆز رۆندکان دەبارێنێ و بەدووی تر دەگرژێتەوە لە ناخی دڵەوە پێدەکەنێ!

هەڵۆ زۆر گوندان گەڕابوو. بگرە زۆربەی گوندەکاتنی کوردستانی بینیبوو. کە تێرادەما زۆربەی زۆری پیرەکان. تارادەیەک گەنجەکان و هەموو خەڵکەکەش، ئاوا هەست بەرزو دەروون خاوێن بوون. سڵاوێکی بەخۆشیت لێکردبوان ماڵەکەت بارکردبوان!

لەو دەمەدا مەژی زیاتر بەلای بەفرین دادەشکایەوە. تا نیوەڕۆ داهات ، بەرد شەقی برد ! کات نەدەڕۆیشت و نەدەڕۆیشت! هەرچەندەی سەری بۆ ئاسمان بەرزدەکردەوە. خۆر وەک ئەوەی بە بزمار لە تاقی ئاسمان داکوترابێ لە شوێنی خۆی نەدەبزوا!چەندەی هەوڵیدا نەیتوانی ئۆقرە بگرێ و ماوەیەکی زۆر لە ماڵەوە دابنیشێ. لەوە دەترسا پەیڤێ بزەلینی.

یاخود کارێکی وای لێ رووبدا جێی گومان بێ، بۆیە زوو چووە دەرەوە. دوای نانی نیوەڕۆ لە ماڵ دەردەکەوت بۆ ئەو شوێنە چوو کە بۆ بەفرینی دەست نیشان کردبوو.

لەسەرەخۆ هەنگاوی دەنا، تاوێ لە بەردەم خۆی رادەما. وەک ئەوەی شتێکی بە نرخی گوم کردبێ، تاوێکی تر دەیڕوانیە ئاسۆیەکی دوور.

دڵی لێی دەداو هەستی بە لەش داهزرانێک دەکرد. نەیدەزانی ئەو هەڵوێستەی تیایدایە دروستە یان نا! لە هەموو شتێک بڕوایی بەخۆی هەبوو، هەر هەنگاوێکی هەڵینابوایە دڵنیا بوو لە سەرکەوتنی. زۆر جاران کەشتێکی دەردەبری، یاخود رایەکی سەرەرۆیانەی دەدرکاند، هاوەڵەکانی گاڵتەیان پێدەهات. کەچی ئەو بە بڕوا بەخۆبوونێکەوە قاچی لە زەوی دادەگرت و مکوڕ دەبوو. لە ئەنجامیش هەموو جارێک وەک چۆنی دادەنا وادەردەچوو! کەچی لەم لایەنەدا دەترسا و دوو دڵ بوو! نەیدەزانی ترسەکە شتێکی ئاساییەو هەموو مرۆڤێک هەستی پێدەکات، یاخود بڕوا بەخۆنەبوونە!

"بەڵام من بڕوام بەخۆم هەیە. هەر شتێکی گەرەکم بێ دەیکەم. ناشترسم! ئەهای... لە چی بترسم؟! ئەگەر لەبەر مامم نەبێ ئەوا نە کێخوا ووسوو نەباوکی کێخوا ووسووش بە پیاو نازانم. سەدی وەکو ئەوو لەویش زلترم دیوە بۆ ئەسکوێ خوێن هاتوونەتە سەرچۆکان و پاڕاونەتەوە! وەکو ژنان فرمێسکیان دابارندووەو دەستیان بە گریان کردووە. دڵنیام ئەمیش ئەو پیاوە نییەو من چاک دەناسێ. ئەگەر

ئارەزووم لێبێ بەفرینی بە زەبری چەک هەڵدەگرم و دەڕۆم. ئەوکاتە ئەوەی خۆی بە پیاو دەزانێ بابێتە دوام!"

لەگەڵ ئەو بیرکردنەوەیە رووی گرژبوو لەخودی خۆی ئەنری ! نەیزانی چۆن بواری بە مەژی خۆیدا لەو جۆرە بیرانە راچێ ! ئەو شتانەی ئەو لە دڵی خۆی گوتی ئەگەر بە ئاستەم لەزاری دەرچووبوا. ئەوا دەبووە گاڵتەجاری خەڵک و هەرگیز لە خۆی خۆش نەدەبوو. ئەو لەسەر ئەم خاڵە سەد جاران زیاتر لەگەڵ هۆمەر بووە گفتوگۆو دەمەتەقێیان. هەموو جارێکیش سەری بادەداو هاوڕایەتی خۆی دەردەبڕی، کە هۆمەر دەیگوت:

"ئێمە کە چەکمان لە شان دایە نابێ بەخ و لەخۆبایی بین. راستە زۆر شتمان پێدەکرێت. دەتوانین زۆر کەس ئازار بدەین. وا لە زۆران بکەین بێتە سەرچۆک و بناورێتەوە! بەڵام ئەمە کارێکی دڕندانەیە. ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەوپەڕی ترسنۆکی و بێ بڕواییە. کاری وا هەرگیز لە مرۆڤی ئازاو شۆڕشگێڕ ناوەشێتەوە. ئەو لە جیاتی ئەوەی وا بکا خەڵک لێی بتۆقێ، دەبێت وا بکا خەڵک خۆشیان بوێ. ئەگەر لەروانگەی تۆقاندنەوە سەیری خەڵک بکەی. چ جیاوازیەکت لەگەڵ دوژمن دەبێ ! سەیرکە دوژمن چۆن تەڕو وشک بەیەکەوە دەستووتێنێ، چۆن هەموو شێوازێکی دڕندانە دەگرێتە بەر. کەچی رقی خەڵک رۆژ بەرۆژ بەرانبەریان زیاتر پەرەدەسێنێ. ئەدی کاکی خۆم. پێویستە وابکەی پەیوەندیت لەگەڵ ئەو خەڵکە لەسەر بناغەی ئەوین و خۆشەویستییەوە

بێ. ئەو چەکەی خستووتە شان خۆشەویستی دروست بکا، نەوەک رق و کینە!"

"راست دەکەی کاک هۆمەر منیش هەمان رای تۆم هەیە. گلیەکانت زۆر جوانن. پێویستە وابکەین خەڵک ئێمەی خۆش گەرەک بێ، ئەگەر ئێمەش وەکو ئەو دوژمنە لە خوانەترسە رەفتار بکەین ، هەژارو بێ دەرەتانان هانا وەبەرکێ بەرن. هەمووومان باش دەزانین ئەوەی زوڵمی لێبکرێ، ئەوەی هەستی نەتەوەیی ببزوێ و هەوای سەربەستی لە کەللەی بدا. دێنە ریزی ئێمەو چەکی خەبات هەڵدەگرن. پێویستە وابکەین خەڵک ئێمەی خۆش بوێ!"

کە باس دەهاتە سەر ئەو باسە لە هەموو شوێنێک بەم لەگوینە داخاوت. سەیری پێهات! چەندەی لە خۆی ئەنری هێندەش بەزەیی بە کێخوا ووسوو هاتەوە. کابرایەکی گەورەو گران، نەئاوقەران و هاوتەمەنی ئەوبوو نە هیچ، لە ماڵی خۆی دانیشتبوو ئاگای لە هیچ نەبوو. کەچی ئەو ئاوا گوناهی بەرانبەر کرد! نەیزانی چ ئەگەرێک بوو وایکرد ئاوا بیربکاتەوە!

" پێویستە دەروونت فراوان بکەی. وادەزانی دەچیە شەڕ!؟ دوژمن هێرشی هێناوەو بەرەنگاری دەبیەوە. ئەوە چۆن بیردەکەیتەوە هەڵۆ !؟ لە کنەخۆ خۆت بە مرۆڤێکی زیخ و ژیر تێدەگەی. خەڵکێکی زۆریش هەروا تێدەگەن. کەچی وا خۆت بە خۆتی دەسەلمێنی کە گەمژەڵ و بێ ئاوەزی و فڕ لە هیچ ناگەی! چەکت خستۆتە شان و وادەزانی بۆ شەڕ

دەچی ! تۆ دەچیە ژوانێ. برۆ چەکت لە ماڵ دانێ. ژوانت لەگەڵ شۆخێکی ناسکۆڵەو جوان هەیە. ماوەیەکی زۆرە خولیاو چاوەڕێی ئەو رۆژەی. کەچی خەریکە بە بیرکردنەوەی پووچ و بێ بایەخ و شێتانە بەفیرۆی دەدەی. شوێنی وا پێویستی بە ئاخاوتنێکی ناسک هەیە. تۆ خەریکە لەیەکەم هەنگاودا لە خۆتی تێکدەدەی"!

"سەیرە... من لە خۆمەوە شتەکەم وا زلکردووە کێ دەڵێ بەفرین گاڵتەی پێنەکردم! یەک دوو دەستە خوشکی لەگەڵ خۆی بهێنێ و لە دوورەوە عرینت عریت پێم پێبکەنن! واچاکە رێ و رێ بگەڕێمەوە!"

"مرۆڤێکی زۆر ساویلکەی ... ها، وادیارە هیچ لە دنیایێ ناگەی. ئەدی ئەو بزە پڕ مانایە لە ئەویندارى بەولاوە چ واتایەکی تری دەبەخشی! ئەگەر ئەویش هەمان هەستی نەبوایە هەرگیز رێگەی نەدەدا ئاوا لەگەڵی باخێوم. دەیگوت برۆ کورۆ برۆ لێم دوورکەوە. من لەوانە نیمە حەز حەزانۆکێ بکەم. برۆ لێم دوورکەوە، ئەگەر ئارەزووی لێ نەبوایە وایدەگوت! وەلێ بزەکەی هەموو شتێکی ئاشکرا کرد. ئەویش مرۆڤە دارو بەرد نییە، هەستی هەیە. هیچ دڵ لە دڵ دان و شەرم کردنی پێناوێ. خۆشەویستی کارێکی نابەجێ و شوورەیی نییە. من نیازم پاکە. ئەگەر سەرکەوین دەیهێنم. بەڵێنی پێدەدەم و پێی دەڵێم ئەو دەمە لە شاخ نامێنم و دێمەوە ئاوایی. خانوێکی بچکۆڵە بۆ خۆمان بەیەکەوە بنیات دەنێین و سەروێک دەکەین. بۆ خۆمان بە کامەرانی دەژین!"

لەگەڵ ئەو پەیڤانە هەستی بە بەرچاو روونی و خۆشەویستییەکی گەورە کرد.

" زۆر خۆشە لێتگەڕێن بە بەختیاری لەماڵی خۆت بژی. لە گوندەکەی خۆت بەسەربەستی بژی! زۆر حەز دەکەم بە کامی دڵی خۆم لە نێو ئاوایی بسوورێمەوە. خاوەنی خانوێکی بچکۆلانەی خۆم بم. لەگەڵ مامم بەیەکەوە کار بکەین. ئەو پیر بووەو توانای کارکردنی نەماوە. هەنوکە نۆرەی منە کار بکەم" !

کەوتە دەریای قووڵی ئەندێشە. لە کنی وابوو جووتێ باڵی دەرکردووە. وەکو هەڵۆ... هەڵۆیەکی بەرزەفڕ، لەتای ئاسمان ، بەئارەزووی خۆی ، بەکامی دڵی خۆی باڵەکانی لێکدەدا. بۆ ماوەیەک بە خێرایی، وەکو سەوڵی گەمیەک. باڵەکانی لێکدەدا. پاشان بۆ ماوەیەک باڵەکانی رادەگرێ. وەکو کۆلارەیەکی مندالان بەرز دەبێتەوە.. بەرز دەبێتەوە... لەنکاوڕا نیگاکانی ئاراستەی زەوی دەکاتو یەک رەوت دێتە خوارەوە. لەسەر بەردێکی بەرز هەڵدەنیشێ. گوێ بۆ خوڕەی ئاو رادەدێری. بەسلیەوە لە دەوروبەر رادەمێنێ. سەیری دارەکان ... بەردەکاتن دەکات... پاشان لە شەقەی باڵی دەداتەوە، بۆ ئاسمانی شین بەرز دەبێتەوە. هەتاوەکونێ دەگاتە هێلینەکەی. کە لە نێوەڕاستی چیایەکە... لە شوێنێکی زۆر سەختدایە. نەکەس دەیبینێ... نە کەسیش دەستی دەگاتێ. هەرکە دەگاتە لای بەفرین و دەبینی چاوەڕێی دەکات، بە توندی لە هەمێزی دەگرێ. بەیەکەوە دادەنیشن. خەون و خۆزگەو ئاواتەکانیان بۆ یەکتر دەگێڕنەوە.

"چ لەو ژیانە سادەو ساکارە خۆشتر نییە کە مرۆڤ تیایدا سەربەست بێ. با هەر هیچی نەبێ. تەنیا سەربەست بێ. ئای کە سەربەستی شتێکی بەرزو بەنرخە. بە ئارەزووی خۆت هەڵسی... بە ئارەزووی خۆت دابنیشی. کەس نەیێ بتچەوسێنێتەوە. کەس نەبێ چەقۆت لێ بەرز بکاتەوەو هەڕەشەت لێ بکا، ئەوکاتە تۆش بە ئارەزووی خۆت. لە خۆشەویستییەوە نەک لە ترسەوە ریزی دەوروبەر بگری. لەکاتی تەنگانەدا بەفریایان بچی. لە خۆشیدا سترانیان بۆ بچڕی. لە کۆست کەوتندا سەردولکەیان بۆ بڵێیت و فرمێسکیان بۆ بڕێژی. ئەگەر دوژمن هەڕەشەی لە خاکەکەت کرد. هەڕەشەی لە بوون و سەربەستیەکەت کرد. ئەوکاتە بە ئارەزووی خۆت، بە کامی دڵی خۆت. چەک هەڵگری و بەرەنگاری ببیەوە. بەشانازیەوە... بە ئارەزووی خۆت بمری... ئاخ بۆ ژیانێکی ئاوا!"

بەدەم ئەم وردە ئەندێشانەوە گەیشتە شوێنەکە. دانیشت و پشتی دایە دارەکە، باوەڕی نەدەهات. تا ئەو دەمەش هەر بە خەونی دەزانی! بەخۆی دادەچووەوە. ئەو خەونانەی دێنایەوە یاد کە لەو ماوەیەدا دیبووی. سەیری پێدەهات. خەون نەبوو! کەچی راستەقینەش نەبوو! یاخود بڕوای نەدەکرد راستەقینە بێ. قەت لەو بڕوایە دانەبوو رۆژێک لەرۆژان ئەو شتە لەراستەقینەدا رووبدا!

سەرو دڵی چەند تێکچوو بوو، کە بەفرین وەدەرکەوت هێندەی دیکەی تێکچوو. هێشتا ئەو دوور بوو کە لە جێگاکەی خۆی هەڵسایەوە. بە شێوەیەکی زۆر سەیر هەڵسایەوە. بەفرین گەیشتبووە کنی هێشتا دڵنیا

نەبووباوەڕی بەچاوی خۆی نەدەکرد. وایدەزانی بیرەکەی ئەندێشەیەکی رووتەو گەیشتن بە ئەنجامی ستەمە. لوتکەیەکی بەرزەو گەیشتنە سەری بۆ نییە! ماوەیەک بوو بەرانبەر یەک دانیشتبوون، نەشیا تاقە پەیڤێ دەربڕێ. هەتاوەکونێ بەفرین بەنازێکەوە گوتی:

–چیت گەرەکە... ئەوا هاتم؟!

–دەتۆ جارێ دانیشە.

–جا کێ دەڵێ من وەستاوم، ئەی نابینی وا دانیشتووم !

هەردووکیان لە یەکتر رادەمان و بەشەرمەوە بزەیان دەهاتێ! تاوێکی تر بێدەنگ مانەوە. بێدەنگیەکە خەریک بوو درێژە بکێشێ. هەتاوەکونێ بەفرین هەمدیس تەلی بێدەنگیەکەی پچڕاندو گوتی:

–بڵێ... بزانم چیت گەرەکە. ئەوەی گەرەکتە بیڵێ. مەترسە بەتەنیا منم و کەسی تر لێرە نییە!

–نا... ناترسم! بۆچی دەترسم. تۆ من باش دەناسی. هەرگیز ناترسم! بەڵام نازانم چی یەژم. هەرچەندەی سەیرت دەکەم لەبەرچاوم جوانتر دەبی. حەز دەکەم هەمیشە بەیەکەوە بین. بەفرین دەزانی من تۆم خۆش دەوێ!

وا دیار بوو ئەو وشانە کارێکی زۆریان لەو کیژۆڵە کرد. بۆیە تاوێ سەری خستە بەر خۆی و تەماشای نەکرد. گلیەکەی پێخۆش بوو، بەڵام نەیزانی چی وەرام بداتەوە! یاخود شەرمی کرد بە هەمان شێواز رای

خۆی دەربڕێ. ئەگینا ئەویش هەمان هەست و هەمان رای هەبوو. ئەویش حەزی دەکرد لەوکاتەدا وەکو هەڵۆ یەژێ.

"منیش تۆم خۆشدەوێ. باوەڕ بکە منیش تۆم خۆشدەوێ. لەو رۆژەوەی بۆ یەکەم جار تووشت بووم. هەتاوەکونێ ئێستێ تێر بە چاوانی خۆم نەنووستووم، هەر بیرم لە تۆ کردۆتەوە. خۆشمدەوێی هەڵۆ گیان... بەقەد گوندەکەم... بەقەد خاکەکەم خۆشمدەوێی. زۆر گیرۆ بووی. دەبوایە زوو ئەو شتەت بدرکاندبوایە، رۆژگارێکی زۆرمان بەفیرۆدا. پێویست بوو زووتر ئەمەت دەربڕیبوا. ئەگەر چی هەنوکەش هیچ نەبووە"!

کەچی واینەگوت، بگرە نەیوێرا واش بڵێ! لە شتێک دەترسا نەیدەزانی چییە! شتێک قوڕگی دەگرت نەیدەهێشت ئەوەی لە دڵی دایە" بە ئارەزووی خۆی دەریبڕێ. دەستەوەستان بوو، بیری کردەوە لەوکاتەدا گلیەک بکا جێگەی خۆی بگرێو کەسێتی ئەو بپارێزێ! ویستی وانیشان نەدا کە دەستەمۆیەو زوو لەداو دەکەوێ! نەبادا کوڕێژگە بەخەراو تێی بگاو بەشێوەیەکی تر سەیری بکا! بۆیە گوتی:

–سەیرە... تۆ بە منداڵی زۆرت رق لەمن دەبووەوە. لە یادت نایە چەند جارانت لێداوم!

–بەمنداڵی رقم لێت نەبوو... ئەوە هەستی منداڵی بوو! بەڵام هەنوکە خۆشمدەوێی. بەفرینەکەم... وەکو بەفری چیاکانی کوردستان خۆشمدەوێی!

–باشە بۆ منت خۆشدەوێ. خۆ ئاوایی زۆر کچی جوانی لێیە! زۆری وای لێیە گەلێ لە من جوانترن. دوورمەڕۆ پەخشانی ئامۆزات. لەو ئاواییە ، لە جوانی کێ دەتوانێ خۆی لە قەرەی بدا! بۆ ئەوت خۆش ناوێ؟!

–ئەوە چی یەژی! گوایا نازانم ئاوایی زۆر کیژۆڵەی جوانی تیایە. گوایا نازانم ئاوایی زۆر نازدارو خەزێم شۆڕو شۆخ و شەنگی تیایە؟! من دەزانم... چاک دەزانم، بەڵام بێدەستی خۆم تۆم کەوتۆتە بەردڵ و لە هەمووان جوانتر دێیە بەرچاوم. باسی پەخشانیش هەر مەکە... چونکێ خوشکی منە. ئەگەر بەو شێوەیەش بیر دەکەیتەوە ئەوا من دەکشێمەوە. پەژیوان دەبمەوە لەو وشانەی دەرمبڕین! تۆش وابزانە هیچت نەژنەوتووە. من یەژم تۆم خۆش گەرەکە... بۆ ... نازانم !

بەفرین لێوی خۆی گەستەوەو پەژیوان بووەوە! ئەگەرچی ئەو بە هیچی وا نەگوت، لەوە ترسا هەلۆی لە دەست بەرهەڵدا بێ، بۆیە بە دەنگێکی کزەوە گوتی:

– مەبەستم ئەوە نییە تۆ زویر بی... منیش تۆم خۆشدەوێ!

بێئەوەی ئاگای لە خۆی بێ پەیڤەی لە زار دەرچوو، یاخود بە ئەنقەست دەربڕی، وای نیشاندا کە ئاگادار نییەو لە زاری دەرچووە. بەلانەکونێ هەر چۆنێک بوو کاری لەبەرانبەرەکەی کرد. کە لەگەڵیدا بزەی هاتێ و دەمە بەشکەی گرت. ویستی شتێک بڵێ بەڵام بەفرین بواری نەداو درێژەی پێدا:

-راسته هەڵۆ... من تۆم خۆشدەوێ. بەڵام من نامەوێ سەری باوک و برام شۆڕ بکەم و وایان لێبکەم چاویان لەبەر خەڵک هەڵنەیە!

-ئەوە چی دەڵێی بەفرین، من چۆن ڕێگە دەدەم سەری ئەوان شۆڕ بێ! من تۆم بە پاکی و لەکانگای دڵەوە خۆشدەوێ، سوێند بەو چەکەی کە لە شانمدایە. سوێند بەو ئاخ و ئاوەی خۆمی لە پێناو بەکوشت دەدەم. مەبەستم پاک و ڕەوانە. ئەوینەکەم ڕاست و ڕاستەقینەو خواییە. ئەوەی غەل و پیسی بێ لە دەروونی مندا نییە! هیچ دڵ لە دڵ مەدەو مەترسە. شتەکە هەر لە نێوان خۆمان دەبێ و دەرناچێ. دەزانم شۆفارو بەدکار زۆرن، ناحەزو داوێن پیس زۆرن. خۆ من ناترسم... باوەڕ بکە ناترسم. ئامادەشم لە پێناو تۆ هەموو شتێک بکەم. ئەوەی پەنجەت بۆ درێژ بکا پەنجەی قوت بکەم... بەڵام بەڵێنت پێدەدەم کە هەرگیز هیچم لە زار دەرنەچێ.

بەفرین بەبنی چاوی نیگایەکی پڕ نازی ئاڕاستەکردو گوتی:

--بژیم هی تۆمە... بمرم هی خاکم!

--بژیم هی تۆمە... بمرم هی خاکم!

ماوەیک بوو ماڵئاواییان لە یەک کردبوو. بەفرین گەیشتبووە ماڵەوەش ئەو هێشتا هەر لە جێگەی خۆی دانیشتبوو. دڵی وەکو جاران دەلەرزی و هەناسەی بەخێرایی دەهات و دەچوو. لەوکاتەدا حەزی دەکرد دانیشێ و لە خۆشیا تێر بگریێ ، پڕ بە دەنگی هاوار بکاو گۆرانی بڵێ.

حەزی دەکرد... حەزی دەکرد زۆر شتان بکا. کەچی دەستەوەستان بوو. ناوە ناوە نووزەیێکی لێوە دەهات و هەوڵیدەدا لەبەر خۆی سترانان بچڕێ. هەوڵیدەدا دەنگەکەی لە ناخی ناخەوەی بهێنێتە دەرەوە. چەندەی دەنگەکەش قووڵتر بوایە زێتر هەستی بە بەختیاری و

ئاسوودەیی دەکرد!

لەو سەردانەدا دوو رۆژی تریش مایەوە. حاجی حوسێنی مامی ئەگەرچی هیچ پرسیارێکی لێ نەکرد. وەلێ دەیزانی شتێک لە ئارادا هەیە. بۆنی شتێکی کردبوو! هەستی دەکرد برازاکەی گۆڕانێکی تەواوی بەسەردا هاتووە. زیاتر لە جارێک لەگەڵ خێزانەکەی دانیشت و ئەو پرسیارەی لێکرد. هەوڵیدەدا بە شێوازێکی نهێنی ئەو پرسیارە بکا. کاتێکی وای هەڵدەبژاردکە ئەوان بە تەنیا لەماڵەوە دەبوون. خەجێش بە بێبایەخی وەرامی دەدایەوە:

"کوڕێژگە ماندووە. گەرەکیەتی نەختێ بحەسێتەوە. دەزانی چەند ماندووە ... بینایم دایێ بۆتان خۆ حەسانەوەیان نییە. هەمیشە لەگەڕان و جەولان دان. لەم سەر بۆ ئەو سەر، لەم گوند بۆ ئەو گوند. ماندووەو گەرەکیەتی نەختێ بحەسێنەوە!"

هەموو هەستیان بە گۆڕانەکەی دەکرد. بەتەنیا ئەو خۆی نەبێ ئاگای لە هیچ نەبوو. وەک ئەوەی لەو دنیایەدا نەژیێ وابوو! جاران ئەگەر رۆژێک بەسەر کاتی گەڕانەوەی تێپەڕیبوا دنیای هەڵدەگرت، وا دەشلەژا ، وەک یەکێک شتێکی گەورەی لێ قەومابێ. بەخێرایی خۆی ئامادە

دەکردو دەڕۆیشت. هەریەکێ بیدیبوایە لەرۆیشتنەکەیدا هەستی بەشتێک دەکردو دەیزانی شتێک لە دڵی ئەو کوڕە جحێڵەدا خۆی حەشارداوە، ئەویش وەکو خۆی... بەبێئەوەی بایەخ بداتە نیگای خەڵکی بەردەوام دەبوو لە رۆیشتنەکەی.

"لەوانەیە هاوڕێکانم بڵێن لە ترسانە! لە ترسان خۆی گیرۆ کردووە. دەیەوێ خۆی لە ئەرک و فەرمانان بدزێتەوە. دەڵێن ئەو هەڵۆیە... ئەوەی کە ئەو هەموو ناوبانگەی دەرکردووە. خەڵک هەموو بە ئازاو دڵسۆزی تێدەگەن. هیچ نییە... مرۆڤێکی نەزان و ترسنۆکە. ئەو خەڵکە رەنگ نییە بە چاکە روو لە یەکێ بکا، وا بەرزی دەکاتتەوە دەیبا لە سەر ترۆپکی بەرزترین چیای دادەنێ. بەرانبەری دادەنیشێ و گۆرانی پێهەڵدەڵێ! کەچی بە پێچەوانەوە... ئەگەر کەوتە سەرزەنشتی یەکێکیش هەر خوا بۆ خۆی دەیزانی چی پێدەکات! هەنوکەش هەڵۆیان ئیوها بەرز کردۆتەوە. ئەگینا لەراستەقینەدا مرۆڤێکی نەوێرو ترسنۆکە، خۆی لە ئەرک و فەرمانان دەشێرتەوە!"

کەچی ئەمجارەیان ئاوای بیر نەدەکردەوە. بگرە هەر بەو لایەش دانەدەچوو. هەموو هێوی و خۆزیەکی ئەوەبوو بەر لەوەی بگەڕێتەوە جارێکی تر چاوی بەگراوەکەی بکەوێتەوە. هەر چۆنیشی خواست خوا بەکامی دڵی ئەوی کرد، وای بۆ هات. ژوانیان لە هەمان جێگا دیاری کردو لە هەمان کاتیشدا بە یەکگەیشتن. زۆریان گوت، زۆریان رازو خۆزگەی ئەوینداری لە درکاند. هەریەک باسی هیوای خۆی کرد. باسی ئاواتی خۆی کرد، باسی ئەو شتانەی کرد، کە لە نێو دڵی پەنگی

دەخواردەوە. زۆر شتی وایان دەربارەی یەکتر درکاند، کە تاو ئەو دەمە نەیاندەزانی. بەفرین لەنکاوڕا پرسی:

–حەز دەکەی چۆن بژی؟!

هەلۆ بەبزەیەکەوە وەرامی دایەوە:

–حەز دەکەم وەک مرۆڤان بژین ! نیشتمانێکی ئازادو سەربەستم هەبێ. دیل و ئێخسیری کەس نەبم. کەس نەمچەوسێنێتەوە. کەس نەچەوسێنمەوە. ماڵی کەس نەخۆم، کەس ماڵم نەخوا. حەزدەکەم ئاوا بژیم...

–پاشان...!

پاشان لە خانوێکی بچکۆڵە... لەگەڵ تۆ بەیەکەوە سەربەیەک بکەین!

ئەگەر چی ئەم رستەی دوایی تارادەیەک بەفرینی دلشادکردو گرژیەوە. کەچی ئەو خۆی لە ناخەوە بریندار بوو، هەستی کرد چۆن ئەو خەونە بچووک و ساکارەیان بۆتە چیایەک و نایەتە دی ! یەکەم جار بوو خەون و داخوازییەکانی خۆی ئاوا بەسادە بێتە بەرچاو. هەموو خۆزگەو ئاواتێکی ئەوە بوو لێی گەڕێن بەسەربەستی بژی. بەکامی دڵی خۆی چۆنی گەرەکە ئاوا بژی. نە کەس بچەوسێنێتەوەو نە کەس بیچەوسێنێتەوە. نە مافی کەس بخواو نە کەسیش مافی بخوا. ئەو خەونە سادانەیان لێکردبووە ئەژدیهایەک و لێی دەسڵەمینەوە! زۆر بەزەیی بەخۆیان هاتەوەو قوڕگی پڕ گریان بوو.

دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر بەیەکەوە مانەوە، هەڵۆ گوتی:

–حەز دەکەم زیاتر بەیەکەوە بین. بەڵام هەڵسە بڕۆ! با گیرۆ نەبی و لە ماڵەوە گومانت لێنەکەن. با شۆفارو ناحەزان دەرزیمان لێ نەکەنە سوژن. بەدکارو داوێن پیس زۆرن. بەڵام بەر لەوەی ماڵئاوایی بکەیت و جێمبهێڵی. حەز دەکەم شتێکت پێ بڵێم. من بەیانی دەگەڕێمەوە چیتر ناتوانم لێرە بم، هاوەڵەکانم چاوەڕێم دەکەن. گەرەکمە پێت بڵێم ئەگەر دنیایەو نەهاتەوە گەردنم ئازاد بکەی! هەرچی گلەو گازاندەشت هەیە، هەر شتێکت لەدڵدا بۆتە گرێ. هەنوکە بیڵێ باشترە. دەمەوێ لەیەک شتیش دڵنیات بکەم. دووبارە پێت بڵێم تۆم خۆشدەوێ و هەرێی هەموو شتێکیشت پێدەدەم. ئەوە دنیایەو نەبادا نەگەڕێمەوە. نەوەک گوللەی دوژمنان بمپێکێ و پەنا بەردێک بکەم بەگۆڕ... گەردنم ئازاد بکە!

–ئەوە چییە هەڵۆ... گراوەکەی خۆم. وا داخێوی دەڵێی دڵنیای لەوەی شتێک روودەدا! وەک ئەوەی شتێکت پێگوترابێ. یاخود شتێکت زانیبێ و لە منی وەشێری. یەژە هەڵۆ... ئەویندارێ خۆم. تۆ وەکو پیرەمێردێک داخێوی پێمەردە هاتبێتە خەونی! ئەگەر خەونێکی رەشت دیوە بڵێ ، ئەگەر ناحەزو دوژمنت زۆرە دەترسی لە کاتی گەڕانەوەت داوێکت بۆ دابنێنەوە، ئەوا باشتر وایە لێرە وەمێنی.. دەڵێن چاو ساغ و خۆفرۆش زۆر بووینە!

–چۆن لێرە وەمێنم... ئەی هاوەڵەکانم؟... ئەی ئەوانەی چاوەڕێم دەکەن؟ یەژە چۆنیان جێبهێڵم. پاشان کێ دەڵێ سیخوڕو چاوساغمان دەنێو زۆر بووە. هەرگیز باوەڕ بەم پڕوپاگەندانە مەکە. هەمووی درۆیە بەفرینەکەم! ناڵێم چەم بێ چەقەڵ نابێ. ناڵێم هەموو لە بەرفر سپی ترن، مرۆڤی گەندەڵ و ناپاک لە هەموو شوێنێک هەیە. بەڵام ئەو گلیەی تۆ دەیکەی گلی دوژمنانە. گەرەکیەتی بەو گلیانە باوەڕ لە نێو خەڵکی نەهێڵی. گەرەکیەتی برا گومان لە برای بکا. ئەو پڕوپاگەندانە دەکات... مێش دەکاتتە گامێش. تا خەڵک ورەی نەمێنێ. دەروونیان بەرانبەر یەک رەش بێ. ئەگەر منت خۆش دەوێ. تکا دەکەم جارێکی تر واماخێوە، من شانازی بەوە دەکەم کە رۆژێ لە رۆژان ببمە گوری نیشتمانەکەم!!!

لەو رۆژەوە... لەو ساتەوە... لەو چرکەیەوە... هەڵۆ لەبەر چاوی بەفرین گەورەتر بوو. زۆر گەورەتر بوو. بەلوتکەیەکی بەرزی هاتە بەرچاو. بەچیایەکی گەردن بەرزی هاتە بەرچاو! ئەو پەیڤانەی گراوەکەی لە مەژی چاپ بوو. هەموو جارێ... هەرکاتێکی بیری کردبوایە، ئەو پەیڤانەی دەهێنایە یادو دڵی خۆی پێدەدایەوە.

هەڵۆ هەموو جارێک کە بە مادۆنی دەگەڕایەوە. هیچ چارەی نەبوو دەبوایە دڵدارەکەی ببینێ. نهێنییەکەی زۆر بە توندی گرتبوو. لەو بڕوایەدا بوو لەخۆی بەولاوە کەسی تر ئاگای لێ نییەو خەوەردارنیە. کەچی سەرسام بوو. هەموو بزووتنەوەو هەڵسوکەوتێکی پەخشان، گومانیان لە کن نەدەهێشت کە بەتەواوی ئاگاداری هەموو شتێکە ! دەیویست باوەڕ نەکا، ئەو بەڵێنی بە بەفرین دابوو تا ئەو رۆژەی بۆ

یەک دەبن تاقە پەیڤێکیان لەزار دەرنەچێ. دڵنیاش بوو کە گراوەکەی زاری بە تەقەتەو شت نازەلێنی! هەرچەندەی لێی ورد دەبووەوە سەری ئەو گلۆڵەبەنەی بۆ نەدەدۆزرایەوە !

هێنکە بڕبوو لە گیانی خۆی وەڕز بوو، بیورەکەی دانا... لێی دانیشت و بێدەنگ بوو. بڕیەی دا هیچ نەدرکێنی. هەرچی پەخشان بوو بەرانبەری دانیشتبوو پێدەکەنی !بەشێوەیەکی سەیر پێدەکەنی. هەڵۆ وا تێدەگەیشت ئەوە جنێوی پێدەدا. بۆیە چیتر خۆی بۆ نەگیراو گوتی:

–ئەمڕۆ هەست دەکەم گۆڕاوی! گەرەکتە شتێک یەژی. ئاگادارم لەبەیانییەوە پلارو توانجم تێدەگری. نازانم چ ئەگەرە. ... ئەگەر شتێک هەیە ئامادەم گوێت بۆ رادێم. بەڵام شوورەییە پلاران داوێی...

–من هیچم نەگوتووە، نە پلارم هاویشتووە نەهیچ. نازانم بۆ واتێدەگەی... دیارە پەڕێک لە کلکی خۆت گومان دەبەی. ئەگینا ماوەیەکە هەرچی یەژم تۆ بە لەگوینێکی تری تێدەگەی! ئەوەیە دەڵێن قەلقەلاشک لە خۆی بەشک. ئەگەر شتێک هەیە لێم مەشارەوە. چی تیایە... ئامۆزای خۆتم... بەڵکو دەتوانم یارمەتیت بدەم!

–تەنیا وازم لێبێنە هیچ یارمەتی تۆم گەرەک نییە! چ کاری نهێنی و شتی واشم نییە تا پێویستیم بە یارمەتی تۆ هەبێ!

–خۆت سەخڵەت مەکە. وامەزانە دەتوانی من لە خشتە بەری. ئاگام لە هەموو شتێکە!

–تکات لێ دەکەم بەسیەتی چیتر بەو لەگوینە مەپەیوە. توانای توانج و پلارانم نییە! نازانم باسی چیدەکەی، واز بێنە... یەک دوو رۆژ لێرە دەمێنمەوە سەخڵەتم مەکە!

–دەی...دەی.. دەی.. بزانە خراویشم ناکەی! ئەوەیە تا خاوەن ماڵ دز دەگرێ ، دز خاوەن ماڵ دەگرێ! بەستەزمانەی هاتۆتەوە چەند رۆژێ پشوو بدا، بۆ شەڕی پێدەفرۆشی و وازی لێناهێنی. کوڕی باوکم... بەم شێوازە لای یەکێ باخێوە ئاگای لە هیچ نەبێ!

–خۆت پێ زۆر زۆرزانە ... گەرەکتە لەخۆڕا شت هەڵبەستی، وا دەزانی ئیوها ساویلکەم !؟

ئەوانە خەریکی ئاخاوتن بوون. خشپەیەک هات. کە سەریان هەڵبڕی و تەماشای ڕێگاکەیان کرد. گەنجێکیان بینی بە پەشۆکاویەوە دەرۆیشت. بەترسەوە ئاوڕی لەم لاو لەو لای خۆی دەدایەوە. زاری بستەک کرابووەو زۆر ماندوو دەهاتە بەرچاو. هەڵۆ هۆپەکی لە خۆزانی. بەدەست دیاردی بۆ پەخشان کردو داوای بێدەنگی لێکرد. پاشان بە هەمان شێوە داوای خۆشاردنەوەی لێکرد. خۆشی بەهێواشی دەستی دایە چەکەکەی. لەسەرەخۆو بە پەنادزێ خۆی هاویشتە پشت ئەو گردۆلکەیەی کە ڕێگاکەی دەهاتەوە سەر. لە پەنابەردێک خۆی مات کردو هەناسەی لەخۆی بڕی. هەرکە گەیشتە لای تفەنگی راکێشاو دەنگیدا.

––کێی زەلام...؟!

کوریژگه به ترسەوه پریاسگەکەی دانا. ماندوو بوون چەند سپرزەی کردبوو، ئەو دەنگە پڕ ترسە هێندەی تر! نەیزانی چیبکا.. جگە لە چوونە پێش زیاتر هیچ چارەیەکی دیکەی نەبوو. کە نزیک کەوتەوەو سەیری کرد. رەنگ و رووی بەوە نەدەچوو خۆفرۆش و پیاوی دوژمن بێ! بەڵام هەڵۆ دڵی ئۆقرەی نەگرت. وای بەدروستزانی بەرووخسارو شێوەی فریو نەخواو لە کاتی وادا چی پێویستە بیکا!

کوڕیژکە بەترسەوە وەستا. ئەمە وای لە هەڵۆ کرد زیاتر دەنگی بەرز بکاتەوە

–وەرە پێش... بزانم کێی؟!

کە چووە پێش و بە تەواوی لێی نزیک کەوتەوە، گوتی:

–چیدەکەی... خێرا بڵێ بزانم لە چی دەگەڕێی.. دوژمن تۆی ناردووە... زووکە بڵێ بزانم چەندت پارە وەرگرتووە!!.

–پارە وەرگرتنی چی ئەوە چیدەڵێی!.

–بڕوا مەکە بتوانی لە خشتەمان بەری. زۆری وەکو تۆ خۆی تاقیکردۆتەوە. ئەنجامەکەشی روون و ئاشکرا بووە!

–تێناگەم... نازانم باسی چیدەکەی!

–بڵێ بزانم بۆ هاتووی... لەچی دەگەڕێی؟.

–هاتووم سۆراخی براکەم بکەم.

–براکەت چیدەکات... لە ماڵەوە زیز بووەو وەچیا کەوتووە؟!

–نەخێر... براکەم پێشمەرگەیە!

--پێشمەرگەیە... ناوی چییە.

–ناوی هۆمەرە...

–ناوی نهێنی چییە!

–هەر هۆمەرە... ناوی نهێنی بۆ خۆی دانەناوە. ماوەیەکە هەواڵیمان بۆ نەهاتووە دەڵێن گوایا لەشەڕی براکوژی بەدیل گیراوە!

هەڵۆ بزەیەکی هاتێ، نەختێ گرژیەوەو لێی چووە پێش، دوای ئەوەی چەند پرسیارێکی تری لێکرد زانی ئەوە برای هۆمەری هاوەڵیەتی، زۆر دڵگیر بوو کە بەو لەگوینە رەفتاری کرد. بەشەرمێکەوە گوتی:

–داوای لێبوردن دەکەم … بەڵام خۆت دەزانی... !

لەو کاتەدا پەخشان لێیان نزیک کەوتەوە، گوتی:

–زۆر ماندوو دیارە... داوای لێ بکە دابنیشێ و نەختێ بحەسێتەوە ...

هەڵۆ رووی بۆ لای میوانەکەی وەرگێڕا…

--تازە هیچ دڵ لە دڵ مەدە... تۆ گەیشتیە شوێنی خۆت. هۆمەر هاوەڵێکی خۆشەویست و ئازیزی منە... کەس ناتوانێ نکوڵی لە ئازایەتی و جوانمەردی بکا. بە ئەرکی خۆم دەزانم راژەت بکەم!

بەدەم ئاخاوتنەوە بۆ لای پریاسگەکەی تەحۆ رۆیشت کە لەو ناوە دانرابوو. کە هەڵیگرت سەلکە پیوازێک کەوت و گلۆربووەوە. زۆر بەزەیی پیاهاتەوەو زێتر لە کردەوەکەی خۆی دڵگیر بوو. لەبەر ئەوە زیاد لە پێویست ریزی گرت.

–ناوت بەخێر.

–تەحسین... بەڵام هەر بە تەحۆم گازدەکەن.

تەحۆ زۆر شانازی بەوە کرد کە برایەکی ئیوهای هەیە. لە خۆشیان هەر هێندە بوو باڵی نەدەگرت. بەدڵسۆزییەوە تەماشای هەڵۆی کرد. ئەگەرچی نەیدەناسی و یەکەم جاری بوو بیبینێ. هەستی کرد خۆشی دەویست! بە شێوەیەک لەگەڵی داخاوت وەک ئەوەی چەندین ساڵ بێ بەیەکەوە بووبن

–زۆر تێنوومە... دەبێ ئاو لەو ناوە نەبێ؟!

–پەلەت نەبێ... کانی لەو خوارەوە لەسەر ڕێگامانە، تۆ تازە میوانی ئێمەی. پشوێ بدەو پارووە نانێ بخۆ، ئەو کاتە بە ئارەزووی خۆت بکە. ئەگەر حەز بکەی من ئامادەم یارمەتیت بدەم. ئەی چۆن. هۆمەر برای منیشە. زۆر یادگاریمان بەیەکەوە هەیە... زۆر شەڕمان لە تەک یەک کردووە. تا چەند مانگێکیش بەر لە شەڕی براکوژی هەر بەیەکەوە بووین. بەم دواییە زانیم بە دیل گیراوە زۆر خەمبار بووم، زانیم ئەگەر شەڕەکە براکوژی نەبوایە هۆمەر بەدیل نەدەگیرا. من لە هەموو کەسێک

باشتری دەناسم. ئەگەر شەڕەکە برا کوژی نەبوایە مێر نەبوو هۆمەر بەزیندوویی بگرێ. وەلێ دڵنیام دەستی چەکی نەگرتووە... ئەی چۆن... هۆمەر رقی لە کەس نەدەبووەوە. جگە لە دوژمن هەموو کەسێکی خۆش دەویست!

تەحۆ بەخۆشیەکەوە گوێی بۆ گلیەکانی تازە هاوەڵەکەی رادێرابوو. هەر وەک چۆن هاوەڵەکەشی بەخۆشییەوە دەپەیوی...

پەخشان لە دواوەی ئەوان دەڕۆیشت. لە گوێ گرتن بەولاوە هیچی دیکەی نەدەکرد. تاو ناتاو... بێئەوەی کەسیان ئاگایان لەوەی تر بێت ، لەگەڵ پەیڤەکان دەگرژیەوە، یاخود هەستی بەشادییەک دەکردو بزەی دەهاتێ...

بەردەوام بوون لەرۆیشتن ،وردە وردە بەدەم ئاخاوتنەوە هەنگاوەکانیان خێراتر دەکرد. تا ئەو دەمەی گەیشتنە نزیک گوندەکەو بۆ ناو گوندی واژی بوونەوە.

(5)

تەحۆ کەوتە بارێکی دەروونی نائاسایی، دەترسا لەوەی ئەو کەسەی لەگەڵی کەوت و باوەڕی پێکرد، ناپاک دەرچێ ! وەکو چۆلەکەیەک باڵبەستی بکاو بیداتە دەست دوژمن. نەیدەزانی چۆن وا ساویلکە بوو بە دوو قسان باوەڕی کرد، ئاوا بە ئاسانی فریوی خوارد! هۆمەر لەو بارەیەوە زۆر ئامۆژگاری کردبوو، زۆر جارانیش ئامۆژگارییەکەی دووبارە دەکردەوەو دەیگوت:

"برام تەحۆ... سۆنگەی تێکەوتن و بن کەوتنی ئێمە ساویلکەییە. خۆش باوەڕییە. مرۆڤ پێویستە زوو باوەڕ نەکا! ناڵێم لە هەموو شتێک بەگومان کەوە... نا... بەڵام خۆش باوەڕ مەبە. دوژمن هەتا ئێستا سوودی لەو ساویلکەییەی ئێمە وەرگرتووە. هەمیشە وەکو چەکێک بەرووی بەرزکردوینەتەوە. واباشترە تا بەتەواوی لەبەرانبەرەکەت دڵنیا نەبی ، هیچ هەنگاوێک نە نێی . کاکی خۆم... چەندەی ئاگاداری خۆت بی هێشتا هەر کەمە... دوژمنمان زۆرە!"

نەیدەزانی چۆن وا بە ئاسانی، نەدیتی و نەناسی باوەڕی پێکردو بەرووی گرژیەوە، بەر لەوەی وەڕێکەوێ دایکیشی زۆ ئامۆژگاری کرد. بەرای خۆی وابوو زۆر شتی دەزانی، کەچی خەریک بوو لە یەکەم پلەدا دەکەوتە داوەوە! ئەو زۆر مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێ تێکەڵکەس نەبێ تا ئەو دەمەی دەگاتە کن هۆمەری برای...

"دەی... چی تیایە... مرۆڤ رەشبین نەبێ باشە. دنیا هێشتا زۆری بەبەرەوە ماوەو چاکەخواز زۆرن !ئەگەر چۆن بیردەکەمەوە وابژیم ، دەبێ لە نێو کۆمەڵ رابکەم و بەتەنیا بژیم! هێندێک شت هەیە دەبێ راستتر بیری لێبکەینەوە ! بەشێوەیەکی وا لە هۆڕێنەو ئەندێشان دوور بێ، ئەگەر بێتوو سەیری هەر یەکێک بکەم بەچاوساغ و سیخوڕی تێبگەم، هیچ بە هیچ ناکەم و ناگەمە هیچ ئەنجامێک! ئەگەر هەموو کەس هەروا بن ئەی ئەو دۆست و دڵسۆزانە لەکوێن! من خەریکە لە خۆڕا لەکەی ناپاکی بەتەوێلی بنووسێنم، بێئەوەی شارەزای بم و بیناسم ! ئەو کردەوەو ئاخاوتنەی تا ئێستا نواندوویەتی هەرگیز لە یەکێکی نامەردو ناپیاو ناوەشێتەوە. ژیان هێشتا زۆری بە بەرەوە ماوە. کە گەیشتمە گوندەکەیان هەموو شتێکم بۆ روون دەبێتەوە. ئەگەر ئەقلم گرتی ئەوا داوای یارمەتیان لێدەکەم ، ئەگەر نا ئەو یارمەتییە رەتدەکەمەوە کە هەرێی پێدام. ئەو کاتە چش... هەرکەس لە ماڵی خۆی! بۆ لایەکی تر وەردەچەرخێنم و بە لەگوینێکی تریان تێدەگەینم! بەڵام دوای چی... دوای ئەوەی گوتم برای هۆمەرم!... دڵنیام لەو دەڤەرە کەس نییە هۆمەر نەناسێ. بەخوا ئەگەر پیاوی خەراو بن ئەوا قاچم کەوتە قەفێکەوە دەرباز بوون لێی ئەستەنگە. تا تەوقی سەرم لە قوڕ چەقیم. ئەگەر باش و پیاویش بن ئەوا بەجێگەی خۆم گەیشتم"

ئەو شتانەی لێکدەدایەوە لە ناخەوە دەترسا! هەڵۆش وەک ئەوەی کۆنە دۆستێکی زۆر خۆشەویستی دۆزیبێتەوە، شادمان و بەختەوەر بوو ، بەخۆشییەوە داخاوت. باسی هۆمەری دەکردو بەسەرهاتەکانی

دەگێڕایەوە. باسی ئەو کاتانەی بۆ دەکرد کە لەگەڵ هۆمەر بەیەکەوە بەسەریان بردبوو:

–ئەوەی وای لەمن کرد هۆمەرم زۆر خۆشبوێ، ئەو هێمنی و لەسەرخۆییەی بوو، لەتەنگاوترین کاتدا، لە سەخترین هەورازدا، لەترسناکترین شەڕدا، هەر هێمن و لەسەر خۆبوو. ئەمەش هونەری گەرەکە... ها... وا بە ئاسایی تێمەگە. لە تەک زۆر کەسان شەڕم کردووە کە نێوبانگیان دنیای پڕکردووە. جاری وا هەبوو وا پەشۆکاون نەیانزانیوە لوولەی تفەنگیان رووی لە کێهە لایە! هەموو کەس وەکو یەک نییە. پیاو ئەوەیە لە ناخۆشیدا هێمن بێ نەک لە کاتی ئاسایدا. ئەو هۆمەرەی کە برای تۆیە ئیوها بوو. نەڵێی لەبەرچاوی منە بۆیە پەسنی دەدا. نەخێر... من لە کن هەموو کەسێک و لە هەموو لایەک ئەوەی راستەقینەبێ دەیڵێم. لەگەرمەی شەڕدا وارەفتاری دەکرد دەتگوت لە ماڵێکی هێمن دانیشتووەو بە ئارەزووی خۆی بیردەکاتتەوە. هەر لەبەر ئەوە رێگەی وای دەدۆزییەوە مرۆڤ سەرسام دەبوو. گوێ بدەرێ با شتێکت بۆ بگێڕمەوە. سەنگەرێک هەبوو زۆر جاران هەوڵمان دا بیگرین. هەموو شێوازێکمان بەکار هێنا. دەستیان نەداو نەدا. چەندەی هاوارمان کرد پیاوی چاک بن چەکدانێن. دەتانکوژین. بێهودە بوو! گاڵتەیان پێدەهات. (بی کەی سی) یەکیان هەبوو بواری کەسی نەدەدا. سەنگەرەکەش شوێنێکی سەخت و پتەوی هەبوو. خۆشت دەزانی ئێمە شەڕی پارتیزانی دەکەین. فیشەک و تفاقمان کەم بوو ، نەماندەتوانی بەرانبەریان بکەین. هێشتا هۆمەر نەهاتبووە. زۆری پێنەچوو، رێکەوت

هۆمەری گەیاندە لای ئێمە. کە لە مشت و مڕی ئێمە تێگەیشت، لەسەرەخۆ پرسیاری سەنگەرەکەی لێکردین. کە باسی سەنگەرەکەمان بۆ کرد، بێدەنگ بوو، چیتر پرسیاری نەکرد. ئێوارەیەکیان دانیشتبووین، بە هێمنییەوە گوتی:

–کوڕینە ئێوە راست دەکەن گەرەکتانە ئەو سەنگەرە بگرن؟!

دوای ئەوەی بە بەڵێ وەرامامان دایەوە. چاوی بەیەکە یەکەمان داگێڕا، ماوەیەک داما ئەوسا گوتی:

–کەواتە سبەی شەو دەیگرین. بەڵام چۆنمگوت پێویستە وابکەن. ئەگەر هەریەکێک رێگایەکی باشتری زانی ئەوا باشتر. لەسەر رێ و شوونی ئەو دەڕۆین !

هەموو رەزامەندی خۆمان دەربڕی. بۆ رۆژی دواتر، ئێوارێ کۆبووینەوەو خۆمان ئامادەکرد. هۆمەر دیار نەبوو. ئەم لا هۆمەر ئەو لا هۆمەر. هۆمەر ببوە پاروێ بەنانی و بزر ببوو! باراستیت پێ بڵێم زۆربەمان وای بۆچووین کە هۆمەر ترساوەو خۆی شاردۆتەوە! لەنکاوڕا هۆمەر گەڕایەوە. گوێ درێژێک و فانۆسێکی پێبوو! هۆپەکمان لە خۆزانی. نەمانزانی مەبەستی لەو کارە چییە! ئێمە دەچووینە شەڕو چ پێویستییەکمان بە گوێدرێژ هەبوو! لە کاتی شەڕیشدا مرۆڤ جگەرە ناکێشێ لە ترسی رووناکی ئاگرەکەی چ جای فانۆس! هەر چۆنێکی بێ بەڕێکەوتین. لەراستیدا هەموو سڵمان لێی دەکردەوەو دەترساین. ئەگەرچی ناوبانگیمان گوێ لێ ببوو ... ئا... لەوانەیە خۆشت باش

بزانی. کەس نیە ناوبانگی هۆمەری نەژنەوتبێ. زۆربەشمان حەزمان دەکرد رۆژێک لەرۆژان بیبینین ، چاومان پێی بکەوێ و شەڕی لەتەکدا بکەین. کەچی سەرباری ئەوەش ئەو هەڵسوکەوتە گومانی خستینە دڵ!

سەرت نەیەشێنم دوورو نزیکی سەنگەرەکە هەمووی کۆکردینەوەو داوای دانیشتنی لێکردین. کە پلانەکەی بۆ شیکردینەوە سەرسام بووین. ئەویش وەک ئەوەی بۆنی گومان کردنەکەی ئێمەی کردبێ بە پێکەنینەوە دووپلاری پیاوانەی لێداین.

با شتێکت پێ بڵێم،، لەرێگاشدا ئیوها بوو. هێندە بە کرِی دەرۆیشت مرۆڤ لێی دەترسا. بۆی باخاوتای بۆت نەداخاوت. ئەگەر شتێکیشی را لێبوایە بەرەزامەندییەوە سەری دەلەقاندو دەگرژییەوە. ئەو گرژینەوە واتای خۆشەویستییەکی گەورەی نیشان دەدا. کە کارێکی وای لێدەکردی هەرگیز لەیادت نەچێتەوە. بەر لەوەی بیبینم زۆر شتم دەربارەی گوێ لێببوو. باوەڕم دەکردو نەدەکرد. زۆر بە سەیری باسیان دەکرد، دەیانگوت: هۆمەرێک هەیە. چەند ساڵە پێشمەرگەیەو لەو چیایانە دەژی، بزانێ لە هەر کوێیەک تەقەیەک بە دوژمن وەدەنرێ ئەو لەوێ ئامادەیە. لەشەڕیشدا هێند چاپووک و دەستوەکەرە. لە هیچ ناگەڕێتەوە. بە هیچ جۆرێکیش بەزەیی بە دوژمن نایەتەوە. دەڵێن کە هاتۆتە دەرەوە پیرە دایکەکەی ئامۆژگاری کردووەو ئیوهای پێگوتوە. پێیگوتووە کوڕم دوژمن ئیوهای لە ئێمە کرد. گوندی سووتاندین، ماڵی وێرانکردین. لە ئاخ و واری خۆی دەرکردین و پەڕاگەندەی شارانی کردین. تۆش کوڕی خۆم ... لەو دنیایەو لە دنیاش لێت بێبەری دەبم ،

ئەگەر مووێک لەسەری بێتاوانێک بکەیتەوە گەردەنیشت ئازاد نەبێ ئەگەر بەزەییت بە دوژمن بێتەوە! دەڵێن هەر لەبەر ئەو ئامۆژگاریەیە، ئەگەر بیکوژی، لەت لەتی بکەی بەناڕەوا دەست بۆ کەس درێژ ناکا. ئا... تۆ برای ئەو قەرەمانەی!

تەحۆ بەزەردەخەنەیەکەوە سەری لەقاند:

-...!

-دەیانگوت زۆر ناگزووری بینیوە. لەبەر زەقەی چاوانی ئاوریان لە گوندەکەی بەرداوە. دەیانگوت ساڵحۆکی باوکی لە حەژمەت گوندەکەی بەزگ داوە. مردنی لا ڕەواتر بووە لەوەی گوندەکەی جێبهێڵی! تۆ سەیرکە، ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەوپەڕی نیشتمان پەروەرەییە، ئەوپەڕی دڵسۆزییە. مرۆڤی دڵسۆز ئاوایە. ئەگەر کوڕێک باوکێکی ئاوای هەبێ، ئیوها دەردەچێ. پێی ناوێ سەرت بیەشێنم زۆر شتی دەربارەی دەگوترا. بۆیە بە حەزرەت بووم بیبینم. نەک بە تەنیا من بەڵکو هەموو... ئەوەی لەو چیایە چەکی لە دەستەو بە پاکی خەبات دەکات ، ئەوەی بەدڵسۆزییەوە فرمێسک بۆ نەتەوەکەی دەڕێژێ ... حەزی دەکرد بیبینێ... بەڵام یەژە... تۆ برای ئەوی و ئەو شتانە لە هەموو کەس باشتر دەزانی. ڕاستە لەبەرزەقەی چاوانی ئاوریان لە گوندەکەی بەردا. کانیاوەکانیان تەقاندەوە. ڕەزو باخەکانیان سووتاند... وایە؟!

هەڵۆ بەشێوازێکی سەیر داخاوت، دوای ئەوەی دیماهی پێهێنا خۆی لێی سەرسام بوو، نەیزانی چۆن بەو لەگوینە ئاخاوت. چۆن ئەو شتانەی

ئاوا دەربڕی، بەبێئەوەی گوێ بداتە ئەوەی هەستی بەرانبەرەکەی بریندار دەکات. وا تێگەیشت کە هاوەڵەکەی ئەو گلیانەی لەدڵ گرانە. بۆیە زۆر زگار بوو. بەڵام بێدەستی خۆی بوو. دەڵێن گوللە کە لە تفەنگ دەرچوو ناگەڕێتەوە. وشەش کە لەزار دەرچوو ناگەڕێتەوە!

–ئەوە چی یەژی براگیان. تۆ بۆ چەکت هەڵگرتووە. بۆ بوویتە پێشمەرگە؟! ببوورە ئەگەر بڵێم وێدەچی نەزانی ئەو چەکەت بۆ لەشانە. وەکو من زانیبم لەم وڵاتەدا، لەو کوردستانە ئازیزەدا مرۆڤ بۆ ئەوە چەک هەڵدەگرێ تا بەرگری لە خۆی بکا. ئەگەر خۆشی هیچی وای بەسەرنەهاتبێ دەبێ بزانێ نەتەوەکەی چی بەسەر هاتووە! باوەڕ ناکەم کەسێک هەبێ لەم کوردستانە ئاگاداری ئەوە نەبێ کە چۆن هەموو گوندەکاتنی ژووریان ئاور تێبەردا. ئەمە شتێکەو تا ئێستا وامزانیوە شتێکی شاراوە نییە. هەموو خەڵکەکەیان پەڕاگەندە کردو فڕێیان دانە تاراوگەی. راستە...برای خۆم... ئەو شتانە راستەقینەن و من خۆم بەسەرم هاتووە. بەڵام ئەو ساڵحۆکەی باست کرد باوکی هۆمەر نییە بەڵکو باوکی خێزانەکەیەتی!

هەڵۆ لەقسە لەروویی ئەو کوڕێژگەیە سەرسام بوو!

–ئەو گلیانەت وای لێکردم هیچ گومانم نەمێنێ تۆ برای هۆمەری. ئەویش ئیوها بوو، گلی خۆی هەر دەکرد. ئەگەر سوڕ بیزانیبوایە گرانی لەسەر دەوەستێ قسەی خۆی هەر دەکرد ! بەڵام کاکی خۆم دڵنیابە من ئاگام لەو شتانە هەمووی هەیە!هەمووشی دەزانم . نەک هەر ئەوە بگرە

زۆر شتی واش دەزانم لەوانەیە تۆ خۆت نەیزانی. ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا روویاندابێ. کە گەیشتینەوە ماڵەوە تۆ هەموو شتێک دەزانی. باوکم ئەو رووداوانەی زۆر بیستووەو زۆریان دەربار دەزانێ. هەرکە ئەو باسە کرابێتەوە ئەو خێرا بەسەرهاتێکی گێڕاوەتەوە. هاوڕێیەکی هەبوو کاتی خۆی ژاندارمە بوو لەولا. زۆر شتی بەچاوی خۆی بینیبووەو زۆریشی ژنەوتبوو. با مامم ببینی ئەوسا خۆت هەموو شتێک دەزانی.

-مامتە... یا باوکتە؟!

-ئەوەی راستی بێ هەردووکە! لەوانەیە سەرسام بی. خۆی مامەه. بەڵام لە منداڵییەوە ئەو منی بەخێو کردووە ، بۆیە هەر پێی دەڵێم بابە... لێگەڕێ باباسەکەی هۆمەرت بۆ تەواو بکەم. تا ئێستا کاری خۆی هەر لێم کردووە. لەو شوێنە ماینەوە تا درەنگ داهات و دنیا بە تەواوی رەش داگەڕا. ئەو کاتە هەموو بۆ دیوی دواوەی سەنگەرەکە خشین. بەگوێرەی رێکەوتنەکەمان چاوەڕوانی کاتژمێر سفر بووین. هۆمەریش فانۆسەکەی دایساندو بە ملی گوێ درێژەکەی وەکرد. رووەو سەنگەرەکەی بەرێخست. ئەوان کە لە دوورەوە بینیان رووناکیان بەرەو لای دەچێ ، دەستیان بە تەقە کرد. ئێمەش لە دواوە بۆیان چووین و توانیمان سەنگەرەکە بە ئاسانی بگرین! ئەدی کاکی خۆم. لەو رۆژەوە هۆمەرم خۆشویست. بووینە هاوڕێیەکی گیانی بەگیانی. بڕوا بکە کە زانیم گیراوە زۆر دڵگیر بووم. نەک بەتەنیا من بەڵکو ئەوەی دەیناسی ئەفسووسی بۆ خوارد!

ئەو خەریکی ئاخاوتن بوو کە پەخشان دەنگی بەرز کردەوە.

–ئا... مەبەستت هۆمەرە... ئەوە برای ئەوە؟!

رووی لە تەحۆ کردو بە دەنگێکی ناسکەوە درێژەی پێدا.

–زۆرجاران باسی ئەو هۆمەرەی بۆ ئێمە کردووە. ئەگەرچی تا ئێستا نەمدیوە بەڵام وەک ئەوەی دیبم وایە. هێندەی باس کردووە وێنەیەکی لەبەر چاوم دروست کردووە!

تەحۆ کە ئاوڕی دایەوە، بۆ یەکەم جار رووی خاوەنی ئەو دەنگە ناسکەی بینی! دڵی کەوتە خورپەو خیزی لەقوڕگی وشک بوو. حەزی کرد ئاوڕێکی تر بداتەوە، جارێکی تر ئەو رووە فریشتەییە ببینێ. کەچی پەژیوان بووەوەو پێی جوان نەبوو. زانی ئەو بەروو گرژینەوەیە لە دڵێکی سادەو ساکارەوە بوو. لەوەش ترسا بە جۆرێکی تر لێکی بدەنەوە. هەرواش تێدەگەیشتن. ئەگەر لەسەرەوەش بەسەر خۆیان نەهێنابوایە لە ژێرەوە هەروای تێدەگەیشتن!

زۆر وێنەی هێنایە بەرچاو. نەیدەزانی لە کوێی دیوە! زۆری خەون دەبینی هەروای دەزانی لەیەکێ لەخەونەکانی دیوە ! بەڵام ئەم لەوێ و ئەو لەوێ. چۆن و بە چ شێوازێک لە خەونی دەبینێ ! چۆن ئەوە لە خەو دەبینێ کە بەژیانیا نەدیویەو نەلەو بڕوایەدا بووە بیبینێ. زۆر جاران کە باسی خەون دەکرا رابۆی دایکی دەیگوت:

"کوڕم خەون دەزانی یانی چی؟ مرۆڤ کە دەخەوێ گیانی ئازاد دەبێ. دەبێتە مێشێک و لە کونی لووتیەوە دێتە دەرەوە. دەفڕێ و بە ئارەزووی خۆی لەو دنیایەی دەگەڕێ. جا ئەوەی ئەو دەیبینێ و تووشی دەبێ ، دەبێتە خەون بۆ ئێمە!"

کەواتە ئەگەر ئەو بۆچوونەی رابۆی دایکی راست بێ ئەوا گیانی بەر لە خۆی ئەو شوێنەی دیوە. هەر بۆیەش لە یەکەم نیگا ئەو جوانی پەخشان بەو شێوە سەیرە کاری لێکرد!

ئەو خەریکی بیرکردنەوەی خۆی بوو ، هەڵۆش بەردەوام باسی هۆمەری بۆ دەکرد. زۆر بە چێژەوە باسی دەکرد. مرۆڤ هەر حەزی دەکرد گوێی بۆ رادێرێ:

–ئەو هۆمەرە تاکە هاوڕێیەکی هەبوو، چەندەی بڵێی یەکتریان خۆشدەویست. خوا هەڵناگرێ هۆمەر لەگەڵ هەمووان تەبا بوو. رقی لە کەس نەدەبووەوەو هاوڕێی هەمووان بوو. بەڵام کەس نەیدەتوانی خۆی بهێننیتە رێزی ئەو. لەوانەیە خۆشی بۆی باس کردبێت! ئەو هاوڕێیەی ناوی شێرکۆ بوو. ئا... لەوانەیە خۆشی بۆی باس کردبێت. ئەگەرچی هێندە دوورو قووڵ نەبوو توانای باسکردن و گێڕانەوەی نەبوو. من زۆر چاک شارەزای بووم ،،راستە تۆ برای ئەوی . بەڵام باوەڕ ناکەم هێندەی من شارەزای بی ! مرۆڤێکی هێمن بوو حەزی نەدەکرد گلیان زۆر بکا! شێرکۆی زۆر زۆر خۆشدەویست … تاوێ بێی یەکتر هەڵیان نەدەکرد. ئەگەر کەمێ لێک بزر بوونایە ئەوا یا ئەم لە دوای ئەو دەگەڕا،

یا ئەو لەمی دەپرسیەوە ! شێرکۆ ئەگەر هۆمەری لە تەک نەبوایە شەڕی پێنەدەکرا. کە شەهیدیش بوو بەتەنیا بوو. ئەگەر هۆمەری لەگەڵ بوایە لەو بڕوایە دانەبووم کار بەو لەگوینە وەرچەرخابوایە. نازانم هەنوکە هۆمەر زانیویەتی شێرکۆ شەهید بووە یا نا؟ ئای کە بەشێوەیەکی نامرۆڤانە کوشتیان. لەبەرزەقەی چاوانی دایکی کە هاتبووە سەردانی ، دەسرێژیان لێکردوو کوشتیان! شێرکۆ هیچی لە هیچیشدا نەبوو. لەو دەمەی شەڕی برا کوژی هەڵایسابوو ئەو چەکی دانابوو دانیشتبوو. کەچی وازیان لێ نەهێنا! وابزانم رق وکینەی کەسی بوو ئەگینا مرۆڤ چۆن بەو شێوەیە دەکوژرێ !؟ نازانم هۆمەر زانیویەتی یا نا... دڵنیام ئەگەر زانیبی زۆر خەمی خواردووە. لەوانەیە زۆریشی بۆ گریابێ. واتێنەگەی هۆمەر مرۆڤێکی ئازایەو هەرگیز ناگریێ ! راستە تۆ برای ئەوی بەڵام رەنگ بێت وەکو من شارەزای نەبی! چەندە ئازاو بەجەرگە هێندەش هەست ناسک و بەسۆزە. ئەگەر یەکێک بەناگزووری ببینێ لای ئاساییە لەناخی دڵەوە بۆ بگریێ. بۆیە دڵنیام زۆر بۆ شێرکۆ گریاوە. شێرکۆ لە خێزانێکی زۆر هەژار بوو، زۆر باسی دەست کورتی و هەژاری ئەوان دەکرا ، بەڵام گوێ رادێرە با شتێکت پێبڵێم... ئەو شێرکۆیە مرۆڤێکی ئاسایی نەبوو. وامەزانە ئەو بێدەنگی و کەم دوویيەی نیشانەی ساویلکەی و نەزانی بوو. نا... نەخێر... چەندەی بڵێی زیخ و رۆشنبیر بوو. زۆر شتی دەزانی. دەستێکی باڵای لە دانان و نووسین هەبوو. زۆر چیرۆک و هۆنراوەی لە گۆوارەکان بڵاو دەکردەوە. من خۆم زۆربەیانم خوێندۆتەوە. لەبەر ئەوەی هەر شتێکی بڵاوکرابوایەوە ئاگاداری دەکردمەوە. بەم دواییە

دەستی بە نووسینی ڕۆمانێک کردبوو. ڕووداوەکان دەربارەی ڕاگوێزانەوەی گوندەکاتن و ئاور تێبەردانیان بوو. ئەو هەموو شتەکانی دەربارەی گەلی خۆمان دەنووسێ. بۆیە زۆرجاران لەگەڵ هۆمەر دادەنیشت و پرسیاری لێدەکرد. داوای لێدەکرد بەشێنەیی و لەسەرەخۆ هەموو شتێکی بۆ بگێڕێتەوە. باسی ئازارەکانی تاراوگەو تۆزو خۆڵی بیابانەکان و گەرمەسێری بۆ بکا. دڵنیام هۆمەر ئەگەر هەواڵی کوژرانی ژنەوتبێ زۆر گریاوە. هەتا ئێوارە باسیت بۆ بکەم دیماهی نایێ. ئای کە مرۆڤێکی دڵسۆز بوو!

وردە وردە دەڕۆیشتن و هەڵۆ بەردەوام داخاوت. وەک شتێکی بەنرخی دۆزیبێتەوە ، شاگەشکە ببوو بەخۆشییەوە دەدوا. تەحۆش هەر لەبیرکردنەوەی خۆیدا بوو. حەزی دەکرد ئاوڕێ بداتەوەو شەرمیشی دەکرد. نەیدەویست خانەخوێکەی واتێبگا کە ئاگای لەونیەو گوێی بۆ ڕانەدێراوە ! بۆیە لەگەڵ ئەو پێدەکەنی و دەگرژیەوە. کە نزیک کەوتنەوەو گوندەکەیان بەتەواوی کەوتە بەرچاو. یاخود کە گەیشتنە ئەو شوێنەی گوندەکەی بە جوانی تیا دەبینرا. هەستی بە نامۆییەک کردو کزگری لە هەوکێ ما. فنەیەکی لێوەهات یەک بەسییەکانی هەناسەیەکی هەڵمژی. هەروەک گوندەکەی خۆیانی هاتە بەرچاو... لەراستیشدا گەلێک لەگوندەکەی ئەوانی دەکرد!

دەیویست وابکا هیچ لەئادگار بەدیارنەکەوێ. هەر بۆ ئەم مەبەستەش سەری شۆڕکردەوەو بێدەنگ بوو، بێدەنگ بوو ورتەی لێوە نەهات. ترسا لەوەی ئەگەر شتێک یەژی لە لەرینەوەی دەنگی هەست بە

گریانەکەی بکریٚ. سەرباری ئەمەش خۆی بۆ نەگیراو نەیهێشت تەمەنی بێدەنگییەکەی درێژە بکێشیٚ، ئەمش ئەنجامێکی باشی نەبوو. بێدەستی خۆی زەنگوڵە فرمێسکی لەچاو گلۆر بووەوە. بە خێرایی دەستی بەرزکردەوەو رۆندکەکەی سڕیەوە. لەوکاتەدا هەڵۆ نیگای هەڵبڕی و بەسەرسامییەوە تەماشای کرد!

–ئەوە چییە... ئەو فرمێسکە چییە لە چاوت دەتکیٚ!؟ دەڵێی شتێک لە ئارادا هەیەو من نایزانم. ئەوە چییە برایەکەم... ئەوە چییە! ئەگەرچی مافی ئەوەم نییە لە هەموو شتێک بێمە پرسیار. بەڵام تۆ برای منی. ئەگەر هەر شتێک هەیە بیدرکێنە. ئامادەم و بەوپەڕی تواناوە یارمەتیت دەدەم. وابزانە من هۆمەرم. هیچ شەرم مەکە... کەس شەرمی لەبرای خۆیکردووە !؟ بێژە... دڵنیابە بە هەموو کڵۆجێک یارمەتیت دەدەم !

پەخشان بەتەنگەتاوییەوە چووە تەکی، کەچی خێرا واگا هاتەوەو نەختیٚ سەنگرییەوە! وەلیٚ ئەو شتانەی هەر گوت کە دەبوایە لەو دەمەدا بیلیٚ.

–وابزانە لە ماڵی خۆتی. هەڵۆ وەکو هۆمەر وایەو برای خۆتە، هیچ دڵ لە دڵ مەدە. هەر شتێکیش لە ئارادا هەیە تکایە بیدرکێنە!

تەحۆ کە خۆی بەو شێوەیە بینی و گوێی لەو پەیڤانە بوو. هێندەی دیکە خۆی ناگزوور هاتە بەرچاوو بەزەیی بەخۆی داهاتەوە. خۆی زۆر بچووک بینی! وا تێگەیشت کە نەدەبوایە لەوکاتەدا هەرگیز ئیوها رەفتار بکا. دەبوایە ئەو چەند چرکەیەش دان بەخۆیدا بنیٚ. فرمێسک باراندن کاری ئافرەت و بێدەسەڵاتانە، نەدەبوایە لەبەر چاوی ئەوانە. ئەگەرچی

خۆیان بەخانە خویَ و برای دەزانن، نەناس و بێگانە بوون و یەکەم جار بوو تێکەڵیان دەبوو! خۆی ئاوا بێهێز و لاواز نیشان بدا. هەموو جارێک رابۆی دایکی ئامۆژگاری دەکردو دەیگوت:

"کورڕم لەو دنیایەدا هیچ شتێک وەکو مرۆڤ ئاڵۆز نییە. لەسەرەوە جۆرێکە، کە لێی دەکۆڵییەوە و دەچیە بنج و بناوانی جۆرێکی ترە. خۆش باوەڕو ساویلکە مەبەو زوو مەکەوە مەلە. زۆران کەسم دیوە رووخۆش و دەم بە پێکەنینن، هەرکە دەتبینن باوەشت پیادەکەن و خۆشەویستی خۆیان دەردەبڕن. وا دەردەخەن کە ئەوانە تاکە دڵسۆزن و بێی ئەوانە ژیانت دەوەستێ ! وا نیشان دەدەن کە ئامادەن بەهەموو جۆرێک یارمەتیت بدەن. کەچی کە لێیان دەکۆڵیەوە ... تیرە مارێکن و خۆیان بۆ هەلێک ئامادەکردووە! کە ئەمە یەژم کورڕم مەبەستم ئەوە نییە دنیات لەبەر چاو رەشکەم. نا کورڕم... نا سوپاس بۆ خوا دنیا هێژ زۆری وەبەرەوە ماوە، مرۆڤی پاک و چاکە خواز زۆرن. بەلاّم گەرەکمە ئاگادارت بکەمەوە کە بە روخسار فریو نەخۆی. ئەهریمەن خۆی لەپەنای زۆر روخساری بەشێوە جوان شاردۆتەوە! دنیام زۆر دیوەو گەلێکم لەو بابەتانە بەرچاو کەوتووە. گوێم بۆ زۆر کەس رادێراوە. ئەوەی گوێش رادێری شت فێر دەبێ. هی وا هەبووە بە درێژایی ژیانی یەکێکی خۆشویستووەو ،وایزانیوە خوا لەسەر ئەو گۆی زەویە لەو پاکترو دڵسۆزتری نەگوراندووە. کەچی لە پڕێکا واگا هاتۆتەوەو بۆی دەرکەوتووە کە لە گوێی گادا خەوتووە. بۆ چوونەکەی لەڕاستی دووربووەو بەدرێژایی تەمەنی فریوی خواردوە! ئەمەش هۆی ئەوەیە

بەساویلکەیی سەیری کردووەو هەر لایەنە باشەکەی بینیوە. سەیری هەر مرۆڤێک دەکەی ئاگاداری هەردوولای بە کوڕی خۆم!"

زۆر پەژیوان بووەوە لەو زەنگوڵ فرمێسکەی لەچاوی تکا!کەچی کارێک بوو تازە رایبردبوو نەدەگەڕایەوە. حەزی دەکرد لەوکاتە لە جێگەی خۆی دابنیشێ و تێر سەیری گوندەکە بکا، تا تامەزرۆیی دەشکێ! ئەگەرچی بەرایێ لای شوورەیی بوو شتی وا بدرکێنی!

"زۆر شت هەیە لە خۆمانەوە گەورەی دەکەین ، شتی سادە ئاڵۆز دەکەین! پێویستە سادە بین. چی تیایە ئەگەر داوایان لێبکەم لێرە نەختێ دابنیشین ؟! هیچ شوورەیی نییە ئەگەر بڵێم ئەو فرمێسکەم بۆیە لەچاو تکا گوندەکەی خۆمانم بیرکەوتەوە. ئێمەی مرۆڤ لە زۆرشت هەمان هەستمان هەیە. گەورەترین کەراتی ئەوەیە مرۆڤ ژیانی خۆی ئاڵۆزو پڕگرێ بکا"!

لەسەر داخوازی تەحۆ دانیشتن. دەوروبەریان یەک پارچە سەوزایی بوو. بایەکی فێنک و بۆنداری دەهات. تەحۆ لەسەر تەنکێشی بە ئارەزووی خۆی لێی راکشا. لەپڕ هەستی بەگەرماییەک کرد لەقاچی. بە گورجی هەڵسایەوەو دانیشت. کە تەماشای کرد کەروێشکێکی سپی سپی بوو. لەگەڵ جوولانەوەی کەروێشکەکە تاوێ لێی دوور کەوتەوە. بەخۆشەویستییەوە لە کەروێشکەکە راما. زۆر جوانی هاتە بەرچاو، چاوەگەورەکانی سەرنجیان راکێشا. هەڵۆ گوتی:

–نەمگوت ئەوە گەیشتینە گوندی. سەیری ئەوە کەروێشکی هۆگرە. دەزانم هەنوکە هۆگر ناناسی ، بەڵام دڵنیام ئەگەر ناسیت خۆشت دەوێ. هۆگر کوڕی کێخوا ووسوە، برای بەفرینیە!

هەڵۆ لەگەڵ ئەوەی ناوی بەفرینی لەزار دەرچوو. لێوی خۆی گەستەوەو لە شوێنی خۆی سارد بوو. بەتەما نەبوو ئەوە بدرکێنێ ، کەچی خۆیشی نەیزانی لەو کاتەدا ئەو ناوەی چۆن بە زارداهات ، ئەگەر چی بۆ تەحۆ گرنگ نەبوو، بەهەندی هەڵنەگرت و بایەخی پێنەدا! ئەو لەو دەمەدا بیری چووە لای کەروێشکەکانی خۆی! بەر لەوەی ئەوانیش راگوێزرێنەوەو گوندەکەیان ئاور تێبەردەن. ئەویش کەروێشکێکی زۆری هەبوو. هەر لەوێش بەجێی هێشتن. بەو نیازەی ئەگەر هەر کاتێ گەڕایەوە گوندەکەی ژمارەیان زۆرتر بووبێ! چونکێ نەیدەزانی راگوێزرانەوەکەیان یەکجارییە. هەروای دەزانی وەکو گەشتێک وایەو زوو دەگەڕێنەوە !

–منیش ژمارەیەکی زۆر کەروێشکم هەبوو. ئەگەر مابن هەنوکە لەوانەیە زۆر زۆر بووینە. ئەی بەڕای تۆش وانییە؟! ئەوا چەند ساڵی بەسەر تێپەڕیوە. خۆشتدەزانی کەروێشک لەزاوزێ کردندا چۆنە!

پەخشان تەماشایەکی هەڵۆی کردو گرژیەوە. لەبەر ئەوەی ئەویش لەوکاتەدا چاوەڕوانی ئەوە بوو تەحۆ زیاتر دەربارەی هۆگر پرسیار بکا. خۆی ئامادەکردبوو کە گوێی لێبێ بپرسێ: کێخوا ووسوو کێیە، کە

وەرامی دایەوە باسی کێخوای بۆ کرد. ئەوسا پرسیاری بەفرینی لێبکا! باشە ئەگر ئەو پرسیارەی بکردبول ، هەڵۆ دەبوایە چی وەرام بداتەوە!

هەڵۆ، کە پەخشانی بەو لەگوینە بینی، سەیری تەحۆی کردو خێرا بارەکەی قۆستەوە:

–کەروێشکت هەبوو، لە کوێ... لەشار؟!

–نا بابە.. نا... شاری چی لە گوندەکەی خۆمان! ئێمەش وەکو ئێوە گوندمان هەبوو. رەزوباخی خۆمان هەبوو. ئەگەرچی ئەوکاتەی رایانگوێزاینەوە من بچووک بووم. بەڵام هەرگیز لەیادم نەکردووە. واتێکەڵ بەخوێنم بووە هەمیشە بیری لێدەکەمەوە. مرۆڤ چۆن دەشێ خاک و گوندی خۆی لەیادبکا. وانییە؟!. کاکی خۆم.. کاک ... ناوت چی بوو؟ ئا.. هەڵۆ. کاک هەڵۆ. ئێمەش گوندێکمان هەبوو وەک ئەو گوندەی ئێوە. باوەڕ بکە زۆر لەو گوندەی ئێوەیشی دەکرد. بۆیە یەکەمجار کە چاوم بەم گوندەی ئێوە کەوت هەستی نامۆییم بزواو زەنگوڵە فرمێسکم لەچاو تکان. گاڵتەت پێنەیە... هەتاوەکونێ دوور نەکەویەوە نازانی گوندەکەت چەندە خۆشەویستە. نازانی ژیان بە ئاوارەیی و پەڕاگەندەیی چەندە ناخۆشە.

هەڵۆ زانی زامی میوانەکەی لەوە گەورەترە هەروا بە ئاسانی باسی پێ بگۆڕێ. بۆیە ئەویش ئاوێتەی پەیڤەکانی بوو. بەشێوازێکی دڵدانەوە گوتی:

-ئەویش هەر واریَ مەیە.. ئەویش هەر کوردستانە!

– کورد دەڵێ بەرد لەجێی خۆی سەنگینە. راستە هەمووی هەر وارو زێدی مەیە. بەڵام ئێمە لەو گوندەی خۆمان لەدایک بووین. پاشان بە ئارەزووی خۆمان نەهاتین تۆ نازانی چ زۆداریەک بوو لێمان کرا. لەبەر زەقەی چاوانمان ئاوریان لە گوندی بەرداین. تۆ سەیرکەو بێنە بەرچاوت، بەبێئەوەی هیچ تاوانێکت کردبێ، دەستت بۆ ماڵی کەس درێژکردبێ. لە گوندیت وەدەرنێن و ئاورت لەماڵی بەردەن. ئەی گوایا تاوان لەمە گەورەتر هەیە؟! راستە ئەو دەمەی وایان لێکردین من گچکە بووم ، بەڵام ئەو شتەم هەر لەدڵماوە!

پەخشان کە لە دواوە دانیشتبوو بەهێواشی هەڵسایەوە، ئەوانەی دیکەش کە ئەویان بینی هەڵسانەوەو دەستیان بە رۆیشتن کردەوە. کە گەیشتنە ماڵەوە خەجێ دانیشتبوو. هەر کە چاوی بە هەڵۆ کەوت بە گورجی هەڵسایەوەو بە گەرمی ماچی کرد. گاوێ لە تەحۆ مورِ بووەوە! یەکەم جاری بوو دەیبینی و نەیدەناسی. ویستی پرسیار لە هەڵۆ بکا، کەچی نەیکرد. لەوەترسا میوانەکە بەشێوەیەکی تر لێکیبداتەوە! بۆیە بە هەمان شێواز. بە گەرمی بەخێرهاتنی تەحۆی کردو داوای دانیشتنی لێکرد.

خۆر بە ژان و ئازاری ئەو رۆژە زامدار ببوو، وەک ئەوەی ئەویش فرمێسکی بۆ لانەوازی خەڵکەکە رشتبێ سوور سوور هەڵگەڕابوو! بە هێواشی دەڕۆیشت و خەریک بوو بەناگزووریيەوە ماڵئاوایی دەکرد. کپی و خامۆشییەک باڵی بەسەر ئەو ناوە کێشابوو. خەجێ گوتی:

--کچم پەخە چۆن دڵت هات کورپژگەی ماندوو بکەی. هەڵۆ خۆی ماندووەو پێویستی بە حەسانەوە هەیە. کێڕا بردتە داران. دنیا کاول نەبووەو دوو پەلە دار هەردەبوو بیسووتێین لە منت نەکەوێ... ئەو هێشتا سڵاوی نەکردووە تۆ گوتووتە یاخوا بەخێر بێی بەراستی کارمان زۆرە. نەدەبوو تۆزێ بیربکەیتەوە !

هەڵۆ بە پێکەنینەوە گوتی:

-من بە ئارەزووی خۆم چووم ... ئەو زۆری لێنەکردم !

-نا کوڕم... نا... تۆ هێشتا منداڵی و لە دنیا ناگەی. من مەبەستم ئەوە نییە. دەزانم تۆ بە ئارەزووی خۆت چووی. بەڵام نەدەبوایە ئەو رێگە بدا. خۆ تۆمان لە چۆلی نەدۆزیوەتەوە! پاشان من رێگەی ئەویش نادەم لە ماڵ دوورکەوێتەوە. نا بەخوای... حەز ناکەم بستێک چییە لە ماڵ دوور کەوێتەوە. تۆ نازانی دنیا چی بەسەر هاتووە. دەڵێن کۆپتەر کیژی جحێل دەفڕێنێ ! ئەی چۆن...!!!

-چۆن دەترسی ... لەگەڵ مندابێ کۆپتەر چۆن دەتوانێ بیرفێنێ... وا دەزانی لەگەل منداڵان چووە. ئەی ئەو تفەنگە چییە بەشانمەوە. گوایا بۆ جوانیم هەڵگرتوە!؟

تەحۆ وادیاربوو زۆری هەوەس بەو گلیانە دەهات. بۆیە دەگرژیەوەو دەمەبەشکەی گرتبوو. حەزی دەکرد ئەویش تفەنگێکی ئیوهای هەبوایە. بیتوانیایە لە دانیشتنێکی ئیوها بەو لەگوینە باخێوی. ئاوا بە باوەڕ

بەخۆبوونەوە بدویٚ! زۆر لە میٚژبوو چاوەڕیٚی رۆژیٚکی ئاوای دەکرد. بەهیواو خۆزگەی رۆژیٚکی ئاوابوو. بۆیە لە دڵی خۆی دەیگوت:

" پەلەت نەبیٚ تەحۆ. زۆر چووە کەم ماوە. با ئەو کارەی بۆی هاتووی ئەنجامی بدەی. ئەوجا دەبیٚ تۆش وەک هەڵۆ ئاوا چەک بخەیتە شان. پەلەت نەبیٚ، زۆر چووە کەم ماوە، نەختیٚ ئارام بگرە!

ئیٚوارە حاجی کە گەڕایەوە ماڵ بەخیٚرهاتنی میوانەکەی کرد. هەڵۆ خیٚرا تیٚیگەیاند کە ئەوە برای هۆمەرە. ئەو هۆمەرەی کە ناویان بیستبوو دەیانناسی. زۆر خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بە میوانداری کردنی تەحۆ. شەو تادرەنگ بەیەکەوە دانیشتن. زۆر باس و قسەی خۆشیان کرد. حاجی پیرەمیٚردیٚکی قسە تەرزو روو خۆش بوو. وەک هەڵۆ باسی کرد زۆری دنیا بینیبوو زۆر شتی دەزانی. گەلیٚ بەسەرهات و رووداوی خۆشی بۆ گیٚڕانەوە. زۆر چیرۆکی پڕچیٚژو بەواتای بۆ گیٚڕانەوە. لە ئاخاوتنەکەیدا دیار بوو زۆری بەیت و داستان دەزانی. زۆر شتی دەربارەی دەڤەرەکەی ئەوان دەزانی. شتی وای بۆ گیٚڕانەوە کە تەحۆ تا ئەو دەمە گویٚی لیٚ نەببوو!!! بەتلیٚکی شەو راشکابوو، کە حاجی تاو ناتاو بە ئاهیٚکی پڕ ئەفسووسەوە دەیگوت:

–ئەو هاوڕیٚییەم زۆر شتی دەزانی. خۆی لە نیٚو زۆربەی رووداوەکان ژیا بوو. نازانم هەنوکە ماوە یانا. لە میٚژە نەمدیوە. پۆلیس بوو لەولا، دەیزانی من هەوەسم بەو باسانە دیٚ. هەر کە منی دیبوا دەستی پیٚدەکرد. بە دڵگیرییەوە سەری لەگەڵ بادەداو دەیگیٚڕایەوە. کوڕم بیرم

وەکو جاران نەماوە ، زۆر شتم لە یاد کردووە. پیاو لە ژیاندا زۆر ئاوات و خۆزگەی سادەی هەیە، کەچی نایەتە دی! خۆزگە نەدەمردم جارێکی تریش ئەو هاوڕێیەم دەبینیەوە. خوا هەر خۆی دەزانی، ئەگەر مابێ هەنوکە لە کوێیە! ئەگەرچی پۆلیس و پیاوی میری بوو. بەڵام کابرایەکی خەراو نەبوو. خوا هەڵناگرێ خەراو نەبوو. لەبەر دەست کورتی و نەبوونی، لەبەر ئەوەی چ کاری نەدەزانی و دەستی هیچی نەدەگرت، کۆشێ خێزانیشی کەوتبووە ئەستۆی، ناچار ببووە پۆلیس. زۆر جاران لە زاری خۆیم بیستووە، دەیگوت:

"برام حوسێن ... خۆت دەزانی دەست و پێ سپیمەو چ کاران نازانم. پۆلیسی باشترین کارە بۆ من. خۆت دەزانی چاوم لەوەنییە خەراوی لەگەڵ کەس بکەم. هێندەی بۆم بلوێ چاکەو پیاوەتی دەکەم ، بەگوێرەی توانای خۆم یارمەتی خەڵک دەدەم. چ بکەم... برام حوسێن. لەو کارەم باشتر چنگ ناکەوێ"...

راستیشی دەکرد. من دڵنیام مێشوولەیەکی ئازار نەدەدا. بەر لەوەی بە هەر کارێک هەڵسابوایە بیری دەکردەوە کە زیانی خەڵکی تیایە یا ... نا. هەربۆیەش خوا بەدڵی ئەوی کردو کردیە باوکی کۆمەڵە کوڕێک! ئەو هاوڕێیەم زۆر شتی سەیری دەگێڕایەوە. شەوێکیان لە هاوەڵەکانی دابڕابوو بە تەنیا لەو چیایانە مابووەوە، دەیگوت:

"بەو شەوە نەمزانی چیبکەم. دڵنیا بووم لە نێو ئەو لێڕەوارو دارستانە، بەو شەوە بەدبەختییەک بۆ من هەر پەیدا دەبێ. بڕیەم دا تاقە

هەنگاوێک هەڵنەهێنم و لە جێگەی خۆم نەبزووم تا رۆژ دەبێتەوە. چوومە سەر دار بەروویێک و خۆم مات کرد. بەتڵێکی شەو راشکابوو کە گوێم لە دەنگە دەنگێک بوو. کە هەستم راگرت دوو کەس بوون لە نزیکەوە داخاوتن. گوێم لێ بوو یەکێکیان بە پێکەنینەوە بەوەی تری دەگوت:

"ها ... ئەمڕۆ راوت چۆن بووە، دەترسم گوللەت بەخەسار دابێ؟!"

" نا ... حەیفت نەکرد. گوللە چییە وەخەسارم نەداوە. بەڵام ئەمڕۆ راوم وەکو رۆژان نەبوو. زۆر سڵ بوون و لە کونێ وەدەرنەدەکەوتن. دوێنێ کە مام وەسمان شەهید بوو شوێنەکەی ئاشکرا کردین. یاخود باشتر وایە بڵێم نەخشەکەی ئاشکرا کردین. بۆیە ئەمڕۆ راوم وەک رۆژان نەبوو!"

"چی مام وەسمان شەهید بوو؟!"

"بەڵێ... گوایا ئاگات لێ نییە؟ ئەی نەتزانی دوێنێ تفەنگەکەی چرووکی کردو شوێنی ئاشکرابوو، دژومن تۆپێکی لەو دارەدا کە ئەوی لەسەر بوو. ئەوە رێگای هەموومانە. یەژە تۆ راوت چۆن بوو؟"

"هەتاوەکونێ ئەو داگیرکەرە دڕندەیە لەو وڵاتەی ئێمەدا بێت ، راوی من باش دەبێ ! سوێندم خواردووە بە هیچ شێوەیەک سڵ لە کوشتنیان نەکەم. بەڵێنم بەخۆم و بەو خاکە داوە ئەوەی لە دەستم بێ دژی ئەوانە بیکەم. من وەکو ئێوە لە شوێنێک نامێنمەوە، دەگەرێم تا لابەلا تووشی

یەک دووانێک دەبم. تەق... تەقەیان لێوە دێنم. بەڵام داخ بۆ وەسمان بەراستی سووم لێبووەوە" !

ئەودەمە بۆم دەرکەوت ئەو کابرایەی کە دوێنێ کوژرا نێوی مام وەسمان بوو، هەرگیز نەمدیوە مرۆڤ بەو پیرییە هێند نیشانە شکێن بێ و گوللە بەفیڕۆ نەدا. هێندە ئازاو چاو نەترس بێ!

ماوەیەک بوو کەس نەدەوێرا بچێتە سەرکانی و ئاو بهێنێ. ئەوەی دەچوو نەدەهاتەوە. تەنیا گوێمان لە دەنگی یەک تەقە دەبوو. نەماندەزانی لە کوێوە دەهات. گوللەکەش بە تەختی نێو چەوانی دەکەوت ! نانمان دەخوارد، تەق... دەنگی تەقەیەک دەهات و یەکێک لە نێومان پەلەقاژ دەبووەوە، نە رۆژێک و نەدووان و نەسیان. وای لێهات هەموو هێویمان لە خۆ بڕیبوو ، کەس بە تەمای خۆی نەبوو. زەندەقمان چووبوو ئۆقرەمان لێ بڕابوو. هەتاوەکونێ جارێکیان لەگەڵ دەنگی تەقەکە دووکەڵێک لە دارێک بەرز بووەوە. وادیار بوو گوللەکە چرووکی کرد. ئیتر ئەو دارەیان بەر تۆپان دا. بڵێم سەد تۆپیان بەتەنیا لەو دارەی گرت درۆ نییە ! پاشان کە لە دارەکە نزیک کەوتینەوە. تەرمی پیرەمێردێکی بەساڵا چوو کەوتبوو. داوی رەش چییە لە سمێڵ و ردێنی نەمابوو. هەموو لە جێگای خۆمان سارد بووین. تۆ بڵێی ئەو پیرەمێردە بێ ئەو هەموو زیانەی لێدەداین؟! هەر لەولای تەرمەکەشەوە کیسەیەک کەوتبوو. کە سەیرمان کرد تژی بەروو بوو، هی ئەو چیایە بەوویان هەبێ بەسیانە لە جیاتی نان و پێخۆر.. لە جیاتی هەموو شتێک بەِروو دەخۆن!

سەرتان نەیەشێنم، ئەو شەوە تا رۆژ بووەوە هێندەی نەمابوو شێت بم و بەکێوان کەوم. ئەوەی هەموومانی چاشمیش کردبوو ئەوە بوو هیچمان نەدەبینی. بە کۆمەڵ دەگەڕاین. بەهێزێکی گەورە دەگەڕاین. بەرد بە بەردمان دەپشکنی. بۆنی ژیان بێ چییە لەو ناوە نەدەهات. سەد سوێندو قورئانت دەخوارد کە ئەوەی پێی دەڵێن مرۆڤ قاچی نەگەیشتۆتە ئەو ناوەوە ! کەچی هەرکە جیا دەبووینەوە تەق ... گوللەیەک بەبن گوێی یەکێک دەکەوت. نازانم لە کوێ دەهات، زۆر سەیر بوو.. زۆر... !.

زۆر شتی لەوە سەیرتری دەگێڕایەوە. زۆرم لەبیر نەماوە کوڕم پیری مەژی مرۆڤ دەگۆڕێ. ئەگینا زۆر زۆری بۆم گێڕاوەتەوە.

حاجی حوسە زۆر بە تامەزرۆییەوە، رستەیەکی بەکۆتا دەهێنا،رستەیەکی تری دەست پێدەکردەوە:

–بەخوا کوڕم کاتی خۆی منیش زۆر گەڕاوم. منیش پێشمەرگە بووم، بەڵام وەک گوتم زەینم وەکو جاران نەماوە. ئەگینا خوا دەزانێ ئەو کوردستانە گەورەو گرانە ، شوێن نییە نەمبینیبێ، هەمووی بست بە بست گەڕاوم...

تەحۆ لەو دەمەیدا گەیشتبووە ئەو گوندە، وەک ئەوە وابوو، کە تازە لە دایک بووبێتەوە هەستی بە نوێ بوونەوەیەک دەکرد. جیلوەیەکی کەوتبووە گیان. شادییەک ختووکەی دەدا! هیچ شتێکی گوندەکەی لە کن نامۆ نەبوو. یەکەم جار کە پەخشانی بینی وایزانی لە شوێنێکی تری

دیوە. بەڵام نەیدەزانی ئەو شوێنە کوێندەرە. لە پڕ بیری کەوتەوە کە پەخشان شێوەی زۆر لە ئاسێی دەکرد. ئاسێی کچی قادر چاو بۆقانی. بەژن و باڵای کت و مت ئاسیَ بوو. بەم دواییە زۆر جاران رابۆی دایکی وەبەر گوێی دادەداو دەیگوت:

"کوڕم ئاسیَ بۆ تۆ باشە. هی گوندو دەڤەرەکەی خۆمانە. بەڵێن بیَ ئەگەر بوارێکمان بۆ بلویَ، ژیانمان نەختیَ ئارام گیر بیَ. ئەوا ئاسێت بۆ دەخوازم. ئەو بۆ تۆ پڕ بەپێستی خۆیەتی. کچێکی جوان و قەشەنگە. سەرباری ئەمەش بەو ژیانە کولەمەرگیەی ئێمە رازی دەبیَ. دڵنیاشم نەخشینی دایکی دەست بەروومەوە نانیَ. داوای روحی لێبکەم ناڵیَ نا... بۆیە ئەگەر داوای ئاسێی لێبکەم بێگومان لە منی پیَ خۆشتر دەبیَ!

ئەوکاتەی دایکی ئەو گلیانەی دەکرد ئەو گاڵتەی پێدەهات! ئەوەی ئەو بیری لێنەدەکردەوە ژن هێنان بوو، بە ئەندێشەی دانەدەهات! پاشان ئەو بە چاوێکی تر سەیری ئاسێی دەکرد. ئەو دوو برا بوون خوشکیان نەبوو. ئاسێی هەروەک خوشکی خۆی دەبینی. جگە لەوە نەیدەتوانی بە هیچ نیگایەکی تر تەماشای بکا. هەرچی پەخشان بوو، خۆ زۆر شێوەشی لەو دەکرد. بەجۆرێکی دیکە سەرنجی راکێشابوو. وای لێکردبوو مەژی پێوە خەریک بکا. تا شەو درەنگ داهات ، ئەو لە جارێک زیاتر بەتەواوی رووی پەخشانی بینی، تا دەهات جوانتری دەهاتە بەرچاو. زیاتر دڵی دەخستە خورپە. بۆیە هەوڵیدەدا بە هەموو توانایەک جڵەوی سۆزی خۆی راگریَ و تووشی هەڵەیەک نەبیَ. حەزی نەدەکرد کەم و کوڕی لەرەوشتی خۆی ببینیَ. زۆر جاران بەر گوێی

کەوتبوو کە ئەگەر یەکێک رقی لە یەکێک بوایەوەو گەرەکی بوایە زیانێکی پێبگەیەنێ. هەرگیز تخوونی ئەو ماڵە نەدەکەوت و نانی نەدەخواردن! چونکێ پێی وابوو هەر کە نان و نمەکی کرد ئیتر نابێ بێ نمودی دەرهەق بکا. ئەگەر هەر کارێکی وای بکردایە دەبووە پەلەیەکی گەورەو بە تەوێلیەوە دەلکا. هەتاوەکونێ لەو دنیایە مابوایە کەس هاموشۆی نەدەکردو بەپیاوی نەدەزانی. لەبەر ئەوە شەرمی لە خۆی کردەوە. خۆی زۆر بە کەم هاتە بەرچاو. رقێکی بەرانبەر خودی خۆی لە دەروون دایسا. لەو دەمەدا حەزی دەکرد دارکارییەکی باشی خۆی بکا! بەڵام ئەوەی بۆ نەدەشیاو نەدەگونجا. بۆیە بە بێدەنگی دانیشت و سەری خۆی شۆڕکردەوە. لەسەرەخۆ گوێی بۆ حاجی حوسێن رادێرا. وەک ئەوەی لە ماڵی خۆی دانیشتبێ ئیوها بوو. بە هیچ شێوەیەک هەستی بەنامۆیی نەدەکردو هیچ شتێک بۆنی نامۆیی لێنەدەهات. پەخشان بە ئاسێ دەچوو. گوندەکە وەک گوندەکەی ئەوان بوو. دانیشتنی ئەوان و چیرۆکی بەر ئاگردانیان. سەرباری هەموو ئەمانەش حاجی حوسێن کت و مت ساڵحۆک بوو. چەندەی دەدوا هێندە زیاتر شێوازی لە ساڵحۆک نزیک دەکەوتەوە.

– چیبکەم کوڕی خۆم خەڵکی گۆڕاون. پیاو هەرکە تۆزقاڵێک بە نێو ساڵ کەوت، ناوێرێ دانیشێ و دووپەیڤان بە دڵی خۆی بدرکێنی. کە خێرا لێی دێنە گۆو گاڵتەی پێدەکەن. کەس باوەڕی پێناکاو دەڵێن خەلفاوە. هەنوکە زۆر شت هەیە ناوێرم بیدرکێنم! زۆر شت هەیە ناوێرم باسی بکەم، کە دڵنیام راست و راستەقینەیە! دەترسم بێژن کابرا

خەلفاوە فڕ ئاگای لەو دنیایەی نییە. زۆر جاران باسی دوژمنیان بۆ دەکەم. هێندێک شتیان بۆ دەگێڕمەوە کە هاوڕێی خۆم تیا بووە. زۆر کەس بۆیان باس کردووم کە خۆیان تیایدا بوون. کەچی عریت عریت پێم پێدەکەنن. وەک ئەوەی درۆیەکی زل و گەورەم کردبێ! پیاو لە کاتی وادا شەرم لە خۆی دەکاتتەوە. بێدەنگ دەبێ و قرقەپ دادەنیشێ. نازانن ئەو شتانە سوودی ئەوانی تیایە. پیاو چەندەی دوژمنی خۆی بناسێ هێشتا کەمە. تۆ سەیرکە دوژمن چۆن هەوڵدەدا هەموو شتێک دەربارەی تۆ بزانێ. چۆن لە هەموو شتێکت دەکۆڵێتەوە، گوێم لە زۆر کەسان بووە. هی زیخ و زیرەک. ئەوانەی کتێبان دەخوێننەوەو لە دنیایێ دەگەن! دەڵێن دوژمن مێژووی ئێمە لە خۆمان باشتر دەزانێ! هەر لە ژێر رۆشنایی ئەو مێژووەش رەفتار لەگەڵ ئێمە دەکاتت ، ئەگەر ئێمە مێژووی خۆمانزانی هەرگیز تووشی ئەو هەڵانە نابینینەوە ، کەئەوانەی بەر لە ئێمە تێی کەوتوون. هەرگیز رێگە نادەین دوژمن بە ئامانجی خۆی بگا، زۆر شت کە من دەیڵێم، ئەوان دەڵێن نا بابە، هەنوکە سەردەمی تۆ نییە! ئەو شتانەی تۆ دەیبێی هی رۆژگارێکی ترەو رایبردووە، هەنوکە مرۆڤ لە قۆناغێکی تر دەژی و مرۆڤی رۆشنبیر شوورەییە بەو شێوەیە بیر بکاتەوە، من دەڵێم پێویستە بزانی دوژمن چی لە تۆ کردووە. با ئازار بچێژی و دەخەمان راچی. پێویستە بە چاوی خۆت زامی خۆت ببینی. رقێکت لە دل دایسێ. رقێکی پیرۆزت لەدڵ دایسێ. چونکێ مرۆڤ لە کاتی شۆڕشدا پێویستی بەو جۆرە رقە هەیە. ئەگەر ئەو رقەت لە دڵدا نەبێ زۆر شت هەیە پێت ناکرێ ! دەڵێن نابابە ... رق هەڵگرتن نەخۆشیە.! باوکی خۆم. خۆ ئەو رقەی تۆ رقی

تاوانبارێک و ئەژدەهایێک نییە بەرانبەر بێ تاوانێک. ئەو رقەی تۆ رقی ئەوانەیە کە بن دەستن. رقی ئەوانەیە کە چەوساونەتەوەو کەوتوونە بەر چەپەرۆکی دوژمن. تۆ سەیرکە دوژمن چیت لێدەکات. کوڕم زۆر داخ و کەسەرم لەسەر دڵی خڕ بۆتەوە. زۆرم شت دیوە، زۆرم شت ژنەوتووە. پێویستە گوێم بۆ رادێرن !

تەحۆ هەر هێندە بوو وێنەی ساڵحۆکی دەهاتە بەرچاو نەدەهات. ئەو کاتە ئەو منداڵ بوو. هەرچەندە دڵنیا بوو، کە حاجی حوسێن بەشێوەی هیچ لە ساڵحۆکی نەدەکرد. ئەو لە ساڵحۆک بنێستر و کورتە باڵاتر بوو. تۆزێکیش ئەسمەرتر بوو، تەبەشیشی نەختێ بچووک تر بوو. کەچی شێوازی ئاخاوتنی، شێوازی دەربڕینی، جولانەوەو بزووتنەوەی. هەڵسان و دانیشتنی ، هەموو شتێکی بە ساڵحۆک دەچوو. زوو تووڕە دەبوو، خێراش سارد دەبووەوە! جاری وا هەبوو گاڵتەی پێدەکردن ، جاری واش هەبوو بە ئارەزووی خۆی جنێوی دەدا.

لەیادی بوو جارێکیان، بەر لەوەی رایانگوێزنەوەو گوندەکەیان خاپوور بکرێ. تازە ئەو بەندو باوە کەوتبووە گۆڕێ و پڕوپاگەندەی بۆ دەکرا. چونکێ کەس باوەڕی نەدەکرد ئیوهایان لەگەڵ بکرێ. ساڵحۆک بەتەنگەتاوی هاتەماڵیان. چووە بن باڵی هۆمەرو پێیگوت:

"کوڕی خۆم، من ناوێرم هیچ بڵێم، زۆر شت هەیە من بەرەشی دەزانم. بەرەشی بیر لێدەکەمەوە. کەچی ناوێرم دەریبڕم، ناوێرم بیدرکێنم ! خەڵکەکە گۆڕاوەو لە خوا ناترسن. من دەزانم هەر کە زارم بزواند

ئەوان گاڵتەم پێدەکەن. دەڵێن ساڵحۆک خەلفاوە. تەنەکەم بە کلکی وەدەکەن و لە نێو ئاوایی دەهۆڵم بۆ لێدەدەن. دنیام لێ پڕدەکەن ساڵحۆک تێکچووە. شێت بووە، هەر شێت شێت بووە، دەبێن لەبەرخۆی هورێنان دەکاتو لەگەڵ جنۆکان داخێوی، کورم تۆ نازانی ئەو خەڵکە چۆنن. هەم لە ناڵیش دەدەن هەم لە بزماری!"

ساڵحۆک زۆر جار ئەو پەیڤانەی دووبارە دەکردەوە. هەرکە وازیشی لێبوایە زاری دەکردەوەو ئیتر تێر بەدڵی جنێوی دەدا. باوکی خۆشی نەدەپاراست. ئەو کاتەی ئەنری بوایە هاوڕێ و برادەری نەدەزانی، ئەوەی بهاتایە سەر زاری نەیدەگێڕایەوە. کەچی دڵی پاک بوو، زوو پەژیوان دەبووەوە. زۆریش دڵگیر و خەمبار دەبوو لەو گلیانەی دەیکرد. بەخێرایی شێوازی ئاخاوتنی دەگۆڕی و داوای لێبوردنی دەکرد.

"چی بکەم برای خۆم، چی بکەم کوڕی خۆم. وا لە پیاو دەکەن لە پێستی خۆی دەربچێ. پێویستە کەمێک بیربکەنەوە، بە ئاوەزبن. بزانن ئێمە پیر بووینەو مەژیمان وەکو جاران نەماوە. بەرگەی ئەو هەموو خەم و کوڤانە ناگرین. خوایە تۆبە... وا لە پیاوی دەکەن بەرچاوی تاریک بێ و هیچ نەپارێزێ" !

حاجی حوسێن لە ساڵحۆک وریاتر بوو. هێمنتر داخاوت. بەڵام ئەویش کە زویر بوایە، هیچی نەدەپاراست و بە ئارەزووی خۆی جنێوی دەدا. وەلێ ئەوەی گوێی بۆ رادێرابوایە هەستی دەکرد جنێوەکان لە شوێنی خۆیەتی!

تەحۆ هەستی دەکرد بێدەستی خۆی خۆشەویستییەکی بەرانبەر حاجی لە دڵ گورابوو. وەک یەکێکی ناسیاو نزیکی دەهاتە بەرچاو. پڕ بەدڵ حەزی دەکرد گوێی بۆ رادێرێ و شتی لێوە فێر بێ. زۆر جاران رابۆی دایکی ئامۆژگاری دەکردو دەیگوت:

"کوڕی خۆم تەحۆ... هەوڵبدە لەگەڵ هی لە خۆت گەورەتر بگەڕێی. لە جڤات و کۆمەڵی پیران دابنیشی باشترە، پیاوانەترە لەوەی لەگەڵ منداڵە وردەکاتن لە پەنا دیواران هەڵکورمێی! لەوان شت فێر دەبی. ئەو باسانەی ئەوان دەیکەنەوە ، دەربارەی تاقیکردنەوەکانی ژیانە. ئەوەی دنیای زۆر دیبێ، شت زۆر دەزانێ! قەت بەوە فریو مەخۆ، پیرێکی پیس و پۆخل، شڕوشەپڕێوت بینی. بەشێوەیەکی کەم و خەراو سەیری بکەی. نا کوڕم ... تۆ لێی برۆ پێش و نزیکبەوە. گوێی بۆ رادێرە. من دڵنیام لە بن ئەو هەموو جلە دڕاوە، مرۆڤێکی دنیا دیدەت بۆ دەردەکەوێ ! مرۆڤێکت بۆ دەردەکەوێ کە دەتوانی زۆر شتی لێ فێربی ، بۆیە چەندەی پێتدەکرێت لە نێو پیران دانیشە"

زۆر جاران کە لێی تووڕە دەبوو، بەناڕەزاییەکەوە پێی دەگوت:

" نازانم چیت پێبڵێم ! منداڵی ئەو زەمانەی دەبنە پیاویش هەر منداڵن! هەر بە پێوە میز دەکەن! نازانن لە جڤاتەکی دانیشن، نازانن دوو گلی بەرێ و جێ بکەن. ئەمەش سۆنگەی ئەوەیە گوێ لە گەوران ناگرن. ناچن لە جڤاتەکی پیاوان دانیشن و فێری دوو پەیڤان ببن" !

تەحۆ کاتێ دایکی ئەو شتانەی بەبن گوێی دادەدا، پێدەکەنی و گاڵتەی پێدەهات. وایدەزانی ئەو شتانە رۆژگاریان بەسەرچووەو باویان نەماوە! کەچی هەنوکە کە تەماشای دەکرد. بێئەوەی هەست بکا سوودێکی زۆری لێوەردەگرت. هەوڵیدەدا بە وردی لە گلیەکانی حاجی تێبگا. ئەم هەڵسوکەوت و بایەخدانەی وایکرد. حاجی چەند چووبووە دڵی ئەو، ئەو دوو هێندە جێگەی خۆی لە دڵی حاجی بکاتەوە!

–بێدەستی خۆمە. من هەمیشە ئەو گەنجانەم خۆش دەوێ کە هێمن و لەسەرەخۆن.کە گوێ بۆ گەوران رادەدێرن پەیڤان دەکرن. گەنجی وا زوو فێر دەبێ و پیاوی ناوپیاوانی لێدەردەچێ. چونکێ ئەوەی بزانێ چۆن رێزی خەڵکی دەگرێ، خەڵکیش دەزانن چۆن رێزی ئەو دەگرن. چۆن گوێ بۆ خەڵکی شل بکا، خەڵکیش ئاوا هەستی لێرادەگرن!.

لەوکاتەی گەیشتبووە ئەو ماڵە، وەک ئەوەی گەیشتبێتە ماڵی خۆی هەستی بە دڵنیایی و ئارامییەک دەکرد. حەزی دەکرد زووتر ئەوانەی بناسیبوایە. بەرایێ ئەو کارەی لە کن ببووە کێوێک و هەرگیز پێی هەڵنەدەگیرا. کەچی بۆی دەرکەوت زۆر ئاسان بوو. نەدەبوو ئەو ماوە زۆرە بەچاوەڕێ کردن و بیرکردنەوە بەسەربەرێ. مرۆڤ لە دەرەوەی کارێک بێ جۆرێکەو کە دەچێتە ناویشی جۆرێکی تر. شتی بچووک ئەگەر لەرادەی خۆی زیاتر بیری لێکرایەوە گەورە دەبێ. لەبەری دەبێتە شێرو هەرگیز بۆی ئەنجام نادرێ. هەرچەندە گەورەو زەبەلاح بێ ئەگەر ئازایانە بۆی چوو ئەوا لەبەر چاوی بچووک دەبێتەوەو بە ئاسانی ئەنجامی دەدا.

حاجی حوسێن گەرم داهاتبوو بواری کەسی نەدەدا. ناو تا ناویش هەڵۆ بەڕێکی دەخستە مزگەوت.

–ئەو دوژمنە وەکو سەگی هاری لێ هاتووە، پڕ دەداتە هەموو شتێ. زۆر سەیرە! توانیویەتی ئەو جیهانە گەورەو گرانە لە خشتە بەرێ. ئەو میللەتەی لە زیندانێک کردووەو دەرگای توند لەسەر داخستووە. لە چ دینییێک چ یاسایەکدا رێگادراوە کە خەڵکی بێچەک و بێتاوان بەو شێوەیە ئاور باران بکرێ!

–کوڕی خۆم تۆ چی یەژی. هێندێک شت هەیە پیاو ناوێری باسی بکا، ئەگینا روون و ئاشکرایە. مانگێکی چواردەیەو پێویست بە ئەنگوست ناکا. ئێمە خۆمان نازانین چیدەکەین. خۆمان بەزەییمان بەخۆمان نایەتەوە. خۆمان زام و برینەکانی خۆمان نابینین! پێویست ناکا گازاندە لە خەڵکی بکەین. چۆن دەبێ خەڵکی ئاور لەماڵی خۆی بەرداو داوا لە خەڵکی بکا بۆی بکوژێنێتەوە. دەزانی ئەو شەڕی براکوژییە چ زیانێکی بەو میللەتە گەیاندووە! کوڕم هەڵۆ... تۆ جارێکیان گلیەکی زۆر راستت کرد، نازانم لەیادت ماوە یا نا! گوتت یەکێک لە دەرەوەی وڵات هاتۆتەوە گوتویەتی، براینە هەولبدەن لەگەل ئەو دڕندەیە رێککەون. من هەموو دنیا گەڕاوم. کەس گەرەکی نییەو نایەوێ ئەو رژێمە بڕوخێ! لەبەر ئەوە هەر چۆنێک بێ لەگەڵی پێکوەرن. بە لوولەی تفەنگەکان و بەو ژمارەیە کەمە دەرەقەتی نایەن، ئەو هاوڕێیەت زۆر راستی فەرموو، بەڵام کە ئاگر بەستیش کرا نەدەبوو تەنها باڵێک بەو کارە هەڵسێ ، دەبوا کورد ماڵی خۆی رێکخستبوا ! نەدەبوو شۆڕشگێران ئاوا

شۆڕشگێڕان بە ئارەزووی خۆیان بچنە نێو رژێم. هەمان هەڵەی گەورە دووبارە بووەوە. کە لە شۆڕشی ئەیلوول کرا، چۆن لە ئاگربەستی گەورە. بە ماوەی چوار ساڵان دوژمن توانی جێی خۆی بە چاکی توند بکا، توانیشی بەشێک لە مرۆڤە بێهێزەکانە لە خشتە بەرێ و بیان کڕێ. بەشێکی زۆریش فێری ژیانی شارستانی بوون لە شۆڕشێگێڕیەتی چوونەوە! ئەو شەڕی برا کوژییە گەورەترین زیانی لە ئێمەدا. تۆ سەیرکە لەو کاتەی ئاگر بەستەکە دیماهی هات و سەری نەگرت دوژمن چۆن بەربۆتە گیانی ئەو خەڵکە. جاش و بەکرێگیراو رۆژ بەرۆژ ژمارەیان زۆرتر دەبێ. وەکو زانیومە ئەوا لەو لایەش دەستی بە خاپوورکردن و وێران کردنی گوندەکاتنی کردووە. پێشان بیانوویەکیان بۆ دەدۆزیەوە ،هەنوکە پێویستیان بە بیانگەش نەماوە. پێدادێن و لووسی دەکەن. دەزانی چیمان لە خۆمان کرد. چۆن بەدەستی خۆمان ئاورمان لە ماڵی خۆمان بەردا ! ئا... باش بوو بیرم کەوتەوە. دوێنێ هێمن و تاقمەکەی بێرەدا رابوردن، دەیانگوت هێزێکی گەورە بۆ ئەو ناوە بەرێکەوتووە. دەچین بزانین دەستێکیان لێ ناوەشێنین ! --
دوێنێ... ئەی بۆ زووتر واتنەگوت؟.

–بەخوا دڵنیا نیم دوێنێ بوو، یا پێرێ.

پەخشان کە لە دوورەوە دانیشتبوو، بۆ یەکەم جار شەکرێکی شکان.

–پێرێ بوو، نانی نیوەڕۆشیان لێرە خوارد، بەڵام وادیار بوو بە پەلە بوون!

حاجی تەماشای هەڵۆی کرد، پاشان نیگاکانی بۆ لای تەحۆ وەرچەرخاندو گوتی:

–با مەژی میوانەکەمان ماندوو نەکەین. ئەگەرچی میوان نییەو ماڵی خۆیەتی. بەڵام وێدەچێ شەرمن بێ. لەوانەیە یەکەم جاری بێ لە دایکی دوور کەوتبێتەوە! کورم توورە نەبی گاڵتەت لەگەڵ دەکەم. ئێمە زۆر شتی وامان دیوە. ئەگەر ماوەیەک لێرە بمێنینەوە دەزانی کە ئێرە سەر کاروانەو زۆر کەس بێرەدا تێدەپەڕن. زۆر لەوانەی یەکەم جاریانە دێنە دەرەوە میوانمان بووینە. شەرم دەکەن نان بخۆن. وادەزانن ئێرەش وەکو شارە! کوڕی خۆم لێرەدا هەر ماڵێکی لە دەرگای دەدەی ماڵە خۆتە!

تەحۆ زیرەکانە هاتە وەرام:

–راست دەکەی مام حاجی، ئەو شتانەی تۆ دەیبینێ زۆر دروستە بۆ یەکێکی شارستانی. بەڵام من شارستانی نیم. من کوڕی لادێم. لەگوند لەدایک بووم ، بەهەوای گوندی فراژی بووم، هەرگیز حەزیش لە شار ناکەم. وای ئەگەر دەتزانی ئەو شارە چ دەردەسەری و نەگبەتیەکی بۆ ئێمە هێنا، لەو دەمەی راگوێزراینەوە شار شیرازەی ژیانمان تێکچوو. منیش گوندیم مام حاجی. دەزانی گوندەکەی ئێمەش چەند خۆش بوو!

تەحۆ لەگەڵ ئەو باسە برینی کولایەوەو هەستی بە دڵ تەنگیەک کرد. ئەوانیش کە زانیان میوانەکەیان دڵگیر بوو. داوای خەوتنیان لێکرد. جێگەیان لەتەک هەڵۆ بۆ لەسەربان راخست.

بایەکی فێنک و ساردی دەهات. لوورەی گورگان لە نێو چیایەکان، لە دوورەوە دەهات و خامۆشیەکەی دەشکاند. ئەستێرەکان بەجوانی دەبریسکانەوە. هەستی بە سەرماییەک کرد. جاجمەکەی راکێشاو بەخۆی دادا. لەگەڵیدا هەستی بە خۆشییەک کرد. خۆشیەکی دڵتەزێن. کە ماوەیەکی زۆر بوو هەستی بەو جۆرە خۆشیە نەکردبوو ! تاوێ لە ئاسمان ورد بووەوە، پاشان رووی بۆ لای هەڵۆ وەرچەرخاند، کە لەتەک ئەو راکشابوو ، گوتی:

–مامت قسەی زۆر خۆشە. زۆر حەز دەکەم گوێ بۆ هی ئاوا رادێرم. مرۆڤ ئەگەر بیەوێ زۆر شتیان لێوە فێر دەبێ!

–راست دەکەی. گوێ بگرە با ڕای خۆمت لەو بارەیەوە پێ یەژم. ئەگەر مرۆڤ گەرەکی بێ فێر بێ پێویستە زیاتر گوێ بگرێ لەوەی باخێوی. هەموو مرۆڤێک، نەزان بێ یا زانا ، گەورە بێ یا بچووک، دەوڵەمەند بێ یا هەژار، بۆچوونێکی تایبەت بەخۆی هەیە لەو ژیانە، بە گوێرەی پێگەیشتن و تێگەیشتنی خۆی تێدەگا. هەر هەمووشی خۆی پێراستە! وادەزانی هەر ئەو راستەو ئەوەی لەسەر بیری ئەو نەڕوا ، ئەوا نەزانەو هیچ لە ژیان ناگا. ئەگەر بەهێمنی لەگەڵی دابنیشی و روانگەی خۆتی بۆ روونبکەیتەوە لەوانەیە بگۆڕێ! یا لەوانەیە تۆ بگۆڕێی! ئەمانە هەمووی لە ئەنجامی گوێگرتن روو دەدا. لەبەر ئەوە چەندەی گوێ رادێری هێندە زیاتر شت فێردەبی. تۆ تازە هاتوویتە دەرەوە، نازانم دەمێنیتەوە یانا؟ ئەوە ئارەزووی خۆتەو خۆت باشتردەزانی. هێشتا زۆر شتت بۆ روون نەبۆتەوە! بەڵام من ماوەیەکی

زۆر لە دەرەوەوەم. لە نزیکەوە ئاگاداری زۆر شتم، بەرایێ هیچم نەدەزانی. هیچیشم نەدەخوێندەوە. بۆیە هیچ نەداخاوتم. کە داخاوتیشم لەگەڵ یەکێکی وا داخاوتم گوێی بۆ رادێرابوام، گاڵتەی پێنەکردبوام. سەیرت پێنەیە. زۆر کەسی وا هەیە خۆی هێندە پێ زۆرزان و تێگەیشتووە. گاڵتە بە هەموو کەسێک دەکات! واملێهات بەهۆی گوێگرتنەوە شارەزای زۆر شت بووم، لە هەموویان گرنگتر ئەوە بوو فێری خوێندنەوە بووم. خوێندنەوە سوودێکی یەکجار زۆری هەیە. دەبێ بزانی خوێندنەوەش پێویستی بە جۆرە وریایی و ئاگادارییەک هەیە! چونکێ ئەو شتەی دەیخوێنیەوە رای خاوەنەکەیەتی. لەوانەیە رایەکەی لەگەڵ دۆزو بیروبۆچوونی تۆ نەگونجێ. شەرت نییە ئەوەی لە کتێبان نووسرابێ راست بێ ! ئەوەی من بۆم دەرکەوتووە، خوێندنەوە بە گەمژەڵی تا ئێستا کۆسپێکی زۆر گەورەی بۆ ئێمە چێکردووە. جارێ خوێندنەوەیان لێدا. بەڵام خەڵکەکەیان فێر نەکرد چۆن بخوێنێتەوە! هەر کەس بە گوێرەی خۆی خوێندیەوە. بە ئارەزووی خۆی شتی وەرگرت. وایانزانی ئەوەی لە کتێبان نووسراوە راستیەو مرۆڤ نابێ لێی لادا. ئەمە بووە هۆی ئەوەی زۆر ناتەبایی رووبدا. زۆر کەس لەو نێوەدا بەخت و خۆڕایی لە کیس بچێ! زۆر گەنجی ئازا ببنە گوری. زۆر کۆمەڵ و تاقم و دەستەی جیا جیا دروست ببن. کە ئەمە خۆی لە خۆیدا فەندو فێڵی دوژمنان بوو، بە مگێزو ئارەزووی دوژمنان بوو. بۆیە هەموو جارێک دەڵێم پێویستە گوێ بگرین. پێویستە هەموومان گوێ لەیەکتر بگرین و فبَری گوێگرتن بین! تا بزانین ئێمە دەمانەوێ بڵێین چی و ئەوەی بەرانبەریشمانە گەرەکیەتی چی بڵێ. گوێم بۆ زۆر

گفتوگۆو دەمەتەقێ شل کردووە. خاترجەم بوومە کە شتاق لا نەیزانیوە ئەوەی تر چیدەڵێ!. تەنانەت نەیزانیوە خۆشی چیدەوێ! دڵنیام ئەگەر بیزانیایە هەرگیز ئەو شتانەی نەدەگوت. گەورەترین ئەژواری ئێمە ئەوەیە کە دوو کتێب دەخوێنینەوە، وادەزانین تەواو ، بووینە زاناو زۆر زان و نابێ گوێ بۆ کەس شل بکەین! لە راستیدا پێویستە هەمیشە گوێ بۆ یەک شل بکەین!

تەحۆ لەسەر گازەرەی پشت راکێشابوو. ئەگەرچی شتاقیان سەیری یەکتریان نەدەکرد. وەلێ ئەم زۆر بە جوانی داخاوت و ئەویش زۆر بە بایەخەوە گوێی بۆ رادێرابوو. هەرچەند وشەی لەزار دەهاتە دەرەوە ، ئەو زێتر هەستی بە نزیک بوونەوە دەکرد. زێتر لێی دڵنیا دەبوو زێتر خۆشیدەویست !

قسەوگلیەکانی زۆر لە کن راست و بەجێبوو. ئەو شتانەی ئەو دەیگوت کاری لە هەموو خەڵکەکە کردبوو. رای زۆربەی خەڵکەکەی بەرانبەر شۆڕش و خەباتگێڕی گۆڕیبوو. یەک لەوانە رابۆی دایکی بوو. بەرایی کە هۆمەری بەڕێکرد چۆن بوو. بەم دواییە چۆن بوو چی وەسەر هاتبوو. لەیادی بوو کە دواجار چوونە لای هۆمەر رەق و راست، بە پێچەوانەی هەموو جارێک کە هانیدەداو ورەی وەبەردەخستەوە گوتی:

"بەخوا کوڕم من یەک شت دەزانم. ئەویش ئەوەیە بەدوای کڵاوی بابردوەو کەوتووی. شەونخوونی و خۆماندووکردنەکەت بێسوودە! تۆ

لەولاوە تەمەنی خۆت، ژیانی خۆت، ژیانی خاووخێزانی خۆت لەسەر دادەنێی ، لەولاوە یەکێک دێت و قیت قیت سمێڵان بادەداو دەتفرۆشێتە دوژمن. یاخود یەکێکی تر دێت و تەق... گوللەیەکت لە بنگوێ دەدا. گوایا تۆ سەر بەلایەنێکی تری و ڕێبازێکی ترت گرتۆتە بەر. زەرەروزیانت بۆ ئەو میللەتە هەیە! یاخود دوای دوو هەزار ساڵی تر زەرەرو زیانت دەبێ و لە دوا ڕۆژدا دەبیە جێگەی ترس! کوڕم گاڵتەت پێنەیە. ئەوە چەندەمین جارە ئەو شتە بەچاوی خۆم دەبینم. هەر خۆم فریو دەداو دەمگوت باشدەبێ، کەچی تادێ خەراوتر دەبێ. هەرجارەی دەڵێن... نابابە ئەمجارەیان وەکو جارانی تر نییە. جارانی تر شۆڕش خێڵەکی و تیرەگەری بوو. شۆڕشی دەوڵەمەندو شێخ و دەرەبەگان بوو. زۆر هەڵەی زل زلی تیا بوو. لە ئاستی لێپرسینەوەدا نەبوون، دەرکیان بە قۆناغی مێژوویی نەدەکرد! هەر جارەی تاقمێک دێن کۆمەڵێک گەنجی کورد بەکوشت دەدەن و دوای ئەوەی گیرفانی خۆیان پڕدەکەن، ئەو خەڵکە ئیوها بەجێدێڵن. هەموو جارێکیش دوژمن بەردەبێتە گیانی ئەو خەڵکە بێتاوانەو بە ئاگرو ئاسن سەرکوتیان دەکاتتەوە. کوڕم هەردوور مەڕۆ خۆمان بێنە بەرچاو... چیمان بەسەر هات"!

ئێستاش لەبەر چاوی بوو. کە چۆن هۆمەر بە نەرمی گرژیەوە، گرژینەوەیەکی پڕ زام و ئازار. کە بۆنی نامۆیی و هەناسە ساردیەکی لێدەهات. لەسەرەخۆ وەرامی دایکی دایەوە:

"من شتێک دەزانم تۆ شتێکی تر دەزانی، دایکی خۆم. ئەو شتانەی دەیبیێ راستن، بەشێکی راستن و بەشێکی دروست کراوی دوژمنە!

دوژمن بە ئەنقسەت دۆڵی بۆ لێدەداو گەورەی دەکات. هەر بۆ ئەوەی ورەی ئەو خەڵکە دابەزێنێ. هەر بۆ ئەوەی دنیا لەبەرچاوی ئەو خەڵکە رەشبکا. ئەگینا خاترجەم، من وای بۆ دەچم، لەوانەیە هەڵە بم و لەوانەشە راست بم! باوەڕێکی تەواوم پێی هەیە. ئەوەی گاڵتەشی پێدێت ئارەزووی خۆیەتی. من باوەڕم بەو شتە هەیە کە دەیڵێم. ئەگەر هەر گەلێکی دیکە بوایە لە جێگەی ئەو گەلە، ئەوا لە مێژبوو چۆکی دادابوو لەناوان سڕابووەوە. چەندین ساڵە... بە هەموو شێوەیەک، بە بەکارهێنانی هەموو شێوازێک. هەوڵیانداوە لە ناوی بەرن. کەچی وەکو دەبینی. شۆڕش لە دوای شۆڕش دادەیسێنی. هێشتا یەکیان نەکوژاوەتەوە، کە یەکێکی تر رەگی دادەکوتێ. کۆمەڵ و تاقمێکی تر، گەنج و خوێن گەرمی تر قۆڵ و باسکی لێ هەڵدەکەن. پێویستە ئێمە شانازی بەو گەلە بکەین، راستە دەبێ مرۆڤ باسی کەم و کوڕییەکانی خۆی بکا. ئەگەر وانەکا هەرگیز نەخۆشییەکانی خۆی نادۆزێتەوە ، وەلێ پێویستە خاڵە بەهێزەکانی خۆشی بزانێ، تا زێتر هانی بدا بۆ بەردەوام بوون. رژدتری بکا لە هەنگاونان. من لەلای خۆمەوە شانازی بەو نەتەوەیە دەکەم. راستە کاتەکە ناسک و ناخۆشە، بەڵام دوژمنیشمان زۆرە!"

شەو وردە وردە تاریکتر دەبوو. دنیاش تادەهات ئارام تر دیاردەکەوت. لەو سەربانە بچکۆڵەیە، ئەو دوو گەنجە راکشابوون. هەریەکەیان هەزارەها خۆزگە... هەزارەها ئاواتی لەدڵ بوو. هەردووکیان ِکڕو بێدەنگ بوون، وەک ئەوەی گەرەکیان بێ پێشبڕکێی بێدەنگی بکەن،

یاخود بیر لە هەڵێنانی مەتەڵێکی ئاڵۆز بکەنەوە. هەردووکیان لە یەک کاتدا بیریان لە شتێک دەکردەوە ، خۆشەویستی... نیشتیمان.. شۆڕش. بیریان لە زۆر شتی وا دەکردەوە کە گەلێ لە تەمەنی ئەوان گەورەتر بوو!

– هاتنی تۆئەمڕۆ وایکرد مامم ئاگای لە تۆمارکەرەکەی نەمێنێ. زۆر سەیرم پێهات. ئەو تا گوێی لە حەیرانێک ... یاخود لاوکێک نەبێت، هەرگیز خەو چاوەکانی داناگرێ ! زۆر سەیرە. مرۆڤ هەر هێندە فێری شتێک بێ و خووی پێوە بگرێ. سەرەتا بەهی منداڵ و تواڵانی دادەنا. کەچی دوای ئەوەی هاوڕێیەتی لەگەڵ پەیدا کرد، هەرگیز ناتوانێ لێی جیابێتەوە. کە دەچێتە دەرەوە دەبن هەنگلی دەنێ و لەگەڵ خۆی دەبا. یەکسەر دەچێتە کن مام مستەفای. ئەویش خۆی کۆڵدارەو دوو کوڕی گەنج و ئازای شەهید کراوە. بەیەکەوە دادەنیشن و گوێ لە لاوکان دەگرن. جاری وایە بە ئارەزووی خۆیان دەگرییێن. وەک دوو کەوی بریندار سەر بەیەک دەکەن و بۆ یەکتر دەخوێنن. هەریەکەیان چەندین کول و کەسەری لە دڵ دایە. زۆر جاری وا هەیە لەیاد دەکات بیکوژێنێتەوە. بەڵام ئەمشەو وادیارە بەهۆی تۆ لە یادی چۆتەوە!

–لاوک و حەیران لە نێو دڵەوە هەڵدەقوڵێن، سەرگوزشتەو بەسەرهاتی وا دەگێڕنەوە، کە لە کانگای ئەم میللەتە هەڵقوڵاوە. لە نێو زام و برینەکانی ئەم میللەتە لە دایک بووە. بۆیە تام و چێژێکی تایەتی هەیە. مرۆڤ ئەگەر تۆزێ بە وردی سەرنجی بدا، دڵنیام کاری خۆی لێدەکاتو دڵگیر دەبێ. ئێمە کە گوندەکەیان ئاورتێ بەردایین و ئاوایان لێکردین.

زۆر کەس بەسەری دا هەڵگوت. سترانیان بۆ چڕی... لاوک و سەردولکەیان بەسەردا هەڵگوت. یەکێک لەوانە دایکم، زۆر جاران لە ماڵەوە دادەنیشت و گوندەکەمانی دەلاواندەوە. وشەی وای دەردەبڕی کە سەرسام دەبووم و نەمدەزانی لە کوێی دێنێ ! بێدەستی خۆم رۆندکم لەچاو قەتیس دەما. ئەدی برام... ئەوانە لە لاوک و سترانان دەگەن، بۆیە وا هۆگری دەبن. تێیدەگەن و دەزانن چیدەڵێ. هۆمەری برام... ئەگەر وەکو خۆت دەڵێی ماوەیەکی لەگەڵ دابووی و چاکی دەناسی. لەوانەیە واتێبگەی کە تەنیا لە چەک دەزانێ. لەوانەیە پێت سەیر بێ. مرۆڤێکی وا... کە بەشی زۆری تەمەنی لە نێو ژان و ئازار بەسەر بردبێ. مەیلی لە مۆزیقاو گۆرانی هەبێ! دەبا پێت بڵێم، ئەو شمشاڵەی هۆمەر دەیژەنێ لەو بڕوایە دانیم کەس ئیوها بیژەنێ! لەبیرمە ، کە تازە لە ژێری... لە تاراوگە دەگەڕاینەوە لە ئاکنجیەکانیان دەئاخنین. ئەو شەوە هۆمەر زۆر دڵتەنگ بوو. شمشاڵەکەی دەرهێناو دەستی بە ژەنینی کرد. باوەڕ بکە هەتاوەکونێ ئێستاشی لەگەڵ دابێ تووشی هەر خەم و دڵ تەنگییەک بم ئەو ئاوازەم لە نێوی گوێی دەزرنگێتەوە. وەک ئەوەی هەنوکە بەرانبەرم دانیشتبێ و بیژەنێ، ئیوهایە. تۆ نازانی چ ئاوازێک بوو. هەستم دەکرد لە نێو خوێنمدا دەجوولایەوە!

تەحۆ درێژەی پێداو ماوەیەکی زۆر باسی ئاوازەکەو شمشاڵ ژەنینەکەی هۆمەری بۆ کرد. زۆر بە سەیری باسی دەکرد. هەڵۆش بە بایەخەوە گوێی بۆ رادێرابوو. بەسەرسامییەوە لێی رادەما.

خۆشەویستیەکی گەورەی لە چاوانی میوانەکەی دەخوێندەوە. ئازارو خەمەکانی خۆی تیا بەدیدەکرد. گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ئەگەر باسی خۆشەویستەکەی خۆی بەفرینیشی لە کن بدرکێنێ زۆر ئاساییە، دڵنیا بوو کە زمانی بەتەقەتەو هیچ نهێنیەک نازەلینی، بەڵام خێرا پەژیوان بووەوە. هەرچەندەی بیری کردەوەهیچ سۆنگەیەک نەبوو ئەو باسە بکاتەوە. ئەگەرچی لە دڵەوەش زۆر حەزی دەکرد. ئەو باسە خەریک بوو بیری پەلەکێش دەکرد. کاتێ بزووتنەوەی تەحۆ نیگاکانی بەرزەفت کردو ئەو باسەی‌لەیاد چۆوە ! تەحۆ لەسەرەخۆ هەڵسایەوە دانیشت. بەشێنەیی دەستی لەباخەڵێ ناو شمشاڵێکی دەرهێنا. بەسەرسامییەوە پرسی:

-شمشاڵە..؟.

-بەڵێ... ئەوە شمشاڵەکەی هۆمەرە. ئەوەی بۆم باسکردی. هۆمەر ئەو شمشاڵەی زۆر خۆشدەویست. ئەو دەمەی لە ماڵەوە بوایە هەردەم لە دەستی بوو. بە سۆزەوە فووی پیا دەکرد، بەخۆشەویستییەوە بۆ دەمی بەرز دەکردەوە. جاری وا هەبوو بەر لەوەی بیژەنێ لەگەڵی داخاوت! ... شمشاڵەکەی نزیک دەمی رادەگرت و بۆی داخاوت. تێر تێری گلی گازندەی خۆی بۆ دەکرد. ئەوەی لە ناخی پەنگی خواردبووەوە بۆی دەردەبڕی. ئەوەی ووشەش بۆ دەرنەدەبڕدرا. بە هەناسە دەریدەبڕی. دەمی لە شمشاڵەکە نزیک دەکردەوەو بە نەرمی فووی پیا دەکردو دەیژەنی. کەس وەکو من نازانێ هۆمەر چەندە ئەو شمشاڵەی خۆشدەویست. ئەو دەمەی کە چووە دەرەوەش داینابوو

لەگەڵ خۆی بیبا. بەڵام شەرمی کرد. دایکیشم هێندەی دیکە شەرمەکەی لا گران کردو پێیگوت:

"کوڕی خۆم ئەوە گەرەکتە چیبکەی! بەتەمای هەر لە ئێستاوە تووشی شوورەییمان بکەی! تۆ دەچی پێشمەرگایەتی بکەی یاخود شمشاڵ بژەنی. ئەگەر بۆ شمشاڵ ژەنین دەچی باشتر وایە هەر لێرە بمێنیتەوە. ئەدی کوڕی خۆم، تۆ بۆ گەشت و گوزار ناچی. بۆ سەیران و ئاهەنگ گێڕان ناچی، بۆ پێشمەرگایەتی دەچی. دەبێ کارو کردەوەت لەگەڵ چەک بێ. ئاخاوتن و دانیشتنت لەگەڵ چەک بێ. ئەگەر گریانت هات لە کن چەکەکەت بگرییێ ، ئەگەر نێهنییەک ئاوری لە دەروون دایساندی، تەنیا لە کن چەکەکەن بیدرکێنی. ئەدی کوڕی خۆم ، لەمەودوا نابێ بیر لە شمشاڵ بکەیتەوە. لە جیاتی شمشاڵ پێویستت بە چەک هەیە ، لەمەودوا چەکەکەت هەموو شتێکتە!"

دوای ئەوەی دایکم ئەو گلیانەی کرد. هۆمەر بەشەرمەوە شمشاڵەکەی لەسەر ڕەفەکە داناوە. ئەو کاتە دەمزانی چەندە هەستی بەجودایی دەکرد. ئەگەرچی ئەو دەمە گچکە بووم ، یاخود وەکو ئێستا بیرم نەدەکردەوە، لەگەڵ ئەوەش بە ئاسانی هەستم بەزامەکەی دەکرد، بە ئاسانی هەموو شتێکم لەرووی دەخوێندەوە. کە بڕیەمداو هاتم سۆراخی بکەم. گوتم باشترین شت لەوکاتەدا سوودی لێ ببینێ ، ئەوەی لەوکاتەدا دەتوانێ شادی بخاتە دڵ، ئەو شمشاڵەیە! بۆیە بەدزی دایکم لەگەڵ خۆم هێنا. نەبادا لە دڵی گران بێ. ئەگەرچی بەم دواییە ئەویش فێر ببوو شمشاڵەکەی خۆشدەویست. ئەویش گوێ بۆ

رادەگرت و سەری لەگەڵ بادەدا. هەرچەندە بەرایێ نەیدەهێشت دەستی بۆ بەرم. دوای رۆیشتنی هۆمەر بە ساڵێکیش ئەو شمشاڵە هەر لە جێگاکەی خۆی بوو. وای لێهات بە نهێنی ئەو شمشاڵەم دەبردو لە دەرەوە دەمژەند! لە یادمە جارێکیان وستیم بۆی دەرخەم کە منیش فێری ژەنینی شمشاڵ بووم. دەستم کردە شمشاڵەکە. ئەگەرچی زۆری بڕوکێش کردو خۆی پچڕیەوە،گوێم نەدایەو هەر ژەنیم. حەزم نەدەکرد دڵی بشکێنم. بەڵام خۆشم نازانم لەوکاتەدا بۆ وارەفتارم کرد. نەختێ شمشاڵەکەم ژەنی. چاوەڕوان بووم جنێوێکم پێبدا. یاخود دوو وشەی وام پێبڵێ تۆڵەی کەللە رەقیەکەم لێبکاتەوە، کەچی بە پێچەوانەوە گوتی:

"ئەوە چیتە کوڕی خۆم. گوتم ئاخۆ دەبێ چۆن بیژەنێ. هەر بۆ ئەمەش دڵی دایکی خۆت دەڕەنجێنی؟ جا ئەمە کەی شمشاڵ ژەنینە. هۆمەری برات نەدیبوو چۆنی دەژەند! بە گوری پەنجەکانی بم ، نەتبینی چۆنی دەژەند! خۆ هەتاوەکونێ ئێستێشی لەگەڵ دابێ قەت لەبەرووم هەڵنەهێناوەو لە کن ئەو نەمگوتووە! بەڵام ئەوە شمشاڵ ژەنین بوو. بە هی تۆش دەڵێن شمشاڵ ژەنین!"

لەو رۆژەوە بڕیەمدا کە دەبێ بەتەواوی خۆم فێری شمشاڵ ژەنین بکەم.

هەڵۆ شمشاڵەکەی لێوەرگرت. بەدەمییەو ناوءو فووی پیا کرد. هیچ دەنگێکی لێوە دەرنەچوو. ماوەیەک تێی راماو کونەکانی یەکە بەیەکە ژمارد، پاشان رووی لە تەحۆ کرد.

–یانی هەنوکە باش دەزانی بیژەنی؟!

–دەزانم... بەڵام باش نا. یاخود وەکو دایکم گوتەنی وەکو هۆمەر نا!

–هەر چۆنێکی بێ. نەختێ بژەنە. حەز دەکەم گوێم لێبێ!

–هە ها. های... ئەوە تۆ چی دەڵێی ، بەو شەوە درەنگە چۆن دەکرێت شمشاڵ بژەنم. خەڵکی چی دەڵێن! نا ... ناکرێ ... چۆن شتی وادەکرێت. بێگومان ئەگەر وابکەم هەموو یەژن شێت بووە. بەیانی زوو دەپرسن ئەو شێتە چی بوو میوانت بوو، نا تکا دەکەم ئەو داوایەم لێمەکە. بەیانی قەینا، ئەگەر لێرە مامەوە بان چاو، بەڵام هەنوکە تکات لێدەکەم سەخڵەتم مەکە... شەو درەنگەو خەڵک خەوتووە!

–سەخڵەت کردنی چی! تۆ گوایا گوندنشینی، وادیارە ئەو چەند ساڵەی لە شار بووی خۆت گۆڕیوەو ژیانی گوندیت لە یاد کردووە! ئەوە تۆ چی دەڵێی برای خۆم. لێرە کەس شتی وا ناڵێ. کەسیش بەو شێوەیە بیر ناکاتەوە. لەوانەیە حەز بکەن و گوێشی لێبگرن. لەوانەیە بپرسن ئەوە کێ بوو، ئەم شەو لە ماڵی ئێوە ئەو شمشاڵە خۆشەی دەژەند؟ بەراستی کارامە بووەو خۆشی دەژەند. حەز ناکەم بەو شێوەیە بیر بکەیتەوە! هەنوکە هەر دەبێ نەختێک بژەنی!

–کاکی خۆم هەڵۆ ... وازم لێبێنە درەنگەو با بخەوم. توو ئەو خوایە ئێستێ کەی کاتی شمشاڵ ژەنینە؟ خۆت بڵێ ... بەیانی دەچین لەو

دەشتە هەتاوەکونێ وازت لێبێ بۆتی دەژەنم. بەڵام تکا دەکەم هەنوکە وازم لێبێنە!.

–تۆ هێشتا هەڵۆ ناناسی، خۆت ماندوومەکە، وازت لێناهێنم!.

تەحۆ کە سەیری کرد هیچ چارەیەکی نەبوو، نەیدەزانی چیبکا! لەلایەک شەرمی دەکرد، لەلایەکی دیکە حەزی نەدەکرد دڵی هەڵۆ بشکێنێ. ئەگەرچی تەنیا تاقە دانە رۆژێک بوو دەیناسی. وای هەست دەکرد هەزار ساڵە هاوڕێیەتی. وای هەست دەکرد منداڵی گوندەکەی خۆیانەو هەموو تەمەنیان بەیەکەوە بەسەر بردووە! بەناچاری دەستی بۆ شمشاڵەکەی برد. شانی کێل کردەوەو قیت بووەوە. بەشەرمێکەوە دەمی لە شمشماڵەکەی نزیک کردەوە. ویستی فووی پیا بکا، بزەیەکی هاتێ. پاشان بە گەرمی بەخۆی پێکەنی! هەڵۆ بەراییێ لەگەڵ ئەو پێکەنی. بەڵام کە زانی پێکەنینەکە درێژەی پێدرا. سەر لە نوێ داواکەی دووبارە کردەوە.

–تکا دەکەم بیژەنە.. نازانم بەچی پێدەکەنی!.

تەحۆ وەک ئەوەی لە خەوێکی خۆش واگا هاتبێ. شەرمێک دایگرت. ئەو پێکەنینەی لە کن راست نەبوو. بۆ ئەوەی خۆی لەو هەڵوێستە رزگار بکا. سەر لە نوێ شمشاڵەکەی بۆ دەمی بەرزکردەوە. بەڵام ئەمجارەیان لە جیاتی ئەوەی پێبکەنێ. یەک بە سییەکانی فووی لە شمشاڵەکەی کرد. شمشاڵەکە وەکو منداڵێکی ساوا زریکەی لێ هەڵسا. دڕی بەبێدەنگیەکەداو ئاوازەکەی لەوناوە دەنگی دایەوە. ئاوازەکە زیاتر لە

ئاوازێکی خوایی دەکرد. ئەوەی بە تەنیا بیژنەوتایەو دەست و پەنجەی تەحۆی نەدیبا. سێ بەردەت بۆ فڕێ دابوایە. باوەڕی نەدەکرد ئەو ئاوازە هی مرۆڤان بێ! چونکێ هیچ شتێکی لە هی مرۆڤان نەدەچوو! شێوەی... واتای... ناخی... هەمووی خوایی و فریشتانە بوو!

هەڵۆ واقی وڕما. لەگەڵ زریکەی شمشاڵەکە زمانی گیرا! نەشیا تاقە پەیوێک دەربڕێ. هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبوو تەحۆ هێندە بەسۆز ئەو دەنگە لەو قامیشە وشک و رەقە بگورێنێ. بەرایی بەشتێکی ئاسایی تێگەیشت. گوێچکەکانی چاوەڕوانی نووزە نووزێک بوون. دەنگێکی تۆزێ نائاسایی و بڕایەوە. کەچی ئەو دەنگە هی ئەوە نەبوو بە ئاسانی باوەڕ بکرێ. لە دڵی خۆی گوتی:

"دەڵێ وەکو هۆمەر نازانم. باش نازانێ ئیوهایە. دەبێ هۆمەر چۆن بێت"

تەحۆ وەک دەرویێشێک گەرم داهات و ئاگای لە دەوروبەری خۆی نەما. بیرو سۆزو ئەندێشەو کول و کەسەرو یادگارەکانی، هەموو تێکەڵ بە هەناسەی دەکردو لە کونی شمشاڵەکەی وەردەردەنا. لەگەڵیدا کەوتبووە جیهانێکی تر. جیهانێکی بێچەوسانەوە... بێئازار... بێ گوند سووتاندن و خوێن رشتن !

خۆی بینی لە نێو رەزو باخێکدا هەنگاوی دەنا. زەوی تا بڵێی سەوزو جوان بوو. خۆر تا بڵێی گەش و پڕشنگدار بوو. هەوا تابڵێی پاک و بێگەرد بوو. بۆن و بەرامەیەکی خۆش لەو ناوە بڵاو ببووەوە. هەستی

به جۆره سەربەستییەک دەکرد، کە بەدرێژایی ژیانی هەستی پێنەکردبوو. هەستێکی زۆر نامۆو سەیر بوو!

هەڵۆ هەروا چاوی بەرانبەری لە مۆلەق راگرتبوو. هەناسەی هەر هێندە بوو دەهات و دەچوو، هەموو گیانی کردبووە گوێچکە. لەنکاوڕا تارماییەکی بەرچاو کەوت! هیچ بایەخی پێنەدا. تارماییەکە بە کورە کوڕ هات و سەربان کەوت. هەستی پێدەکرد. بگرە بە ئاشکراو روونیش لەبەر چاوی دەجولایەوە. بەڵام ئاگای لێ نەبوو! حەزیشی نەدەکرد باخێوی شمشاڵ ژەنینەکە بپچڕێنێ. تارماییەکە نزیک کەوتەوە. بەرانبەر تەحۆ لەسەر چیچکان دانیشت. حاجی حوسێن بوو. بە بزەیەکەوە سەیری هەڵۆی کردو خۆی مات کرد!

تەحۆ کە پێڵوەکانی بەرز کردەوە تیلی راما. هۆپەکی لە خۆزانی! نەیزانی ساڵحۆک لەو دەمەدا چۆن گەیشتە لای! دڵنیا بوو ساڵحۆک لەمێژبوو مردبوو، سۆنگەی چی بوو وا پەیدا بووەوە. لەوانەیە فریشتە هێنابیان؟! ئا... بەڵێ... رێی تێدەچێ و زۆر ئاساییە. بە دوو فریشتان بن هەنگڵیان گرتبێ و هێنابیانە ئێرە. پێیان گوتبێ وەرە گوێ بۆ تەحۆ رادێرە، بزانە چ ئاوازێک دەژەنێ. وەرە گوێ لەو تەحۆیە بگرە کە بستە منداڵێک بوو. بزانە فێری چ ئاوازێک بووە. چۆن چیاو خاکی وارەکەی دەلاوێنێتەوە. چۆن سەردولکە بۆ گوندە سووتاوەکەی دەڵێ. لەوانەیە پێیان گوتبێ وەرە گوێ بە ترپەی دڵی تەحۆ وەنێ. ئەوەی کە بستە منداڵێک بوو، بزانە چۆن بە کونی شمشاڵەکەی بەسەرهاتی خاکەکەی دەگێڕێتەوە. چۆن کۆست کەوتن و رووداوەکان دەگێڕێتەوە. لەگەڵ ئەو

زینده خەونە هەستی بە خۆشییەک کرد، بە زمانی شمشاڵەکەی رووی لە سالْحۆک کردو گوتی:

" گوێ رادێرە مام سالْح ،گوێ رادێرە با بۆت باسبکەم. بەسەرهاتی وارەکەمت بۆ بگێڕمەوە. تۆ نازانی چیمان بەسەرهات. مردی و بۆ خۆت حەسایتەوە. کەچی ئێمە کەوتینە دەمی ئەژدهاک و زۆر ناگزووریمان بینی ، زۆر دەردەسەری و ماڵ وێرانیمان بینی. هەر بۆیەش وادەڕۆم، دەزانم خەڵک هەنوکە هەمووی ورەی دابەزیوەو ئەژنۆی شل بووە. شەڕی براکوژی کاری لە هەمووان کردووە. هەموو بوونەتە دوژمنی ئەو چەکەی بەرگری پێدەکرێت. بەڵام من دەڕۆم! دەڕۆم و دەست بە خەبات دەکەم. وەک ئەوەی هیچ روویندەدابێ. راستە هاتووم سۆراخی هۆمەر بکەم. لەوانەیە ئاگات لێبێ و گاڵتەم پێبکەی! بڵێی کوڕی باوکم لەگەل کێ داخێوی، خۆ منداڵان فریو نادەی. من چوار بەقەدەر تۆ دنیام دیوە و ئاوا بە گۆلمە ئاوێک ناکەومە مەلە ، دەزانم تۆیان ناردووە سۆراخی هۆمەر بکەی! راستە بۆ ئەوەی هاتووم سۆراخی تاقە برایەکم بکەم، بەڵام لە ناخەوە... لە ناخی ناخەوە. کە جگە لە خۆم کەسی تر پێی نازانێ. بڕیەم داوە چەک هەڵگرم! دەبمە پێشمەرگەو بەرگری لە کوردستانەکەم دەکەم. بەرگری لە گوندەکەم دەکەم. لێم ببووە مام سالْح ... لێم ببوورە. شێوەی گوندەکەی خۆشمان لە یاد چۆتەوە، نازانم چۆن بوو! شەرم لە خۆم دەکەمەوە کە وێنەکەم نایەتەوە بەرچاو. ئەوە بووە تەمەنێک... هەرگیز گازاندەم لێمەکە ئەگەر ئیوها باخێوم ، لەبەر ئەوەشە چەک هەڵدەگرم، بەڵێ مام سالْح... راستە من هاتووم

سۆراخی برایەکەم بکەم. وەلێ برپیەمداوە نەگەڕێمەوە. با خەڵک هەر یەژن شەڕی براکوژی ورەی رماندین. شەڕی براکوژی لە ناوی بردین. بڕیەی خۆم داوەو چەک هەڵدەگرم. ئەوەی راست دەکاتو دڵسۆزی ئەو میللەتەیە پێویستە هەوڵبدا ئەو پەتایە نەهێڵی. نەک بیکاتە بیانگەیەک و خۆی لە پەنای بشارێتەوە ، من واناکەم...!

حاجی حوسێن کە لە چاوانی تەحۆ رادەما. دەیزانی شتێک دەبێژێ! بەڵام دەرکی پێنەدەبردوو نەیدەزانی چییە! سەرسام ببوو، دەیویست وەرامی بداتەوە، بەڵام تەحۆ جگە لە شمشال ژەنین هیچی تری نەدەگوت ! نەیدەزانی چی وەرام بداتەوە. نەیدەزانی بە چ شێوازێک باخێوێ و چی پێبڵێ! لەگەڵ ئەوەش حەزی دەکرد شتێک بدرکێنی.لە نێو ئاوازەکەدا هەستی بە شتێک دەکرد، ئاوازەکە شتێکی دەهێنایەوە یاد. نووزەو گریەی شمشاڵەکە بەسەرهاتێکی دەهێنایەوەیاد،کە لە مێژ بوو گوێی لێ نەببوو. هەرچەند هەوڵیدەدا بە دروستی بیری نەدەهاتەوە. دەیزانی بەسەرهاتەکە لە دەڤەرەکەی تەحۆ روویدابوو. جارێکیان هەمان کۆنە پۆلیس بۆی گێڕابووەوە. حەزی دەکرد بارتەقای ئەوەی ئەو شمشاڵی بۆ دەژەنین. ئەویش بەسەرهاتەکەی بۆ بگێڕێتەوە. کە لەوانەیە وازی پێبێ و سوودی لێببینێ!. لەپڕ بیری کەوتەوەو سەری دەزوەکەی دۆزیەوە. دەستی پێ کرد:

–نووزەو زریکەی شمشاڵەکە شتێکی هنێامەوە یاد. زۆرم حەز دەکرد بۆتی باس بکەم. بەڵام چیدەکەی لەگەڵ پیری ، زەینم کوێر بووەتەوە نایەتەوە یادم! لەگەڵ گریەی شمشاڵەکەت، لەگەڵ هاوارو نەعرەتەی

شمشاڵەکەت. گریەو زریکەی زارۆیەکانم هاتە گوێ. ئەوەش لە دەڤەرەکەی ئێوە روویداوە. بۆیە حەز دەکەم بۆتی بگێڕمەوە. کوڕی خۆم ئەوە بزانە، ئەو کوردستانە چەند گەورەو بەرفراوانە. هێندەش رووداو بەسەرهاتی زۆرە، هێندەش فرمێسک و خوێنی لێرژاوە. ئەوەی دوژمن بەو کوردستانەی کردووە بە هیچ شوێنێک نەکراوە. نازانم لە کامە شوێن بوو، پێشمەرگە شکاو رۆیشت، دوژمن ئەمەی بە هەلزانی، خۆی کۆکردەوەو هێرشێکی گەورەتری کرد. لەوکاتەدا ژمارەیەکی زۆر لە ماڵ و منداڵ... لە ترسی هێرشەکە روویان کردە چیاو خۆیان لە ئەشکەوتێک مات کرد. شوێنەکەیان دۆزیەوەو دەرگای ئەشکەوتەکەیان لێگرتن. زۆر بێ ویژدانانە ئاوریان لە ئەشکەوتەکە بەردا. دەیانگوت ئەوەی لە نێو ئەشکەوتەکە بوون مەلۆتکەیان فڕێ دەدایە دەرەوە. تا رزگاریان بێ و نەسووتێن، کەچی دوژمن بەسەرە سمکان و نووکە پۆستاڵان مەلۆتکەکانیان فڕێدەدایەوە ناو ئاورەکە. دەیانگوت ئاورەکە قرچە قرچ و زریکەیەکی سەیری لێهەڵدەستا. دەڵێن ئێستاش بچییە ئەو شوێنە گوێت لەو زریکەیە دەبێ! گوێت لە گریەو هاواری ئەو ئافرەت ومنداڵانە دەبێ. ئاوازێکی لێبەرز دەبێتەوە. ئاوازێک کە ئەوەی گوێی بۆ رادێری بێدەستی خۆی لە قوڵپەی گریانێ دەدا!

تەحۆش شمشاڵەکەی لە لێوی دوورخستەوە، بە خەمبارییەوە تەماشای حاجی حوسێنی کرد:

-مام ساڵح... دەزانی ئەو کوردستانەی ئێمە چی بەسەرهاتووە. دەزانی چ زوڵم و زۆرداریەکی لێکراوە. بەڵام قەینا. مرۆڤ تا زامدار

نەبێ بیر لە چارەسەری ناکاتەوەو لە ئێش و ئازاری زامەکانی ناترسێ. هەوڵی بەرگری و خۆپاراستن نادا! ئێمەش زۆرمان دیوە، ئەمە مرۆڤایەتیمان قووڵتر دەکاتتەوە. وامان لێدەکات وەکو مرۆڤێک رەفتار لەگەڵ هەموو مرۆڤان بکەین. هەر کەسێکی زامدار ببینین بەزەییمان پیا بێتەوە. ئەی چۆن مام ساڵح! ئەی بۆ پێمان دەڵێن مرۆڤ. راستە ئەوانە ئیوهایان لەگەڵ ئێمە کردووە، ئیوها لەگەڵ ئێمە دەکەن. دەبێ بزانین ئەوانە بەر لە هەموو شتێک ئەوە ئاشکرا دەکەن کە مرۆڤ نین، لەو ناوە گەورەی مرۆڤ بێ بەرین! بۆیە پێویستە زیاتر هەوڵبدەین، زیاتر خەبات بکەین! گۆشتی خۆمان بە شیشەوە دیوە. ئەوەش ئەزموونێکی گەورەیە. ئەگەر کەرو بێئاوەز نەبین پێویستە زۆر شتی لێوە فێر بین!

حاجی و هەڵۆ بەسەرسامییەوە تەماشایان دەکرد. تێنەدەگەیشتن و نەیاندەزانی لەگەڵ کێ داخێوی. بەڵام هەستیان کردو زانیان ئەو کوڕیژگەی ئەمشەو میوانیانە. رۆژگاری رەش زۆر چاکی داخ کردووە. هەموو هەناوی زامەو دڵۆپ دڵۆپ خوێنی لێ دەتکێ! بۆیە نەیانویست زێتر لەگەڵی باخێون و بدوێنن. حاجی وەک چۆن بەرایی بە هێمنی هاتە کنی و گوێی بۆ شمشاڵەکە رادێرا. بە هەمان شێوە هەڵسایەوەو لێی دووکەوتەوە. هەڵۆش وەکو خۆی لەسەر گازەری پشت لێی راکشایەوەو نیگاکانی بڕیە ئاسمان.

تەحۆ شمشاڵەکەی لە تەک خۆی درێژ کرد. زانی هێندێک شتی زیادەی درکاند ! هێنێدک شتی وا کە کاتی نەبوو، یاخود پێویست بە درکاندنی نەبوو. بەڵام بەدەست خۆی نەبوو. لە کاتی ئاوا دەکەوتە جیهانێکی ترو

ئاگای لە خۆی نەدەما. وەک سەرخۆشان دەدوا، دەیزانی و نەیدەزانی چیدەڵێ ! زۆر جاران شتێکی دەگوت کە زۆر هەوڵیدەدا خۆی لێ ببوێرێ و نەیدرکێنێ، کەچی بۆی نەدەکرا. وشەکە گوێی نەدەدایەو بە ئارەزووی خۆی دەچووە دەرەوە!

هەناسەیەکی هەڵکێشاو لە جێگاکەی راکشایەوە. دەستی خستە بن سەری و قاچەکانی لەسەر یەک دانا.

" دڵنیام ئەگەر هۆمەر ئەم شمشاڵە ببینێ زۆر شادمان دەبێ، یەکسەر شمشاڵەکەم لێوەردەگرێ. وەکو بێوار بە دڵی خۆیەوە دەنێ. دێتە بەرچاوم چی روودەدا ، ئەگەر تۆش وەکو من شارەزای هۆمەر بوای واتدەگوت. دەبینی... لەوانەیە خۆشت ئەو دەمە لەگەڵ من بی. دەبینی چۆن دەست بە شمشاڵ ژەنین دەکات. ئەوسا دەزانی شمشاڵ ژەنین چۆن دەبێ. ئەوسا گاڵتەت بەو شمشاڵ ژەنینەی من دێت! لەزی مەکە... بزانە چۆن هەموو شتێک بەچاوی خۆت دەبینی!

تەحۆ کە ئەمەی گوت هەستی بە خۆشییەک کرد. تاوێ چاوەڕوانی وەرام بوو. کەچی چاوەڕوانییەکەی بێ ئەنجام بوو. بە ئاستەم سەری لار کردەوەو بە تیلە چاوێک سەیری هەڵۆی کرد، کەوتبووە خەوێکی شیرینەوە. دووبارە رووی لە ئەسێترەکان کردەوەو کەوتەوە بیرکردنەوە. هەزارەها بیرۆچکەی بە مەژی داهات. هەستی کرد هەناسەی زۆر بە نەرمی دێت و دەچێ. شادیەکی تاسێنەر وردە وردە

ختووکەیدا. تا وایلێهات بێدەستی خۆی مژیلانەکانی لێکنا. هەناسەی هێدی هێدی نەرمتر دەبوو. تا دەنگی پرخەی بە ئاستەم بەرز بووەوە.

## (6)

خۆر گزنگی دابوو خەریک بوو تیرۆژکەکانی بە تینتر دەبوو. لەو بەری چیایەکە کەو دەیانخوێندو قاسپەیان دەهات. دەنگەکە بە ئاسانی دەگەیشتە نێو گوندی. کە چاوی هەڵێنا تەواو درەنگ داهاتبوو. تەماشای تەنیشت خۆی کرد، هەڵۆ نەمابوو. ناو لەپی خستە سەر یەک و پشتی سەری پێکرد. ئاسمان شین و جوان بوو. بۆنی گیایەکی زۆر خۆش دەهات. زۆری لێخۆش هات و حەزی کرد تاوێ ئاوا بمێنێتەوە. هەموو گیانی خاو ببووەوەو هەستی بە جۆرە حەسانەوەیەک دەکرد، کەماوەیەکی زۆر بوو هەستی پێ نەکردبوو!.

بیری لە دایکی کردەوە، دەیزانی هەنوکە چیدەکات. چۆن بە کزی لەبەر هەیوانەکە دادەنیشێ. تک و دووی لەگەڵ هەمووان ناخۆش دەبێ. خۆی لە کەس ناگەیەنێ. چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەو دەکات. بۆڵەی دێ... منجەی دێ. لەبەر خۆی دەنووزێنی. لەوانەیە لەسەرەخۆش لاوکان پچڕێ ، بە شێوەیەک کە لە خۆی زیاتر کەس گوێی لێنەبێ! کەژێش لەو دەمەدا هیچ نادرکێنێ. کارێک ناکا بەری دڵی بگرێ. ئەویش شارەزای ئەوەو دەزانی لە کاتی ئاوادا چۆن رەفتار دەکات، هەموو کارەکان بەبێدەنگی رادەپەڕێنی. نایەڵێ رابۆ داری لەسەر بەردی دابنێ!

شادمان بوو بەوەی کە زۆری نەماوەو دەگەڕایەوە گوندەکەی! وەکو جاران بە ئارەزووی خۆی دەژیا. چۆنی گەرەک بوو ئاوا دەژیا. لەگەڵ

ئەوە شادیەک ختووکەی داو بە گورجی هەڵسایەوە، دەیزانی دایکی لە هەمووان زیاتر حەزی لە گەڕانەوە بوو بۆ گوندەکەیان ! لە یادی بوو چۆن هەموو جارێ لە هەیوانەکە دادەنیشت ،دەستی لە خوا پان دەکردەوەو دەناورایەوە.

" خوایە گەورەکەم... خوایە خۆشەویستەکەم. لەتۆ زیاتر کەس گومان نابەم هانای وەبەر بەرم. لە تۆ زیاتر کەس گومان نابەم داکۆکیم لێبکاو ئاواتەکەم بهێنێتە دی. خۆزگە سەد خۆزگە هێندە تەمەنەت پێدەبەخشیم جارێکی تر گوندەکەمانم دەبینیەوە. جارێک... تەنیا جارێک بە کامی دڵی خۆم لە نێو گوندی دەخولامەوە، ئەوجا هەرچی دەبوو گرنگ نەبوو. ئەوکاتە بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی مردنم دەکرد!"

لێفەکەی لەسەر خۆی لاداو لە نێو جێگاکەی دەرکەوت. بەهێواشی بەرەو خوارەوە گل بووەوە. هەرکە گەیشتە دەرگای ژوورەکە حاجی حوسێن گوتی:

-بە ئەنقەست واگامان نەهێنای. گوتمان ماندووەو با تێر بخەوێ!

تەحۆ جگە لەوەی لەسەرەخۆ بەرووی گرژیەوە، هیچ پەیڤێکی لەزار دەرنەچوو. لە چەقی دەرگاکە وەستاو تەماشایەکی هەڵۆی کرد. ئەویش یەکسەر لە شوێنی خۆی قیت بووەوە ، تەحۆ گوتی:

-حەز دەکەم بچینە سەرکانی!

-باشە... با بچین.

بەیەکەوە بەرەو کانی بەڕێکەوتن. کانیەکە زۆر لەوان دوور نەبوو، هەر شۆڕ دەبوویەوە هەو بوو. هەڵۆ چووە سەرکانی و تەحۆ لەگەڵ ئاوی کانیەکە واژی بوەوە ، لە پەنای زنارێکدا وەستا. بە وریاییەوە تەماشای هەر چوار دەوری خۆی کرد. کە دڵنیا بوو کەس نایبینێ! دەستی بۆ دۆخینی برد. هەمدیس تەماشایەکی دەوروبەری کردەوە. ئەوسا بە ئارامی شەرواڵەکەی هێنایە خوارەوەو لەسەر چیچکان دانیشت!

بیری لە گوندەکە دەکردەوە. ئێرەیی پێدەبردن کە ژیانێکی ئاوا خۆش و پڕ ئارامییان دەبردە سەر. گەیشتە ئەو بڕوایەی ئەگەر دوژمن وازیان لێبێنێ. ئەوا باشترین ژیانیان هەیە. بیری لە پەخشان کردەوە. کە شۆخێکی چەند ناسک و باڵا بەرز بوو. چەند خوێن شیرین بوو، زۆر حەزی دەکرد لەگەڵی باخێوی. بێدەستی خۆی نەدەشیا بە چاوێکی خەراو سەیری بکا! نەیدەیویست دزە نیگایەکیشی ئاڕاستە بکا. هەستی دەکرد دەستێک بە توندی پاڵی پێوە دەنێ و نایەڵێ رووی وەرچەرخێنێ. سەرسام ببوو. بیری لە ژن هێنان کردەوە ! بزەیەکی کەوتە سەر لێوی...

"چی تیایە... بەرێگایەکی دروست لێی دەچمە پێش و خوازبێنی دەکەم. هەموو کچێک شوو دەکاتو هەموو کوڕێکیش ئەنجام هەر ژن دێنێ! ئەمە باشترین رێگایە. نەبێ ئەمەکیەو نەهیچ، واباشە یەکسەر ئەو باسەی لەگەڵ بکەمەوە. راست و رەوانی پێی یەژم پەخشان من تۆم خۆشدەوێ. گەرەکمە بتهێنم ، تۆ دەڵێی چی... ئەوسا ئەویش وەرامم دەداتەوە. شتێک هەر دەدرکێنێ. قاتی دەمی نەدرواوە. دڵنیام رازی

دەبێ! ئەی بۆ رازی نابێ. خۆ هیچ کەم و کورِییەکم نییە! ئا... دەیهێنم، لەو باشتر نادۆزمەوە. بەڵام خۆ من تا ئێستێ نازانم چیدەکەم. دەترسم هۆمەر رایەکی تری هەبێ. یان گلیەکی وا بکا هەموو خەون و ئاواتم پووچەڵ بکاتەوە. ئەویش راستتر دەکات. هەرچییەکی یەژێ ئەو باشتر تێدەگا. دنیای زۆر دیوەو لە زۆر ئاوانی داوە. هەنوکە ئەگەر ئەوم دیبوا شتەکەم بۆ روون دەبووەوە!"

لەگەڵ فرِەیەک سەری بەرز کردەوە. شالوولێکی بینی لەسەر دارەکەی دووری ئەو هەڵنیشت. سەرنجی داو تەماشای کرد، زۆر جوانی هاتە بەرچاو ، حەزی نەکرد نیگاکانی لەسەر وەلادا. ئەگەرچی زۆر بچوک بوو، بەڵام واخەملا بوو دەتگوت بە دەستی رەنگکراوە. دەستی بە خوێندن کردو بە سلێیەوە لە دەوروبەر رادەما. دەنگەکەی زۆر خۆش هاتە بەرگوێ و خۆی لە یاد کرد! شالوولەکەش تا دەهات دەنگی بەرزتر دەکردەوە. هەتاوەکونێ شالوولێکی تر هات و لە تەکی هەڵنیشت. تاوێ تەماشای یەکتریان کردو لە یەکتر رامان، وەک ئەوەی لەگەڵ یەک باخێون. پاشان لە شەقەی باڵیان دا بەرز بوونەوە. تەحۆ نیگای لەسەر وەلانەدان هەتاوەکونێ دوور کەوتنەوەو بەتەواوی لەبەر چاوان بزر بوون. ئەو دیمەنە خۆشیەکی گیانی پێبەخشی. دەستی بۆ ئاوەکە برد ، گۆلمەکانی پرِ کردو خۆی پاک کردەوە. پاشان شەرِواڵەکەی هەڵکێشایەوەو دۆخینەکەی توند کردەوە، لەسەرەخۆ هەنگاوی ناو بەرەو سەرچاوەی کانیەکە بەرێکەوتەوە. هەرگیز دنیای بەو شێوەیەو بەو جوانیە نەدیبوو. تیشکی خۆر وا زەرد بوو دەتگوت

زێڕە ، یاخود لە زێڕیش جوانتر بوو! شوێنەکەیان لاپەڕ بوو هێشتا ڕۆژی نەگرتبووەوە، ڕەنگێکی هەبوو. ئەو شوێنەش کە هەتاوی بەر دەکەوت ڕەنگێکی تری هەبوو. ئەو سەوزاییەی کە کەوتبووە بەر تیشکەکە جۆرێک بوو، ڕەنگەکەی ئاچوخ و کراوە بوو. تارادەیەکیش بەرەو زەردی خۆی دەنواند. کەچی ئەوەی کەوتبووە لایەکەی تر، واتە لای سایەکە. ڕەنگەکەی تۆختر بوو.

شالوولەکان بیرێکی سەیریان لە مەژی چێکرد. خۆی و پەخشانی هاتە بەرچاو، سمێڵە خرچەی هاتێ و لەبەرەخۆی گرژیەوە:

"چەند خۆش بوو ئەگەر ئێمەش وەکو ئەو شالوولانە دەبووین. ئاوا بە کامی دڵی خۆمان بۆ یەکمان دەخوێند ، ستران و گۆرانیمان بۆ یەک دەچڕی. ئاوا بە ئارەزووی خۆمان لەو ئاسمانە پان و بەرینە یاریمان دەکرد. کەسێک نەبوایە تەگەرەو کۆسپمان بخاتە ڕێ. ئەو شالوولانە ئەگەرچی کەم دەژین، بەڵام چۆنیان گەرەکە ئاوا دەژین. نازانن ترس چییە، نازانن یەکتر کوشتن چییە. نازانن چەوسانەوەو خاک داگیرکردن چییە. کەس نییە هێلین وماڵیان لێ خاپوور بکا. خۆزگەم بەخۆیان. دەزانن چۆن دەژین. خۆراکی ئەم ژەمەیان هەبێ خەم بۆ ژەمێکی تر ناخۆن... تۆ سەیرکە... مرۆڤ خۆی پێ لە هەموو باڵدارو پەلەوەرو فڕندەو گیانلەبەرو ئاژەڵەکانی تر زۆرزانترو ژیرترە. کەچی نازانێ چۆن بژی. هەموو تەمەنی بەسەردەباو بەدوای بەختیاری دەگەڕێ، کەچی نایدۆزێتەوە. شەوو ڕۆژ هەوڵدەداو کۆ دەکاتتەوە. بەشی هەرەزۆری بەخۆی نایخواو بەجێیدێڵێ. نازانم مرۆڤ چییە... تێی ناگەم!"

نەختێ وەستا. سەیرێکی تری ئاسمان کرد. هەناسەیەکی یەک بەسیەکانی هەڵمژی. لەو دەمە ئەو گۆرانیەی هاتەوە کە دەڵێ:

"شەنگەبێژا بە سروە با سوژدەی دەبردە بەربەژنت، ئاخر تۆش هەوای کوێستانی ئەم کوردستانەی هەڵدەمژت

لەبەر خۆی گوتی:

" با ئەمنیش تێر هەوای ئەم کوردستانە هەڵمژم"

ئاگای لە خۆی نەبوو نەیدەزانی بۆ کام لا هەنگاو دەنی! تا هەڵۆ گازی کرد.

-وەرە ئەوەتە کانی... بۆ کوێ دەچی!؟

بە پێکەنینەوە گەڕایەوە. هەڵۆ شتێکی دایە دەست کە لە کاغەزێک پێچرابوو.

--ئەمە چییە؟!

تەحۆ وەریگرت و بەسەرساممییەوە پرسی:

-سابوونە... فەرموو دەم و چاوت بشۆ !

دوای ئەوەی دەم و چاوی بە ئاوی سازگاری کانیەکە شت. لچکی پشت بەندەکەی دەرهێناو دەم و چاوی سڕیەوە. سابوونەکەی لە کاغەزەکە پێچایەوە، کە لەگەڵ کردنەوەی بەشێکی زۆری دڕابوو. تەحۆ وەک

یەکێکی چیا نەدیتە بەردەوام لە دەوروبەر رادەما، دیقەتی دەدایە هەموو شتێک و لە هەموو شتێک وردەبووەوە. هەستی بە خۆشیەک دەکرد ، خۆشیەکی سەیر! هێندەی نەمابوو لە شەقەی باڵی بدا. لەشی خۆی زۆر سووک دەهاتە بەرچاو. لە شار تا لە خەو هەڵدەستاو نێو جێگای بەجێدەهێشت، بەرد شەقی دەبرد. دەتگوت دنیای لە کۆڵخراوە ، هەموو ئازای لەشی ژانی دەکرد. بۆیە دەبوایە رابۆی دایکی چەند جارێک بچێتە گژی ، تا ناچاری دەکردو لە نێو جێگاکەی دەردەپەڕاند. کەچی لێرە جۆرێکی تر بوو. ئەگەرچی شەو تادرەنگ نەخەوت، خەوی نەدەهات! هەر بیریشی لە نووستن نەدەکردەوە.

هەمدیس بیری لە پەخشان کردەوە. نەیدەزانی هۆی چیبوو بەو بەیانییە وا لە کەللەی دابوو، سەرباری ئەوەش بیری هێنانی دەکردەوە! ناوە ناوە دەگرژیەوەو بەخۆی پێدەکەنی. هەمووی تاقە رۆژێک بوو لەوێ بوو، چۆن ئەو ئەوینە کت و پڕەی لە دڵ گوورا. چۆن خۆشی ویست و بیری لە هێنانیشی کردەوە!

لەلایەکی تر شتەکە زۆر بە ئاسایی تێدەگەیشت ، ئەوینەو لە دایک بووە، نیازیشی پاکەو گەرەکیەتی بیخوازێ. چی تیایە! لەپڕ شتێک لە مەژی تروسکایەوە. لەگەڵیدا هەڵوەستەیەکی کرد.

"باشتر وایە رای ئەویش بزانم. هەر نەبێ نیگایەکی ئاڕاستە بکەم کە هەست بە من بکا. ئەوکاتە هەموو شتێکم بۆ دەردەکەوێ. دەزانم چی لە دڵدایە. دەزانم ئەگەر باسەکەی لە کن بکەمەوە چیدەڵێ و وەرامی

چیدەبێ ! بەڵام چۆن... چۆن دەبێ کاری وا بکەم!؟ لە باتی پیاو چاکی و گلدانەوەیان. بەو شێوەیە رێزم دەگرن و یارمەتیم دەدەن، من پاشقولیان لێبگرم و لە دواوە پێیان بوەڕم ! نا … هەرگیز نابێ. ئەگەر ئەو شتێکیشی لە دڵدابێ بەو هەڵوێستەی من دەتۆرێ! نا … هەرگیز نابێ کارێکی وام لێبوەشێتەوە. پاشان لەوانەیە من سەربەخۆ شت لەمەژیم دروست بکەم ! کچە رووخۆش و میوان پەرستە. بەرێزەوە سەیرم دەکات. بۆ دەبێ بەو لەگوینەی تێبگەم! زۆر سەیرە. من بەچاوێکی ئاوا سەیری ئەو بکەم ئەویش ئاگای لە هیچ نەبێ، ئەوکاتە چیدەکەم. چۆن چاوی بەرانبەر هەڵدێنم!"

هەڵۆ دەنگی بەرز کردەوەو زنجیرەی بیرکردنەوەی پچڕاند:

–بڕیەی چیتداوە، دوای ئەوەی هۆمەرت بینی دەگەڕێیتەوە شار یاخود دەمێنیتەوە؟!

–نازانم... هێشتا هیچ بڕیەکم نەداوە، هەتاوەکونێ هۆمەری نەبینم ناتوانم هیچ یەژم.

–ئەگەر بڕیەی مانەوەت دا حەز دەکەم بەیەکەوە بین!

–منیش حەز دەکەم. بەڵام باجارێ هۆمەر ببینم و تامی زاری ئەویش وەرگرم. ئەوکاتە هەموو شتێک وەدیار دەکەوێ ! بێدەنگ بوون، تا گەیشتنە ماڵەوە شتاقیان هیچیان نەگوت. هێشتا لە دەرگا

نەچووبوونەوە ژوورەوە کە چایان بۆ ئامادە بوو. لە دیار ئاگردانەکە دانیشتن و دوو چای گەرمیان لە پێش دانرا.

دوکەڵ بە هێواشی لەئاگردانەکە بەزر دەبووەوە. بۆنی داری سووتای ژوورەکەی پڕکردبوو. تەحۆ یەکەم جار کە چووە ژوورەوە. ئەو بۆنەی لا نامۆ بوو، هەستی بە دڵ توندی و پشی سواریەک کرد. کەچی دوای ئەوەی تاوێ دانیشت لێڕاهات... سێ چای خواردەوە، پیاڵەکەی نخون کردەوە ، کە ئەمە واتای ئەوەبوو چیتر ناخواتەوە ، کەچی چایەکی تریشیان بۆ تێکرد. بە پێکەنینەوە گوتی:

–تۆ هەر چای بۆ من تێدەکەی. کەچی نەمبینی خۆت چایەک بخۆیتەوە!

پەخشان خۆی تێهەڵقورتاندو وەرامی دایەوە.

––بەرۆژووە... وادیارە ئەمڕۆ لیمان بۆتە مەلا ژن.

––بەرۆژووی چی... بەچ بۆنەیەکەوە؟!

سەرسام بوو، نەیزانی بە چ بۆنەیەکەوە بەرۆژوو بووە. لەگەڵ ئەوەش بە شتێکی ئاسایی تێگەیشت. مرۆڤ چەندەی بەنێو ساڵکەوێ و لە مردن نزیک بێتەوە. زیاتر ترسی لە دڵ دەگورێ و هەوڵدەدا زیاتر لە خوا نزیک بێتەوە!

ئەگەرچی ئەو بێدەنگ بوو چیتر پرسیاری نەکرد، کەوتە بیری ئەوەی چۆن دەرفەتێک بگونجێنێ و نیگای پەخشان بخوێنێتەوە. خەجێ خۆی هاتە دەنگ و گوتی:

–کوڕم راستیت پێ یەژم، لەترسان بەرۆژو بوویمە. دوێنێ ئێوارە مانگت دیبوا تۆش بەرۆژوو دەبووی! دەزانی چەند خەراو کەوتبوو. لەبەر ئەوەیە دەترسم! کوڕم تۆ لەوانەیە نەزانی، بەڵام ئەمە مانای کۆست کەوتن و رووداوی ناخۆشە. دەڵێن هەرکاتێ مانگ لەسەر پشتکەوێ ئەوا باش نییەو شتی ناخۆش روودەدا، بۆیە بەرۆژوو بووم گوتم بەڵکو خوا لە دەردو بەڵای دنیامان دەپارێزێ ، بەڵکو لە پەنای خۆیمان دەگرێ و بەزەیی پێمان دێتەوە. دەترسم تووشی دەردو بەڵایەکی گەورە بین. هەرێم بەخوای خۆم داوە سێ رۆژان لەسەر یەک بەرۆژوو دەبم. سێ رۆژی تەواو، یەک لە دوای یەک و بەبێ زیادوکەم. ئەگەر لە خەوێش شتێکم پێنیشان بدا ئەوا ئامادەم و زیاتریش دەگرم. تەنیا بۆ ئەوەی بمانپارێزێ. دەست بەباڵامانەوە بگرێ و لە کەندو کۆسپانمان وەدوورخا.

هەموو بەسەرسامییەوە لە یەکتر رامان. حاجی کە لە ژوور ئەوانەوە لە دیار ئاگردانەکە هەڵکورمابوو. دەستی بۆ کیسە توووتنەکەی بردو رایکێشا. کردیەوە و دەستی بە پێچانی جگەرەیەک کرد. تاو نا تاویش بە بنی چاوی لە دانیشتووەکان رادەما، پاشان بۆ تاوێ نیگای لەسەر تەحۆ رادەگرت، بەبێئەوەی وابکا تەحۆ هەستی پێبکا. کە لە جگەرەکەی بووەوە، خستیە نێو دارجگەرەکەو لە ئاگردانەکەی نزیک کردەوە. ئەوسا، لەسەرەخۆ بۆ دەمی بەرز کردەوەو مژێکی توندی لێدا. یەک بەلووتی دوکەڵەکەی وەدەرناوەو دەستی بە ئاخاوتن کرد:

-هیچ نابێ ئینشائەڵڵا... هیچ نابێ... مەترسە خوامان لە پشتە. مادامەکونێ خواشمان لە پشتدایە لە بەندەی مەترسە. ئەوەی خوا ئارەزووی لەسەر نەبێ نابێ! بەخوا دوێنێ منیش بینیم، بەڵام گوتم با هەر خۆم بیزانم و ئێوە دووچاری ترس و سەخڵەتی نەبن!

هەڵۆ بە بزەیەکەوە وەرامی دایەوە:

-مانگ لەسەر پشت کەوتن دەزانی یانی چی؟! ئاوا لە خت و خۆڕاییی خۆتان تووشی دوودڵی و سەخڵەتی دەکەن، مانگ هەرگیز ناکەوێتە سەر پشت. بەڵکو نیوەی دەکەوێتە بن هەورو نیوەکەی تری بەدەرەوە دەمێنێ. ئێوە واتێدەگەن کە لەت بووەو کەوتۆتە سەر پشت. تاکەی باوەڕتان بەو شتە پڕوپووچانە دەمێنێ. بێ سۆنگە خۆتان تووشی ئەو مشەختی و ترسە دەکەن!.

خەجێ توورەبوو پڕ هەڵما ، مەشەیەکی لێوەهات.

-وس بە کوڕی خۆم... وس بە، چیتر ماخێوە. هەر کەس بە دینی خۆی! بەسیە چیتر ماخێوە. چیتر پەتکان بەرمەدەوە ، هەر کەس بە دینی خۆی! بەتەمانی بەم ئاخرو ئۆخریە لە دینمان وەرگێڕی. تۆ هەر چۆنی تێدەگەی بۆ خۆت واتێبگە. هەر چۆنی لێکدەدەیتەوە وای لێکدەوە ، بەڵام دەست لە کاری ئێمە وەرمەدە. ئێمە هەر چۆنی فێر بووین هەروا دەبین. لەوەتەی بستە منداڵێک بوویمە، لەوەتەی بیرم دێ، هەر کاتێ مانگ بەو شێوەیە بینرابێ، خەڵک ترساوە! دایکم هەموو جارێ لە کاتی ئاوادا لە چۆکی خۆی دەداو لە خوا دەپاڕایەوە بمانپارێزێ. تۆ

گەرەکتە بە دوو وشە هەموومان لێهەڵوەشێنیتەوە. هەر وس بەو بێدەنگ بە!

حاجی حوسێن مژێکی تری لە جگەرەکەی داو لەسەرەخۆ گوتی:

–کوڕم دایکت راست یەژێ. واچاکە تۆ دەست لەم شتانە وەرنەدەی. چ سوودێکی تۆی تیا نییە. ئەو بیروباوەڕانە لە باپیرانەوە ماوەتەوەو هەمووی تاقیکراوەتەوە. بە تەمای هەروا بە ئاسانی چرووکی کەیتەوە. باشتر وایە دەمی لێنەدەی !

تەحۆ دەستی خستبووە ژێر چەنەی و دامابوو. تاو ناتاو بەبنی چاوی سەیری یەکێ لەوانەی دەکرد کە داخاوت. ئەویش زۆر شتی لەو بابەتە ژنەوتبوو، بۆیە لای ئاسایی بوو. خۆ تێهەڵقورتاندن و ئاخاوتنی لاپەسند نەبوو. لەوە دەترسا شتێکی وایەژێ لەگەڵ بۆچوونی ئەوان نەگونجێ و دووچاری شەرمندەیی بێ،. بۆیە بێدەنگ بوو. ئەگینا ئەویش زۆر شتی لەو بابەتە بەر گوێ کەوتبوو. زۆر جاران باسی مانگ کەوتنە سەرپشت و نوێژە بارانەو مانگ گیرانی بۆ کرابوو. زۆر شتی تر کە پەیوەندی بە داب و نەریتی گەلەکەی هەبوو، زۆر شتیشی بەچاوی خۆی بینیبوو! شەوێکیان مانگ گیرا... دنیا بەسەر تەقەی خەراو بوو. ئەو ئاسمانە بووە یەک پارچە ئاگر. خۆشی نەیدەزانی ، یاخود ئەوانەی کە تەقەشیان دەکرد نەیاندەزانی ئەو گوللە بە کێوە دەنێن! یاخود ئەگەر ساڵێک باران نەباریبوایە. مەلاو پیرو دیندارەکان کۆدەبوونەوە. هەموو بەیەکەوە

دەچوونە دەرەوەی شارو لە خوا دەپاڕانەوەو نوێژە بارانەیان دەکرد، بەڵکو خوا ئاوڕێکیان لێبداتەوە بارانیان بۆ ببارێنێت !

حاجی حوسێن وەک ئەوەی لەنکاوڕا شتێکی یاد هاتبێتەوە. تۆمارکەرەکەی راکێشایە کن خۆی. هەموو نیگایان لەگەڵ دەستی ئەو وەرچەرخاند. کە دەستی بە دوگمەکە وەنا دەنگی لاوکێک بەرزبووەوە.

“عەسکەرێ رۆمێ... زالما جەندرمان هاتن...

داکەتن باژارو گوندا”...

لەگەڵ دەنگی لاوکەکە هەمو بێدەنگ بوون و هەستیان راگرت. وەک ئەوەی گوێیان لە خوێندنەوەی قورئان گرتبێت، کە لاوکەکە دیماهی هات و تەواو بوو، حاجی حوسێن دەستێکی بەچاوی داهێناو ئەو فرمێسکەی سڕیەوە کە خەریک بوو دەبووە زەنگوڵ و دەتکایە خوار...

–وای لەو کافر بابانە ... عەسکەری رۆمی و پاسداری بێدین و سەربازەکانی سەدام ... بە هەموو شێوەیەک بەربوونەتە گیانی ئەو کوردە بێتاوانە... ئاور لەماڵیان بەر دەدەن... زارۆو منداڵیان پەڕاگەندەو ئاوارە دەکەن، وای لەو بێدین و گاورانە!

تاوێ بێدەنگ بوو ، پاشان درێژەی پێدایەوە:

-خوا هەڵناگرێ ئەو کابرایەش دەزانێ لاوکان بچڕێ، خوا هەڵناگرێ دەنگی هەیە!

تەحۆ کە لەگەڵ لاوکەکە تاسا بوو، بەسەرسامییەوە سەیری حاجی حوسێنی دەکردو لێی ورد دەبووەوە، زۆر سەیری پێدەهات کە ئەو لاوکە بەو شێوەیە کاری لەو پیرەمێردە دەکرد! ئاوا هەناوی پڕکول و زووخاوی دێنایە جۆش! ویستی بیدوێنێ، بەڵام نەیزانی لە چ دەروازەیەکەوە سەر بەباسەکە بکا. کە لە پەیڤەکانی لاوکەکەی کۆڵیەوەو چەند جارێک لە مەژی خۆی هێناو برد. لەگەڵیدا وێنەی گوندەکەی خۆیانی هێنایە بەرچاو. دیمەنەکان یەک لە دوای یەک لەبەرچاوی دووبارە بوونەوە.

"دایکی لە ژوورەوە دانیشتبووءو زەنگاڵی دەچنی. لەگەڵ غەڵبە غەڵبێک خۆی مات کرد، تاوێ هەستی راگرت ، بەترسەوە لە جێگاکەی خۆی هەڵسایەوەو لە دەلاقەکە سەیری دەرەوەی کرد. وەک ئەوەی تیغێکت بە جگەری داهێنابێ، بەپەشۆکاویەوە لەو راما. زەنگاڵەکەی دەستی فڕیداو بەپڕ تاوی چووە دەرەوە. لە شوێنی خۆی بە نامۆییەوە تەماشای دایکی کرد. نەیزانی بۆ وایکرد! لە پڕ بێدەستی خۆی ، بەبێئەوەی سۆنگەکەی بزانێ ، بەلەزی هەڵسایەوەو بە دوو دایکی کەوت. گریانی دەهات، بەڵام نەیدەزانی بۆ نەدەگریا! کە گەیشتە دەرەوە گوندێکی چۆل و حۆلی بینی. دەنگە دەنگێک لە دوورەوە دەهات. کە هەرچەندەی کۆشای نەیزانی لە چ لایەکەوەیە. دایکی خەریک بوو لەبەر چاوان بزر دەبوو. زیاتر هەستی بە ترس کرد. تا هێز لەقاچێی دابوو غاریدا، لە دوای

دایکی گەیشتە ناو ئاپۆڕەکە. نەیدەزانی باسی چیدەکەن. نەیدەزانی ئەو هەموو خەڵکەیان بۆ کۆکردۆتەوە. بە ترس و سەرسامییەوە لەو چەکدارانە رادەما کە چوار دەوریان گرتبوون. ناوە ناوە بە پانەدزێ سەیری ئەو چەکدارانەی دەکرد کە لە دوورەوە وەستا بوون و لێیان ورد دەبووەوە، ئەگەرچی قەت نەیدیبوون. نەیدەزانی بۆ لێیان دەترسا. لەوە دەترسا، لە دواوە گوللەیەکی لێبدەن! یاخود قۆنداخە تفەنگێکی لێبدەن ! ترسەکەی زیاتر بوو، بە هێواشی هەڵسایەوە ، چڵمی شۆڕببووەوە رانەدەوەستا! لچکی کورتەکەکەی لە زاری نابوو لە نێو خەڵکەکە دەگەڕا،کە دایکی دۆزیەوە لەسەرخۆ بۆ لای خشی. خۆی خستە بن کەواکەی و بە توندی خۆی بەلاقەکانیەوە نووساند!"

دەم و چاوی هەڵگلۆفت و تەماشای هەڵۆی کرد. لەسەرەخۆ هەڵسایەوەو چووە دەرەوە. هەموو تەماشایان کرد. حاجی بە بنی چاوی تەماشای کوڕەکەی کرد. ئەویش هەڵسایەوەو لە دوای ئەو چووە دەرەوە.

–چۆنە وا بە بێدەنگی هاتیە دەرەوە؟

–ئەوەی راستی بێ ئەو لاوکە برینی کولاندمەوە ، زۆر شتی هێنایەوە یادم!

–... !

تەحۆ ماوەیەک تەماشای هەڵۆی کرد:

–دەزانی ناشێم چاوەڕێ بکەم. لەماڵەوە چاوەڕێی من دەکەن و لەسەر ئاوو ئاورن. نابێ ئاوا بێباکانە لێرە پاڵڤەدەم. پێویستە بەزووترین کات هۆمەر ببینم! دڵم زۆر تەنگە زۆر بیروڕام لە مەژیدایە. حەز دەکەم کۆتایی بەم هەموو لێکدانەوەیە بهێنم و بگەمە ئەنجام. تکا دەکەم ئەگەر تۆ ئامادەنی ، واچاکە ڕێگەی من بدەی بڕۆم، دەترسم تۆ کاری خۆت هەبێ!

هەڵۆ گرژیەوە:

–نا مەترسە … من هیچ کارێکم نییە. ئەمڕۆ ئارام بگرە بەیانی بەیەکەوە دەچین. بەڕای من وا باشترە، حەز ناکەم بە تەنیا بڕۆی. من بە تەواوی شارەزای ئەو ناوەم. هیچ دڵ لە دڵ مەدە تا دەستت نەخەمە نێو دەستی هۆمەر بە تەنیا جێت ناهێڵم. ئەو کاتەش بە ئارەزووی خۆت بکە، حەز دەکەم ئەگەر بڕیەی چەک هەڵگرتنتدا ئەوە لەگەڵ من بی. دڵنیابە هۆمەریش ئەمەی لە دلگران نابێ! هەر چۆنێکی بێ ئارەزووی خۆتە، حەز ناکەم زۆرت لێ بکەم"

–با بزانین چۆن دەبێ !

–وا دیارە لە ژوورەوە بێزار بووی، بڕۆ بابەیەکەوە پیاسەیەکی نێو گوندی بکەین.

بە جووتە بۆ نێو گوندی وەڕێکەوتن، بەدەم ڕۆیشتنەوە تەحۆ لە دیمەنەکانی دەوروبەری رادەماو لەبەر خۆی داخاوت:

–گوندەکەی ئێمەش ئیوهابوو، ئیوها خنجیلانە بوو. ئیوها سەوزو قەشەنگ بوو. لەوانەیە بینیبت. بەڵام بێگومان بە خاپوور کراوی و بە کەلاوەیی! چونکیٚ هێشتا ئاوەدان نەکراوەتەوە. نازانم... هێندەی من ئاگاداربم ئاوەدان نەکراوەتەوە، ئای کە گوندێکی خۆش بوو. بە حەساوەیی تیایدا دەژیاین. من ئەو شتانەم دێتە بیرو نایە، لام لە خەون دەچیٚ زیاتر لە راستەقینە! هێندەی دێتە یادم ئاوا بوو. تا رۆژێکیان ئەو کارەساتە روویدا. تا رۆژێکیان ئەو دڕندانە هاتن و ئاوایان لێکرد. داروباریان ئاورتێبەردا، خانووەکانیان لێرماندین. تەنانەت کانیاوەکانیشیان تەقاندەوە! راستە تۆ ماوەیەکی زۆرە لە دەرەوەیی و زۆر شتت دیوە. بەڵام دڵنیام کە وەکو من هەستت بریندار نەکراوە، دەزانی چیان لە ئێمە کرد. چیان لەو گوندە جوان و قەشەنگانە کرد. مەگەر خوا هەر خۆی بزانیٚ!.

–زۆرم دیوە، زۆریشم ژنەوتووە. هەر ئەوەشە وای لێکردووم چەک هەڵگرم. دڵنیام تۆش چەک هەڵدەگری! ئەوەی ئەو هەموو شتانەی لە نێو دڵدابیٚ. ئەوەی ئەو هەموو ئازارەی دیبیٚ . ئەوەی ئەو هەموو زەبرو زەنگەی بەرکەوتبیٚ. هەرگیز ناتوانیٚ دەستەوەستان دانیشیٚ ، ناتوانیٚ وەک بینەرێک بمێنێتەوە. وەرە کوڕی چابەو لەگەڵ من بمێنەوە. بە جووتە کاری وادەکەین کەس پێی نەکرابیٚ! دەستی وا لە دوژمن دەوەشێنین لە خەونیشا پێی نەکەوتبیٚ! بە ئارەزووی خۆشت بکە، هێندە دەڵێم ئەوەی ئەو هەموو شتەی لە دڵدابیٚ هەرگیز ناتوانیٚ دەستەوەستان دانیشیٚ! ئەوەی گوندەکەی لەبەر زەقەی چاوانی ئاور

تێبەردرابێ ، هەرگیز ناتوانێ ئاوا دابنیشێ. ئارەزووی خۆتە... بەڵام دڵنیاش بە هۆمەریش ڕێگەت لێناگرێ...ئارەزووی خۆشتە.

–بێگومان ناشێم ئیوها دانیشم، چۆن دەتوانم ئای... خۆت بڵێ چۆن دەتوانم؟ خۆت گوتەنی، ئەوەی لە ئاخ و وارێ خۆی دەرکرابێ ، ئەوەی لە بەرزەقەی چاوانی ڕەزو باخیان ئاور تێبەردابێ و گوندیان خاپوور کردبێ. چۆن دەتوانێ دەستەوەستان دانیشێ! ئەوەی نەختێ زاخی هەبێ، ئەوەی ڕەهێیەکی مرۆڤایەتی و پیاوەتی لە لەشیدا هەبێ، چۆن دەتوانێ دەستەوەستان دانیشێ. بەڵام تکا دەکەم لەزیم لێمەکە. ئەوەندە بزانە ئەو کارەم لەشەکری پێخۆشترە، وەلێ هەتاوەکونێ هۆمەری نەبینم ناتوانم هەرێی هیچت پێبدەم. با جارێ هۆمەر ببینم، ئەی وانییە... بەڕای تۆش واباشتر نییە! هەر لەبەر ئەوەیە حەز دەکەم زوو بیبینم .

–خەمت نەبێ، بەیانی زوو بەیەکەوە دەردەچین. وەکو هەرێم پێدای تا دەستت لە نێو دەستی هۆمەر نەنێم جێتناهێڵم. ڕاست دەکەی، مرۆڤ پێویستە ئامۆژگاری لە خۆی گەورەتر وەرگرێت.

–ڕاستت پێ یەژم، بارەکەی ئێمە ئیوهایە. وەکو گوتم لە ماڵەوە کۆمەڵێک خێزان چاوەڕێم دەکەن هەواڵی هۆمەریان بۆ بەرمەوە. ئەگەر هەر خۆم بە تەنیا بوومایە، ئەو هەموو بینەو بەردەی گەرەک نەبوو. دۆزەکە لەبەرچاو ڕوونەو پێویست بە بیرکردنەوە ناکا. ئەوە دوژمنەو بەرانبەرت وەستاوە، سێرەی لێت گرتووەو هەوڵی لە ناو بردنت دەدا.

جا چی دەکەی و چۆن رەفتار دەکەی، پێویست بەبیرکردنەوە ناکا! دەکرێت چاوەڕوان بی هەتاوەکونێ تەقەت لێدەکاتو فراقت لەبەر دەبڕێ!؟ بێگومان نا... دەبێ دەستوەکەری بکەیت و بەرەنگاری بیەوە، بەرگری لە مانەوە و بوونی خۆت بکەی ، بەرگری لە ناموس و خاک و گوندی خۆت بکەی. خۆت بڵێ ئەمە بیرکردنەوەی دەوێ؟ وەکو گوتم وازەکەی ئێمە ئیوهایە، دەبێ هۆمەر ببینم! بزانم چی لەو خێزانە بکەین، هەڵدەستن و دادەنیشن داوای گەڕانەوە دەکەن! بەتایبەتی دایکم. هەرکە بزرت کرد، لە پەسیوێ دانیشتووەو دەگریێ! کە سۆنگەکەی لێدەپرسی، وەرامت دەداتەوەو پێت یەژێ: کوڕم دەترسم بمرم و چاوم بە گوندەکەم نەکەوێتەوە. دەترسم لە نامۆیی بمرم و جارێکی تر ئەو شوێنە نەبینمەوە کە تیایدا لە دایک بووم. دەڵێم بابگەڕێینەوە ... بچینە کونە شاخان بژین لێرە باشترە. ئەگەر گوندەکەیان ئاور تێبەردابن با سەر لە نوێ ئاوەدانی بکەینەوە. سەرسام دەبم و نازانم چی وەرام بدەمەوە. بۆیە دەبێ چارەیەک بۆ ئەوانیش بدۆزینەوە. تۆ دەزانی لە ژێر سایەی ئەو دڕندانە مرۆڤ تاوێ لە ژیانی خۆی دڵنیا نییە. هەمیشە بیر لەوە دەکەیتەوە کەی پەل بەستت دەکەن و شوون بزرت دەکەن. ئەوانە سڵ لە هیچ ناکەنەوە ، ژن و ئافرەت و منداڵ ناناسن. لەبەر ئەوە پێویستە چارەیەکیان بۆ بدۆزینەوە. ئەدی برام ... بۆیە وا بە پەرۆشم بۆ بینینی هۆمەر. هەردەبێ بیبینم. تا ئەو کاتەی تۆم نەبینی دڵنیا نەبووم ماوە. کاکی خۆم ... قسە زۆر دەکرێت و مرۆڤ نازانی بە چی باوەڕ بکا. هەنوکە تا بە چاوی خۆم نەیبینم هەرگیز باوەڕم نایێ. ئەگەر تۆ لە گۆشەیەک سەیری دۆزەکە دەکەی ئەوا من لە چەند گۆشەیەکەوە

دەیبینم. ئەگەر کارەکە هەر دەست دانە چەک و تەقەکردن بێ لە دوژمن، ئەوە چەندین ساڵە ئەو شتە دەکرێت و تا ئێستاش هیچ بە هیچ نەکراوە، دۆزەکە لەوە گەورەترە! پێویستی بەبیرکردنەوەیەکی زۆر هەیە. جاری لێم گەڕێ با هۆمەر ببینم ، ئەوسا هەموو شتێک روون دەبێتەوە!

وادیاربوو گلیەکانی زۆریان کار لە هەڵۆ کرد، بۆیە هێدم گربوو چاوەکانی لە مۆلەق وەستابوون. ئەو کوڕە شڕو شۆڕو مێردمنداڵەی چەند چرکەیەک لەمەوبەر دەیبینی. لەبەرچاوی گۆڕاو شێوەیەکی تری وەرگرت! زۆر زیرەکتر بوو لەوەی ئەو بۆی دەچوو. بۆیە نەیزانی چ بێژی و چی وەرام بداتەوە!

تەحۆش درێژەی پێداو بەردەوام بوو.

–ئەدی کاکی خۆم، وەکو خۆت گوتت، ئەگەر یەکێک لەبەرزەقەی چاوانی ئاوریان لە گوندەکەی بەردا. زارۆیەکانی گوندەکەی ئاوارەو پەڕاگەندە کرد، تەنانەت بەزەییان بە پەڕندەو باڵدارەکانیش نەیەتەوەو تەقەیان لێکرد! ئەوەی ئەو هەموو شتەی لەبەرچاو روویدابێ ، لە دەست دانە چەک و تۆڵەکردنەوە چ رێگەی تر هەیە بیگرێتە بەر؟! لە خەبات و بەرەنگاربوونەوە زێتر چ کارێکی تر بە کەلکی ئەو دێ؟! خۆ من ئەو شتانە دەزانم. بەڵام نامەوێ هەروە لە خۆڕا ... گوللە بەتاریکیەوە وەبنێم و مل لە چیا بنێم. دەست دانە چەکیش وەکو یەژن پێویستی بە بیرکردنەوە هەیە، بەر لەوەی چەک هەڵگری پێویستە زۆر

شت هەیە لە دەروونی خۆت یەک لا تکردبێتەوە. من دەزانم ئەو ڕێگەیە هی منە، چ ئەمڕۆ بێ چ سبەی، هەر دەبێ بیگرمە بەر! ئەی ئەگەر من وانەکەم و تۆ وانەکەی، چۆن ئەم گەلە دەرباز دەبێ، چۆن دەتوانین پەردەی دیلی لەسەرچاو راماڵین و تیر بە چاوان، بە ئارەزووی خۆمان لە خۆری سەربەستی رامێنین! من یەکەم جار ... نەک من ... تەنانەت هۆمەریش. بەڵێ هۆمەریش! ئەو هۆمەرەی وەکو خۆت دەڵێی کەس نییە نێوبانگی نەژنەوتبێ! زۆر جاران هەوڵمداوە وەکو ئەو بکەم. بەڵام کە ورد دەبمەوەو سەیر دەکەم، دۆزەکە زۆر لەوە گەورەترە. هۆمەر کە یەکەم جار هاتە دەرەوە هەموو هۆیەکی ئەوە بوو ئێمە بگەڕێنێتەوە. بەڵام کە هاتە دەرەوە ئەوەی لەیادی نەما ئەو شتە بوو! ئەمەش سۆنگەکەی ئەوە بوو لە رۆچنەیەکی گەورەترەوە دۆزەکەی بینی ! منیش هەروا ... منیش هەموو لێکدانەوەیەک و بیرکردنەوەیەکم بۆ ئەوە بوو ڕێ و شوێنێک بدۆزمەوە. خێزانەکەم دەرباز بکەم و گوندەکەمان ئاوەدان بکەینەوە. وامدەزانی ئەگەر ئەو کارەم کرد ئەوا هەموو شتێک دیماهی دێت و بە ئامانج دەگەم. بەڵام کە سەیر دەکەم ئەو کارە تەنیا هەنگاوێکی بچووکە، زۆران کەسی تر هەن دەچەوسێنەوەو کەوتوونەتە بن نیری زۆرداری. زۆرگوندی تر هەیە وەکو ئێمەی بەسەر هاتوە، دوژمنیش تا ئێستاش بەردەوامە لە کارەکەی، دەست ناپارێزێ و ئەوەی پێی بکرێ دەیکا. ئەدی... کاکی خۆم. هەڵۆ... شتەکە زۆر لەوە گەورەترە. لێم گەڕێ جارێ با هۆمەری ببینم. ئەوسا دەتوانم پێت یەژم چیدەکەم! .

تەحۆ لەسەرەوە بەم کڵۆجە داخاوت، لە ناخیشەوە نەختێ دەسەنگریەوە. دەنگێک لە قولایی ناخی سەری بەرزدەکردەوە. وەک چرە دوکەلێک بۆ ئاسمان هەڵدەزنا!

" چۆن دەتوانم سەربەخۆ وابکەم. ئەی ئەگەر هۆمەر رای لەسەر نەبوو! خۆ هێشتا تامی زاری ئەوم وەرنەگرتووە. نازانم چ پرۆژەیەکی لەمەژیدایەو چۆن بیردەکاتتەوە. بێگومان دەبێ گوێی بۆ رادێرم . بەر لە هەموو شتێک ئەو برای گەورەی منە، پاشان ئەو لە من زیاتر دنیای دیوە. ئەو قازانەی من خەریکە سەری لەسەر هەڵدەدەمەوە ئەو تیایدا کولاوە! لە نزیکەوە ئاگاداری هەموو شتێکە. بۆیە پێویستە چیگوت وابکەم. چۆن دەشێ لە ئێستاوە هەرێ بە هەڵۆ بدەم و یەژم وادەکەم و واناکەم، باشتر وایە هیچ هەرێیەکی پێ نەدەم!"

هەردەنگێکی تر لە ناخی خۆیدا وەرامی دایەوە:

" ئا... ئەی چۆن. دوای ئەوەی هۆمەرت بینی دەتوانی بریەیەک بدەیت و بگەیتە ئەنجامێک. بە گوێرەی مەژی و بیرکردنەوەی خۆت، چۆنت لە کن راستە ئیوها بکەی. ئەگەرچی هۆمەر برای گەورەتەو پێویستە رای وەرگری، بەڵام تۆ بستە منداڵێک نی و چاوت دەبینێ! بۆت هەیە بیربکەیتەوە و چۆنت پێراستە وابکەی. لەوانەیە ئەو هەڵەبێ، چی تیایە!؟ زۆر کەس هەن خۆیان لە پێناو شتێک بەکوشت دەدەن تێینەگەیشتوون و نازانن چییە! لەوانەیە ئەگەر تێی گەیشتبوان نەک خۆیان لە پێناو بەکوشت نەدەدا. بەڵکو دەبوونە گەورەترین دوژمنیشی ... ! بەڵام نا ...

هۆمەر لەو جۆرانە نییە، دڵنیام هەموو شتێک تێگەیشتووە. زۆر بە چاکیش تێگەیشتووە. ئەگەر بەرایشی تێینەگەیشتبێ، هەنوکە بە تەواوی تیا قاڵ بۆتەوە"

لەگەڵ ئەوە ترسێک دڵی گرتەوە! بێدەنگ بوو، نیو نیگایەکی ئاڕاستەی هەڵۆ کرد، کە بە بایەخەوە گوێی بۆ رادێرابو چاوەڕوانی پەیڤینی ئەو بوو.

–ئەدی... کاکی خۆم هەڵۆ. شتەکە لای من لەوە گەورەترە. ئەگەر هەر دەست دانە چەک و گوللە بە دوژمن وەنان بێ. ئەوا سەدان ساڵە ئەو کارە دووبارە دەبێتەوە ، هەر نەوەیەک هاتووە بەشی خۆی و زیاتریش گوللەی بەدوژمن ناوە. کەچی تاوەکو ئێستاش هیچ بە هیچ نەکراوە !

تەحۆ خۆشی لە خۆی سەرسام ببوو! زۆر شتی وایدەگوت کە هەر خۆی زۆر جاران گاڵتەی پێدەهات! نەیدەزانی ئەو پەیڤانە لە کوێ دەهاتن ! دڵنیابوو کەوا لە زاری ئەو دەردەچن، بەڵام دڵنیا نەبوو لە کوێی بیە، یاخود لە کوێی فێر بووە. زۆر جاران کە ئەو باسە دەهاتە گۆڕێ. دایکی هەڵیدەدایەوە بە بایەخەوە دەیگوت:

" کوڕم ناڵێم دەست دانە چەک باش نییە. بەڵکو پێویستە چەک هەڵگرن. خۆت ئاگات لێبوو کە هۆمەر رۆیشت چیم پێگوت. بەو گوێیانەی خۆت نەتژنەوت؟! گوتم کوڕم ... هۆمەر ... دەست دانە چەک بۆ تۆ باشترە ، بڕۆ خەمی ئێمەت نەبێ. خوا لەسەر سەرانەو دەمانبینێ! بڕۆ ... بە دەستی خوت نەبێ خۆرشتی لەشت داناکەوێ. ئەگەر تۆ دەست نەدەیتە

چەک و بەرەنگاری ئەو دوژمنە زۆردارە نەبیەوە، تاماوین هەر لێرە دەمێنینەوە. تاماوین دەبێ هەر ئاخ بەبادەین و شەق لە ئەژنۆمان بدەین! دەبێ بڵێین ئاخ گوندە شیرینەکەمان ئاخ ... ئاخ ... واری باب و باپیران ئاخ، کوڕی خۆم ... تۆ خۆت گوێت لێبوو. ئەمانەم هەموو بە هۆمەر گوت. بۆیە ئەو کۆنە کایەش بەبادەکەمەوە هەتاوەکونێ نەیەژی دایکێ من ترسنۆکە. ئەو گلیە بۆ ئەوە دەکات تا من فریو بداو لەو رێگایەم پەژیوان بکاتەوە. نا کوڕی خۆم نا. بەڵام یەک شت هەیە گەرەکمە پێت یەژم. یەک تاقە شت ، لەوەتەی خۆم دیوە ئەو هەرایە هەر لە ئارادایە. هێشتا ماڵت ئاوەدان نەکردۆتەوە کە هەمدیس خاپووری دەکەنەوە. دوژمنێک دەڕوا یەکێکی دڕندەتر جێگەی دەگرێتەوە. لەوەتەی وەبیرم دێ ... ئیوهایە. کەچی هیچیش بە هیچ نەکراوە، سەرم لێدەرناچێ. دەبێ نهێنیەک لەو دۆزەدا هەبێ. ئەگینا بۆ دەبێ وابێ؟! کوڕی خۆم پێویستە بە چاکی بیربکەیتەوە ".

بیری کەوتەوە کە رابۆی دایکی بوو بەو شێوەیە داخاوت، هەر ئەو گلیانەش بوو کاتی خۆی گاڵتەی پێدەهات. ئەوەی لای ئەو دوور بوو رێی تێنەدەچوو، ئەوە بوو ئەو گلیانە کاری لێبکەن، ئەگەرچی دایکی سەد سوێند و قورئانی بۆ دەخوارد کە مەبەستی پەژیوان کردنەوەی ئەو نییە. ئەو هەروای تێدەگەیشت! وایدەزانی بۆ ئەوەی بوو ساردی بکاتەوە لەو رێگایەی لەسەری بوو. بەڵام خۆ هیچ رێگایەک نەبوو ئەو لەسەری بڕوا ! نە تێکەڵ بە هیچ لایەنێک ببوو نە کەسێکیش داوای لێکردبوو، هەر لە خت و خۆڕایی وای دەهاتە بەرچاو! لەو ئاخاوتنەی

خۆیدا زۆر شتی بۆ دەرکەوت! یەکەمیان ئەوە بوو کە زۆر شت هەیە هەرچەندە گاڵتەت پێدێ و بە هەندی هەڵناگری. بێئەوەی هەست بکەی ،کاری خۆی دەکاتو سوچێک لە دڵت داگیر دەکات. لە کاتێکی وا دەریدەبڕی، کە خۆشت هەستی پێناکەی!؟

کاتێک لە وشەکان ورد دەبووەوە راست و دروست بوون. نەیدەزانی چۆن کاتی خۆی گاڵتەی پێدەهات. کاتی خۆی چی... هەر ماوەیەکی کەم بەر لەوکاتە ، بگرە چەند رۆژێک بەر لەوکاتە. ئەو دەمەی هێشتا نەیدەزانی دەچێتە سۆراخی براکەی. ئەو دەمەی هێشتا ئەو گەشتەی لە ئەندێشەدا نەبوو. هێشتا ئەو هەڵۆیەشی نەناسیبوو. کە هەنوکە هێندەی لەگەڵ تەبایەو بەبرای پشتێی حسێو دەکات.

"کوڕی خۆم ئەوە دنیایە. ئەوەی ئەمڕۆ لات راستە بەیانی دەبێتە هەڵەیەکی زل و گاڵتەت پێدێت! لەوانەیە لات شوورەیی بێ کە تۆ رۆژی لەرۆژان واتگوتووە! تۆ هێشتا منداڵی و سەرەدەری لێدەرناکەی، بە چاوێکی ساویلکەوە سەیری زۆر شت دەکەی. ئاگام لێیە زۆر شتان بە سەوزی دەبینی لە کاتێکدا رەش رەشە! دەزانم چەندەت لە دڵگرانە کە پێت یەژم منداڵی! مەبەستم ئەوە نییە بترەنجێنم و زامدارت بکەم، هەموو مەبەستێکم ئەوەیە چاوت بکرێتەوەو دنیای ببینی، بە دوو گلیان وەسەمانەکەوی، کوڕی خۆم تۆ هێشتا منداڵی و سەرت لە زۆر شتان دەرناچێ! لە باسی وا قسە لە قسەی پیرێکی وەکو من مەکە. چوار بە قەدەر تۆ دنیام دیوە، وامەزانە گەمژەڵ و کۆڵەوارم و لە هیچ تێناگەم. نا کوڕی خۆم نا ... ئەو سەرەم لەبەر هەتاوێ سپی نەکردووە، گەڕاومەو

دنیام دیوە! زۆرم نسکۆ دیوەو گەلێ جاران تووشی خەفەتخانی و ماڵوێرانی بوویمە. کە بە تەنیا بەسە بۆ ئەوەی فێری زۆر شتی کردبم. گوێدرێژ بە گوێدرێژاتی خۆی ... ئەگەر زەختەی لێدەی، واگا دێ و روو وەردەچەرخێنێ، بە تیلەچاوێک سەیرت دەکاتو بیرێ دەکاتتەوە! ئەگەر بۆ بلوێ لەوانەیە لووشکەیەکیشت لێبدا. ئەدی کوڕی خۆم ... ئەگەر گوێدرێژ بوومایە هەردەبوو سەرێ بلەقێنم و نیگایەک ئاڕاستەی دەوروبەر بکەم، بزانم سۆنگەی چییە وام بەسەرهاتووە. بۆچی هەمیشە بەشی ئێمە دەربەدەری و پەڕاگەندەییە؟ تۆ هێشتا منداڵی و سەرت لە زۆر شت دەرناچێ! چەند جاران خۆم لە کن راست بووەو پاشان گاڵتەم بەخۆم هاتووە"!

هەڵۆ کە تەماشای هاوەڵەکەی کردو زانی بێدەنگیەکەی درێژەی کێشا. بەجۆرە دەولاچکە کردنێکەوە گوتی:

–کاکی خۆم تەحۆ... بە ئارەزووی خۆت بکە. چۆنت لا راستە ئیوها بکە. نە کەس پەلی گرتووی و نەکەسیش زۆرت لێدەکات!

خەریک بوو زیاتر درێژەی پێبدا کە هۆگر لە دوورەوە وەدیارکەوت، یەکسەر باسەکەی گۆڕی و بە پێکەنینێکەوە گوتی:

–ئەوەش مام هۆگر!

تەحۆ بەسەرسامییەوە رووی وەرچەرخاند ، لە کوڕیژگەیەکی هەشت نۆ ساڵان بەولاوە کەسی تری بەدی نەکرد. بەبزەیەکەوە پرسی:

-کوا ... ؟!

-ئەوەتا ... ئەی نایبنی!؟

تەحۆ بواری پرسیارێکی تری نەما ، هۆگر گەیشتە لایان. هەر لە دوورەوە بەرووی هەڵۆ پێدەکەنی و بەچاوێکی نەناس و پڕ لە پرسیارەوە لە تەحۆ رادەما. بەشەرمێکەوە تەوقەی لەگەڵ هەڵۆ کرد، ئەویش تەحۆی پێناساندو داوای کرد تەوقەیەکی لەگەڵ بکا، بەشەرمێکی زیاترەوە داخوازیەکەی بەجێهێنا.

-بۆ کوێ دەچی... چۆنە نەچوویە بەر مەڕی؟!

-ئەمڕۆ نۆرەی من نەبوو!

-کێ لەماڵەوە بوو؟

--هەمووومان، باوکم... دایکم... هەمووومان!

--دەباشە، دوایی دەچیەوە ماڵ وانییە؟.

-با ... !

-من بەیانی دەڕۆمەوە. ئێوارە ئەگەر پێم کرا سەرێک لە باوکت دەدەم! بەڵام تۆ هەر سڵاوی لێبکە. نەوەک پێم نەکرێ بێم بۆ لای... باشە !؟

کە هۆگر خواحافیزی کردو لێیان دوورکەوتەوە. تەحۆ چەند پرسیارێکی پڕ گومانی لێکرد ئەویش بەبزەیەکەوە، کە بە روونی واتای شتێکی

دەگەیاند، وەرامی دایەوە. کە تەحۆ هەرگیز دڵی ئاوی پێنەخواردەوەو باوەڕی نەهات. لەگەڵ ئەوەش چیتر پرسیاری نەکرد!

دوای ئەوەی نانی نیوەڕۆیان خوارد، نەختێ حەسانەوە، گەرمایەکە نەختێ شکا. ئەوسا هەڵۆ رووی لە میوانەکەی کرد:

–ئەوەماڵی خۆتە، من دەڕۆم نەختێ کارم هەیە، دوای کەمێکی تر دێمەوە، مەترسە گیرۆ نابم. ئەگەر حەزیش دەکەی لەگەڵم وەرە، هەرچەندە تۆ ماندووی و حەز دەکەم بحەسێیتەوە! لێرە بۆ خۆت بحەسێوە باشترە، گیرۆ نابم، زۆرم پێناچێ و هەنوکە دەزوورمەوە...!

تەحۆ کە بیری کردەوە پێی جوان نەبوو بە تەنیا لە ماڵ بمێنێتەوە.

–نا قەینا ... منیش دێمە دەرەوە. هەست بە ماندوو بوون ناکەم!

هەڵۆ ناوە ناوە بە بنی چاوی سەیری هاوەڵەکەی دەکردو لە دڵی خۆی دەیگوت:

"تووشی چی بووم! ئەگەر بەفرین ئەوە ببینێ لەوانەیە بغەیدیو بە شتێکی تری تێبگا! ئێمە بەڵێنمان داوە کە شتەکە نهێنی بێ و کەس نەیزانێ، چی بکەم باشە؟! تووشی چیبووم! پێویستە رێگایەک بدۆزمەوەو خۆم لەو تەنگاویە دەرباز بکەم ... چیبکەم باشە! بەڵام کێ دەڵێ بەفرین دێ. کێ دەڵێ هۆگر چۆتە ماڵەوەش! سەیرە... یاخوا هەر نەیە باشترە... دەترسم بەشتێکی تری تێبگا... تووشی چیبووم!"

لە هەمان کاتدا ویستی دڵی خۆی بداتەوە.

"چۆن نەیە باشترە؟! چەند گوندان دەبڕی بۆ ئەوەی چاوت پێی بکەویٚ، هەنوکەش خۆزگە دەخوازی نەیە! ئەی باشە چۆن دەگەڕێیتەوە؟ قاچەکانت چۆن ڕێگە دەگرن! نا ... باشتر وایە ڕێگایەک بدۆزیتەوە خۆت لەو تەنگاویە دەرباز بکەی، هەر دەبێ بیبینی. ژیانی تۆ لەسەر کلکی کەڵەبابدایەو هەر گلۆربێتەوە گلۆر دەبێ، کێ دەڵێ جارێکی تر دەیبینیەوە!؟"

"منیش سەیرم ... کێ دەڵێ دێ ... کێ دەڵێ هۆگر لە ماڵەوە باسی کردووە! سەیرە ... کێ دەڵێ لەو نێهنییە گەیشتووە، با... لەو بارەیەوە دڵنیام تێگەیشتووە. ئەوە یەکەم جار نییە!"

هەستی بە دڵ لەرزینێک کرد. تاسابوو نەیدەزانی چی بکا:

–کاک هەڵۆ... بیر لە چیدەکەیتەوە؟! ئەوە تاوێکە دەڕۆین تاقە پەیوێکت نەدرکاند. دەڵێی شتێک لە ئارادا هەیە، دەڵێی شتێک بیری خەریک کردووی؟ بێژە ... کاکی خۆم هەرچییەک هەیە مەترسەو بیدرکێنە. شەرم لە هیچ مەکە! ئێمە تازە بووین بە برا، دڵنیابە ئامادەم بە هەموو شێوەیەک یارمەتیت بدەم. نەڵێی میوانەو باتووشی سەخڵەتی نەکەم ... نا ... کاکی خۆم نا ... وابیر مەکەوە. دڵنیابە ئامادەم بە هەموو شێوەیەک یارمەتیت بدەم، ئەگەر بڕواشت نایێ ، بیدرکێنە ئەوسا ڕاستیەکەت بۆ دەردەکەوێ ... ئێمە تازە بووین بە برا.

–برا گەورەی منی، هیچ لە ئارادا نییە. چ شتێکی واش نییە بیری پێوە خەریک بکەم. ئەگەر هەر شتێکیش هەبێ یارمەتی گەرەک بێ. ئەوا بێگومان تۆ برای منی و شەرم ناکەم.

–ئارەزووی خۆتە... ئەگەر حەزناکەی مەیدرکێنە. زۆرت لێناکەم، ئارەزووی خۆتە! گرنگ ئەوەیە ئامادەم و بە هەموو شێوەیەک یارمەتیت دەدەم.

دوای ئەوەی تاوێکی تر بە بێدەنگی رۆیشتن، هەڵۆ هەڵوەستەیەکی کردو تەماشایەکی هاوەڵەکەی کرد. ویستی شتێک بڵێ، کەچی نەیزانی چیبڵێ. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو دەستی بەرۆیشتن کردەوە.

–چییە دەڵێی گەرەکتە شتێک یەژی! تکا دەکەم شەرم مەکە. هەرچییەک هەیە بێ پێچ و پەنا بیدرکێنە. ئەگەر هۆی ئەو دڵتەنگیەت منم. دڵنیابە نەدڵگیر دەبم و نەهیچ، زۆریشم لا خۆش دەبێ!

دەیویست زیاتر درێژە پێبدا کە هەڵۆ زریزە پەیڤەکانی قرتاندو بە گرژینەوەیەکەوە گوتی:

–کێ دەڵێ دڵتەنگم؟! تۆ بێژە بۆ وابیر دەکەیتەوە! چ ئەگەرێک وای لێکردی واتێبگەی کە من دڵ تەنگم؟

بەدەم ئاخاوتنەوە گەیشتنە کن بەردێکی گەورە، هەڵۆ بەبزەیەکەوە درێژەی پێدا.

–دەزانی چییە؟! تۆ ئالێرە دانیشە هەنوکە دێمەوە، ئەگەر تۆزێکیش گیروبووم دڵ لە دڵ مەدە. چاوەڕوان بە، نەکەی ببزووی ها... هەنوکە دەگەڕێمەوە.

–باشە... بفەرمە. بەڵام تکا دەکەم گیرۆ نەبی، خۆتدەزانی هیچ شتێک لە چاوەڕوانی کردن ناخۆشتر نییە!

–نا... مەترسە. هەر ئێستا دەگەڕێمەوە!

هەڵۆ کە دیماهی بەم رستەیە هێنا، بە پەلە بەسەر گردۆلکەکەی پشت بەردەکە هەڵزناو و پاشان لەچاو بزربوو.

ئەو شوێنەی تەحۆ لێی دانیشت گەلیەک بوو بەسەر دۆڵەکەی دەڕوانی. ماوەیەک خۆی بەسەیرکردنی دیمەنەکان خەریک کرد. بە وردییەوە لە چیایەکان راما. بە دڵێکی پڕ ئەوینەوە گوێی بۆ قاسپەی کەو ئاوازی شالوولان رادێرا. تەماشای ئەو بارگیرەی کرد کە لە خوارەوە بەسەر توولە رێیەکە هەڵدەزنا، بەرایی هیچ شتێکی لەدواوە نەبینی. پاشان بارگیرێکی تریشی وەدەرکەوت، ئەوجا لە دواوەی ئەوان کابرایەکیش دەرکەوت! تا نزیک نەکەوتەوە نەیزانی چۆنەو تەمەنی لە دەوروبەری چەندساڵیدایە. لەبەر ئەوەی کابرا خۆی بەشەدەیەکی رەشی خانەخانەی سپی دەمامک دابوو، روخساری بە باشی نەدەبینی. کە گەیشتە کنی ئەوجا زانی تەمەنی لە دەوری سی تا سی و پێنج ساڵیدابوو. زۆر چوست و چاپووک دیاربوو. کە گەیشتە لای

بەبزەیەکەوە ماندوو نەبوونی لێکرد. دوای ئەوەی تەحۆ وەرامی دایەوە کابرا هەروا بەدەم ڕۆیشتنەوە پرسی:

--چۆنە وا بە تەنیا لێرە دانیشتووی؟

--چی یەژم... ئەوە دانیشتوومە!

کابرا پێکەنی و هیچ پرسیارێکی تری نەکرد. کە تەواوێک دوورکەوتەوە. بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد:

--بڕۆ ماڵی خۆت باشترە. خەڵک چاوی کراوەتەوەو لێرە هیچت دەست ناکەوێ!

تەحۆ هۆپەکی لەخۆزانی و لەمەبەستی کابرا نەگەیشت! بەرایێ هیچ بایەخێکی بەو گلیە نەدا، پاشان کەوتە بیرکردنەوە، نەیزانی مەبەستی لەو رستەیە چی بوو. هەمدیس تەماشای دەوروبەری خۆی کردەوە، کپ وخامۆش بوو، سەیری ئەو شوێنەی کرد کە هەڵۆی پێدا ڕۆیشت. بە هەمان شێوە خامۆش بوو شوێنەواری هیچ شتێک بەدی نەدەکرا. ترسێکی لێنیشت! بە گورجی هەڵسایەوە، هەمدیس لە دوورەوە تەماشای کردو بە وردی چاوی بەو ناوە گێڕا. لە دەنگی باڵدارو هاژەی با دەنگی هیچی تر نەدەهات، ترسەکەی زێتر بووا چەند هەنگاوێکی بۆ ئەو شوێنە نا کە هەڵۆی پێدا چوو. کەمێک وەستا. تووشی دڵەڕاوکێیەکی سەخت بوو!

"گوێ رادێرە... کوڕی خۆم، پەیڤەکانم بە هەند هەڵگرە. مەڵێ نەزانەو چ لە دنیایێ نازانێ! گاڵتەت بە مەژی من نەیە. راستە نەزانم بەڵام دنیام زۆر دیوە. دنیام زۆر زۆر دیوە. گوێ بۆ دایکی خۆت رادێرە. تۆ منداڵی و لەوانەیە زوو فریو بخۆی. ئاگاداری خۆت بە، دنیایەکە گۆڕاوەو لە کەس دڵنیا مەبە. زۆر کەس هەیە لەسەرەوە شەکرە، حەز دەکەی قوتیبدەی. کە تەواویش لێی نزیک دەبیتەوە ژەقنەبووتێکە بۆ خۆی! تۆ منداڵی و هێشتا رۆژگار قاڵی نەکردوویەتیەوە. وریا بە، خۆش باوەڕو ساویلکە مەبە. پیاوی خەراوو چاو ساغ زۆرن، حەرامزادەو زۆڵ زۆرن. زۆر کەس هەن تفیان لە شیری دایکی خۆیان کردووەو نان و نمەکی ئەو خاکەیان لەیاد کردووە. دوور مەبینە ئەگەر پەل بەستت بکەن و بتدەنەوە دەست دوژمن! ئا ... کوڕی خۆم... هیچ هیچ دوور مەبینە، ئەمڕۆ زۆر شتان دەکەن هەربۆ ئەوەی چەند پوولێکیان بدەنێ، هەر بۆ ئەوەی بەروویان پێبکەنن. تۆ یەکەم جارە دەچیە شوێنی وا، چەندەی وریابی و ئاگاداری خۆت بی هێشتا هەر کەمە. یەکێکمان لە کیس چووە بانەبێتە دوو. بۆ ردێنی دەچی با سمێڵانیش لەسەر دانەنێی !

دڵی کوت کوت، خێراتر کەوتە لێدان. هەستی بە پەستیەک کردو تەنکە جواناوێکیشی لەگەڵ کرد. بە هێواشی دەستی بەرز کردەوەو تەوێڵی سڕیەوە. لەسەر بەردێک دانیشت. سەیرێکی ئاسمان کردو هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا:

"دڵنیام هەڵۆ ئەو کارەی لەگەڵ من ناکا، نا... نەخێر... گلیەکانی دایکم راست و دروستن. ئەمڕۆ مرۆی چرووک و بێ فیەت زۆرن. وەکو ئەو

گوتەنی زۆر کەس هەن هەموو شتێک دەکەن هەر بۆ ئەوەی دوژمن بەروویان پێبکەنێ! ئامادەن زۆر ماڵ وێران بکەن و زۆر کەس سارد بکەنەوە، هەر بۆ ئەوەی باخەڵی خۆیان گەرم بکەن ... بەڵام ... نا... هەرگیز هەڵۆ لەوانە نییە. هەرگیزیش نابێ بەو شێوەیە بیری لێبکەمەوە"

هەرچەندەی دڵی خۆی دەدایەوە، هەرگیز ئۆقرەی نەدەگرت و هەستی بە ئارامی نەدەکرد. رووی خۆی وەرچەرخاندو سەیری هەمان شوێنی کردەوە کە هەڵۆی پیادا رۆیشت. وەک خۆی چۆل و خامۆش بوو. هەڵسایەوە... نەیزانی بۆچی هەڵسایەوە! ویستی دانیشێتەوە. بەڵام دانەنیشتەوە، بڕیەیدا تاسەری گردەکە بڕوا !

"کە گوتی لێرە دانیشە مانای ئەوە نییە من لە شوێنەکەی خۆم نەبزووم، خۆ بەرد نیم. ئەگەر بمبینێ بە جۆرێکی تر بیری لێدەکاتتەوە ! ئەی چۆن، منیش زۆر سەیرم، مێشی دەکەمە گامێش. سەربەخۆ خۆم تووشی دوو دڵی دەکەم. یانی چی ئەگەر چوویە سەر ئەو گردۆلکەیە، گوایا دنیا خەراو دەبێ!؟"

ئەمجارەیان بێ دوو دڵی بەرەو سەر گردۆلکەکە هەنگاوی نا. لەسەرەخۆ دەڕۆیشت و قاچی لەزەوی دەخشاند. ئەمەش دەبووە هۆی پلیشانەوەی ئەو گیاو گوڵانەی دەکەوتنە بەرپێی. گەشتە سەرگردەکە، تەماشای ئەودیوی کرد. نسیوێکی سەخت بوو. یەکسەر واژی دەبووەوەو ئەو ناوە بەدار بەروو داپۆشرابوو. هەستی بە گۆڕانی هەواکە کرد. تا چاوی بڕی دەکرد تەماشای کرد، داربەداری پشکنی.

نیگای لە شوێنێک ڕاگرت کە سەوزاییەکەی چڕتربوو. زانی ئاوی لێیە! بیری لەوە کردەوە بچێ لەسەر کانییەکە دانیشێ. بەڵام لەوە ترسا هەڵۆ نەیبینێتەوە! نەختێ گرژیەوەو گاڵتەی بەو بیرکردنەوەی هات. نەیزانی هەڵۆ بۆ کوێ چوو. هیچ شوێنەوارێکی نەمابوو! خەریک بوو ترسەکەی لێببێتە ڕاست و گومانەکەی لا پتەوتر بێ ! لەولای سەوزاییەکەوە، لە شوێنێکی نەختێک دوورەوە، شتێکی ببینی جولایەوە! هەرچەندەی دەستی دایە بەرچاوی و لێی ورد بووەوە، بۆی دەرنەکەوت. چەند هەنگاوێکی بۆ لای چەپ نا، هەتاوەکونێ باشتر دەرکەوێ. کە شتەکە زیاتر جوولایەوەو جوانتر وەدەرکەوت، زانی ئافرەت بوو، بارەدارێکیشی لە پشت کردبوو! دەڕۆیشت و ناوە ناوە ئاوڕی لەو شوێنە دەدایەوە کە لێوەی دەرچوو. لە هەمان شوێندا شتێکی تر بزواو بەرەو لای ئەوهات. کە لێی ورد بووەوە، هەڵۆ بوو! بۆ ئەوەی دووچاری شەرمەندەیی نەبێ، لەسەر گرۆدلکەکە گەڕایەوەو لە شوێنەکەی خۆی دانیشتەوە. کە هەڵۆ بەدیارکەوتەوە، هەڵسایەوەو بەبزەیەکەوە پێشوازی کرد :

–خۆ زۆر گیرۆ نەبووم!

–نا ... نەخێر ...!

––تۆم بینی لەسەر گردەکە بەدیارکەوتی، گوتم لەوانەیە سەخڵەت بووبێ. خێرا گەڕامەوە!

... –!

تەحۆ جگە لەوەی نیگایەکی پڕ پرسیاری ئاراستە کرد، هیچی دیکەی نەگوت ! هەڵۆ شەرمێک دایگرت. هەرچەندە ویستی بەسەرخۆی نەهێنێ، تاوێ بێدەنگ مایەوەو متەقی نەکرد. بەڵام پاشان وەک ئەوەی خۆی بۆ نەگیرابێ، یاخود نەیتوانیبێ بەرگەی ئەو نیگایە بگرێ و تاسەر بەبێدەنگی بمێنتەوە، وەک فیشکە شێتە تەقیەوە:

–کاکی خۆم تەحۆ... گوێ بگرە! زۆر شت هەیە ناکرێ بگوترێ، حەز ناکەم هیچت لێبشارمەوە، بەڵام زۆر شت هەیە ناگوترێ! تکا دەکەم بە هەڵە تێمەگە! هەرێم داوە هیچ نەدرکێنم ، لەگەڵ ئەوەش لە کن تۆی دەدرکێنم! جا خۆت و شیری خۆت. تازە ناشێم بێدەنگ بم و دەترسم بەلەگوینێکی تری تێبگەی. بۆیە هەر دەبێ بۆتی باس بکەم، ئەگەرچی هیچیش نییە، شتێکی زۆر سادەو ئاساییە، بەڵام وەکو گوتم تازە هەر دەبێ بیدرکێنم! ئەوەی راستی بێ خۆم لەیاد کردبوو. کە تۆم لەسەر گردەکە بینی تەماشای لای ئێمەت دەکرد. وەک ئەوەی لە خەوێکی خۆش واگاهاتبم وابوو. نازانم تۆش وات بەسەر هاتووە یانا... بەڵام من ئیوهام... بەدەست خۆم نییە!

هەڵۆ بەلەزی داخاوت و ئاگای لە خۆی نەبوو. ئەوەی تەحۆی سەرسام کرد ،گومانەکەی لەجێگەی خۆی بوو، زیاتر دووچاری شەرمەندەیی بوو. هەوڵیدا هەرچۆنێک بێ خۆی لەو هەڵوێستە دەرباز بکا. چاوی دانەواند، وەک ئەوەی بیەوێ تەماشای ژێر قاچی خۆی بکا، بەنەرمی و لەبەرخۆی گوتی:

-بۆ واسەخڵەت بووی... کاکی خۆم... بۆ واسەخڵەت بووی. من تێناگەم! گەرەکتە باسی چیبکەی. راست یەژی زۆر شت هەیە ناگوترێ، بەڵام داوای هیچم لێنەکردووی. ئاگاداری هیچ نیم! ببووره ئەگەر بە هەڵە شتێکم لەزار دەرچووبێ. نازانم مەبەستت چییە. تکا دەکەم هۆی ئەو پەشۆکانەتم پێبڵێ! من کە هاتمە سەر گردۆلکەکە تۆم نەبینی، تۆ چۆن منت بینی؟!!! ببووره ئەگەر ئەمە بۆتە هۆی دڵگرانیت. تەنیا بەنیازی ئەوە چوومە سەر ئەو گردە، دنیام زیاتر لێوە دیار بێ، هیچ مەبەستێکی ترم نەبوو!

ئەمجارەیان ئەو بەردەوام بوو لە ئاخاوتن و هەڵۆ بەسەرسامی لێی رادەما!. بەدەولاچکە کردێنکەوە گوتی:

-کاکی خۆم تەحۆ... برای خۆم، پێویست ناکا خۆت سەخڵەت بکەی. ئەو باسە بگۆڕە. باوەڕ بکە منیش نازانم تۆ باسی چیدەکەی! سەیرە... بۆ دەبێ لە کاتێکی وادا خۆمان بەشتی پڕوپووچ و بێبایەخ خەریک بکەین. سەیرە... تۆ تەماشات کردووە؟! تاوێکە هەردووکمان داخێوین، بە بێئەوەی بزانین چی یەژین. بەبێئەوەی هیچیەکمان لە مەبەستی ئەوەی تر بگا. یاخود بزانێ دەربارەی چی داخێوی. دەزانی زۆر سەیرە؟! لەگەڵ ئەوەش پێویست ناکا زیاتر لەسەری بڕۆین و هێندەی تر خۆمان خەریک بکەین. واچاکە بگەڕێینەوە!

دوای ئەوەی ئەو حەمکە پەیڤەی درکاند، بەخۆشییەوە دەستی لەسەر شانی تەحۆ داناو لەسەرەخۆ قاچەکانی بزواند، تەحۆ زانی خۆ گێل

کردنەکەی کاری خۆی کرد! لە ئاخاوتنەکەیدا بۆی دەرکەوت کە توانی تارادەیەکی زۆر وا لە هەڵۆ بگەیەنێ کە هەستی بە هیچ نەکردووە. لەسەرەوە بەرووی پێدەکەنی، لەژێرەوەش بیری لەو کچۆڵەیە دەکردەوە! زانی شتێک لە ئارادا هەیە، یەکسەر پەخشانی بیرکەوتەوە! زۆر حەزی دەکرد ئەویش رای پەخشانی بزانیایە. هەرچەندەی ئەو بیرەی دەکردەوە کەمتر دەیتوانی چاو بەرانبەری هەڵۆ هەڵبێنێ، خۆشی هۆیەکەی نەدەزانی! نەیدەزانی بۆچی هەست بەشەرمەزاری و قەرزارییەک دەکات بەرانبەری! بۆ ئەوەی خۆی لەو باسە هەڵاوێردێ ، نەبادا تووشی هەڵدێرێک بێ و شتێکی نابەجێی لەزار دەرچێ. بڕیەی دا باسەکە بگۆڕێ!

–بەیانی زوو بەرێکەوتباین باش بوو، ئەوەی راستی بێ ، بۆ بینینی هۆمەر لەسەر ئاو ئاورم!

هەڵۆ کاری خۆی جێبەجێ کردبوو ئاواتەکەی هاتبووە دی. شادمان و بەختەوەر بوو، کە نێهنییەکەی ئاشکرا نەببوو! هەر خوای بوو باسەکە بگۆڕێ. بۆیە تەحۆ چەند بە خێرایی ئەو پرسیارەی کرد ئەو خێراتر وەرامی دایەوە:

–هیچ خەمت نەبێ. من هەرێم پێنەدای؟! هیچ خەمت نەبێ، ئێوارە داوایان لێدەکەم توویشووی رێگامان بۆ ئامادە بکەن. لە رێگایان پیاو خۆراکی هەر پێ بێ باشە. نا ... نا... هەر هیچ خەمت نەبێ، مادامەکونێ هەرێم پێدای تازە تەواو!

–نازانم ئەگەری ئەو دڵ تەنگیەم چییە! هەتاوەکونێ بەچاوی خۆم نەیبینم دڵم ئاوێ ناخواتەوە!

–وەکو پێمگوتی، هیچ خەمت نەبێ، دڵ لە دڵ مەدە. هەتاوەکونێ دەستت نەخەمە نێو دەستی هۆمەر بەتەنیا جێتناهێڵم، باشە، بۆ وابێ متمانەی! دەڵێی بڕواناکەی؟! کاکی خۆم یەکجار واش نا. گوتمان پیاو خۆش باوەڕو ساویلکە نەبێ، بەڵام بەو شێوەش ئاڵۆزو بێ بڕوانا...!

–ئا... شتێکی تر... لە یادم نەبوو، سەیرە... بەر لەوەی تۆ بگەڕێیتەوە من بەلەز بووم لەوەی خێرا بێیتەوەو ئەو پرسیارەت لێبکەم. کەچی کە هاتیەوە لەیادم چوو! سەیرە ... مرۆڤ زۆر جاران شتێکی دەبێتە مەراق و کە دەگاتە ئەوەش لێی نزیک بێتەوە لە یادی دەکات! یاخود تا ماوەیەک بیری نایەتەوە، کە تۆ رۆیشتی کابرایەک بێرەدا رەت بوو. دوو بارگیری بارکراوی پێبوو. سڵاوی کرد، کە دوور کەوتەوە بە پێکەنینەوە گوتی:

–برۆ ماڵی خۆت دانیشە باشترە ، لێرە هیچت چنگ ناکەوێ... نازانم مەبەستی چ بوو؟!

هەڵۆ بە گەرمی پێکەنی:

–تۆ نازانی لە کوێ دانیشتووی، باپێت یەژم. ئەو رێگایەی تۆ لەسەری دانیشتووی رێگای قاچاخچیانە! شتومەکی قاچاخ بێرەدا دەڕوا. لەبەر

ئەوە زۆر راوورووت لەو ناوە دەکرێت، بۆیە کابرا تۆی بینیوە لێرە دانیشتووی وایزانیوە نیازت باش نییە!

هەردووکیان لە قاقای پێکەنینیاندا. خۆر بەرە بەرە شۆڕ دەبووەوەو خەریک بوو بەرەو ئاوابوون و ماڵئاوایی دەچوو. بایەکەش تا دەهات ساردتر دەبوو ، هەڵۆ گەڕایەوە سەرباسەکەی خۆی:

–هیچ خەمت نەبێ، ئەگەر نەمرین و تووشی هیچ نسکۆیەک نەبین ، بەیانی لەگەڵ گزنگ بە رێدەکەوین تۆ بەپەلەی زوو بچین باشترە! ئەوەی راستی بێ تەحۆ... با لێت نەشێرمەوە، منیش حەز دەکەم ئەو کارە ئەنجام بدەم و زوو بگەڕێمەوە گوندەکەم!

لەگەڵ ئەو رستەیە رەنگی هەڵبزڕکاو گۆڕانێکی بەسەرداهات، تەحۆ بەسەرساماییەوە گوتی:

–ئەگەر کارێکت هەیە بە تەنیا دەڕۆم. شتێکت پێدەڵێم نابێ دڵگیر بی! کە من هاتم تۆم نەدەناسی. لەبەر ئەوە بەتەمای تۆ نەهاتووم، تکا دەکەم بە هەڵە تێمەگەو زویر مەبە، ئەمە راستەقینەیە. بەڵام وەکو دەبینی وا کارەکە بەم لایەدا وەرچەرخا. بەشێوەیەکی وارێککەوت کە بە خەونی شەوانیش بیرم لێنەکردبووەوە. هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم وا بە ئاسانی ئەمەم بۆ بلوێ، بەڵام ئەمە ئەوا ناگەیەنێ کە من رێگە بدەم تۆ کاری خۆت بەلاوەنێی! نا... برای خۆم ... نا هەرگیز رازی نابم لە پێناوی من کارەکەی خۆت گیرۆ بکەی، ئەگەر بۆت ناکرێ و کارت هەیە بڵێ !؟ چ شەرمی گەرەک نییە. بۆ کاری خۆت لەسەر من دوا دەخەی!

–تکا دەکەم وابیرمەکەوە. من کە دەڵێم حەز دەکەم زوو بگەڕێمەوە مەبەستم ئەوە نییە کە کارم هەیە. بەڵکو مەبەستێکی ترم هەیە. بۆنی شتێکی سەیر دەکەم زۆر، دەترسم، بۆیە حەز دەکەم خۆم لێرە بم!

–شتێک لە ئارادا هەیە لێی بترسی؟!

–نەخێر... لەراستیدا هیچ شتێکی وا نییە. بیستوومە هێزێکی گەورەی دوژمن بۆ ئەو ناوە بەڕێکەوتووە، بێگومان مەبەستێکیان هەیە. ئەی نەتژنەوت مامم گوتی هێمن و هاوەڵەکانی بێرەدا رەتبوون! دڵنیام ئەوانە بۆ ئەوە چوونە دەستێک لەو هێزە بووەشێنن. زۆرم حەز دەکرد لەگەڵیان بوومایە. من دەزانم هەنوکە چەند شێرانە دەجەنگن. پیاو لە تەک قارەمانی وا بجەنگێ هەست بە ماندوو بوون ناکا، نازانێ ترس چییە! جا برای خۆم من لەوە دەترسم ئەو هێزە بۆ ئەو ناوە بێ! بۆیە حەز دەکەم خۆم لێرە بم ... واباشتر نییە؟!

–با... بەڵام تاقە زەلام لەگەڵ هێزێکی گەورەو درندەدا هیچی بۆ ناکرێ. ئارەزووی خۆتە... چۆنت لا دروستە وابکە!

دنیا تا دەهات بەرەو تاریکتر دەبوو، تەحۆ بەردەوام بیری لەو کچۆڵەیە دەکردەوە کە وەک کارمامز بەسەر هەورازەکە هەڵدەزناو ناوە ناوە ئاوڕێکی دەدایەوە! لە هەمان کاتیشدا وێنەی پەخشانی دەهێنایە بەرچاو، نەیدەزانی چ تیرێک بوو بەو لەگوینە دڵی پێکا. لە یەکەم نیگاوە دڵی خستە خورپەو خوردو خۆراکی لێبڕی، ئەو بەرانبەر شتی وا خۆی زۆر بە ئازاو زاکون تێدەگەیشت، هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبوو بەو ئاسانیە

بکەوێتە داوەوە. بەو ماوەیە کەمە ئەو هەموو ئەوین و خۆشەویستیەی لە دڵدا بگوڕێ! بیری لەوە کردەوە بەیانی دەبێ بڕوا. ئەو گوندە جێدەهێڵی و لەوانەیە جارێکی تر چاوی پێنەکەوێتەوە. واتا جارێکی تر پەخشان نەبینێتەوە، چۆن دەبێ ئەوە رووبدا؟! ئەو پەخشانی خۆشدەوێ، ناتوانێ چرکەیەک لێی جیابێتەوە! ئەوجا جارێکی تر هەر نەیبینێتەوە!؟ ئەمە شتێکە نەبووەو هەرگیز ناشبێ ، پەخشان بۆ ئەو وەکو هەناسە وایە، ناتوانێ چرکەیەک لێی دوور کەوێتەوە. ئەگەر هەڵینەمژێ خوێنی چک دەکات!

هەستی دەکرد تا دەهات لێدانی دڵی خێراتر دەبوو.

"هەموو شتێک بە خێرایی دەستی پێکرد. وادیارە هەموو شتێکیش بەخێرایی تەواو دەبێت! دەترسم ئاش لە خەیاڵێ و ئاشەوان لە خەیاڵێ بێ. ئەو هەموو لێکدانەوەو ئازارە بێسوود بێ. ئەو ئاگای لە منیش نەبێ کە خەریکە دەسووتێم. ژیانێکی سەیرە...؟ ئەوەتا هەڵۆ بە ئارەزووی خۆی بە دڵخوازەکەی گەیشت. لەگەڵی دانیشت و تێر ئاخاوت. رازی دڵی خۆیان بۆ درکاند، لەوانەیە زۆر هێوی و خۆزگەیان لە کن یەک درکاندبێ! نەخشەی دوا رۆژیان دانابێ... لەوانەیە... هەر من هیچم بۆ نەکراوە . هەر من دەستەوەستان ماوم و هیچم بۆ ناکرێ! پێویستە بیری بکەمەوە... لە گۆشەیەکی راستترەوە سەیری ژیان بکەم!

هەڵۆ گوتی:

–بەر لەوە بچینەوە ماڵ با پیاسەیەکی نێو گوندی بکەین.

بەبێ ئەوەی دەنگی هەڵبڕێ سەری رەزامەندی بۆ لەقاند. ئەو توولە رێیەیان گرتە بەر کە بۆ ناو گوندی واژی دەبوەوە. هەڵۆ لە دەرگای زۆر باسانی دا، لە زۆر شت دووان و کاتێکی خۆشیان بەسەر برد. تەحۆی بە چەند هاوەڵێکی خۆی ناساند. کە یەکێکیان نێوی حەسەن بوو. حەسەن کوڕێکی رووخۆشی دەم بە پێکەنین بوو، ماوەیەک لەگەڵی باخاوتبوای وا دەستەمۆ دەبوو، دەتگوت هەزارساڵە دەتناسێ! ئەوەی لە دڵی بوایە بەزووترین کات هەڵیدەڕشت. هەر بۆیەش بەو ماوە کەمەی لە تەکی بوو. تەحۆ شارەزای زۆربەی ژیانی ئەو کوڕە بوو. ئەگەرچی بەسەرهاتەکانی شتێکی ئاسایی بوون و هیچی بەو رادەیەیە بە بایەخیان تیا نەبوو، ئەو زۆر شانازی پێوە دەکردو خۆی بەزۆر شتان هەڵدەدا کە هی ئەوە نەبوو پیاو باسیشی بکا! بەڵام لەبەر ئەوەی روح پەرۆکەو ساویلکە بوو، هەردووکیان بەخۆشییەوە گوێیان بۆ رادێرابوو. بەزاری پێدەکەنین و لەگەڵی دەتریقانەوە! باسەکانی زۆربەی دەرباەی ئەو چیاو چۆڵانە بوون. وەکو دەیگوت، لەبەر ئەوەی شوان بوو بەشی زۆری تەمەنی لەگەڵ بەردو دارو درەخت و چیا بەسەر بردبوو! هەرکە هەستی دەکرد شتێک نەختێ سەرنجی تەحۆی راکێشاوە درێژەی پێدەداو زیاترلەسەری دەڕۆیشت. هاوەڵێکی دیکەشی کە بە تەحۆی ناساند، نێوی کەریم بوو. بەڵام لەبەر ئەوەی خۆی بە مرۆڤێکی زیخ و کوردپەروەر دەزانی، دەستی لە کون و مونان وەردەدا! ناوی لە خۆی نابوو بڕوا. ئەگەرچی ئەوە ناوی نهێنی بوو، خەڵکەکە هەموو هەردوو ناویان دەزانی! زۆریشی کەیف بەو ناوە دەهات، بۆیە خەڵک هەر بە بڕوا گازیان دەکرد. وای لێهاتبوو هێندێک ناوی

راستەقینەی خۆیان لەبیر کردبوو. ئەو بڕوایە زۆر لەسەرەخۆ دەدوا. وشەکانی بەرەوانی دەردەبڕی، باسی کۆمەڵەکەی خۆیانی دەکرد. باسی رووداوەکانی دەکردو لێی دەکۆڵینەوە. بەشێوازی ئاخاوتنەکەی وادەردەکەوت زۆری را لە بۆچوونەکانی خۆی بوو. ئەگەرچی ئەو شتانەی دەیگوتن بەشێکیان راست و بەجێبوون کەس نەدەشیا نکووڵیان لێبکا. کەچی کە ئەو بەم شێوازەی خۆی دەریدەبڕی. مرۆڤ سەری پێ ئەستوور دەبوو! لەبەر ئەوەی هەرچییەکت گوتبوایە، ئەو خۆی هەر تێهەڵدەقورتاند!.

"پێویستە هەموو توانایەک یەکخەین، بە یەکیەتی و یەکگرتن نەبێ هەرگیز ناتوانین بەرەنگاری ئەو دوژمنە سپڵە و دڕندەیە بینەوە. بۆیە پێویستە یەکگرین، ئەمە رای منە! هەموو کوردێک بەبرای خۆم حسێو دەکەم، کێهەی خۆی بە دوژمنی من تێدەگا ئەوە لە برای خۆم خۆشترم دەوێ! ئەگەر هەموومان وابیر بکەینەوە ئەوە زۆر داوء تەپکەی دوژمن پووچەڵ دەبێتەوە. ئەی چۆن ... وا هەموومان دەبینین چ هەوڵێک دەدەن بۆ ئەوەی ناکۆکیمان بخەنە نێوان ، چۆن هەوڵدەدەن برا لە برای بەردەن. ئەو شەڕی براکوژییەش هەر بە فەندو فێڵی دوژمنە ... ئەی چۆن ئەگەر وانەبێ پێم ناڵێی لەسەرچی دەست بە خوێنی یەکتر سوور دەکەن؟! پێم ناڵێی ئەو شەڕە لەبەرژەوەندی کێدایەوە و پەرای کێدەکات! من لەسەرەتاوە دژی شەڕی برا کوژیم. ئەگەرچی زۆرگرانم لەسەر وەستاوە، زۆر کەس بە نەوێرو ترسنۆکم تێدەگا! وادەزانن ئەو هەڵوێستەم لە ترسی ئەوەیە نەوەک بەشداری شەڕەکان بکەم. هەر

چۆنێکی تێدەگەن گرنگ نییە، هەر چۆنێکم ناو دەهێنن گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە من چۆنم لا دروستە وا دەکەم، ئەگەر لێم ببنە ئەفلاتوون ناتوانن باوەڕم لەق بکەن. چونکێ دڵنیام ئەوەی پەسنی شەڕی برا کوژی بکا، جا لە ژێر هەر پەردەیەک و هەر بیانگەیەک و هەر ناوێکدابێ. بێگومان ... ئا ... بێگومان و بێ هیچ دوودڵیەک یەژم ئەوە چاوساغ و دەستی دوژمنە، یا کەرو نەزانە ! تۆ سەیرکە لەوکاتە ناسکە. دوژمن کەوتۆتە وێزەمان و هەمدیس دەستی بەوێران کردنی گوندەکاتن کردۆتەوە. ئێمە لەگەڵ یەک ناکۆک بین و شیرو تیر تێک هەڵسووین، یاخود داکۆکی لە شەڕی براکوژی بکەین! پێویستە ئێمە ئەو بیرە کۆنانە لە نێو بەرین. ئەوانە بۆ ئێمە گەوەرترین نەخۆشین. تا چارەسەری نەکەین و لەناوی نەبەین هیچمان بۆ ناکرێ"

پێدەچوو بڕوا زۆر کۆڵدار بوو، زۆری لەهەگبەی دابوو. بەڵام کات درەنگ داهاتبوو. کە رۆیشتن و خواحافیزیان لێکرد. بڕوا بە بڕوا بە خۆبوونێک و شانازییەکەوە گوتی:

–هیوادارم لەگەڵ هۆمەر بتبینمەوە. بەڕاستی هۆمەر برای منیشە... زۆر شەڕمان لە تەک یەک کردووە. ئەگەر بینیت سڵاوی لێبکە، بڵێ بڕوا سڵاوی هەبوو بۆت، ئەو خۆی دەمناسێ!

تەحۆ بەشادمانییەوە سەری بۆ لەقاند. تێیگەیاند کە ئامادەیە سڵاوەکەی بەهۆمەری برای بگەیەنێ. زۆر لێی دوور نەکەوتبوونەوە کە هەڵۆ رووی تێکردو گوتی:

-ئەو بڕوایە کوڕێکی زۆر باشە. ساویلکەیەو هیچی لە دڵنامێنێ. ئەو شتانەی گوتی هەمووی ڕاستن. بەشداری شەڕی براکوژی نەکرد. بگرە یەک تەقەشی بەکەسەوە نەنا. بەڵام یەک شت هەیە. زۆر کەس هەر لە خۆڕا خۆشیان ناوێ! دەڵێن ڕەزا قورسە، تاردەیەک ڕاستیش دەکەن! ئەگەر یەکێک نەیناسێ، یەکەم جار بێدەستی خۆی ڕقی لێدەبێتەوە! لە زۆر کەسم ژنەوتوە کە یەکەم جار دیویانە وایانگوتووە! زۆر کەس هەیە بەر لەوەی بیناسی، جارێک ... تەنیا جارێک لەگەڵی ئاخاوتبی، ڕقت لێیدەبێتەوەو حەز بەچارەی ناکەی! ئەو بڕوایەش ئیوهایە. بەڵام هەرکە دواندت و تێکەڵی بووی ئەوا یەکسەر ڕات دەگۆڕی. لەوانەیە خۆشتبوێ و ببیە هاوڕێیەکی نزیک و لە پێشیش!

هەڵۆ خەریک بوو داخاوت و وردە وردە باسی بڕوای بۆ دەکرد. کە پەخشان بەدەرکەوت! لە دوورەوە بەروویان گرژیەوە. تەحۆ خەریک بوو هەمدیس دڵی دەکەوتەوە لەرزە. بیری لەوە کردەوە کە نیگایەکی ئاڕاستە بکا. کەچی پەخشان ئەو بوارەی نەدا. هێشتا لێیان دوور بوو کە بە دەنگێکی بەرز گوتی:

-ئەوە بۆ کوێ چوون... ماوەیەکە میوانمان هاتووەو چاوەڕێتان دەکەن!

-میوان بەخێر بێ، یاخوا بەخێر بێ، ئەوە دێینەوە ... کێیە دەیانناسم؟!

-ئا... بەڵام نایڵێم ، حەز دەکەم تەحۆ خۆی بیانبینێ!

نیگایەکی وای ئاڕاستە کرد ، هەناوی بەرداوە ! بەشپرزەیی و بە دەنگێکی پچڕ پچڕ، بە زۆری چەند پەیڤێکی لە قوڕگی وەدەرناو گوتی:

–تۆ بڕۆ بیانبینە ... ئەوسا دەزانی کێن !

تەحۆ هۆپەکی لەخۆزانی! بەسەرسامییەوە تەماشای هەڵۆی کرد، کە ئەویش لەو کەمتر سەرسام نەببوو. هەڵۆ بە نیمچە تووڕە بوونێکەوە گوتی:

–بۆ سەخڵەتمان دەکەی، بڵێ بزانین کێیە؟!

–باشتر وایە لە جیاتی ئەو قسانە پێتان سووک کەن و خۆتان بیانبینن، ماوەیەکی زۆرە چاوەڕێتان دەکەن !

بەنازێک و بزەیەکەوە ئەمەی گوت و لێیان دوورکەوتەوە. لەگەڵ گوتنی ئەم رستەیە نیگایەکی وای ئاڕاستەی تەحۆ کرد، هیچ گومانی نەما، لەوەی کە ئەویش هەمان هەستی هەیە بەرانبەر ئەو! لەبەر ئەوە هیچ هۆشی لای ئەوە نەما بایەخ بەوە بدا بزانێ میوانەکان کێن! تا ئەو دەمەی هەڵۆ داوای رۆیشتنی نەکرد. هێدم گرببوو لە شوێنی خۆی نەدەبزووت!

که گەیشتنە ماڵەوەو چوونە ژوورەوە. نیگاکەی پەخشان چەند سەرسامی کرد، ئەوە هێندەی دیکە پەشۆکاندی. یەکەم شت کە لە ژوورەکە سەرنجی راکێشا، تفەنگێک بوو لە نزیک بالیفەکە بەدیوار هەلپەسێررابوو، گەنجێکی کۆکیش لە تەنیشتی دانیشتبوو. کە چاوی بە

تەحۆ کەوت بەرووی گرژیەوەو بە هێواشی هەڵسایەوە. تا ئەو دەمەش باوەڕی بە چاوەکانی خۆی نەدەکرد! بەشێوەیەکی وا باوەشیان بەیەک کرد ئەوەی لەوێ دانیشتبوو چاوی پڕ ئاو بوو! خەجێ لچکی چەفتەکەی بەچاویەوە ناو فنەیەکی لێوەهات. ئەگەر چی واینیشان دا کە لووتی پاک دەکاتتەوە. بەڵام روومەتی تەڕ تەڕ ببوو، دوای سڕینەوەشی شوێنەواری فرمێسکەکەی هەر پێوە دیار بوو! ماوەیەک لە یەکتر رامان. هەردووکیان گۆڕابوون. هۆمەر کە پێشان لاوازو بنێس بوو ، قەڵەو خڕ ببوو! نەختێکیش لە جاران سپیترو زۆر بە تەمەنتریش دەهاتە بەرچاو! ئەگەر یەکێ نەیناسیبوا هەرگیز باوەڕی نەدەکرد. کە ئەو کوڕە تەمەنی لە دەوری سی ساڵیدا بێت ! بەڵکو دەساڵ... پانزە ساڵ لە تەمەنی خۆی گەورەتر بەدیار دەکەوت، ئەمە زۆر کاری لە تەحۆ کرد. خۆشی بینینەکەی چەند بە گریانی هێنا، ئەو دیمەنە زیاتر! هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبوو هۆمەری برای ئاوای لێهاتبێ . سەروریشی لە پرچی بۆزتر ببوو، بگەر سپیەکەشی زێتر ببوو! ئەگەرچی روخساری چورچ و لۆچی تێ نەکەوتبوو ، وەلێ رەونەق و تەڕاتی جارانی پێوە نەمابوو!

لە تەک یەک دانیشتن و وەک دوو بێگانە، کە یەکتر نەناسن و یەکەم جاریان بێ یەکتریان دیبێ ، ناوە ناوە بە شەرمەوە تەماشای یەکتریان دەکردو دەگرژینەوە. هۆمەر سەری بردە بن گوێی:

–زۆر گۆڕای ها... بوویە پیاوێکی تەواو!

هەردووکیان پێکەنین. هۆمەر درێژەی پێدا:

–وادیارە ئەو کەسەی کە هەواڵم پێنارد هات. زۆر لەوە دەترسام نەتانیدۆزیبێتەوە! چەند جارێکی تریش نامەم بۆ ناردوون. کەچی هیچ وەرامێک لە ئێوەوە نەبوو. ترسام خوانەخواستە شتێک روویدابێ. بەڵام باش هات، رێکەوتنێکی چاکمان بۆ رێککەوت!

شەو جێگایان لە تەک یەک بۆ راخستن. هێندە تامەزرۆی قسان بوون تا درەنگی شەو هەر پسەپسیان بوو! زۆر باس و خواسیان هێنانە گۆڕێ. زۆر کۆنە کایان بەبا کردەوە. هۆمەر زۆر بەشەرمەوە لە هەواڵی ماڵەوەی دەپرسی، وەک ئەوەی تاوانێکی بەرانبەریان کردبێ! کە تەحۆ وەرامی دایەوەو هەواڵی لە دایک بوونی شیرینی پێگەیاند. ئەگەر پێی شوورەیی نەبوایە هۆڕ هۆڕ دەگریا! تەحۆ وانەبێ هەستی بەمە نەکردبێ. بۆیە ئەوە بڕیەی نووستنیان دا، ئەگەرچی چاوی داخستبوو خۆی بە نووستوو نیشاندەدا. لە ژێرەوە زێرەوانی برایەکەی دەکرد! دەیزانی لە خۆشیا خەو چاوەکانی داناگرێ. لە نێو جێگاکەی هەرگینگڵی دەدا. ئەو شەوە هۆمەر چەند باسی خۆی بۆ تەحۆ کرد. هێندەش باسی شێرزادی بۆ کرد. هەموو شتێکی دەربارەی ئەو بۆ گێڕایەوە .

بەیانی کە لە ماڵەوە دەرکەوتن. لە شوێنێک بەیەکەوە دانیشتن و هەموو شتێکیان لەگەڵ بڕاندەوە، هۆمەر رای خۆی پێراگەیاند:

–هەموو شتێکی خۆم بۆ باسکردی، زانیت چیم بەسەر هاتووە، لەبەر ئەوە بڕیەمداوە چیتر چەکداری نەکەم! خەڵکی هەرچی دەڵێن بابیڵێن !

بڕیەم داوە بگەڕێینەوە گوندەکەمان. گوندەکەمان ئاوەدان دەکەینەوەو دادەنیشین، گوندەکەمان دوورە جارێ دەستی دوژمنی ناگاتێ! بۆ خۆمان بە ئارامی دادەنیشین! کە ئەمە یەژم واتێنەگەی واز لە خەبات دێنم! نەخێر برای خۆم ... لەو بارەیەوە حەز ناکەم بە هەڵە تێبگەی. ئەگەرچی بڕیەم داوە چیتر چەکداری ناکەم، بەڵام کۆڵم نەداوەو هەرگیزیش کۆڵ نادەم. تا لە خوێن لە لەشم ببزوێ، ئەو چرکانەم لەیاد ناچێ کە دوژمن تیایدا ئاوری لەگوندەکەمان بەردا، تا بۆم بکرێ تۆڵە لەو دوژمنە دەکەمەوە! ئەوەی لە دەستم بێ دژی دەیکەم. بەڵام جارێ بڕیەی دانانی چەکم داوە، تۆ هێشتا نازانی، بەڵام من ئێستا ئەوە لە هەموو شتێک بەراستتر دەزانم!

هۆمەر بە دەنگێکی نزم و لەسەرەخۆ بۆ براکەی داخاوت:

–تۆ پێویستە دوای نیوەڕۆ بگەڕێیتەوە، هەواڵیان پێ رابگەیەنەو ئەگەر بەیانی نەیانهێنی دوو بەیانی هەر دەبێ لێرە بن!

کە گەڕانەوە، تەحۆ یەکسەر کەوتە خۆ ئامادەکردن. بە تیلە چاوێکیش هەر تەماشای پەخشانی دەکرد. دەستی کردە پریاسگەکەی ، شمشاڵەکە کەوتە خوارەوە. هۆمەر بە حەپەساوییەوە تەماشای کرد. نیگای لە نێوان شمشاڵەکەو ئادگاری براکەی کەوتە جووڵە. تاوێ ئیوها مانەوە. هەتاوەکونێ تەحۆ هاتە گۆو گوتی:

–لەیادم نەبوو، ئەو شمشاڵەم بۆ هێناوی. دەمزانی بیری دەکەی!

بەبزەیەکەوە ئەمەی گوت. پاشان وەک ئەوەی شتێکی هاتبێتەوە یاد. روخساری نەختێک گۆڕا. دەستێکی لە گیرفانی راکردو قورئانێکی بچووکی لە گیرفانی دەرهێنا.

–ئەوە کەژێ بۆتی نارد،گوتی پێی بڵێ هەردەم لەباخەڵێی بێ. بەڵکو خوا دەیپارێزێ و لە کەندو کۆسپانی بەدوور دەگرێ!

ئەمەی گوت و ئاوڕێکی لە هەمووانی دایەوە، کە بینی هەموو تەماشایان دەکرد، زۆر پەژیوان بووەوە ، لەوەی کە لەبەرچاوی ئەوان ئەو کارەی کرد!

بەرلەوەی ماڵئاوایی بکا. شێرزاد ناونیشانی ماڵی خۆیانی پێدا، داوای لێکرد سۆراخێکی ماڵەوەی بۆ بکا، چونکێ ئەویش تا ئەوکاتە هیچ هەواڵێکی ماڵەوەی خۆی نەدەزانی، نەیدەزانی هەنوکەش زیندانین، یاخود ئازاد کراون !

حاجی حوسێن داوای لە هەڵۆ کرد بارگیرەکەیان بۆ تەحۆ ئامادە بکا. هەرچەندەی خۆیان هێناو برد، حاجی رێگەی نەدان.

–لەو سەرەوە بە کەڵک دێ. ژن و منداڵ چۆن دەتوانن بە پێ لەو چیایانە بدەن ... کورم تۆ بە گوێی مامی خۆت بکە، ژن و منداڵ چۆن دەتوانن بەپێ لەو چیایانە بدەن، کە دەگەیتە فلانە گوند ، بارگیرەکە لەوێ دابنێ ، بۆ ئەوەی کە گەڕایتەوە ، بە کەلککتان بێت !

تەحۆ هەوساری بارگیرەکەی وەرگرت و ماڵئاوایی لێکردن، هەڵۆش بەگەڵی کەوت و بڕیەیدا تا دووری گوندی بەڕێی بکات!.

هۆمەرو هاوەڵەکەی ئەو رۆژە بڕیەیان لە گوندی بمێننەوە، هۆمەر هیوای نوێ ببووەوە. زۆر حەزی دەکرد دوای ئەو ماوەیە چاوی بە کەژێ بکەوێتەوە. چاوی بە بێوار، بەشیرین بکەوێ. کە تا ئەو دەمە نەیبینیبوو نەیدەزانی شێوەی ئەو پارچە جگەرەی چۆنە ! بە هیوای ئەو رۆژە بوو لەگەڵ خێزانەکەی بگەڕێتەوە گوندەکەی، وەکو جاران ژیانێکی ئاسوودە بەسەر بەرێ. بەخۆشی لە گوندەکەی خۆی بژی. سەر لە نوێ پەرای رەزو باخەکەی بکاتەوە...

(7)

خۆر خەریک بوو بە پانە دزێ و وردە وردە خۆی لە پەنای کێوەکان حەشار دەدا، سێبەری دارەکان تا دەهات درێژتر دەبوونەوە. پیرۆو باڵندەکاتن هەریەکەی خەریک بوو بۆ هێلانەی خۆیان دەزوورینەوە. سیخوڕ لەبەردەگای کونەکانیان تازە خۆیان ئامادەی دەرچوون دەکردا!

دەنگی توورگێک لە دوورەوە هات، دەنگەکە وردە وردە درێژ دەبووەوەو دەهاتە پێش و نزیکتر دەکەوتەوە. تێکەڵ بە دەنگی زەنگوڵەی ملی نێریەکە دەبوو، کە لە پێشەوەی مێگەلەکە، لە چیایەکە واژی دەبووەوەو بەرەو گوندی دەچوو. بزنەکان لە دوورەوە رەش رەش، هێندەی خالێکی رەش بەدیار دەکەوتن.

هێزەکەی دوژمن لەو ناوە هەڵیدا. سەربازەکان پارڤەبوون و لە هەر چوار دەوری خۆیان بۆسەیان دانا. خۆراک بەش کراو وەک گەلە گورگێکی برسی هەرچوار چوار، پێنج پێنج لەسەر قاپێک دانیشتن. گەورەکەیان، کەچاوی لە جاران سوورتر ببوو، دارێکی لە دەست بوو. ناوە ناوە بەنەرمی دارەکەی لەڕانی خۆی دەدا. ئەگەرچی بەنەرمی لێیدەدا، وەلێ دەنگی زۆر دەهات. یاخود بە گوێچکەی سەربازەکان دەنگەکە زۆر دەهات! هەموو بە ترسەوە تەماشایان دەکرد، چاوێکیان لەسەر خواردنەکە بوو، چاوێکیان لەسەر ئەو! بەرقەوە وەستابوو

چاوی بڕیبوه چیایەکە. وەک دوژمنێکی باوه کوشتەی سەیری داروبەردەکەی دەکرد. رق و قینێکی زۆری لە ئادگاری بەدی دەکرا!

هێمن خۆی و تاقمەکەی گەیشتنه شوێنێک تەواوی هێزەکەی دوژمنیان لێدیاربوو. هەموو لە نزیک یەک لە پەنای بەردێک دانیشتن. هێمن رووی لە هاوەڵەکانی کرد:

–هەموو ئەو هێزە دەبینن؟! بێگومان لەبەرچاوانەو ژمارەیان دیارە. بەلایەنی کەمەوە پێنج سەد هێندەی ئێمە دەبن! ئەو تۆپ و تانک و زرێ پۆشانە دەبینن؟! چاک دەزانن لەگەڵ چەکی ئێمە بەراورد ناکرێ. لە بەرچاوانەو وەک مانگی چواردە دیارە. ئەوانە هەموو شتێکیان لە ئێمە زیاترە. بەڵام یەک شتیان لە ئێمە جیایە، ئەویش ئەوانە زۆردارن و ئێمەش زۆر لێکراو. ئەوانە ئەو هەموو چەک و تفاقەیان هەیە ، ئەو هەموو هێزەیان کۆکردوەتەوە بۆ ئەوەی دەست بۆ ئابڕووی ئێمە درێژ بکەن، بۆ ئەوەی گوندەکاتنمان خاپوور بکەن و ماڵ و منداڵەکانمان ئاوارە بکەن! کەچی ئێمە، بەو تفەنگەی لە شانمانە ، بەو چەکە سووکانە ... بەرگری لە خاک و واری خۆمان دەکەین. لە پێناو سەربەخۆیی و ئازادی خۆمان دەجەنگین ! ئەوان زۆرن، بەڵام بڕوایان کەمە، ئێمە کەمین، بەڵام بڕوامان زۆرە! بروِامان زۆر زۆرە. ئەوان ئەگەر بگەڕێنەوە کەس تخونیان ناکەوێ، کەس ماڵی ئەوان وێران ناکا، کەس پڕ ناداتە ئابڕووی ئەوان! کەچی ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە ئابڕوومان دەچێ، پڕ دەدەنە ماڵ و منداڵەکانمان، کچانما دەڕفێنن، گوندو وارمان لێدەسووتێنن! بۆیە پێویستە دلێرانە بەرەنگاریان ببینەوە. پێویستە

زەبرێکی وایان لێبدەین کەس بەخۆی رانەگا! ئەمڕۆ رۆژی ئێوەیە، مردن لە پێناو ئازادیدا بەرزترین خەڵاتە. ئەوەی تۆزێک دڵ لە دڵبدا، ئەوەی تۆزێک گومانی لەسەرکەوتن هەیە، با هەر لە ئێستا بگەڕێتەوە، چەکەکەی لە شانی بکاتەوە، پشت بداتە دوژمنان و بەری خۆی بداتە نێو ژن و منداڵان ! لەگەل ئ ەوان لە پەسیوێ دانیشێ و چاوەڕێ بکا. ئەوەی دەشیەوێ بجەنگێ، ئەوا تفەنگ و ئەوەش مەیدان!

ئەو ئاخاوتنەی هێمن هەموو دەهری کردن، تووڕەیی لە چاوی هەموویان بریسکەیدا! حوسە کە لەسەر ئەژنۆیان دانیشتبوو تفەنگەکەی ئامادەکربوو، تەماشای هێمنی کرد:

–برام هێمن، ئەوە چی یەژی! یەکێ ئەو پەیڤانە دەدرکێنی کە ئێمە نەناسێ. گوایە تۆ ئێمە ناناسی!؟ گوایا ئەمە یەکەمین جارەو هیچ شەڕێکمان لە تەک یەک نەکردووە! ئەگەر ئێمە لەوکاتەدا پشت لە دوژمن بکەین. ئەگەر ئێمە لەو کاتەدا پشت لەخاکەکەمان بکەین. بە چ رووێکەوە، چۆن هەوای ئەو کوردستانە هەڵمژین! ئەو چاوانەی ئامادەیی تیابێ دوژمن ببینێ کە پێ لە جەرگی دەنێ و هیچ نەکا، جگە لە کوێرو نابینا بوون، بۆ هیچی تر دەست نادا! برام هێمن، هەموو تەیارو ئامادەین. ئەوەی بگەڕێتەوە ژیانی دوای ئەو هەڵوێستە چ تامێکی نامێنێ! مردن لێرە زۆر مێرانەترە، تۆ سەرکردەو رێبەری ئێمەی، ئێمە هەموو تەیارو ئامادەین!

رووی لەوانەی تر کرد، کە هەموو بەبایەخەوە گوێیان بۆ رادێرابوو.

–ئێمە هەموو ئامادەین. چەند ساڵە پێشمەرگەین و چەکمان لە شاندایە، هەموو ئامادەین ... چەند ساڵە لە نێو شەڕو شۆڕداین. لەو بڕوایە دانیم هی وامان تیابێ لەوکاتە تەنگانەیەدا پشت لە دایکی خۆی بکا... نەخێر... هەرگیز کەسێکی وا لە نێو خۆمان گومان نابەم!

دلشادی برای شێرکۆ. ( ژێ سێیە ئەلمانیەکەی) بە توندی بە باوەشی خۆیەوە نابوو، ڕەنگی نەختێ تێکچوو بوو، ئەگەرچی ناوە ناوە دەگرژیەوەو دەیویست بوێری خۆی وەدەرخا، بەڵام ئادگاری شتێکی تریان وەدەردەخست!

هەڵۆیەکی سپی لە ئاسمان دەخولایەوە. یەک دووجار بەسەرسەری ئەواندا ڕەت بوو. هەموو سەریان بەرز کردەوەو تەماشایان کرد. لەگەڵیدا هەستیان بە خۆشیەک کرد. هەڵۆیەکە چەند جار بە شێوەیەکی بازنەیی لەو ناوە خولایەوە. پاشان بۆ سەر لوتکەکە بەرز بووەوە. بەرز بووەوەو بەرز بووەوە، هەتاوەکونێ لە شوێنێکی ڕژد، لەسەر تیشە شاخێک هەڵنیشت و بە گەردن بەرزییەوە تەماشای دۆڵ و گەلیەکەی کرد...

شەو تا دەهات تاریکتر دەبوو. ئەستێرەکانیش تادەهات زیاتر دەبریسکانەوە. ئەوشەوە جگە لە دەنگی ئاژەڵ و دڕندان، دەنگی ئەو هێزەش کپی و خامۆشی شەوی دەشلەقاند. خشەیەک هات و مارێکی زل بە بەردەمیان ڕەت بوو، دلشاد ژێ سێ یەکەی بەرز کردەوە، هێمن بەوریاییەوە ئاگاداری کردەوە.

--ئەوە گەرەکتە چی بکەی کاک دلشاد!

هەموو بێدەنگ بوون و مارەکەش بە ئاسایی، بە بێئەوەی خۆی شێلوو بکا، یاخود بایەخیان پێبدا بە هێواشی لەبەردەمیان خزی ! کەوتە نێو بەردەکاتن و لە نێو تاریکایی شەو بزر بوو. هێمن سەیرێکی ئاسمانی کرد. پاشان تەماشایەکی کاتژمێرەکەی دەستیکرد. ئەوسا رووی لە هاوەڵەکانی کرد:

–واچاکە بەخۆ کەوین. دوایی کەمێکی تر دەبێتە مانگە شەو دنیا رووناک دەبێتەوە. بەر لە دەرکەوتنی مانگ، پێویستە ئێمە هەموو کارەکانی خۆمان تەواو بکەین!

هەموو خۆیان گورج کردەوەو تفەنگیان ئامادەکرد، بە گوێرەی ئەو نەخشەیەی لەسەری رێککەوتبوون، کەوتنە جوولە.

فەرماندەی هێزەکە لەو کاتەدا لەبەردەرگای خێوەتەکەی وەستابوو. بەردەوام دارەکەی لە چۆکی خۆی دەدا. لەپڕ یەکێک لە ئەفسەرەکان هات و بەترسەوە سڵاوێکی بۆکرد، ئەویش بە فیزێکەوە داوای ئاخاوتنی لێکرد:

–ژمارەیەکی زۆر لە سەربازەکانمان بزر بوون، نازانین چیان بەسەر هات! زەوی هەڵی لووشین، ئاسمان قوتی دان! خۆم سەردانی هەموو خاڵەکانی چاودێریم کرد، هەر کەس لە شوێنی خۆی بوو، هەنوکە کەس نەماوە!

–مەبەستت چییە؟!

–نازانم گەورەم ... نازانم!

–نازانم نییە... پیاو بەو وەکو پیاوان باخێوە. بڵێ رایان کردو چوونە پاڵ تێکدەران !

–گەورەم ئەوانەی بزربووینە لەو جۆرە کەسانە نین، بە ئارەزووی خۆیان بوونەتە سەربازو پیشەیان سەربازییە! باوەڕی تەواویان بەرێبازی پارت و سەرکردە هەیە، کەسیان لەوانە نین کاری وایان لێبوەشێتەوە!

فەرماندەکە زانی مەسەلە چییە. تووڕەبوو فەرمانی خۆئامادەکردن و جوڵانەوەیدا. ئەوان خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون کە هێرشیان کرایە سەر.

ئەگەرچی هێشتا نەببووە مانگە شەو ، وەلێ دنیا لەگەڵ ئاوری گوللەکان بە تەواوی رووناک بووەوە! سەربازەکان لە هەر چوارلاوە پەلاماریان دەدرا، چاشمیش ببوون و نەیاندەزانی چیبکەن! ناوە ناوە دەنگێکیان بەر گوێ دەکەوت، کە هاواری دەکردو جنێوی دەدا. هێندەی دیکەی هەترەشیان دەچوو!

–خۆتان بدەن بەدەستەوە باشترە، هێزەکەمان دوانزە هەزار کەسە! ئەوەی تەقەی بکا بەساغی دەرباز نابێ، پیاوبن و خۆتان بدەن بەدەستەوە، ناپیاوینە ... بۆ کێ و لە پێناو کێ شەڕ دەکەن؟!

له نێو هێزەکە بڵاوبووەوە کەرووبەرووی هێزێکی چەند هەزار کەسی بووینەتەوە، هێندەی دیکە ورەیان دابەزی و ئەژنۆیان شکا!

تا درەنگی شەو بەردەوام شەڕ درێژەی کێشاو زەبری کوشندەیان له دوژمن وەشاند، ترسان ببێتە مانگەشەو شوێنیان ئاشکرا بێ ، بۆیە بەشێوەیەکی زۆر ڕێک و پێک دەستیان بە کشانەوە کرد. ماوەیەک بوو ئەوان دوورکەوتبوونەوە، هێشتا دوژمن تەقەی دەکردو ئەو ناوەی بە چەکی هاوەن دەکوتیەوە!

هێمن رووی لە هاوڕێکانی کرد:

-کەس بەجێنەماوە!؟

لەگەڵ ئەو پرسیارە چاوێکی بە هەمووان گێڕا. بەخۆیەوە دوانزە کەسی تەواو بوون، بەر لەوەی چاوەڕوانی وەرام بکا، درێژەی پێدا:

-خێراکەن، بەیانی زوو لەوانەیە فڕۆکەو کۆپتەر بەدوامانندا بگەڕێن. پێویستە خۆمان بگەیەنینە شوێنێکی سەخت. لە هاوارو فیگانیان دیار بوو زیانێکی زۆریان پێگەیشتووە. ئەوە ئەو دوژمنە بوو کە ناحەز بەشان و باڵی هەڵدەدەن و دۆڵی بۆ لێدەدەن. خۆتان بینیتان چیان بەسەر هات. چۆن دەگریان و زریکەیان دەهات!

قاچەکانیان سووک کردبوو بەخێرایی هەنگاویان دەنا، دەنگی قاچیان بەئاستەم دەهات. ئەگەرچی هەوڵیان دەدا بێدەنگ بن و بەهێمی برۆن،

کەچی ناوە ناوە یەکێکیان بێدەستی خۆی دەپەیوی و خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕی:

–بەیانی دەنگ دەداتەوە. دۆستان خەنی دەبن و دوژمنان دەتۆقن!

–زەبرێکی وامان لێدان عارەب لە حوشتری نەدابێ! تۆڵەی هەموو ئەو تاوانەمان لێکردنەوە کە بەرانبەر خەڵکی بێتاوانی دەکەن، ئەگەر نەختێ پیاوەتی و ئابڕوویان هەبێ، ئەگەر شەرم لە خۆیان بکەنەوە. ئەوا لە تەشکی خۆیان دەدەن و دەگەڕێنەوە. جارێکی تریش چاو روویان نابێ روو لە کوردستان بکەن، بەڵام ئەمانە کوا ئابڕوویان!

–تکایە بێدەنگ بن، ئاخاوتن ماندووتان دەکات!

– بەیانی هەواڵ دەکەوێتەوە. خەڵک سەردەبەنە بن گوێی یەکتر و بەخۆشحاڵییەوە ئەو داستانە دەیگێڕنەوە، هەریەکە بە جۆرێکی دەگێڕێتەوە!

"دوانزە هەزار پێشمەرگە دابەزێ کەم نییە! بەڵام هێزەکەی دوژمنیش زۆر زۆر بووە!"

"لەوانەیە دوانزە هەزار زیاتر بووبن!"

"نا... سەربازێک هەڵەتە ببوو، دەیگوت بەم گوێیانە گوێم لێ بوو دەیانگوت دوانزە هەزار کەسین بۆ کوێ دەچن!"

دەیانزانی هەموو جارێک لەوکاتانەدا دەنگوباس بەم شێوەیە دەکەوێتەوە. بۆیە بەر لە هەموو شت ژمارەیەکی زۆریان بۆ خۆیان دادەناو رایاندەگەیاند، جاری وا هەبوو سێ کەس دەبوون، دەیانگوت چەک دانێن سەگبابینە سێسەد کەسین، دەورتان گیراوە! بەیانی گوێیان لێدەبوو کە خەڵک دەیگوت ئەمشەو سێسەد پێشمەرگە دابەزیبوو، سێسەد پێشمەرگەی تەواو بە چەک و تفاقەوە!

*　　*　　*

حاجی حوسێن لە کونی ژوورەوە بە کزی هەڵکورمابوو. هەستی بۆ دەنگی تەقەکان راگرتبوو. تۆزی خەمێکی ترسناکی لەسەر روو نشیبوو. هەزار بیرو بیرۆچکەی لە مەژی دەخولایەوە، زۆر ئەندێشەی رەش و دزێو دڵی دەخستە خورپە!

"ئەگەر زەبرێکی کوشندەیان بەرکەوتبێ ، بەیانی زوو دەگەنە ئێمەو تۆڵەمان لێدەکەنەوە، دەنگی تەقەکان زۆر نزیکە... خوایە هاوار، ئەو گاورو لەخوانەترسانە بگەنە ئێرە خەراو دەقەومێ"!

دەستی خستە ژێر چەنەی و لە بیران راچوو، ناوە ناوە باوێشکێکی دەهاتێ و بە زگاریەوە سەری بادەدا، پاشان مژێکی توندی لە جگەرەکەی دەدا. کە بۆ تاوێ تەقە ِکرِ دەبووەوە، ئەو هێندەی دیکە هەستی رادەگرت و گوێی قوڵاخ دەکرد. لەگەڵ ئەوەی دەنگی دەسرِێژێک، یاخود لرمەی تۆپێک دەهات ، ئەو هەمدیس سەری بادەدایەوە. موچرِکێکی پرِ ترس سەرتاپای لەشی گێرە دەکرد. ئەو بە

تەمەن و دنیا دیتە بوو، زۆر شتی دیبوو... زۆر شتی ژنەوتبوو. لەوەتای ئەو دەستەو تاقمە دڕندەش هاتبوونە سەرکورسی وڵات، دنیا بە بارێکی تر گۆڕابوو، کەس خێرو خۆشی لە خۆی نەدیبوو!

"دەزانی ئەو هۆمەرە بۆ وابوو، بەهیچ شێوەیەک بەزەیی بە دوژمن نەدەهاتەوە. هەر چۆنێکی بۆی بلوایە زەبری کاریگەری دەوەشاند!؟ وەکو خۆی دەیگوت ... ئێمە گوندێکی خۆشمان هەبوو. گوندێکی یەکجار خۆش، بەئارامی تیایدا دەژیاین. هەتاوەکونێ رۆژێک ئەو دڕندانە هاتن و گوندەکەیان وێرانکردین، ئێمەشیان راگوێزایەوە. من ئەو شتانە یەژم لەوانەیە لات ئاسایی و ئاسان بێ، بەڵام خۆت وەرە شوێنم، بەچاوی من تەماشاکە، بە مەژی من بیر بکەوە، ئەوسا دەزانی شتەکە چەند گەورەیە، ئەو هۆمەرە ئیوهای لێکرابوو. بۆیە ئاوا دڕو ئازاببوو!"

هەموو جارێ هەڵۆ دادەنیشت و بەو شێوەیە باسی هۆمەری دەکرد، نەیزانی هۆی چی بوو لەو دەمەدا ئەو وشانەی هاتەوە یاد!

"ئەو گاورانە لەوانەیە بگەنە ئێرە و گوندەکەی ئێمەش خاپوور بکەن!"

لەگەڵ ئەو بیرکردنەوەیە ترسەکەی بووە ترسێکی راستەقینە، هەناوی داهێزرا! هەستی بە پشی تەنگیەک کرد. بێئەوەی سۆنگەکەی بزانێ بە گورجی هەڵسایەوە. هەموو تەماشایان کرد، بەڵام ئەو تەماشای هیچ کامێکیانی نەکرد. سەری لەبەر خۆناو بە لەزی چووە دەرەوە!

بایەکی تا بڵێی ساردی دەهات، بەڵام ئەوە ناچاری نەکردبگەڕێتەوە ژوور ، وەک ئەوەی بیەوێ بەم هەڵوێستە بەرەنگاری ئەو سروشتە سەختە ببێتەوە، بە وریاییەوە گوێی هەڵخست، دەنگی تەقەکان زۆر نزیک بوو!

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، سەرنجی دووریدا، چیایەکە رەش رەش دیاربوو، دەتگوت بە دەست وێنەی کێشراوە. رەنگی ئاسمانیش شینێکی تۆخ بوو، کە زیاتر بەرەو رەشی خۆی دەنواند. وەک دایکێک خۆی بەسەر چیایەکە داهێنابوو. ئەمە ببووە هۆی ئەوەی وێنەی چیایەکە جوانتر بەدیار کەوێ. چەند ئەستێرەیەک لە دوورەوە دەبریسکانەوە.

دەنگی دەسرێژێک بەجیا هات. دەنگەکەی زۆر سەیر هاتە گوێ! کە رووی وەرچەرخاند، چەند گوللەیەکی سوور یەک لە دوای یەک قەتاریان بەستبوو. ماوەیەک بەرەو قووڵایی ئاسمان هەڵزنان، پاشان یەک لە دوای یەک کوژانەوە. لەو شوێنەی دەنگی تەقەکانی لێدەهات. ناوە ناوە رووناکیەکی گەورە بەری ئاسمانی دادەگرت. پاشان دەنگی چەند لرمەیەکی لەدوا دەهات.

–شەڕەکە دیماهی هاتووە ، پاش گوێ هەڵخە، تەقە هەر لەلایەکەوەیە. دوژمن دڕندانە کەوتۆتە تۆپباران کردنی ئەو کەژو کێوە، وادیارە زیانێکی زۆری لێ کەوتووە!

تا ئەو دەمەی هۆمەر ناخاوت، حاجی حوسێن هەستی پێ نەکردبوو، کە ئاوڕی دایەوە، هۆمەرو شێرزاد خۆیان بەستبوو لە نزیک دەرگاکە

وەستابوون، شێرزاد کە تفەنگەکەی تا ئەو دەمە لە دەستی بوو، خستیە شانی:

–خۆزگە زیانێکی باشیان لە دوژمن دابێ!

–دوو دڵی ناوێ، دڵنیابە زیانێکی زۆریان پێکەوتووە، ئەگینا هەرگیز ئیوها چاویان سۆر نەدەبوو!

–کە گوتیان هێمن و هاوەڵانی بێرەدا رەت بوون زانیم نیازی شتێکیان هەیە!

حاجی حوسێن مژێکی توندی لە جگەرەکەی دا، ئاگری جگەرەکە جوانتر گەشایەوەو دەوروبەری پەنجەکانی رووناککردەوە، دار جگەرەکە چاکتر بەدیارکەوت. لەبەر هەیوانەکە لاکەوت و هەمدیس تەماشای دەوروبەری خۆی کردەوە، هەموو شتێک خامۆش و بێدەنگ بوو. لەبەر دەرگا، یاخود سەربانی هەرماڵێکیش تارماییەکی بەدیدەکرا، ناوە ناوە حەڵکەکە بە دەنگی بەرز لەگەڵ یەک داخاوتن، هەمووی هەستی راگرتبوو چاوەڕوانی ئەنجامی شەرەِکەی دەکرد.

حاجی حوسێن رووی لە هۆمەر کرد:

–تۆ بڵێی ئەو گاورانە بەیانی ئێخەی ئێمە نەگرن؟!

–مەترسە حاجی، بەیانی زوو ئێمە ئاوایی جێدێڵین، ئەگەر چەکدار لە ئاوایی نەبێ لەوانەیە کارەکە باشتر بێ!

ئەو وەرامەی هۆمەر هەمووی بێدەنگ کردن، تاوێ ئاوا مانەوە، پاشان گەڕانەوە ژوورەوە. هەڵۆ هەر لە جێگاکەی خۆی دامابوو، کە تەقەی دەرگاکە هات، بە ئاستەم سەری بەرز کردەوەو تەماشای کردن!

هۆمەر لە چەقی دەرگاکەوە وەستاو تەماشای هەڵۆی کرد:

– واچاکە بەیانی زوو ئاوایی جێبهێڵین. بانەبینە هۆی وێرانبوونی گوندەکە. هەڵۆ جگە لە نیگایەکی کز، کە ئاڕاستەی هۆمەری کرد، هیچی تری نەدرکاند!

شەو رێگایەکی بێ پسانەوە بوو دیماهی نەدەهات، هەموو هەستیان بە درێژی ئەو شەوە کردبوو.

ئەوان بیریان لە درێژی شەو دەکردەوە ، کە بەیانی لە دەرگای داو دنیا رووناک بووەوە. خەڵکەکە هەمووی بەلەزی لەیەک نزیک بوونەوەو کۆمەڵیان بەست.

" دەبێ ئەم شەو چی روویدابێ!؟"

" لەوانەیە دەستێکی باشیان لە دوژمن وەشاندبێ!"

"هەرکەسیان لێ شەهید نەبووبێ!"

"ئینشائەڵڵا کەسیان لێ شەهید نەبووە"

" ئینشائەڵڵا کەسیان پەنجەیەکیشیان زامدار نەبووە!"

" ئەگەر هەرچیەکیان کردبێ دەستیان خۆشبێ، دەزانی ئەو دوژمنە چەند گاورو لە خوا نەترسە!"

"سەد جاران دەستیان خۆش بێ!"

"بە کوتەک نەبێ نابنە پیاو"

"مرۆڤ دەترسێ دەروەستی کەر نەیەن پڕ بدەنە کورتانی!"

"زۆر ئاساییە"

"کاری نامەردانە هەر لە خۆیان دەوەشێتەوە!"

تاماوەیەکی درەنگ کەس ئاوایی بەجێنەهێشت!

هۆگر بەیانی زوو بێئەوەی گوێ بداتە کەس، یەکسەر دایە چیاو ڕێگای بەرپەزی گرتە بەر. بۆنی خاک و گیا ئەو ناوەی پڕ کردبوو. سەوزایی هەموو شوێنێکی داپۆشیبوو. کەوێک لە بن قاچی دەرپەڕی، لەگەڵیدا هەڵوەستەیەکی کردو ڕاپەڕی، کەوەکە لە شەقەی باڵێی دا، ماوەیەک ڕۆیشت و پاشان نیشتەوە، تا لەبەر چاوانیش بزر بوو هەر نیگای لەسەر لانەدا!

دەنگی زەنگوڵەی ملی نێریەکەی لە دوورەوە دەهاتە گوێ. ئەگەرچی ترسی هێشتا هەر لە دڵدابوو، لەگەڵ ئەوەش خۆشییەک ختووکەی دا، گرژیەوە و بزەیەکی هاتێ! هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی. کە تەماشای لا

ڕێگاکەی کرد چەند چەکدارێک لە دوورەوە بۆ لای دەهاتن. کە نزیکی کەوتنەوە یەکێکیان هاواری کرد:

–هۆی کوڕێژگە... بۆ کوێ دەچی؟!

–بۆ هەر کوێیەک بچم ... تۆ چ کارت بەسەرەوەیە!

–کوڕم زمانت لە خۆت درێژتر مەکە، ئێمە بەرژەوەندی تۆمان گەرەکە!

–کاک هێمن چیتە ... بۆ شەڕمان پێدەفرۆشی!

–شەڕت پێ نافرۆشم ... زووکە بگەڕێوە ئاوایی، ئەمشەو زیانێکی زۆرمان لە دوژمن داوە، با تووشت تۆ نەبن!

–مەترسە ... !

ئەمەی گوت و دەستێکی بۆ لووتی بەرزکردەوە، بە پێچەوانەوەی هەموو جارێک کە هەمیشە دەستە تەواوەکەی بەکار دەهێنا، ئەمجارەیان دەستە گۆجەکەی بەرزکردەوە! لەگەڵیدا هەستی بەشەرمەزارییەک کردو بەسەرخۆی داشکایەوە. خێرا دەستەکەی خستە بەر پشت بەندەکەی و شاردیەوە. بەناگزوورییەوە گوتی:

– دەچم مەڕەکان لە ئاوایی دەبەمە دەرەوە ، باوکم گوتی خێرا ئاژەڵەکان لە ئاوایە بەرە دەرەوە ... !

–بڕۆ... ئاگاداری خۆت بە.

–مەترسە ... هیچ نابێ !

هۆگر ئەمەی گوت و بە پێکەنینەوە لێیان دوورکەوتەوە.

وێنەی هێمن بەرچاوی گرت و بەری نەدا. زۆر حەزی دەکرد ئەمیش وەکو ئەو فیشەکدان بخاتە مل و چەک هەڵگرێ، وێنەکەی زۆر جوان دەهاتە بەرچاو! خۆشی نەیدەزانی بۆ هەستی بە خۆشەویستییەکی گەورە دەکرد بەرانبەریان.

"ئەگەر منیش تەواو بوومایە ئیوها چەکم هەڵدەگرت!"

لەگەڵ ئەوە زۆر بەزەیی بەخۆی هاتەوە، گریانی لەقوڕگی ما. ئاوڕی ئەم لاو ئەولای خۆی دایەوە ، کەس دیار نەبوو. بە دزییەوە دەستەکەی دەرهێناو ماوەیەلێیراما، پاشان لەبەر پشت بەندەکەی نایەوە، دواتر هەمدیس دەریهێنایەوە! بە وردی لێی ورد بووەوەو ئاخێکی قووڵی وەبادا. لووتی بەرزکردەوەو تفێکی خەستی لە بەرانبەر خۆی کردا!

ماوەیەکی باش بوو بەڕێگاوە بوو، مێگەلەکەی پێش خۆیدابوو لە ئەندێشان راچووبوو، ئاگای لە دەوروبەری خۆی نەمابوو. لەگەڵ شریخەی چەک راکێشانێک لە جێگەی خۆی چەقی! وەک ئەوەی لە خەوێکی خۆش واگا هاتبێ وابوو، هەر هەرچوار دەوری تەنرابوو. قوڵبەستیان کردو بەرەو لای فەرماندەی هێزەکەیان راپێچ کرد، ئەویش بەر لە هەموو شتێک تاهێزی تیابوو زللەیەکی سرەواندە بنگوێی. ئەوجا کەوتە پرسیار کردن:

-ئەو هێزە بۆ کام لا چوو؟

-هێزی چی؟!

-ئەو تێکدەرانەی ئەمشەو لە ئێمەیان دا؟

-هێمن و هاوەڵەکانی!.

-وادیارە دەشیانناسی! بڵێ چەند کەس بوون؟

هۆگر دوای تاوێ دامان و بیرکردنەوە گوتی:

-دوانزە کەس بوون!

فەرماندەی هێزەکە هێندەی تر رووی گرژ بوو. بە دەست دیاردی بۆ سەربازەکان کرد، ئەوانیش دیاردیان بۆ هۆگر کرد. هۆگر بە ترسەوە چەند هەنگاوێکی ناو لە فەرماندەکە دوور کەوتەوە. هێشتا زۆر دوور نەکەوتبووەوە کە دەنگی چەند تەقەیەک بەرز بووەوە!

فەرماندەکە وەک دڕندەیەکی برسی مڕەی دەهات. لە دەوروبەری خۆی رادەماو بەرقەوە سەیری هەموو شتێکی دەکرد.

"دەنگی زەنگوڵەی ملی نێریەکەی هۆگر وەکو جاران بەرز دەبووەوەو لە نێو چیایەکە دەنگی دەدایەوە"

ئامێرە بێ تەلەکەی بەرزکردەوە، ئامێرەکە گوتی:

"ببڕە ... بکوژە ... بسووتێنە ... بە ئارەزووی خۆت بکە، هەموو دەسەڵاتێکت لەبەر دەستە!"

فەرماندەکە گرژیەوە.

"ئەو زرنگە زرنگە چییە بەرز دەبێتەوە"

"گەورەم مێگەلە مەڕێکە بەرەو هەوراز هەڵدەزنێ"

"تەرمی هۆگر لەو ناوە کەوتبوو. خوێنەکەی تێکەڵ بە زەوییە سەوزەکە ببوو. ئەو شوێنەی خوێنەکەی لێرژابوو رەنگێکی سووری زۆر جوانی وەرگرتبوو! قاچەکانی بە ئارەزووی خۆی درێژ کردبوو. باڵەکانی فش کردبووەوەو بە توندی خۆی بەزەوییەوە نووساندبوو. وەک ئەوەی لە گەرمەی خەوێکی خۆش دابێ.

* * *

کات وەک تۆپەڵە بەفرێکی بەر هەتاو بوو، بەخێرایی دەتوایەوەو بەسەر دەچوو. خۆر خەریک بوو بەستوونی لە گوندەکەی دەدا، ماوەیەک بەر لەوەی هێزەکە بگاتە ئاوایی، هەواڵی هاتنی گەیشت، بۆیە خەڵکەکە بە ترسەوە چاوەڕێیان دەکرد. ئەوەی گەنج بوو زۆربەیان چوونە چیاو ئاواییان جێهێشت !

کە ئادگاری یەکەم سەرباز وەدەرکەوت. خەڵکەکە هەموو خۆیان ئاخنیە کونجی ژوورەوە، زۆری نەبرد، بە کاتێکی کەم هەرچوار دەوریان ئابلووقەدرا، پاشان داوای کۆبوونەوەی خەڵکەکەیان کرد.

مەلا مەحمود پێش کۆمەڵێک کەوتبوو، بە باوەڕ بە خۆبوونێکەوە بەرەو لای فەرماندەکە دەڕۆیشت. چەند کەسێکی تر لەم لاو لەولا پەیدابوون!

هێشتا نەگەیشتبوونە لای فەرماندەکە، کە رووی لە مەلا مەحمود کردو نەڕاندی:

–بە خەڵکی ئاوایی رابگەیەنە پێویستە لەسەریان هەر ئێستا چۆلی بکەن!

مەلا مەحمود زۆر لەسەرخۆ وەرامی دایەوە:

–عارەبی نزانم!

دەم و دەست یەکێکیان بۆ هێنا، رستەکەی بەرچڤە کرد.

–دەڵێ پێویستە لەسەرتان ئەو گوندە چۆل بکەن!

–پێی بڵێ خاکی باب و باپیرمانەو چۆلی ناکەین!

کابرای وەرگێڕ کە وادیاربوو مرۆڤێکی بەویژدان بوو گلیەکەی بە لەگوینێ تر بەرچڤە کرد.

–دەڵێ تۆزێ مۆلەتمان بدەن، دەیگوازینەوە!

مەلا مەحمود کە نەک هەر عارەبییەکی باشی دەزانی، بگرە شارەزاییەکی زۆریشی لە زمانی عەرەبی هەبوو، یەکسەر وەرامی دایەوە:

–نەخێر... چۆن لە خۆتەوە وایەژی. ئەو گوندە جێناهێڵین ئەگەر هەر هەمووشمان بکوژن.

فەرماندەکە تاوێ لێی راما، پاشان لەسەرەخۆ دەمانچەکەی دەرهێنا. هەموو بەترسەوە سەیری دەستیان کرد. نیگاکان لەگەڵ دەستی دەهاتن و دەچوون! بە بێئەوەی هیچ ورتەیەکی تری لێوە بێت دەمانچەکەی بەرزکردەوە، تەق ... گوللەیەکی لەسەری مەلا مەحمود داو مێشکی پژاند! ئەو لاشە گەورەو گرانە وەک هەر شتێکی تری بێ گیان کەوتە سەر زەوی! کەس نەوێرا تخوونی بکەوێ.فەرماندەکە دەنگی بەرزکردەوەو کابرای وەرگێڕ بەرچڤەی کرد :

–ئەوەی دەنگی بەرز بکاتەوە. چارەنووسی وەک چارەنووسی ئەو ئاژەڵە دەبێ!

هێزەکە وەک گەلە گورگێک بەنێو ئاواییەکە وەربوون. کچیان جیا کردەوە لایەک، ژنیان جیا کردەوە لایەک. پیرو پیرەژنیشیان لەلایەک کۆکردەوە. هەریەکەیان بە جیا سواری زیل کردو هەریەکەیان بۆ لایەک برد.

لەپڕ دەنگی دەسرێژێک هات و چەند سەربازێک کەوتنە سەرزەوی، تەقە دەستی پێکرد. هێزەکە سەری لێشێواو پارڤەبوون ، هەڵۆ کەوا دیار بوو تەنیا بوو. سەنگەری گرت و دەستی بەشڕی کرد. تا دەنگی تیابوو هاواری کرد:

–جێیناهێڵم ... گوندی خۆمەو جێیناهێڵم. هەرگیز ڕێگە نادەم لەبەر زەقەی چاوانم گوندەکەم ئاور تێبەردەن. هەرگیز ڕێگە نادەم!

شەڕ ماوەیەکی زۆری خایاند. هەڵۆ لەبەر کەمی فیشەک ناچار زۆر کەم تەقەی دەکرد. هەوڵی دەدا گوللەی بە فیڕۆ نەڕوا،کاتێکی زۆری برد، کە گوللەی دیماهی هات. گولله تاقانەکەی گیرفانی هاتەوە یاد. لە گەڵیدا خورپەیەک دڵی داگیرکرد! موچڕکێکی بەهێزی بەلەشداهات. هەموو گیانی کەوتە لەرزین! زۆر بە ناخۆشی دەستی بۆ گیرفانی بەرز کردەوە، دوگمەگیرفانەکەی کردەوەو گوللەکەی دەرهێنا، ماوەیەک لێی راما، پاشان خستیە سەر تفەنگەکەی. لەو دەمەدا چەند سەربازێک گەیشنە سەری. خێرا رووی تفەنگی تێکرد. لەگەڵ یەکەم تەقە سەربازێک کەوتە سەرزەوی، ویستی زیاتر تەقە بکا! گەرم داهاتبوو ئاگای لەخۆی نەمابوو. کەچی تفەنگەکەی ئەو داخوازییەی بە جێنەهێنا، بە گورجی هەڵسایەوەو بەرەو ئەو سەربازە رایکرد کە گوللەکەی لێدابوو، بیری لەوە کردەوە کە تفەنگەکەی ئەو بۆ خۆی راکێشی. کەچی لەو دەمەدا چەند دەسڕێژێکی لێکرا. ئەوانەی تر گەیشتنە سەری. کەوتە سەر زەوی و دڵی بەخاکەوە نووساند. ئیتر چەند تەقەی تر کرا ئەو گوێی لە هیچ نەبوو. بە ئارامی لێیراکشا. پارچە زەویەکەی ژێری بەرەنگێکی سوور سوور رەنگ کرا!

هۆمەر کە ماوەیەک بوو لە گوندی دوور کەوتبوونەوە، لە دامێنی چیایەکە لە پەنای بەردێک حەشاردابوو ، گوێیان لە دەنگی تەقەکان دەبوو ، وەلێ دیمەنەکانیان لێدیار نەبوو! هەستی بە دڵ تەنگیەکی زۆر

دەکرد. تووشی بارێکی دەروونی سەیر هاتوو! خۆی زۆر بەکەم و بێدەسەڵات هاتە بەرچاو. نەیدەویست خۆی بەو شێوەیە ببینێ. بۆیە لەپڕ هەڵوەستەیەکی کرد. لەچاوی هاوەڵەکەی ورد بووەوە. هەناسەیەکی هەڵکێشا، تاوێ بێدەنگ بوو. پاشان مشەیەکی لێوە هات و دەستی بە ئاخاوتن کرد:

–ناتوانم تاقە هەنگاوێکی تر هەڵێنم، من جارێک هەڵەیەکی گەورەم کرد. دەستم داو گوندەکەیان ئاور تێبەردام. نامەوێ هەمان هەڵە دووبارە بکەمەوە!

– چیبکەین !؟

هۆمەر نیگایەکی تری ئاڕاستەی شێرزاد کرد. نامۆییەکی زۆر سەیری لە چاوانی خوێندەوە، بەزەیی پیاهاتەوە، لە هەمان کاتدا هەستی بە خۆشەویستیەکی مەزن کرد! بە دەنگێکی نەوی پێی راگەیاند کە ئەو بڕیەی داوە دەگەڕێتەوەو و بەرگری لە گوندەکە دەکات.

بێئەوەی رای ئەو وەرگرێ، یاخود پرسی پێ بکا رووی خۆی وەرچەرخاندو بەرەو ئاوایی گەڕایەوە.

شێرزاد بزەیەکی تژی ئازاری کەوتە سەر لێوان. بە شێوەیەکی زۆر سۆزاوی گرژیەوە، چەند جارێک سەری بادا:

–بوەستە کاک هۆمەر ... با ژیان و مردنمان بەیەکەوە بێ!

که گەیشتنەوە نزیک گوندی. هێزەکە خەریکی خاپوور کردنی گوندەکە بوو، تەرمێکیش لە ناوەڕاستی ئاوایی کەوتبوو!

هۆمەر چاوانی تاریک بوو، وەک هەڵۆیەکی بریندار نرکەی هات ، گوندەکەی خۆیانی هاتەوە بەرچاو، ئەو چرکانەی هاتەوە بەرچاو کە لە گوندەکەیان وەردەردەنان. بەرچاوی تاریک بوو. تفەنگی بەرزکردەوەو سێرەی لێگرتن. هەرکە گوللە لە لوولەی تفەنگەکەی دەرچوو، شەڕ دەستی پێکرد!

هۆمەرو شێرزاد شوێنەکەیان زۆر سەخت بوو. بەسەر هێزەکەی دوژمنیان دادەڕوانی. بواریان نەدەدا کەس لە جێگەی خۆی سەردەرێنێ. ماوەیەکی زۆر شەڕ بەو لەگوینە مایەوە. دوژمن شپرزە بوو زیانێکی زۆری لێکەوت. بۆیە کۆپتەر بەرز بووەوەو ئاسمانی تەنی. بە توندی کەوتنە بۆردومان کردنی سەنگەرەکەیان...!

هۆمەر، کە بۆ دواجار ئاوڕی لە هاوڕێیەکەی دایەوە، سەری بەسەر بەردێک کردبوو. تفەنگەکەی لە تەکی کەوتبووە سەرزەوی!. باوەڕی بەچاوەکانی خۆی نەکرد. یاخود نەیدەویست لەو دەمەدا باوەڕ بەم دیمەنە بکا! هەمدیس لێی رامایەوە، بروسکەیەک هەموو گیانی هێنایە هەژان. وەک ئەوەی شتێکی لە هەناوی پسا بێ وابوو. هەموو لەشی داهێزرا... سەرباری ئەوەش بەچاپووکی هەڵسایەوەو تاو تاو بۆ لای چوو. هێشتا نەگەیشتبووە کنی هەستی بە لەش گرانیەک کرد، قاچەکانی لاشەکەیان بۆ هەڵنەگیرا! بەربووەوەو کەوتە سەرزەوی. هۆپەکی لە

خۆزانی ... گەرمایییەک لەشی گرتەوە. کە دەستی بۆ سینگی برد، دەستی سوور سوور هەڵگەڕا! ویستی لەسەر سک بخشێ و خۆی بگەیەنێتە هاوەڵەکەی. بەڵام نەیتوانی ... چاوەکانی خەریک بوون بێدەستی خۆی دەکەوتنە سەریەک! لەو دەمەدا دەنگی لاوکەکەی هاتە گوێ، دەنگەکە زۆر بە نەرمی دەلەریەوە. وەک کزە بایەکی فێنک پەنجەی بە ئادگاری دادەهێنا. لەگەڵ لاوکەکە دیمەنی گوندەکەی خۆی هاتەوە بەرچاو. کەژێی هاتەوە بەرچاو... بێواری هاتەوە بەرچاو... ویستی وێنەی شیرینی کچی بێنێتە بەرچاوکە نەیبینیبوو! ... لەو دەمەدا دەنگەکە بەهێزتر بوو، لەشی گرانتر بوو. وای بۆ دەچوو کە هەموو شتێک لە دەوروبەری گۆرانی دەڵێن. حەزی کرد بۆ دواجار نیگایەک ئاڕاستەی شێرزاد بکا، لە جیاتی ئەوە پۆستاڵێکی رەشی بینی ،لەگەڵ ئەوەدا دەنگێکی هاتە بەرگوێ ، دەنگەکە نامۆ نەبوو... زۆرجاران گوێی لێ ببوو! لەگەڵی ئاخاوتبوو ، دەنگەکە دەنگی ساڵحۆک بوو! بەخۆی و ریشە سپییەکەی لێی نزیک کەوتەوە، هاتە ژوور سەری، بەخۆشەویستیەوە تەماشای کرد. سەری خستە سەرڕانی خۆی، بە دەنگێکی فریشتەیی چریاندیە گوێی:

"بخەوە کوڕی خۆم... تێر بخەوە!"

دەنگی چەند لرمەیەک بەرز بووەوە. هێزەکە دوای ئەوەی گوندەکەی وێران کرد بەرەو گوندێکی تر بەڕێکەوتن...

که ئێواره داهات، هەموو شتێک تەواو ببوو. ئەوەی بەو ناوەدا ڕەتبوایە لە گوندێکی خاپوورکراو بەولاوە هیچی تری نەدەبینی. ئەگەر بە ورديش چاوی بگێڕابوایە ئەوا لە دووری گوندی تەرمی هەڵۆو... لە دامێنی چیایەکەش تەرمی هۆمەر و شێرزادی دەبینی!!!

❊ ❊ ❊

تەحۆ کە گەڕایەوە ماڵ، بە ماوەیەکی زۆر کەم هەموو شتێکی تەیار کرد، خێزانەکەی هێناو بەرەو گوندی بەڕێکەوتن. لە بارێکی دەروونی زۆر سەیر دەژیان، هەستیان بە خۆشیەک دەکرد کە ماوەیەکی زۆر بوو لێی بێبەری بوون. هەریەکەیان کەوتبووە ئەندێشەیەک، ئەگەر یەکێک بەتەکیان رابردبوا، کاروانەکەی بە شێوەیەکی زۆر جوان دەهاتە بەرچاو. بارگیرێک... چەند کەچە بز گوڕو پیرەژنێک کە منداڵیکی لە پێش خۆیدا نابوو، بەسەرەوە. کوڕێکی مێر منداڵ و ئافرەتێک کە کچۆڵەیەکی لە سەر مل بوو ، لە پێشەوەی دەڕۆیشتن،...

رابۆ بە خەمبارییەوە گوتی:

–کوڕم تەحۆ... ئەگەرچی ئێمە ناخۆشی جێدێڵین و بەرەو خۆشی دەچین! بەرەو گوندو وارێ خۆ دەگەڕێینەوە. نازانم بۆ هێندە دڵم تەنگە؟!

–دڵتەنگ مەبە...کە هۆمەرت بینی خۆت دڵت چاک دەبێتەوە!

بەخۆشیەکەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا. جگە لە بزەیەک وگرژینەوەیەک هیچی تری نەدرکاند...

تەحۆ بەدرێژایی ڕێگا بەردەوام بیری لە پەخشان دەکردەوە. تاو ناتاو نەخەشەیەکی بۆ دادەنا، پاشان دەیسڕیەوە و لێی پەژیوان دەبووەوە. بیرۆچکەیەکی تر خۆی داخنیە مەژی.

بیری لەوە دەکردەوە کە دوای ماوەیەکی تر، ماوەیەکی زۆر کەم، دەگاتە براکەی و بەرەو گوندەکەیان دەگەڕێتەوە! گوندەکەیان سەر لە نوێ ئاوەدان دەکەنەوە. بەشێوازێکی ڕێکتر و باشتر ئاوەدانی دەکەنەوە. هەر لەگەڵ خانووەکەی خۆیان، ژوورێکی تایبەت بۆ خۆی دروست دەکات! نا... تۆزی لە خانووەکەی خۆیان دوورتر. ئەگەر نەختێ دوورتر بێ باشترە... ئا... زیاتر هەست بە سەربەخۆیی دەکات... نا... نەخێر... هیچ باشتر نییە !!!

ئەوان بەو خۆزگەو ئاواتەوە دەڕۆیشتن، کەچی تووشی ڕاستەقینەیەکی تربوون. بەر لەوەی بگەنە گوندەکە هەموو شتێکیان زانی، ڕابۆ دەستی بە کڕوزانەوە کرد. کەژێ کەوتە تێک ڕنینەوە، بێوار بیئەوەی بزانێ چ باسە وار بووەوە!!!

لەگەڵ ئەوەی دەگریان ،کەچی لە ناخەوە دەیانویست باوەڕ بەو ڕووداوە نەکەن! بۆیە خێرا هەنگاویان دەنا. بۆ ئەوەی زوو بگەنە گوندەکەو شتەکە بەدرۆ دەربچێ. وایان بیر دەکردەوە کە ئەگەر گوندەکەش وێران کرابێ، ئەوا هۆمەر دەرباز بووە!

که گەیشتنە گوندەکە راستەقینە بووە ژاراوێکی تاڵ و نۆشیان. لە دیار تەرمی هۆمەر کەوتنە رۆ رۆ... دەنگیان لە ناو دۆڵەکە دەنگی دەدایەوە، جارێ رابۆ، جارێ کەژێ، خۆیان بەسەر تەرمەکە دادەدا. بە ئارەزووی خۆیان دەگریان و لە خۆیان دەدا. کەسێک نەبوو دەستیان بگرێ... یاخودکڕیان بکاتەوە! تا ماندوو بوون و کوڵی دڵیان دامرکا، گریان و لە خۆیاندا، پاشان هەریەکەیان لەلایەک دانیشت و کەوتە نوزانەوە.

هەرچی تەحۆ بوو، تاوێک لە هۆمەر ورد دەبووەوە، تاوێک بۆ لای شێرزاد دەڕۆیشت. هێدم گرببوو، نەیدەزانی چیدەکرد!کە سەیری ناو گوندەکەی کرد، چەند کەسانێک خەریکی هەڵگرتنی تەرمێک بوون. بە خێرایی رای کردوو بۆ لایان چوو، کە لە تەرمەکان ورد بووەوە، هەڵۆ و مەلا مەحمود بوون. ویستی نەختێکیش بۆ ئەوان بگریێ. بەڵام گریانی دیماهی هاتبوو، نەگریا... وەک سەرخۆشێکی لێهاتبوو، گەڕایەوە کن دایکی، بەتانیەکی هێناو تەرمی هۆمەریان تیا لوول دا...

رابۆ سەری بەرزکردەوەو بەبنی چاوی تەماشای کرد.

--چی دەکەی کوڕم!

-با بیخەینە سەر ئەو بارگیرە، دەبێ بیبەینەوە و لە گۆڕستانی گوندەکەی خۆمانی بنێژین!

هەموو بێدەنگ بوون. بەبێدەنگی هەڵسانەوەو یارمەتیاندا. تەرمەکە ئەم لاو ئەولای بەسەر بارگیرەکە شۆڕبووەوە، تەحۆ هەوسارەکەی راکێشا. پاشان رووی لە رابۆی دایکی کرد:

–واچاکە شێرزادیش لەگەڵ خۆمان بەرین، هەر بەیەکەوە بوون، بالێکیان نەکەین و لە تەک یەکیان بنێژین، لەگەڵ ئەوەی خەریکی تەرمی شێرزاد بوو ، لە ناخەوەش پەنگی خواردبوەز بیری دەکردەوە"

"دەگەڕێمەوە... هۆمەرو شێرزاد لە گوندەکەی خۆمان دەنێژم... با ئەوان ببنە یەکەم کەرپووچی ئاوەدان کردنەوە! گوندەکەمان ئاوەدان دەکەمەوە، خانووەکان سەر لە نوێ ئاوەدان دەکەمەوە"

هەوساری بارگیرەکەی رادەکێشاو ئەو بیرانەی دەکردەوە، ئەوانەی تریش بە کزی و مەلوولییەوە یەک لە دوای یەک دەڕۆیشتن. بێوار لە بەردەمیان ، ناوە ناوە رایدەکردو دەوەستا، تاو نا تاو دەگریا، تاونا تاویش دەگرژیەوە، دەگرژیەوەو بە گوڕتر بەسەر هەورازەکە هەڵدەزنا، دەنگی کەوو شالوولان لە نێو چیایەکە بەزر دەبوەوە، تێکەڵ بە دەنگی ئەو لاوکە دەبوو کە لە ناخی هەموویان دەنگی دەدایەوەو هەستێکی ئەفسوناوی لە دڵ دەگوراندن ، سۆزێکی خوایی گیانی دەهێنانە هەژان...

تەحۆ لە گەڵ ئەو بارە دەروونیە تاو نا تاو دەستی چەپی بەرز دەکردەوەو فرمێسکی دەسڕیەوە، فنەی لێوەدەهات و نەیدەویست بە بێهێزو بێدەسەڵات بکەوێتە بەرچاوی دایکی وکەژێ ، بە هەناسە

ساردییەوە لە بێوار رادەما، بە تیلە چاوێکیش سەیری شیرینی دەکرد کە لە هەمێزی دایکی بوو، جارناجارەش دزە نیگایەکی ئاڕاستەی تەرمی هۆمەرو شێرزاد دەکردو بە تووڕەییەوە هەوسارەکەی رادەکێشا، رقێکی پیرۆز لە تەوێڵی بروسکەی دەدا!

"دوای ئەوەی تەرمی هۆمەرو شێرزاد لە گۆڕستانی گوندەکەمان دەنێژم، خانووێک بۆ ماڵەوە بنیات دەنێمەوە، ئەو کاتە من خۆم دەبمە پێشمەرگە ، دەبێ تۆڵەی گوندەکەم ، هۆمەر، هەڵۆ ، شێرزاد بکەمەوە، دەبێ تۆڵەی هەموو ئەوانە بکەمەوە کە زوڵمیان لێکراوە.کوردستان زێتر پێویستی بە من هەیە، بێوار وا خەریکە گەورە دەبێ و دەتوانێ ئاگای لە ماڵەوە بێ . بەڵێ ... هیچ دوودڵ نیم، هەر ئەو کارانە ئەنجام بدەم، دەڕۆم دەبمە پێشمەرگە" ...

## نووسەر لە چەند دێرێکدا



-کامەران احمد محمدامین (کامەران مەنتک)

-قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لەشاری هەولێر تەواو کردوە.

-ساڵی 1982 ئامادەیی پیشەسازی بەشی کارەبای لەهەولێر لەتەواو کردوە.

-ساڵی 1992 بەشداری لەتاقیکردنەوەی دەرەکی بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی بەشی وێژەیی کردوە.

-ساڵی 1997 بەکالۆریۆسی لەمێژوو ، لەکۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین بەدەست هێناوە.

-ساڵی 2000 ماستەر لەمێژوو ، هەر لەهەمان کۆلیژو زانکۆدا.

-ساڵی2007 دکتورا لەفەلسەفەی مێژووی پەیوەندییەنێودەوڵەتییەکان ، زانکۆی موسڵ.

-ساڵی 2000 بەکالۆریۆس لەیاسا ، زانکۆی سەلاحەدین.

– له ساڵی 2011 پلەی زانستی بەرزکراوەتەوە بۆ پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر.

– ساڵی 2017 پلەی زانستی بەرزبۆتەوە بۆ پلەی پرۆفیسۆر له بواری فەلسەفەی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان.

ئەزموونی وانەبێژی

لە–2004 لەکۆلیژی مافی زانکۆی سەحەدین وانەی گوتوەتەوە

وەک وانەبێژێک لەبەشی راگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر وانەی گوتوەتەوە.

ئێستا مامۆستایە لەکۆلیژی زانستەرامیاریەکان لەزانکۆی سەلاحەدین – هەولێر

## بەرهەمەبڵاوکراوەکانی

### بەزمانی کوردی

**ئەدەبی**

فرمێسکی ئەستێرە، – شعر – 1988

پریاسگەی رێگای سەرکەوتن ، چامە1992

بێوار ، رۆمانێکی مێژوویی ، بەرگی یەکەم _کۆچ – 2004

بێوار ، رۆمانێکی مێژوویی ، بەرگی دووەم ، گێژەن – 2005

فەلسەفەی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان

– کوردستان لەنێوان ململانێی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا ، توێژینەوەیەکی سیاسی – ئابووری. بڵاوکراوەکانی دەزگای سەردەم، 2000

–کوردستان لەسیاسەتی هەرێمایەتیدا 1932–1955، بڵاوکراوەکانی سەنتەری نما، 2010.

-بازرگانی ڕەشی نەوت و داڕشتنەوەی پەیوەندیە هەرێمایەتیەکان، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2017

-داڕمان و بەکۆتا هاتنی ئیمپراتۆریای ئەمریکی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2017

- کوردستان بەرەو کوێ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2018

- کورد لە پڕۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێدا – توێژینەوەیەک لە دیپلۆماسیەت و ستراتیژەتی چین لە دەستپێشخەری -پشتێنەو ڕێگا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2020.

- پەیوەندیەکانی نێوان تورکیاو ڕێکخراوی داعش لە روانگەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2020

- کوردستان لە ڕۆژگارە سەختەکاندا، کتێبێکی ئەلیکترۆنی، هەولێر، 20121

**فەلسەفەی مێژوو**

- ئازادی لەنێوان فەلسەفەو یاسادا ، توێژینەوەیەک لەفەلسەفەی یاساو سیاسەتدا، بڵاوکراوەکانی دەزگای سەردەم، چاپی یەکەم، 2005

- دیالێکتیکی زەمەنی مێژوویی و خوێندنەوەیەکی تر بۆ زانستی مێژوو، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر 2017

- شیکردنەوەو هارمۆنەتیزەکردنی مێژوو، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر 2018

**وەرگێڕان**

-سوسیالیزمدا ئێستاو لەداهاتوو ، 1984.

بەزمانی عەرەبی

فەلسەفە

-السياسه الدوليه فی ضوء فلسفه الحضاره، دراسه تحليليه نقديه، دار المعرفه، لبنان ، 2009.

## بەرهەمە بڵاونەکراوەکانی

### ئەدەبیەکان

-تۆڵە، رۆمان.

-گوڵی ئەفسوناوی ، کورتەچیرۆک گوڵی ئەفسوناوی ، کورتەچیرۆک.

-هاواری بێدەنگ، کۆمەڵەشیعر

## توێژینەوە(کتێب)

- تێکشکانی سیستەمی تاک جەمسەری و شەڕی نوێی سارد

-کوردستان لەپرۆژەی ئۆراسیا

کوردو گرێکوێرەی گەیشتن بەدەریا-لە ئۆکرانیاوە بۆ رۆژئاوای کوردستان

-کۆبانی و ململانێیە نێودەوڵەتییەکان

-تورکیاو کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی

-ئازادی و شارستانیەت ، توێژینەوەیەک لەفەلسەفەی مێژوو.

-نەتەوایەتی و بزاڤی نەتەوایەتی کوردی.

-راپەڕینەکانی کوردی لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم لەژێر رۆشنایی گۆڕانکاریەئابوریەکاندا.

-کۆمۆتراژیدیاکانی هەرێمی کوردستان و مانیفێستی قۆناغێکی نوێ

-کوردو بەدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای کوردی

-زانکۆ یا نەزانکۆی سەلاحەدین، نوقورچێکی توند لەجەستەیەکی مردوو

**به زمانی عەرەبی**

-إنحطاط الامبراطورية الأمريكية وسقوطها - دراسة في ضوء فلسفة الحضارة.

-النفط وإعادة صياغة العلاقات الاقليمية في الشرق الاوسط، دراسة في ضوء فلسفة العلاقات الدولية

-ثلاثية القوى العظمى(روسيا، الصين، الهند) ومستقبل أوراسيا

-دراسة تاريخية سياسية تحليلة

-تغير طبيعة القوى وأثره في العلاقات الدولية- دراسة في ضوء فلسفة العلاقات الدولية

-الحرية بين جدلية العقل والارادة - دراسة فلسفية تاريخية

**وتار**

-لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەوتارو نووسین لەگۆڤارو رۆژنامەو ماڵپەڕەکوردیەکاندا.

ئیمەیلی نووسەر:

Kamaran.amin1@su.edu.krd

k.mentk@yahoo.com